ژۆزێ ساراماگۆ

66

خەڵاتی نۆبلی ساڵی ١٩٩٨ ی وەرگرتووە

# هاوشێوەکانی پیاوێک



وەرگێڕانی:
سەلاحەددین بایەزیدی

2006

# هاوشێوەکانی پیاوێک

ژۆزێ ساراماگۆ
وەرگری خەڵاتی نەمبی نۆبڵ

وەرگێڕانی: سەلاحەددین بایەزیدی
پێداچوونەوە: بیاری عەلی

Jose Saramago
ژۆزێ ساراماگۆ، 1922
هاوشێوەکانی پیاوێک، رۆمان/ ژۆزێ ساراماگۆ، وەرگێرانی:
سەلاحەدین بایەزیدی، کوردستان، سلێمانی، 2006
چیرۆکی پورتوگالی _ سەدەی 21.
El hombre duplivado
ناوی کتێب:
زنجیرە (66)ی بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ، رێنما
ژمارە سپاردنی (580)ی ساڵی 2006ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

# پرۆژەی 100 رۆمان

زنجیرە 1

**هاوشێوەکانی پیاوێک**

**ژۆزێ ساراماگۆ**

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما**

چاپی یەکەم، وەرگێرانی کوردی، سەرپەرشتیاری چاپ:
سەلاحەدین بایەزیدی، دیزاین و بەرگ: فوئاد کەولۆسی،
پێداچوونەوە: دیاری عەلی،
شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج، هاوینی 2006
تیراژ: 2000دانە
ژ. مۆبایل: 07701574293 _ 07301191847
مافی چاپ کردن و لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ وەرگێر

پێشکەشە بەهاوڕێ و هاوسەرم "پیلار": تا دوا ساتەکان،

هەروەها هاوڕێیانم: "رای گوت مارتین" و "پەیا سانچێز مانزاباکاس"

لەسەر پێناسی ئەو پیاوەی هاتۆتە تۆمارگا، تاکوو فیلمێکی ڤیدیۆیی بەکرێ وەربگرێت، ناوێکی سەیر و نائاسایی دەبینرێ: "تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافونسۆ": ناوێکی کلاسیک و لەهەمانکاتدا زۆر کۆن، کە ئەمڕۆکە ئیتر لەهیچ کوێ بەکار نایەت. بەگوێرەی بارودۆخە جۆراوجۆرەکان، پیاوەکە بۆ ناساندنی خۆی لەهەر دوو ناوی "مەکسیمۆ" و "ئافونسۆ" سوود وەردەگرێ، چونکە بەگشتی ئاسایی و باون. هاوکات، ناوی "تەرتۆلیانۆ" وەک گاشەبەردێک فشار بۆسەرشانی دێنێت و ئازاری دەدات: بەتایبەت کاتێک تێگەیشت ئەم ناوە، بەجۆرێک سووکایەتی و لۆمە لەقەڵەم دەدرێت.

پیاوەکە مامۆستای مێژووە لەدواناوەندییەکداو بەپێشنیاری یەکێک لەهاوکارەکانی، دەیەوێ ئەو فیلمە بەکرێ وەربگرێت. هاوکارەکەی جەختی لەسەر ئەوەش کردوە کە ناکرێ بەفیلمەکە بڵێیت شاکار، بەڵام بۆ ماوەیەک و نزیکەی سەعات و نیوێک، بینەر بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافونسۆ، پێویستی بەجۆش و خرۆش و سەرگەرمی هەیە تاکوو بەسەر بێ تاقەتییەکەیدا زاڵبێت. ئەو بەتەنیا دەژی. ئەگەر بڕیار بێت لەروانگەی پزیشکییەوە دوایین هەڵسوکەوتەکانی شیتەڵ بکرێن، ئەوا باشترین دەستنیشانکردن بۆئەم دۆخە لاوازی رۆحی کاتی یان خەمۆکییە.

بۆ باشتر ناساندنی ئەم پیاوە، پێویستە بگوترێ کە پێشتر ژنی هەبووە، بەڵام هەرگیز لەوە تێنەگەیشتوە کە چ شتێک دنەی داوە تاکوو زەماوەند بکات. لەوانەشە هەر لەبەر ئەم هۆکارە لێی جیا بووبێتەوە. سەیرە، چونکە ئەو تەنانەت نایەوێ هۆکاری ئەم لێکترازانەش – هەڵبەت ئەگەر هۆکارێکی لەپشت بێت – وەبیر خۆی بێنێتەوە. لەهەمانکاتدا خۆی زۆر بەبەختەوەر دەزانێت چونکە زەماوەندە شوومەکەی، منداڵێک یاخود چەندمنداڵی لێنەکەوتەوە، تاکوو لەم هەلومەرجە نالەبارەو لەسینییەکی زیودا وەک میرات یان دیاریی، داوای ماڵی دنیا لەباوکیان نەکەن.

وانەی مێژوو، شیرین و جددی و شت فێرکەرە. لەو کاتەوەی بۆ وانەگوتنەوە خۆی ناونوس کردووە و گرنیەستی واژۆ کردووە، بەردەوام ئارامیی میوانی بووە و پەنای بۆ دەبات. ماوەیەکە،

بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە ئەم وانەیەی ئەگوتەوەو وەک سەرەتایەکی بێ کۆتایی بۆی ئەچوو. بۆ ئەو کەسانەی لەبەرامبەر کێشەکانی ژیاندا، خۆراگرییەکی کەمتریان هەیەو لەڕووبەڕووبوونەوەی بچووکترین کۆسپەکاندا، خێرا بەچۆک دائێن، خودی ژیان، جۆرێکە لە سزا) بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم تەنیاییە چەندەش ڕەنجی بەدواوە بێت، بەدەگمەن کۆتاییەکی دڵتەزێن و خەمباری هەیە: هەمان ئەو خەمانەی موچڕک بەلەشی مرۆڤ دائێنن و لەناخەوە ئەیهەژێنن. بەگشتی، ئەو کەسانە بەهۆی ئەوەی کە ساتەکان ئەژمێرن، زێدەتر لەوانی دیکە ڕەنج ئەچێژن. ئەم بابەتە، هەر چەند زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبوو، بەڵام بەم دواییانە، ڕوویدا. لەڕاستیدا لە دوو ڕوانگەشەوە ناکامیکی خۆشی لێکەوتەوە.

ئەو نیگارکێشەی جگە لە پیتی یەکەمی ناوەکەی هیچ شتێکی تری لێ نازانین، ئەو دکتۆرە گشتییەی لەتاراوگە گەڕاوەتەوە تاکوو لەخاکی نیشتمانی نازیزیدا بەخاک بسپێردرێ، ئەرکەسەی کەڕوویاوە ڕاستەقینەکان ئەسڕێتەوە و لەباتیان درۆو دەلەسە ئەنوسێت و کارمەندێکی پلەنزمی فەرمانگەی باری شارستانی کە بەئەنقەست دەست بۆ هەموو دۆسیەکانی کۆچکردن ئەبات، ئەمانە گشتیان بەڕێکەوت نێرینەن: ئەگەر چی هیچ کامیان ئەوەندە بێ شانس نین ناویان تەرتۆلیانۆ بێت.

بەرپرسی ڤیدیۆ کلیپ، فیلمە داواکراوەکەی لەناو دۆلابەکاندا دۆزییەوە، ناوی فیلم و مێژووی دەرکەوتنی لەدەفتەرێکدا تۆمار کردو ئەو شوێنەی نیشانی پیاوەکەدا کەکڕیار پێویستە واژۆی بکات.

پیاوەکە ساتێک تووشی دوودڵی بوو و ئینجا، ناوی خۆی هەڵبەت بێ تەرتولیانۆ نووسی: "مەکسیمۆ ئافۆنسۆ". هەڵسوکەوتی لەو کەسانە دەچوو کە نایانەوێ کارێک بکەن ببێتە هۆی دروست بوونی مشتومڕ. لەکاتێکدا ناوی خۆی دەنووسی، لەژێر لێویەوە گووتی:

ـ بەمجۆرە، خێراتر و باشترە..

بەڵام زۆر باش دەیزانی کە قسەکانی هیچ کاریگەرییەکیان نابێت لەسەر بڕیارەکەی. پێناسەکەی لەدەستی فرۆشیارەکەدا بوو کە بەوپەڕی خوێنساردییەوە زانیارییەکانی دەگواستەوە بۆ سەر کاغەزێک و لەهەمان کاتدا، ناوی کۆن و ناشیرنی کڕیارەکەی بە دەنگێکی وا بەرز دەهێنایە زمان کە تەنانەت منداڵێکیش دەیزانی بە ئەنقەست ئەم کارە دەکات. گومان لەوەدا نییە هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەی لەژیانی خۆیاندا ڕووبەڕووی کێشەو کۆسپی گەورە نەبوونەتەوە، تووشیان بەتووشی ئازارو سووکایەتییەکی بەمجۆرە بێتەوەو ئەگەر بوێرن و نکۆڵی لێبکەن، زوو یان درەنگ هەر دێتەوە ڕێیان. کەسێک دێوی ئاخی هانی نابێت، تا گاڵتە بەخاڵە لاوازەکانی ئەو مرۆڤە بکات کە ڕۆحێکی ناسک و ئیانی هەیە. هەندێکجار جۆرێک دەنگی نەویستراو لەزاری کۆمەڵێک کەسەوە دێتە دەر، دەتوانین ئەم دەنگانە ناو بنێین، ناڵەی سەرچاوەگرتوو لەدەرێنێکی دژوارو چارەسەرنەکراو: وەک کۆنەبرینێکی سارێژنەکراو کە بیرەوەرییەکەی هەتا چەندین ساڵ هەر دەمێنێتەوە.

تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، شریتی فیلمەکەی خستە ناو جانتا کۆنەکەیەوە کەتایبەتی مامۆستایان بوو، هەوڵیدا نارەزایەتی خۆی

لەهەڵسوکەوتی کارگێڕەکە نیشان نەدات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەیتوانی بیر لەم بابەتە نەکاتەوە: "تاوانباری سەرەکیی هەموو ئەم ڕووداوانە، هاوکارەکەمە. گوناه لەو وەسوەسە بێهودەیەوە سەرچاوە ئەگرێت کە هەندێک بێنەوەی داوایان لێبکرێ، ئەوانیتر ڕێنمایی ئەکەن!"

ئەم بیرکردنەوەیە نیشانەی ئەوپەڕی بێ ویژدانی بوو، چونکە ئەو ئەیویست پەنا بۆ بیانوویەکی وەها بەرێت و خۆی بێتاوان نیشان بدات. (مرۆڤ هەتا زاتی کەمتر بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوو کێشەکاندا، زۆرتر هەوڵئەدات خەتاکان بخاتە ئەستۆی ئەوانی ترەوە)

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئازانێ، بیر ناکاتەوە و تەنانەت ناشتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کەکارگێڕی ڤیدیۆ کلوپەکە لەوانەیە لەهەڵسوکەوتە نابەجێ و خراپەکەی پەشیمان بووبێتەوە، بەڵام گوێیەکانی تر کە لەوانەی خۆی هەستیارتر و وردتر بوون، بە بیستنی ڕستەی "لەخزمەت دام" بۆ وەڵامی "ئێوارەت باش، ماڵئاوا"ی تاڵی موشتەرییەکە، زۆر زوو تێدەگەیشتن کە لەپشت مێزەکەوە، پیاوێک هەیە کە خوازیاری سەقامگیرکردنی ئاشتی و تەباییە. یەکێک لەبنەماکانی کاروکاسپی کە پێویستە بەردەوام لەلایەن فرۆشیارەکانەوە لەبەرچاو بگیرێ و هەمیشەش ڕوو ئەدات، ڕستەیەکە کە هەندێکجار لەسەر دیواری فرۆشگەکان بەدیئەکرێت یا لەزمانی فرۆشیارەکان خۆیانەوە ئەبیسترێت، ڕستەیەکە کە ڕاستییەکەی بەدرێژایی چەندین سەدە، سەلمێنراوە: "هەمیشە کڕیار

لەسەر هەقە." تەنانەت ئەگەر هەلومەرجەکەش، وەک ناوی ئەو کرپارە، واتە تەرتولیانۆ، نائاسایی بێت!
مەکسیمۆ ئافۆنسۆ: کەئێمە بەناچاری بۆ ناساندن یان ناوبردنی سوود لەم دوو ناوە وەردەگرین: چونکە خۆی لەبەردەم کەسانی تردا، وەک ناوی ڕەسمی خۆی بەکاری دێنێت و جگە لەمەش، زۆری نەمابوو ماوەیەک لەمەوپێش بەشی یەکەمی ناوەکەی، واتە تەرتولیانۆ، بەشێوەیەکی دڵتەزێن، زەبر لەسانەیی و ڕەوانی ڕووناوەکە بدات.. بەهەر حاڵ.. مەکسیمۆ ئافۆنسۆ سواری پاسێک بوو کە لەبەرامبەر بینایەک دایدەبەزاند. ئەو بینایەی نزیکەی شەش ساڵ، واتە لەکاتی جیابوونەوەی لەهاوسەرەکەی، بەتەنهایی تێیدا دەژی. لەوکاتەدا، زۆر بیرو ئەندێشەی جۆراوجۆر مێشکی ئەویان جەنجاڵ کردبوو کە یەکێک لەوانە، لەهەموویان چالاکتر بوو. بیری لەوە دەکردەوە چ هۆکارێک مامۆستای بیرکاریی (لەبیرمان نەچێت کە هاوکارەکەی، مامۆستای بیرکاری بوو) هاندا کەبەپێداگرییەوە بینینی ئەم فیلمە پێشنیار بکات کەئێتر بەکرێ وەریگرتبوو و خستبوویە ناو جانتاکەیەوە. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکرێ کە هەتا ئەو ڕۆژە، ئەوان هەرگیز سەبارەت بەو شتەی پێی دەگوترێ هونەری حەوتەم، پێکەوە گفتوگۆیان نەکردبوو. ئەگەر باسەکەیان سەبارەت بەشتێکی باشیش بوایە. هۆکاری ئەم پێشنیارە، ئاشکرا نەبوو: چونکە لەو حاڵەتەشدا هەستی خۆشحاڵی، ڕەزامەندی یان جۆش و خرۆش لەبەر دۆزینەوەی بەرهەمێکی سەرنج ڕاکێش و باش، دەتوانرا لەو هۆکارانە بن. مامۆستای بیرکاری کاتی خواردنی

ئانی نیوەڕۆ لەریستۆرانی قوتابخانەو کاتی پشوو. بەهەناسەبڕکێوە گووتی:

ــ پێم وا نییە هەتا ئێستا دەربارەی سینەما پێکەوە قسەمان کردبێ. بەڵام پێویستە پێت بڵێم کە تۆ دەبێ ئەم فیلمە ببینی. فیلمەکە ناوی "ئەشارەزا و شپرێو"ە.

فیلمەکە، بەهەمان سەربێژەوە لەناو جانتاکەی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دابوو. ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان ئەو دوو کەسە لەئارادابوو، هەندێک پەل و پۆی تریشی لێبۆوە. بۆ وێنە مامۆستای مێژوو پرسیاری کرد:

ــ لە کام سینەمادا پێشکەش دەکرێ؟

مامۆستای بیرکاری وەڵامی دایەوە:

ــ ئێستا لەهیچ سینەمایەک نیشان نادرێت. نزیکەی چوار یان پێنج ساڵ لەمەوبەر، نمایشیان دەکرد. نازانم بۆچی ئەوکات نەمتوانی فیلمەکە ببینم.

ئنجا لەوە نیگەران بوو کە لەگوڕوتینی پێشنیارەکەی کەم بوو بێتەوە، بۆیە گووتی:

ــ هەڵبەت لەوانەیە تەماشات کردبێ.

مامۆستای مێژوو گووتی:

ــ نا، نەمبینیوە، زۆر کەم دەچمە سینەما و تەنیا چاو لەو شتانە دەکەم کە لە تیڤی دا نیشان دەدرێت.

مامۆستای بیرکاری بەپێداگرییەوە گوتی:

– کەواتە پێویستە بیبینی. لەهەموو ئەو فرۆشگایانەدا دەستت دەکەوێ کە فیلم دەفرۆشن. ئەگەریش ئەتویست بیکڕی، ئەوا بەکرێ وەریبگرە.

بەهای فیلمەکە لەڕوانگەی هەردووکیانەوە هەر ئەوەندە بوو کە دەربارەی دوان. بەڵام لەڕاستیدا، سەبارەت بەم بابەتە، هیچ زیدەڕەوییەک نەهاتە گۆڕێ.

مامۆستای بیرکاری لەو کاتەدا پرتەقاڵێکی بەدەستەوە بوو و توێکڵەکەی لێدەکردەوە تاکوو بیخوات. گووتی:

– مەبەستم ئەوە نییە خۆم لەژیانی تۆ هەڵبقورتێنم. بەڵام زۆر نیگەران و ناناسوودە دێیتە بەرچاو. وایە؟

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، قسەکانی هاوکارەکەی پشت ڕاست کردەوە:

– ڕاستە.. هەستدەکەم حاڵم باش نییە.

– نەخۆشیت؟

– پێم وا نییە. ئەوەندەی بزانم، نەخۆش نیم. بەڵام زۆر زوو لەهەموو شتێ وەڕەزو ماندوو دەبم. ڕۆژە لێکچووەکان، ڕۆژە خراپەکان..

مامۆستای بیرکاری گووتی:

– کەواتە، برۆ هەندێک بەخۆشی ڕابوێرە. باشترین دەرمانی دەردی تۆ هەر ئەمەیە.

– بەڵام خۆشگوزەرانی بۆ ئەو کەسانەیە هیچ دەردێکیان نەبێت.

– گومانی تێدا نییە. وەڵامێکی جوانت دایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا. بۆ هەڵهاتن لەم دۆخە هەڵپەسێراوەی تووشی بووی. پێویستە کارێک ئەنجام بدەی.

مامۆستای مێژوو گووتی:

– حاڵەتی خەمۆکی...

– هەڵپەسێراویی یان خەمۆکی. جیاوازییەکیان نییە. ناونانیان شتێکی دڵخوازە. بەڵام زیانکردنی ڕانەی دژوارییان دا.

– وایە...

مامۆستای بیرکاری گووتی:

– کاتێک وانە ناڵێیتەوە. چی دەکەیت؟

– دەخوێنمەوە.. گوێ لەمۆسیقا دەگرم.. هەندێکجار دەچمە مۆزەخانە یان سینەما..

– دەچیتە سینەماش؟

مامۆستای مێژوو وەڵامی دایەوە:

– بەدەگمەن. زیاتر چاو لەبەرنامەکانی تیڤی دەکەم.

– هەڵبەت دەتوانی شریتی ڤیدیۆ بکڕیت و کۆمەڵێک فیلمی ڤیدیۆ کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن. ڤیدیۆتکا. وەسەر یەک بنێیت.

– بەڵێ. لەڕاستیدا دەمتوانی و دەتوانم ئەم کارە بکەم. بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە تەنانەت بۆ کتێبەکانیشم. جێگەم کەمە.

– زۆر باشە. بەکرێ وەریبگرە. پێموایە ڕێگە چارە ئەوەیە بە کرێ وەریبگری.

ـ هەڵبەت هەندێک شریتی ڤیدیۆشم هەیە.. دەربارەی.. پێموابێ زیاتر دۆکۆمێنتی زانستی، سرووشتی، شوێنەوارناسی، مرۆڤناسی، هونەر و .. ئەم جۆرە شتانەن.. هەروەها ئەو فیلمانەشم زۆر پێخۆشە کە لەسەر ئەستێرەناسین.

ـ باشە، ئەو شتانەی ئاماژەت پێدا، خراپ نین. بەڵام ئەتۆ پێویستە فیلمی سەرگەرمییش ببینی.. ئەم فیلمانە مێشک ماندوو ناکەن. بۆ وێنە تۆ کە دەڵێت هۆگریت بەئەستێرە ناسی هەیە، پێموایە دەتوانی لەفیلمی زانستی ـ خەیاڵی، ڕووداوی ئاسمانی، شەڕی ئەستێرەکان و .. تاد چێژ ببینی.

ـ بەڵام بەبڕوای من، ئیمەنە تایبەتیەکان، دوژمنی خەیاڵەکانی مرۆڤن. هەر چەندە خولقاندنی دیاردەیەکی وەها سەیرو پڕ لەنهێنی و وردەکاری، کارێکی زۆر ئەستەمە.

مامۆستای بیرکاری ناڕەزایەتی دەربڕی:

ـ ئەمە زێدەڕەوییە!

ـ نا، زێدەڕەویی ناکەم. ئەو کەسانە زێدەڕەویی دەکەن کە هەوڵی ئەوە دەدەن بەوە قایلمان کەن کە لەچاوتروکاندنێکدا دەتوانن کەشتیەکی ئاسمانی ڕەوانەی مەودایەکی دوورتر لەیەک ملیارد کیلۆمەتر بکەن.

ـ دەزانی خولقاندنی ئەم بەرهەمانە، کە تۆ بەو ڕادەیە سووکایەتیان پێ دەکەی، چەندە پێویستی بەهێزی خەیاڵ هەیە؟

ـ بەڵێ.. بەڵام خەیاڵی ئەوانی تر، نەک هی من.

ـ باشە، بەردەوام دەکرێ لەخەیاڵی تایبەتی ئەوانی تر سوود وەربگیرێ پاش ئەوەی خۆیان سوودیان لێوەرگرت و بەناکامێک گەیشتن. بۆ وێنە بەجێگەی سەد ملیارد کیلۆمەتر، بیکەیەنیتە دووسەد ملیارد کیلۆمەتر. لەبیرت نەچێ ئەوەی ئەمڕۆ پێمان وایە ڕاستییە، دوێنێ وەک خەیاڵ سەیری دەکرا.

ـ بەڵێ، بەڵام ئەمڕۆکە بۆ نمونە ئەگەر بۆ ڕۆیشتنی مەریخ، لانیکەم نۆ مانگ بخایەنی تا لەخاڵی سفرەوە بگەیتە ئامانج، دواتر دەبێ شەش مانگ لەوێ چاوەڕێ بکەی تا ئەم هەسارەیە هەلومەرجی بۆگەڕانەوە لەبار دەبێت. ئینجا دەبێ سەفەرێکی نۆ مانگی بکەیت تاکوو دەگەیتەوە زەوی. کۆی ئەم ماوەیە، دەبێتە دوو ساڵی درێژو تاقەت پڕوکێن. واتە ئەگەر بڕیار وابێت سەبارەت بەسەفەر بۆ مەریخ، فیلمێکی دۆکۆمێنتی دروست بکرێ کە تیایدا حەقیقەت نمایش کرابێت، جگە لەجاڕزی هیچ شتێکی تر نادات بەبینەر.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ـ دەزانم بۆچی بێتاقەت و ماندوو دەبی؟

ـ بۆ؟

ـ چونکە زۆر ڕەزاگرانی و هیچ شتێک ناتوانێ قایلت بکات.

مامۆستای مێژوو وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵام من بەشتی کەم بایەخ و کەمیش ڕازی دەبم.

ـ بەهەرحاڵ تۆ خاوەنی هەندێک شتیت.. وەک خوێندەواری، کار.. کەواتە هۆکارێک نەماوە بۆ سکاڵا کردن لەڕۆژگار.

ـ لەڕاستیدا من خاوەنی ئەوان نیم.. ئەوان خاوەنی منن!

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ــ هەموومان گلەییمان لەهەلومەرجی ئێستای ژیان هەیە. زۆرم پێخۆش بوو وەک کەسێکی هەڵکەوتوو لەزانستی بیرکاریدا لەقەڵەم بدرێم، نەک وەک مامۆستایەکی ئاسایی دواناوەندی، کە جگە لەوانەگوتنەوە کارێکی تری نییە. لەخۆم بێزارم. لەوانەیە گرفتەکە هەر لێرەدا بێت. ئەگەر هاوکێشەیەکی نوێ نەزانراو بخەنە بەردەمم، بەو تواناکارییەی هەمە، وەک پسپۆڕێک لەبواری بیرکاریدا، دەتوانم باشترین شیکار پێشکەش بکەم. سەبارەت بەکێشەی ژیانی تۆو هەندێک مەسەلەی لەمجۆرە، شارەزاییەکم نییەو لەوانەیە ڕاسپاردەکانم، ژیانت بەرەو ئاڕاستەیەکی خراپتر بەرێت: بەڵام وەک ڕێگەچارەیەکی کاتی و وەک حەبێکی ئەهوەنکەرەوە، پێشنیاردەکەم خۆت بەبینینی ئەم فیلمەوە سەرقاڵ بکەیت، نەک بەدۆزینەوەی هاوکێشە نوێ نەزانراوەکان. لەڕاستیدا بیرکاری بۆمامۆستای مێژوو، جگە لەسەرئێشە شتێکی بەدواوە نابێ.

مامۆستای مێژوو پرسی:

ــ بۆچوونێکی تایبەتیت نییە؟

ــ سەبارەت بەچی؟

ــ سەبارەت بەفیلمێکی سەرنج ڕاکێش کە شایانی بینین بێت.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ــ گەلەک دژوار نییە. دەچیتە ناو فرۆشگایەکەوە، چاوێک بەپێرستی فیلمەکاندا دەخشێنی و یەکێکیان بەدڵی خۆت هەڵدەبژێری...

ــ لانیکەم پێشنیارێک بکە..

مامۆستای بیرکاری ساتێک تێڕاما و ئینجا گووتی:

ــ نەشارەزا و شپڕێو.

ــ لەسەر چییە؟

ــ فیلمێکە. ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێ.

مامۆستای مێژوو گووتی:

ــ دەڵێی لەپەندێکی پێشینیان وەرگیراوە.

ــ بەڵێ. پەندێکی پێشینیانە: مرۆڤی نەشارەزا، بێ دسپلینە.

ــ هەموو چیرۆکەکان لەسەر ئەم بابەتە دەڕۆن، یان چونکە شتێکیان بەمێشکدا نەهاتوە، ئەم سەرنێتەیان هەڵبژاردووە؟

ــ ئارام بە! فیلمەکە ببینەو خۆت ئەنجامێک بەدەست بێنە..

ــ باشە، چ جۆرە فیلمێکە؟ دەربارەی پەندە کۆنەکانە؟

ــ نا..

ــ کۆمیدیایە؟

ــ بەدڵنیاییەوە، نا...

ــ لەدرامە کۆن و کلێشەییەکانە؟

ــ نا، نا...

ــ فیلمێکی نوێی پێکدادانە کە گوللە و خوێن..

ــ نا، فیلمێکە بۆ سەرگەرمی و خۆخافڵاندن.

ــ دەمەوێ ناوی فیلمەکە لای خۆم بنووسم. گوتت ناوی چ بوو؟

ــ نەشارەزاو شپڕێو.

مامۆستای مێژوو گووتی:

– زۆر باشە، نووسیم.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

– بێگومان شاکارێکی سینەمایی نییە، بەڵام دەتوانێ بۆماوەیەکی نزیک بە نەوەد دەقە، سەرقاڵت بکات.

تەرتۆلیانۆ لەماڵ دانیشتووەو دوودڵە. هەڵبەت ئەم دوودڵییە، کێشەیەکی جددی نییەو یەکەم جاریش نییە ڕووبەڕووی حاڵەتێکی بەمجۆرە دەبێتەوە. بەردەوام دەتوانێ گومان و دوودڵی سەبارەت بەشتی بێ بایەخ بەدی بکەیت: وەک ڕاڕایی لەهەڵپچڕینی قتوویەک و گەرمکردنەوەی بۆ خواردنی شەو یان ڕۆیشتن بۆ ڕێستۆرانێکی نزیک ماڵ، کە لەوێش گرنگییەکی زۆر بەجۆری خواردن نادەن. سەرنج ئەدان بەخواردن لەبەرئەوە نییە کەکڕیارەکە ڕەخنەگرە، بەڵکو زیاتر لەبەر کەمتەرخەمی، پەرێشانی و ئەو تەوەزەلی و بێ تاقەتییەیە کە لەبینینی بەردەوامی پێرستی خواردنە گرنگەکاندا هەست پێدەکرێ. ئەمجارەش دوودڵییەکەی هەر لەبەر ئەمەیە.

کاغەزی تاقیکردنەوەی قوتابییەکانی بۆ ڕاستکردنەوە هێناوەتە ماڵ و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەچێتە جێگەیەک. بەپێویستی دەزانێ بەوردی نووسراوەی قوتابییەکانی بخوێنێتەوەو ترسی لەوەیە شتێک پێچەوانەی ڕاستییەکان یان ئەو وانانەی ئەوگوتوویەتی، تێیاندا بدۆزێتەوە. لەوە دەترسێ کەسێک هەستی بەئازادی کردبێ و دەربڕینەکانی خۆی نووسیبێت. ئەو مێژووەی

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەیڵێتەوە. زۆر لە ڕوەکێکی بچووک دەچێت کە هەندێکجار ڕیشەکانی لەزەوی دەردێنن بۆ ئەوەی دەڕوێت. ئەم ڕوەکە، نموونەیەکی بچووکی دارێکی پتەوو بەساڵاچووە کە کات و شوێنی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر جیاوازییەکانی تری نێوان دارە گەورەکە و نموونەی ئەو ڕوەکە پشتگوێ بخەی، ئەم جیاوازییەی لەئەندازەدا هەیانە دەتوانێ کەبەبیهێنەری زۆرمەسەلە بێت: بۆنموونە هیچ پەلەوەرێک، تەنانەت مەمێشخۆرە بچووکەکانیش ناتوانن لەسەر لق وپۆپی ڕوەکێکی بچووکدا هێلانە بکەن یان ئەگەر مارمێلکەیەکی بچووک بیەوێ لەبن سێبەرەکەیدا پشوو بدات، بێگومان خۆر لەکلکی دەدات. ئەو مێژووەی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەیڵێتەوە، بۆخودی خۆیشی ئاشنایە. ئەگەر لەم بوارەوە هەرچەشنە پرسیارێکی لێبکەن، بێ لاڵەپەتێ و شلەژان وەڵام دەداتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دان بەوەدادەنێت کەزۆر کلک لەدەرەوەی سێبەرەکەن و هەندێکیان دەجووڵێنەوەو هەندێکیشیان وشک بوون یاخود ڕزیون.

لەو کاتەدا، گفتوگۆی خۆی و هاوکارەکەی دێتەوەیاد و بیر لەوە دەکاتەوە کەبیرکاری، زانستێکی جیاوازە. لەم زانستەدا، کلکی مارمێلکە، دیاردەیەکی خەیاڵی و ئەبستراکتە. کاغەزەکان لەجانتاکەی دەردێنێ و لەسەر مێزەکەیان دادەنێت. شریتی ڤیدیۆکەش لە کن ئەوان دادەنێت. ئێستا دوو سەرگەرمیی هەیە تا بەهۆیانەوە شەوێکی خۆش ڕابوێرێ.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەیلێتەوە، زۆر لە ڕوەکێکی بچووک دەچێت کە هەندێکجار ریشەکانی لەزەوی دەردێنن بۆ ئەوەی دەرویت. ئەم ڕوەکە، نموونەیەکی بچووکی دارێکی پتەوو بەساڵاچووە کە کات و شوێنی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر جیاوازییەکانی تری نێوان دارە گەورەکە و نمونەی ئەو ڕوەکە پشتگوێ بخرێ، ئەم جیاوازییەی لەئەندازەدا هەیانە دەتوانێ کەبەبیینەری زۆرمەسەلە بێت: بۆنموونە هیچ پەلەوەرێک، تەنانەت مەمینشخۆرە بچووکەکانیش ناتوانن لەسەر لق وپۆپی ڕوەکێکی بچووکدا هێلانە بکەن یان ئەگەر مارمێلکەیەکی بچووک بیەوێ لەبن سێبەرەکەیدا پشوو بدات، بێگومان خۆر لەکلکی دەدات. ئەو مێژووەی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەیلێتەوە، بۆخودی خۆیشی ئاشنایە. ئەگەر لەم بوارەوە هەرچەشنە پرسیارێکی لێبکەن، بێ لاڵەپەتێ و شلەژان وەڵام دەداتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دان بەوەدادەنێت کەزۆر کلک لەدرەوەی سێبەرەکەن و هەندێکیان دەجووڵێنەوەو هەندێکیشیان وشک بوون یاخود ڕزیون.

لەو کاتەدا، گفتوگۆی خۆی و هاوکارەکەی دێتەوەیاد و بیر لەوە دەکاتەوە کەبیرکاری، زانستێکی جیاوازە. لەم زانستەدا، کلکی مارمێلکە، دیاردەیەکی خەیاڵی و ئەبستراکتە. کاغەزەکان لەجانتاکەی دەردێنێ و لەسەر مێزەکەیان دادەنێت. شریتی ڤیدیۆکەش لە کن ئەوان دادەنێت. ئێستا دوو سەرگەرمیی هەیە تا بەهۆیانەوە شەوێکی خۆش ڕابوێرێ.

دیسان دڵەڕاوکێ بەسەریدا زاڵبوو و نەیدەزانی لەکوێوە دەست پێبکات. پێداچوونەوەی کاغەزەکان یاخود بینینی فیلمەکە. لەڕاستیدا پێی خۆش نەبوو شەوانە کار بکات. بوارێکی ئەوتۆشی نەبوو بۆ ئەنجامدانی هەر دوو کارەکە. بیری کردەوە کە نە پێداچوونەوەی کاغەزەکان شتێکی زۆر پێویستە و نە بینینی فیلمەکە. لەوانەیە باشتر وابێت ئەو کتێبە تەواو بکات کە نیوەی لێ خوێندۆتەوە.

هەستا، ڕۆیشتە تەوالێت و ئینجا گەڕایەوە ژوورەکەی، تاکوو جلەکانی بگۆڕێ. پێڵاوەکانی دانا. پانتۆڵەکەی گۆڕی و گرێی بۆینباغەکەی کردەوە و لەملی دەرهێنا. یەخەی بەستراوی کراسەکەی فشاری بۆ گەرووی دێنا. دوگمەکانی کردەوە و چاکەتێکی لەبەر کرد. دوایی ڕۆیشتە موبەق. سێ قوتووی کۆنسێروی جیاوازی لە دۆڵابەکە دەرهێنا. چونکە دوودڵ بوو و نەیدەزانی کامیان هەڵبژێرێ، چاوەکانی بەست، دەستی بردە پێشەوە... کەوتەوە بیر یارییەکانی سەردەمی منداڵی کە بۆ هەڵگرتنی تیروپشکی بەخت، دوعای دەکرد و بەگشتیش دەیدۆڕاند: هەمان دوعا کۆنەکانی دووپات کردەوە:

ـ سان روکە.. سان روکۆ..

قوتوویەکی هەڵگرت. کۆنسێروی گۆشت بوو.. هەر ئەو شتەی کە زۆر حەزی لێنەدەکرد. بیری کردەوە نابێ بەگژ چارەنووس دابچێت و نەسیب و بەشەکەی بگۆڕێ. لەموبەقەکەدا خواردنی خوارد و پەرداخێک شەرابیشی هەڵقوڕاند. دوای خواردنی شێو،

خۆی بەهەمان یاری تیروپشکی جاران سەرقاڵ کردبوو سێ لەتە نانی بچووکی لەبەردەم خۆی دانا.

لەتی چەپی بەکتێب، لەتی ناوەڕاستی بە پێداچوونەوەی کاغەزەکان و هی ڕاستیشی بەبینینی فیلم هێما کرد. فیلمەکە دەرچوو. بۆ یەکەمین جارە ئەو تیروپشکە دەردەچێ کە بەدڵی بێ بەڵێ، پێویستە هەر ئەم ڕووداوە بقەومایە: بەخێرایی و بێ ئەوەی کۆسپێکی بێتە ڕێ. ژیان ئەوەندە ناهێنێ مرۆڤ بەگژ چارەنووسدا بچێتەوە. "هەر چی خودا پێی خۆش بێت، هەر ئەوە ڕوو دەدات." بەگشتی هەموو کەسێک ئەم ڕستەیە وەک یەک بەکار دێنن، چونکە ڕستەیەکی باوە. پێویستە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ. ئەگەر چی لەڕوانگەی مرۆڤە ئازادیخوازەکانەوە، لەوانەیە چارەنووسی لەپێشدا دیاریکراو، جۆرێک بێت لەدیکتاتۆری. بەڵام بەهەرحاڵ، چونکە دیار نییە لەفیلمی ڤیدیۆکەدا چ چیرۆکێکی شووم هەیە کە لەڕاستکردنەوە یان خوێندنەوەدا نیە. کەواتە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ وەک مامۆستایەک، ئەویش وەک مامۆستای مێژوو، بەپێی ئەو تیروپشکەی لەموبەقەکە بە سێ لەتە نان بۆی دەرکەوت، بڕیاریدا چارەنووسی خۆی پەسەند بکات.

پێویست ناکات سەبارەت بەم شتە بێ بایەخە، واتە کاریگەریی ڕۆحیی ئەم مامۆستایە لەسەر ئەو خوێندکارانەی کەلەژێر دەستیدا ڕادێنێ، باس و گفتوگۆ بێتە ئاراوە. ئەگەرچی بەگوێرەی بۆچوونە ئالۆزیەکان، ئەم کاریگەرییە دانانە دەتوانێ چاوگەی زۆر شتی

نائاسایی بێت لەداهاتوودا. بەڵام شێوەگرتنی رۆحیی خوێندکاران، نابێ ئەسڵی ڕووداوەکە بخاتە ژێر باندۆڕەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، ئەو قاپەی بەجوانی شۆرد، کە خواردنی شەوی تێدا خواردبوو. وا ڕاهاتبوو بەردەوام هەموو شتێک بەجوانی بشوات و لەجێگەی خۆیان دابنێت.

ئەمە نیشانمان دەدات کە لەهەموو مرۆڤەکاندا، تەنانەت ئەو مرۆڤانەشی کەسەبارەت بەهەندێک بابەتی وەک باوەڕ بەئازادی و هەڵبژاردنی مرۆڤ، ناتوانن ببنە نموونە، ئەکرێ زۆر شت فێر ببن. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دابونەریتی ئەو بنەماڵەی تیایدا لەدایک بوو و گەورە ببوو، زۆر باش فێر ببوو، بەتایبەت زۆر شتی لە دایکیەوە فێر بووە، کە هێشتاش زیندوو و ساغ و سلامەتە. بڕیار بوو لەو ڕۆژانەدا، لەگەڵ کێکی بچووکی یەکێک لە شارەکاندا، واتە ئەو شوێنەی تیایدا لەدایک بووە، بچێتە سەردانی دایکی. ئەو شوێنە، زێدی مەکسیمۆکانی دایک و ئافۆنسۆکانی باوک بوو. نزیکەی چل ساڵ لەمەوپێش، لەوێ لەدایک بووەو ناویان ناوە تەرتۆلیانۆ. بۆ دیتنی باوکی، جگە لەچوونە گۆڕستان چارەیەکیتری نییە. ژیان هەر ئەمەیە و بەڕاستی ئەفرەت لێکراوە. هەمیشە تیایدا، کۆتاییەک بۆ مرۆڤەکان هەیە. هەڵبەت ئەم ڕستەیە، بێ ئەوەی خۆی نیازی بێت، ختووکەی مێشکی دا.

لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە کاتی هاتنەدەرەوە لەموبەق بیری لەباوکی کردەوەو هەستی کرد دڵی بۆ باوکی تەنگ بووە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەگشتی جنێوی نەدەداو ئەگەر

هەندێک جار ئەم کارەشی بکردبایە، ساتێک دواتر پەشیمان دەبۆوەو هاوکات سەری دەسوڕما. ئەمجارەش بەتێپەڕبوونی وشەی ئەفرەت لێکراو لەمێشکیدا، وای بۆچوو کە تارەکانی دەنگی، قورگ، زار، زمان، ددان و لێوی، هەموویان بێ ئیزنی ئەو، ڕستەیەکی وەهایان دروست کرد.

لەژوورێکی ماڵەکەیدا کە تایبەت بەدانیشتن و خوێندنەوە بوو، قەنەفەقەک و مێزێکی بچووک لەناوەڕاستدا و کورسییەکی گەورەی سەرنج ڕاکێشی تیایە، لەگەڵ تەلەفزیۆنێک لەپێشەوەدو مێزێکی نووسین، کە شریتی ڤیدیۆو کاغەزی تاقیکردنەوەی قوتابییەکانی لەسەر دانراوەو لەگۆشەیەکەوە کە ڕوناکیەکی باشی هەیە، بەدیدەکرێت.

لەهەردوولای دیواری ژوورەکەدا دۆڵاب دانراوەو پڕن لەکتێب، زۆربەی کتێبەکان لەبەر زۆر بەکارهێنان و کۆنییان، پڕتووکاو و دڕاون، لەناوژوورەکەدا فەرشێک ڕاخراوە کە نەخشی ئەندازەیی قاوەیی تیایەو لەوانەیە ڕەنگێکیتر بووبێ کە بەتێپەڕبوونی کات، لەڕەنگی قاوەیی دەچێت و شوێنەکەی بۆ خوێندنەوە گونجاو و ئارام کردوە، هەڵبەت نابێ سەبارەت بە ئارامی ئەو شوێنە زێدەڕەوەیی بکرێت، کەواتە باشتر وایە بگوترێ شوێنێکی مامناوەندو ئاساییە، شوێنێک کەمامۆستای یەکێک لەدواناوەندییەکان کە پارەیەکی کەم وەردەگرێت، تیایدا دەژی، سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم شوێنە، تایبەتمەندی پۆلەکانی وانە

گوتنەوەی هەیە، یان کورتە مێژووییەکی تایبەتی هەیە. هێشتا ڕوون نەبۆتەوە.

لەتە نانەکەی ناوەڕاست، هەمان ئەو کتێبەیە کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، نیوەی خوێندۆتەوە و هەر لەو شوێنە دابوو کە شەوی ڕابردوو لێی دانابوو. لەکتێبەکەدا، سەبارەت بە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا هەندێک شت نووسراوە. لەتەنانەکەی ناوەڕاستیش وەک دوو لەتە نانەکەی تر، چاوەڕێیە.. ئەو ناچارییەی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە.. چاوەڕوانیە. دیاردەیەک کە ناتوانی لەدەستی ڕابکەیت و وێدەچێ بەشێکی شکست نەخواردووی سرووشت بێ. لەکەسێتییەکی ڕاڕاو سڵۆکی وەک تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، بەدوور نییە کە تەنانەت خۆیشی فریو بدات و وای پیشان بدات کە کاغەزی خوێندکارەکان دەخوێنێتەوە، کتێبەکە لێک بکاتەوەو ئەو لاپەڕەیەی کە نیوەی خوێندراوەتەوە، بەوردی و بەسەرنجەوە، بخوێنێتەوەو هاوکات، بەناچاری و بێ نیشاندانی مەیل و هۆگری، چاو لەفیلمەکەش بکات. دروست وەک ئەو کەسانەی کە هێشتا نەیانتوانیوە بڕیارێکی لێبڕاوانە بدەن. وێڕای ئەمە، ڕووداوەکان هەمیشەش بەو جۆرەی کە دێنە بەرچاو، هەڵخەڵەتێنەر نین.

زۆر کات، ڕووداوەکان پاڵ بەیەکترەوە دەنێن و هەلێکی تازە دەرەخسێنن کە جیاوازیی بەرچاویان لەگەڵ هەڵس و کەوتە گشتی و کلێشەییەکان هەیە. ئەگەر ئەم باسە نەهاتبایە ئاراوە، ڕاستەوخۆ دەچووینە سەر کرۆکی بابەتەکەو دەمانگوت کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ڕۆیشتە لای مێزی نووسین، شریتەکەی هەڵگرت و

لەکاتێکدا کەپێدەکەنی، سەیری تێبینییەکانی سەر شریتەکەی کردو تێگەیشت ناوی ئەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە کە کچێکی شۆخ و جوانە، بۆ ئەو ئاشنایە. ئەوکات بەپێداگرییەوە، وەک بڵێی هەرگیز لەژیانیدا ڕووبەڕووی دوودڵی نەبووبێتەوە، شریتەکەی خستە ناو ڤیدیۆکەوە، لەسەر کورسییە گەورەکەی دانیشت، دوگمەی کۆنترۆڵەکەی لە دوورەوە داگرت و خۆی ئامادە کرد تاکوو شەوێکی خۆش تێپەڕێنێ.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دوو جار پێکەنی، سێ – چوار جاریش بزەی هاتێ. ئەگەرچی فیلمەکە بەگوێرەی قسەکانی هاوکارەکەی، بۆرابواردنی کات بوو، بەڵام لەڕوانگەی کارناسییەوە، هەرگیز بەکەڵک نەدەهات، بگرە وەک بەرهەمێکی پەست لەقەڵەم دەدرا، کە تیایدا لۆژیک و ڕێباز بەدی نەدەکراو ئاشیووێن و شپرێوی، بنەمای فیلمەکەیان پێک دەهێنا. ناوی فیلمەکە، ڕاست لەو مەتەڵە سادە و بێ ناوەڕۆکانە دەچوو کە جارجارە لەهەموو شوێنێک بەکار دێن: "ئەو چییە سپی یەو لە مریشک بەر دەبێتەوە؟"

چیرۆکی فیلمەکە بەگشتی دەربارەی پاوانخوازی لەڕادەبەدەری ژنێک بوو کە هەمان کچە ئەکتەری ناسراو، ڕۆڵی ئەوی بەئەستۆ بوو. ئەکتەرە جوان و شۆخەکە، وەک چۆن فێر کرابوو، ئاوا ڕۆڵی خۆی بەجوانی بینی. بەڵام وێڕای ئەم هەموو نەشارەزایی و ونکردنی شتەکان و ناکارایی لە نیشکردن بەئامرازەکانی ناو ماڵدا، نەیتوانی بچووکترین کاریگەری هەبێت لەسەر ڕۆحی ماندوو و خەمۆکی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ.

دوای کۆتایی هاتنی فیلمەکە، لەباتی ئەوەی هاوکارە بیرکارەکەی لۆمە بکات، لەخۆی بێزار و توورە بوو. نەیتوانی مامۆستای بیرکاری ببەخشێت بەهۆی ئەوەی کە مەبەستێکی خراپی نەبووەو ئامانجی هاریکاری بووە. بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی لە خۆی ببورێت. ئیتر لەتەمەنێک دا نەبوو کە دوای خەیاڵە پووچ و هەوەسە بێهودەکانی بکەوێت. ئەو شتەی لە ناخەوە ئازاری دەدا، ساویلکەییەکی لەڕادەبەدەر بوو کە بەگشتی گەمژەکان تووشی دەبن:

هاواری کرد:

ـ سبەینێ ئەم زبڵە دەدەمەوە بە خاوەنەکەی.

ئەم جارەیان چونکە قسەیەکی ناحەزی کردبوو، هەستی بە پەشیمانی یاخود سەرسامی نەکرد. پێی وابوو ناهەقی نییە کەبەجۆرێک دڵی خۆی بداتەوە. سەرەڕای ئەوەی، لەچەند هەفتەی دواییدا، ئەمە دووهەمین جارە کە قسەیەکی کردبێ پێچەوانەی ئەدەب بێت. چاوێکی لە سەعاتەکەی کرد، هێشتا نەببوە یازدە، بەچپەوە وتی:

ـ زووە.

زۆر زوو بۆمان دەردەکەوێ کە بە دەربڕینی ئەم ڕستەیە، بەمەبەست بڵێ هێشتا دەرفەتی هەیە تاکوو لەبەر سەرقاڵ بوون بە بابەتە لاوەکییەکان و پەراوێزخستنی کارە سەرەکییەکان، خۆی لۆمە و تەمێ بکات. ئەو بابەتێکی کاتی خستبوە پێش بابەتێکی سەرەکیی و تووشی مێشک پوتی و کەم فیکری ببوو...

لەسەر مێزی نوسین دانیشت و بەپەلەوە لەتاقیکردنەوەی خوێندکارەکانی ڕوانی. لەسیمای ڕا دەتگوت داوای لێبوردن دەکات کە هێشتا پێیان دا نەچۆتەوەو وا دەنوێنێت کە مامۆستایەکی دڵسۆز و هەستیارە سەبارەت بەکاروباری ڕاهێنان، حەزی لەپیشەکەیەتی و گرنگی بەزمان، بویەر، ناو و نازناوەکان دەدات.

دیارە هەرگیز نەیتوانیبوو بەوجۆرە بێت کە پێی خۆشە. لەبەر ئەمەش، پاش ئەوەی کارێکی ئەنجام دا کە خستبوویە بەرنامەوە، بۆی دەرکەوت ئیتر دەرفەتێکی نەماوە بۆ پێداچوونەوەی تاقیکردنەوەکان. بە حاڵەتێکی پڕ لەشڵەژاوییەوە، دیسانەوە چووە سەر کورسیەکەو ئەو کتێبەی هەڵگرت کە دەربارەی مێژووی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا بوو. چووە سەر جێگەی خەوتن و لەوبڕگەیەوە دەستی بەخوێندنەوە کرد کە تایبەت بوو بە "سمیت"ەکان، "حامورابی"ی پاشایان و ئەو یاسایەی کە لەلایەن ئەوەوە نووسرابوو. هێشتا چوار لاپەڕەی تەواو نەکردبوو خەوێکی قووڵ بردییەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە بەسەر هەستی

پەشیمانی خۆیدا زاڵ بووە. سەعاتێک دواتر، لەخەو ڕاچەنی، مۆتەکە نەوی لەخەو ڕانەپەڕاند. بەڵکو هەستی کرد کەسێک لە ماڵەکەی دایە. لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشت و گوێی بۆ زەنگەکە ڕادێرا.

هەر لەژووری خەوتندا ساتەکانی تێدەپەڕاند. نەتەنیا نیوەی شەو، بگرە بەرۆژیش دەنگی هات و هاوار لەوێوە نەدەبیسترا. بەڕاست سەعات چەندی شەو بوو؟

تەرتۆلیانۆ، دەستی بەرەو مێزە بچووکەکە برد و گڵۆپەکەی داگیرساند. کات ژمێر چوار و پانزە دەقە!

لەسەر پێخەفەکەی هەستا. سەرەتا بەرەو حەمامەکە ڕۆشت و دواتر چووە مۆبەقەکەوە. کەس لەوێ نەبوو. گەڕایەوە. ڕۆیشتە ناڵانەکە و پاشانیش بەرەو ژووری دانیشتن. جۆرێک هەنگاوی دەنا دەتگووت ژێر پێی پڕە لە مادەی تێشکدەر.

تەرتۆلیانۆ ئافۆنسۆ هێشتا وایدەزانی کەسێک لەوێیە. لەژووری دانیشتنیش کەسی نەبینێت. چاوێکی بەدەوروبەریدا خشاند. ئەو دوو کتێبخانە گەورەیەی کە دۆڵابەکانیان پڕ بوو لە کتێب، قایم و پتەو لەسەر جێگەی خۆیاندا بوون. تابلۆکانی دیوار، مێزی نووسین، مۆبیل، مێزی بچووک یا شتە بچووکەکانی سەری، مۆبیلی گەورە و تەلەفزیۆن...

تەرتۆلیانۆ لەژێر لێو و بەترسەوە وێرنیکی خوێندو دوای هێنانەزمانی دوایین وشە، شتێکی نادیار، وەک پەرگی سابوون لەبەرچاوان ونبوو.

فیلمی کۆمیدیای "نەشارەزا و شەڕێو" لەسەر مێزەکە بەدی نەکرا. گەڕایەوە بۆ ژووری خەوتن. سەرچەفێکی بەخۆی دانا بۆ ئەوەی سەرمای نەبێت. دواتر هاتەوە ژووری دانیشتن. فیلمەکەی خستە ناو ڤیدیوە. کۆنترۆڵەکەی ئاراستە کرد دەستی بەدوگمەکەی دانا. ئەنیشکی لەسەر ئەژنۆکانی دانا و بینەوەی پێکەنێت. بەسەرنجەوە چاوی لەبەسەرهاتی ئەو ژنە کرد کەدەیویست لەژیاندا سەرکەوتوو بێت.

بیست دەقە لەدەستپێکی فیلمەکە تێپەڕیبوو کاتێ ژنێک هاتە ناو هۆتێلەکەوە. ڕۆیشتە پرسگە و ناوی خۆی گووت. تەرتۆلیانۆ بیستی کە دەڵێ ناوی "ئەنیتۆ کاستۆ" و ئەوەشی گوێ لێبوو کە وتی:

– ژوورێکم دەوێت.

بەرپرسی پرسگە سەیری پێشەوەی کرد. نەک تەنها بەرەو لای بینەری فیلمەکە. بەڵکو بەرەو کامێراکەو لەژێر لێوەوە شتێکی گووت. دەنگی ئەوەندە نزم بوو کە تەرتۆلیانۆ ئافۆنسۆ نەیزانی دەڵێ چی. بەپەلە قامکی بەرەو دوگمەی کۆنترۆڵەکە برد دەستی بەدوگمەکە دانا. بەڵام دیمەنەکە تێپەڕیبوو. شریتەکەی گەڕاندەوە دواوەو بردیەوە ئەو شوێنەی ژنەکە ناوی خۆی دێنێت. "ئەنیتۆ کاستۆ" و بیستی کە دەڵێت:

– ژوورێکم دەوێت.

بەڵێ، هەمان جێ بوو. دیمەنی بێ جووڵەی کارمەندی پرسگە کە لەپێشەوە دەڕوانێت. تەرتۆلیانۆ لەسەر قەنەفەکە هەستا. ڕۆیشتە

پێشتر و بەتەلەفزیۆنەکەوە نووسا. کتوپڕ هەستی کرد هەندێک مووی زبر دەکەوێتە ناو دەموچاوییەوە.

نا. ڕاست نەبوو. ئەگەر هەر کەسێکی ژیر و تێگەیشتوو لەوێ بوایە، زۆر سانە هەوڵی ئەهوەن کردنەوەی تەرتۆلیانۆی دەدا و دەیگووت:

– خەیاڵ پڵاو مەکە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ! ئەزیزم. تەنانەت لێرەوە دەبینم کە تۆ ڕیشت تاشیوە. بەڵام بەرپرسی پرسگە سمێڵی هەیە.

کەسانی ژیر بەمجۆرەن. بەساویلکەیی ڕاهاتوون. زۆر درەنگ تێدەگەن کە ژیان تا چ ئەندازەیەک پڕە لەجەنجاڵی و قەرەباڵغی و ئەوکاتەیە سەریان سوور دەمێنێ. ئەگەر بیانەوێ ڕیش و سمێڵ دابنێن. ئەوا بەویستی خۆیان ئەم کارە ناکەن. بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی بۆتە مۆدەیەک ئەم کارە ئەنجام دەدەن: لەوانەشە هۆیەکەی ئەو دەموچاوە یەکرەنگە بێت کە بەردەوام لە ئاوێنەدا دەیبینن. بەهەر حاڵ. ئەم کارە دوای ماوەیەکی تر وەڕسیان دەکات و دەیتاشن.

نابێ لەبیرمان بچێت کە هەندێک سمێڵ هەرچەند زۆر جوانیش بن. لەوانەیە دەستکرد بن. ئەم ڕاستییە لانیکەم سەبارەت بەبەرپرسی پرسگەی هۆتێل ڕاستە. ئەم بۆچوونە ڕاشکاو ڕوونانە لەوانەیە بەبیری هەر کەسێکدا بێن: تەنانەت هی تەرتۆلیانۆش! بەمەرجێک لەڕادەبەدەر لەسەر نواندنی هونەرمەندەکانی تری فیلم هەستیاری نیشان نەدات و نەیەوێت ئەکتەری پیاوی چیرۆکەکە

بەردەوام لەرۆڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێلەکەدا بیبینن. ئەو پیاوەی سمێڵی هەیە. دەتوانن لەپێنج رۆڵی تردا کەگرنگییەکی کەمتریان هەیە. لەهەمان فیلم دا رۆڵ ببینێ.

گەڕابۆوە بۆ دیمەنی دوایی. ئەو شوێنەی بەرپرسی پرسگە روبەروو لە ژنەکەی دەروانی. ورد ورد دیمەنەکانی لێکدایەوە. هەندێک جیاوازی لاوەکیی بەدی کرد وەک سمێڵ، مۆدی قژ و دەموچاوێک کە زۆر خڕ نەبوو. هەستی بەئاسوودەیی کرد. گومانی لەوە نەبوو کە ئەم لێکچوونە، مایەی سەرسوڕمانە. ئیتر لەمە سەیرتر لە دونیادا نیە. لەو دوانەیە بڕوانن! هەرگیز ناتوانی بڵێی لەهەر بوارێکەوە لێک دەچن. بەسرتەوە گووتی:

ــ لێکچوونێکی بەمجۆرە تەنانەت لە دوانەکانیشدا بەرچاو ناکەوێت!

دەتگوت قسە لەگەڵ خۆی دەکات کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەدا دەرکەتبوو.

دیسانەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشت و ئەو رۆڵەی کە ئەکتەرە ژنەکە لەباتی ئەنێتۆ کاستۆ دەیبینی، خۆی وە ئەستۆی گرت.

ــ من تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆم!

ئینجا پێکەنی و بەردەوام بوو:

ــ ئەی ئێوە کێن؟

دیارە کاتێک دوو کەسی وەک یەک دیانەوێ لەگەڵ یەکتری ئاشنا بن، پێیان خۆشە لە هەموو رازەکان بگەن. لەم کاتانەدا، پرسیاری ناو، هەمیشە لەسەرووی هەموو شتێکەوە دێت. دەتوانین

ئەم مەراقە بەدەرگایەک بچوێنین کە کەسێک بیەوێت لێی بێتە ژوور، بەڵام نازانێ ئەمبەری دەرگاکە چی لێیە؟ تەرتۆلیانۆ شریتەکەی بردە کۆتاییەکەی. ناوی ئەکتەرە لاوەکییەکان لەوێدا نووسرابوو. لەپڕ هاتەوە یادی کە نازانێ ڕۆڵی ئەو ئەکتەرەی تێدا نووسراوە یان نا. لەخۆڕا نیگەران نەبوو. ناوی ئەکتەرەکان بە پێی ئەلف و بێ و ژمارەیان، زۆر زۆر بوو. بەجۆش و خرۆشەوە، قەپاغی فیلمەکەی هەڵگرت و جارێکی تر نووسراوەکەی سەری بەسەرنجەوە خوێندەوەو لەنیمەنەکانی ڕوانی. ڕوخساری پێکەنیناوی ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو. کورتەی ڕووداوەکە، هەندێک زانیاری سەبارەت بە خودی فیلمەکە و مێژووی دروست کردنی، کەبە پیتی ورد نوسرابوون، سەرنجی ڕاکێشا. لە ژێر لێوەوە گووتی:

ـ پێنج ساڵ لەکاتی دروستکردنی فیلمەکە تێدەپەڕێ.

وەبیری هاتەوە کە مامۆستای بیرکاریش ئەم قسەیەی وتبوو. دووپاتی کردەوە:

ـ پێنج ساڵ!

لەپڕ هەستی کرد کە هەموو شتەکان لەدەوروبەریدا دەجوڵێن. کەواتە ئەو شتەی لەخەوی هەستاند، شتێکی نادیار نەبوو کە بەر دەست نەکەوێ و شتێکی تر بوو.. شتێکی سەرسوڕهێنەرو بەڵگەدار..

لەوکاتەدا کە دەستەکانی دەلەرزین، چەکمەجەکەی کردەوە و پێوەی دا. زەرفێکی دەرهێنا کە پڕ بوو لە فیلم و وێنە. ئەو شتەی دۆزییەوە کە لێی دەگەڕا: وێنەیەکی خۆی. پێنج ساڵ بەرلەئێستا و

بەسمێڵەوە، مۆدێلێکی قژی جیاواز و دەموچاوێکی هەندێک خڕتر لە ئێستا!

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نەیدەزانی چ باسە. بێگومان پیاوێک کە دیمەنی زیندووی وێنەکانی ئەو بوو، لەشوێنێکی نەوشارەدا دەژیا. دوای بەراوردی وردی وێنەی پێنج ساڵ پێش ئێستای لەگەڵ دیمەنی بەرپرسی پرسگەی هۆتێل لە فیلمەکەدا. هیچ جیاوازییەکی تەنانەت لەبچووکترین وردەکارییەکانیشدا بەرچاو نەکەوت. لەسەر قەنەفەکە پاڵ کەوت، سەری خستە ناو هەردووک دەستی و بە مێشکێکی ئاڵۆزو گەمەیەکی پڕجوڵەوە، هەولیدا بۆچوونەکانی ڕێک بخات کە شێواو و جەنجاڵ بوون.

ـ ئەو شتەی شێواندوومی، ئەوە نییە کە کەسێک بەهەمان تایبەتمەندییەکانی خۆم دەبینم، بەڵکو سەیر لەوە دایە کە وای بۆ دەچم ئەو نوسخەیەک بێت لەمن. بە واتایەکی تر، پیاوێکی کۆپی کراو بێ. هەر ئەم بابەتە دەبێتە هۆی سەرسوڕمان. ئێمە دوانەی لێکچوومان بینیوە، گیاو ئاژەڵی جۆراوجۆری کۆپیکراومان بەرچاو کەوتووە، بەڵام ئایا مرۆڤیش کۆپی دەکرێت؟ سەر، سینگ، قەد، ماسوولکە، قاچ و .. لەوانەیە لەئەنجامی قەلەمبازێکی بۆماوەییدا بوونەوەرێک بەرهەم بێت کە لەبوونەوەرێکی تر دەچێت، بێئەوەی پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبێت. ئەو شتەی دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی من، لێکچوونی ئەو لەگەڵ پێنج ساڵ بەر لەئێستام و بوونی سمێڵ نییە، بەڵکو لەوەدایە کە پێنج ساڵ دواتر، واتە هەر لەمڕۆدا.. لەم سەعاتەی بەردەبیاندا، هێشتاش ئەو لێکچوونە

بەبیدەکری. گۆرانکاری لەمندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆرانکاری لەودا... لەمەش ناخۆشتر... یەکێک لەبەر ئەوی تر دەگۆڕێ. دیارە سەرم سوور دەمێنێ.. و پێویستە سەرم بەدیوار دا بکێشم.. هەڵبەت پێویست ناکات کە دۆخێکی تراژیدیایی بەم حاڵەتە بدەم. چونکە هەر شتێک بڕیار بێت ڕوو بدات، دەقەومێ. هەتا چەند سەعات لەمەوبەریش بەخوێندنەوەی کاغەزی خوێندکارەکان. هەڵەکانم ڕاست دەکردەوەو ئێستا هەڵەیەک دەبینم کەخۆمی تێدایە. تۆ بڵێی ئەم هەڵەیە. ڕاست بێت؟ ئەگەر وابێ، مانای چییە؟ چ ئاکامێکی بۆ مرۆڤ بەدواوەیە؟ کێ تێدەگات کە هەڵەی کردووە؟

هەستی بە شەپۆلێ ترس کرد لە بڕبڕەکانی پشتیدا. بیری کردەوە وا باشترە هەندێک شت بەوجۆرەی کە هەیە قبوڵ بکات: چونکە بەپێچەوانەوە، مەترسی ئەوە لەئارا دایە کە ئەوانی تر پێ ئەزانن. لەلایەکەوە لەوانەیە هەموو شتەکان لە دیدی ئەوانی ترەوە تەرک بکرێن..

بیرکردنەوەی ئاڵۆزو بەتایبەت گەیشتن بەو ئەگەرەی کە لەوانەیە کەسانی کۆپی تراوی تریش هەبن، وەها گوڕوتینی لێ بڕیبوو، کە سەری جوڵاندەوە، خەوێکی خۆش و ئارام بردییەوە، تاکوو سڕ بێت بۆ گەڕاندنەوەی سەرلەنوێی تواناییەکانی، چونکە هیلاک ببوو و ئیتر جەستەی نەیدەتوانی ئەرکی دابینکردنی تەندروستی ئەنجام بدات.

لەسەر قەنەفەکە ماندوویەتی دەردەکرد. ئەگەر بکرێ ناوی لێ بنێین ماندوویەتی دەرکردن. چونکە هێشتا چەند دەقە زیاتر تێنەپەڕیبوو کە هەروەک بووکەشووشەیەک کە لەپڕا قورمیشەکەی تەواو ببێت، چاوەکانی کردەوەو هەمان پرسیاری بەر لەسڕبوونی دووپات کردەوە:

ـ هەڵە چییە؟ هەڵەبوون لەچی دایە؟

ئەوکاتە وەک بڵێی پرسیارێکی سەرنج ڕاکێشی کردبێ، شانەکانی هەڵتەکاند. لەوانەیە ئەم پەرچەکردارە کە شیاوی تێگەیشتنە، بریتی بێت لەرزگاربوون لەماندوویێتی یان دەرئەنجامی حەزی خەوێکی کورت بێ، بەڵام تەنانەت خۆیشی بەباشی دەیزانی، کە ئەو مەسەلەیەی هێناویەتە گۆڕێ، هێشتا چارەسەر نەکراوە، دەستی لێنەدراوە و هەروا قایم و پتەو ماوەتەوە.

هیوادار بوو، ئەو شتەی مەبەستێتی، لەونووسینانەدا بدۆزێتەوە کە بەسیناریۆیەکەوە پەیوەست بوون و هێلیان بەژێردا هاتبوو. بەرپرسی پرسگەی هۆتێل، کاتێک ئەنێتۆ کاستۆ پێی ڕاگەیاند ژوورەکەی نامادیە، بەجێگەی ئەوەی وەڵامی بداتەوە، لەتێرتۆلیانۆی ڕوانیبوو و گوتبووی:

ـ یەکێکمان هەڵەین!

ئینجا بە ئەکتەرە ژنەکەی گوتبوو کە ژووری 18 ـ 12 نامادیە.

مامۆستای مێژوو زۆر جار پرسیاری جۆراوجۆری دەربارەی نەزانراوەکانی ئەم هاوکێشەیە لە مامۆستای بیرکاری پرسیبوو،

هەڵبەت ئەو کاتەی لەخەو نابوو. بەڵام مامۆستای بیرکاری وەڵامی نەدایەوەو دوای پێداگرییەکی زۆر مامۆستای مێژوو گووتی:

– دواتر لەم بارەوە قسە دەکەین. ئێستا پێویستە بخەوی، چوونکە پێویستیت بە خەو هەیە.

بێگومان تەرتۆلیانۆ بەر لەهەر شتێ دەیویست لەو چرکەساتەدا بخەوێ، بەڵام هەرچەند هەوڵی دەدا، نەیدەتوانی. هەروا بەئاگا بوو و پرسیاری تر ختووکەی مێشکیان دەدا. دەیویست پرسیار لەمامۆستای بیرکاری بکات بۆچی ئەم فیلمە بێ بایەخ و کۆنەی پێ پێشنیار کردوە کە هی پێنج ساڵ بەر لەئێستایە؟ یەکەمین نەزانراوێک کە لەم هاوکێشەیەدا هەبوو، پێویست بوو شیکار بکرێ. لەوانەیە مامۆستای بیرکاری لەو لێکچوونە سەیرە ئاگادار بووبێت. ئەگەر مامۆستای بیرکاری ئاگاداری شتێکی بەمجۆرەیە، ئەی بۆچی بە ئەمی نەگووتوە. بۆ نموونە دەیتوانی بڵێت:

– خۆت ئامادە بکە چونکە شتێک دەبینیت و سام دەتگرێت!

تەرتۆلیانۆ لەسەر قەنەفەکە خۆی درێژ کرد. لەچاکەتێکی چڵکن دەچوو کە کەس لەبەر خۆی نەکات. لە شووشەکانی پەنجەرەکەوە لەئاسمانی ڕوانی. شەو باڵی بەسەر شاردا کێشابوو و چراکانی سەر شەقام هێشتا ڕۆشن بوون. بەڵام لەدوورەوە، نیشانەکانی بەرەبەیان، بەڕوونیی تایبەت خۆی دەردەخست. دڵنیا بوو لانیکەم ئەو ڕۆژە دنیا کۆتایی نایەت. چونکە ڕاست نەبوو کەخۆرەتاو، لەپێناوی هیچ دا هەڵبێت و لەئاسیاردا ئاوا بێت.

لەپڕا تەرتۆلیانۆ شتێکی بەمێشک داهات کە پێویست بوو هەر لەو ساتەوەی تەلەفزیۆنەکەی هەڵکردبوو و بەرپرسی پرسگەی هۆتێلی بینیبوو، بیری لێ بکردبایەتەوە:

ــ ئەگەر بڕیار بێت مامۆستای بیرکاری شیکردنەوەمم بۆ بکات، دەبێ ڕاستەوخۆ پرسیارەکانم بێنمە گۆڕێ و ئەوەی بەمێشکم دابێت، لێی بپرسم. نابێ هیچ شتێک شاراوە بهێڵمەوە. نابێ درێژدادڕی بکەم و هەرچی هاتە سەر زارم بیڵێم. ئەگەر پەتاتەیەکی کوڵاوم لەناو دەست دابێ و بمەوێ دەستم نەسووتێنێ، دەبێ خێرا فڕێی بدەم.. کەواتە، هەر ئەمڕۆ شریتە ڤیدیۆکە دەگەڕێنمەوە بۆ فرۆشگا و بەر لەوەی هەندێک شت بێنە ئاراوە کە نەیانزانم، نەیانبینم یان نەیانکەم، بابەتەکە تەواو بکەم.. جگە لەمە، با وای دانێین کەسێک هەبێت کە من بێت یان من نوسخەی دووهەمی ئەو بم.. کە لەڕوانگەی منەوە، شیمانەیەکی ڕاستە.. هیچ کەس منی ناچار نەکردووە تاکوو بڕۆم و لێکۆڵینەوە بکەم تا بۆم دەرکەوێ ئایا کەسێکی بەمجۆرە هەیە یان نا.. یان لەوە تێبگەم کە ئەمزانیوە ئەو هەیە، یان ئەو نازانێت کە من هەم.. ئێمە هەرگیز یەکتری نابینین. لەشەقام ناگەینە یەک و ناچینە ماڵی یەکتری.. سەرەڕای ئەمە! ئەگەر ڕۆژێکیش لەسەر شەقام چاوم پێی بکەوێ، ڕووی لێ وەردەگێرم. وەک بڵێی نایبینم و نایناسم.. بەڵام... بەڵام ئەی ئەگەر ئەو بۆ لای من هات چی؟.. دەی دەڵێم.. نای، چ ڕووداوێکی

سەرسوڕهێنەرە!.. بەراستی سەرنج ڕاکێشە.. بەڵام نابێ لەمە زیاتر هیچ بڵێم.. چونکە هەمیشە دوای گفتوگۆیەکی کورت، قسەکانێک دێنە ئاراوە کە دیداریکی تریان لێدەکەوێتەوە... دوای ئەویش دیداری دووهەم و سێیەم و... ئینجا بۆم دەردەکەوێ کە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی خۆم بۆ کەسە نامۆکە گێڕاوەتەوە. کەواتە نابێ زۆر لەگەڵی گەرم بم.. بەڵام ئەم هەڵس و کەوتە، لەگەڵ کەسێک کە لەخۆم بچێت، زۆر بێ ئەدەبانەیە و کێشەشە. واتە ناتوانم لەگەڵ کەسێک کە لەخۆم دەچێت، وەک نامۆیەک بجوڵێمەوە.. بەڵێ.. ئەو بۆ من نامۆ نییە.. بۆ نموونە هەر بۆ خۆم.. لەگەڵ ویژدانم دەبینم. منو ویژدانم زۆر کەم و لەماوەیەکی زەمەنی درێژدا، پێکەوە قسە دەکەین.. بەڵام بەرگەی هەلومەرجی هاوشێوە دەگرینو ڕێگەی لێکچوو دەپێوین. واتە ناچارین.. من بەم فەلسەفەیە ئاشنام.

ویژدانی قسەکانی پێ بڕی و گووتی:

– بەمە دەڵێن ناچاری!.. واتە هەر کارێکی بتەوێ، ناتوانی ئەنجامی بدەی!..

– بەڵێ.. بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوانی تر، پێم وایە بوونی ئیرادە، کارێکی ئەستەمە. بەڵام بە پێچەوانەوە، گومان و ئەو شتانەی پەیوەندییان بەوەوە هەیە، سادەن. تۆش نابێ سەرت سوور بمێنێ. ئێمە بەردەوام لەهەوڵی فێربوون داین..

ویژدان گووتی:

ـ باشە، ئەرکی من تەواو بوو. هەر کارێکی دەتەوێ ئەنجامی بدە!..

ـ کەواتە.. بەنیازی دیدار..

ـ بەنیازی دیدار..

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ هەتا دیدارێکی تر..

چراکانی سەر شەقام کوژابوونەوەو هام وشۆی ئۆتۆمبێل و خەڵک، چەند دەقەیەک بوو دەستی پێکردبوو. ئاسمان بەرە بەرە شین هەڵدەگەڕا. هەر ڕۆژە و بۆ هەرکەسێ بە جۆرێک دەست پێدەکات. بۆ کەسێک یەکەمین ڕۆژ لەقەڵەم دەدرێ و بۆ کەسێکی تر وەک دووهەمین ڕۆژ.. بۆ هەندێکیان، تەنیا ڕۆژێکی تر و بۆ زۆربەی خەڵکیش، ڕۆژێکی ئاساییە.. بەڵام بۆ تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کە مامۆستای مێژوو بوو، ڕۆژێکی ئاسایی نەدەهاتە ئەژمار و هەروەها، دوایین ڕۆژیش نەبوو. لەڕاستیدا، بۆ ئەو ڕۆژێک بوو وەک دەستپێکردنێکی دووبارە.

تەرتۆلیانۆ لە ئاوێنەی ڕوانی و بەچپەوە گووتی:

ـ ئای.. چ قەڵافەتێکە!..

تەنها سەعاتێک خەوتبوو و بەدرێژایی شەو دەستەویەخەی خۆی بوو و شەوی بە جۆش و خرۆش و ترسەوە تێپەڕاندبوو. هەڵبەت نابێ لەم بارەوە ناهەقی بگرین، چونکە سەرجەم ئەو ساڵانەی

ئەرتۆلیانۆ وەک مامۆستای مێژوو وانەی دەگوتەوەو ڕابردووی فێری قوتابییەکانی دەکرد، لەگەڵ شتێکی بەمجۆرەدا کە دوو کەس لێک بچن، ڕووبەڕوو نەبیوەوە. هەر چەندە لەڕابردووشدا هەڵکەوتووە کە هەندێک ژن و پیاو لەیەک بچن، بەڵام لەهەموو ئەمانەدا، زەمەن، مەودایەکی دە یان سەد ساڵەی خستبوە نێوانیان.

یەکێک لەم نموونانە بەمجۆرەیە:

لەشارێکی نادیاردا کە ئەمڕۆ ئیتر بوونی نەماوە، لەشەقام و ماڵێکی دیاریکراودا، بەڵام نەک لەیەک بنەماڵەدا، بەر لە دووسەد و پەنجا ساڵ پێش ئێستا، دوو ژن لەدایک بوون کە لێک دەچوون. ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە لەکتێبەکاندا یاخود بەدەنگ و ڕەنگ یان بەشێوەکی زارەکی لەهیچ کوێ تۆمار نەکراوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ژنی یەکەم کاتێک پێی نایە ئەم گەردوونەوە، هیچ شتێکی سەبارەت بەژنی دووهەم نەدەزانی: بەڵام ژنی دووهەم پاش ئەوەی هاتە دنیا و گەورە بوو، بووە هۆی ئەوەی بیرەوەری ژنی یەکەم، لەزاکیرەکاندا بسڕێتەوە.. هەڵبەت لەوانەیە ئەو بیرەوەرییە چەندین ساڵ پێشتر، لە مێشکەکاندا سڕدرابووبێتەوە..

وێڕای ئەوەی  کە لەمبارەوە بەڵگە یاخود شاهیدێکمان نییە ، بەڵام هەمووومان دەزانین و تەنانەت دەتوانین سوێند بخۆین ئەو ڕووداوانەی لەو شارە ــ کە ئەمڕۆ ئیتر بوونی نەماوە ــ ڕوویان داوە، ڕاستن. ئەگەر شتێک ڕووی دابێت و بەروارەکەی تۆمار نەکرابێت، نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو ڕووداوە نەقەومابێ.

ئەرتۆلیانۆ، ریشی تاشی، لەئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد. بەوردی لەخۆی ڕوانی و پێی وابوو کەسێکی جوانە. ناتوانین بڵێین ئەرتۆلیانۆ، پیاوێکی جوان و تەواو بوو. بەڵام دەتوانین لەڕوانگەی ڕواڵەتەوە، بیخەینە ناو کەسانی جوان و پلەیەکی بەرزی بدەینێ. زۆرتر لە ئەکتەرانی شانۆ دەچوو... لەوانەشە خۆی بەجێگەی شانۆ بڵێت سینەما.. لەڕاستیدا هەر ئەم بابەتەش بەمێشکی ئەرتۆلیانۆ گەیشت..

دیسانەوە لە ئاوێنەکەدا لەڕوخساری خۆی ڕوانییەوە، دەتگوت دەیەوێت شوێنەوارو زیانەکانی بێخەوی شەوی ڕابردوو لەئاوێنەکەدا ببینێت. لەکاتێکدا جگە لەم بابەتانە بیری لەهیچ شتێک نەدەکردەوە. کتوپڕ ئەوە بەمێشکی داهات، ئەگەر ئەکتەرێک کە ڕۆڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێل دەبینێت لەوێ بوایە، لەوانەیە دروست هەمان حاڵەتەکانی ئەم دیمەنەی ناو ئاوێنە بەسەریدا زاڵ بوایە.

ئەو پەرچەکردارەی کتوپڕ دوای ئەم بیرکردنەوەیە دەرکەوت، دەربڕی جۆرێک لە ترس بوو. ئەرتۆلیانۆ لەبیری نەچووبۆوە کە ئەکتەرەکە لەو فیلمەدا سمێڵی هەبوو، بەڵام چونکە خۆی سمێڵی نەبوو، پێی وابوو باشترین ڕێگە ئەوەیە ماژیکێکی ڕەش بدۆزێتەوە و لەسەر لێوی سمێڵێک بکێشێتەوە، کە لەسمێڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێل بچێت، سمێڵێکی باریک، ورد و جوان.

ئەرتۆلیانۆ ئیتر مامۆستای مێژووی قوتابخانە نەبوو، بیوە مرۆڤێک کە خۆی نەیدەناسیەوەو تەنانەت ناویشی نەدەزانی. ئەو

ماڵە ئیتر هی ئەو نەبوو. لەوانەیە ئەو کەسەی لەئاوێنەکەدا بوو، ماڵەکەی لەشوێنێکیتر بێت.

ئەگەر ئەو هەلومەرجانە چەند سات‌ێکی تر درێژەیان خایاندبا، بێگومان قەیرانی دەماریی، شێتی و یاخی بوونیان لێدەکەوتەوەو دۆخێکی مەترسیداریان لەحەمامی ئەو ماڵەدا دەنایەوە.

بەختەوەرانە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەو کەسانە بوو کە هێزێکی جەستەیی و رۆحی گونجاوی هەبوو، هەرچەند ئەگەر کەسێک هەتا ئێرە بەسەرهاتەکەی خوێندبێتەوە، بێگومان بەجۆرێکی تر ئەو لەمێشکی خۆیدا وێنا دەکات. بۆیە خێرا پێگەی خۆی گۆڕی و بەسەر خۆیدا زاڵ بوو.

بۆ دەربازبوون لەو مۆتەکەیەی بۆ لای مرۆڤ دێت، ئەوەندە بەسە چاوەکانی بکاتەوە، بەڵام رەنگە ئەم کارە پێویستی بەهەوڵێکی زۆر بێت، کەچی بەلای تەرتۆلیانۆوە وانەبوو، ئەو بۆ دەربازبوون لەمۆتەکەکە دەبوایە چاوەکانی بنوقاندایە، بەڵام چاوەکانی خۆی نا، بەڵکو چاوەکانی دیمەنەکە.

بەسوودوەرگرتن لەکەفی ریش تاشین، ئەو دوو کەسە لێکچووەی کە یەکتریان نەدەناسی، بەسانایی لێک جیا دەکرانەوە، تەرتۆلیانۆ بە ئەنجامدانی ئەم کارە، وەها دیمەنی هەر دووکیانی شێواند کە نەیاندەتوانی یەکتر بدۆزنەوە، چونکە هەردووکیان لە کۆمەڵێک کەفی سپیدا کە ناوێتەی رەنگی رەشی ماژیک ببوو، لەبەر چاوان ون ببوون.

ئەرتۆلیانۆ چووە ژێر دوشەکەوەو ئەگەرچی پێی خۆش نەبوو ئاوی سارد بەکار بێنێت، بەڵام بەسەرنجدان لەقسەکانی باوکی لەهەرەتی منالیدا کە پێی دەگوت بۆ وەسەرخۆهێنانەوەی لەش و تازەکردنەوەی زەین، هیچ شتێک لەئاوی سارد باشتر نییە، بڕیاریدا بچێتە ژێر ئاو ساردەکەوە و ئاوی شیلەتین بەکار نەهێنێ. لەوانەیە جگە لەلەش، مێشکیشی لە بۆچوونە ڕێگرەکانی ڕزگار بکات.

خۆی خاوێن و ئینجا وشک کردبۆوە و قژی بن ئاوێنە داهێنابوو، چووە ژووری نوستنەوەو خێرا پێخەفەکەی ڕێکوپێک کرد، جلەکانی پۆشی و ڕۆیشتە چێشتخانە تاکوو قاوەڵتیەک ئامادە بکات و بیخوات. بۆ قاوەڵتی هەندێک شتی لەسەر مێزەکە دانا کەبەردەوام بەیانیان لەسەر سفرەی دادەنا: شەربەتی پرتەقاڵ، شیرقاوە، ماست و نانی گەرم. هەموو مامۆستاکان پێویستە خواردنێکی باش و گونجاو بخۆن؛ بەتایبەتی بەیانیان تاکوو بتوانن لەقوتابخانە بەرپرسیاریەتیە قورسەکان ڕاپەڕێنن و ئەگەر توانایی چاندنی داری پەتەوی زانستیان نییە، لانیکەم بنچکەکانی لە زەویە بەیارەکاندا بچێنن و پڕپیت و بەرەکەتی بکەن.

هێشتا دەرفەتێکی زۆری لەبەر دەم بوو. پۆلەکەی سەعات یانزە دەستی پێدەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا، وێڕای ئەو هەلومەرجەی هاتبوە پێش، پێی باش نەبوو تا ئەو سەعاتە، لەماڵدا بمێنێتەوە، بەپەلە گەڕایەوە حەمامەکە تاکوو ددانەکانی بشوات. لەم کاتەدا هاتەوە بیری کە بڕیار وایە ئەو ڕۆژە هاوسێی نهۆمی سەرەوە، بۆ خاوێنکردنەوەی، بێتە ماڵەکەی.

بیوەژنێکی پیرو بێ منال. بەڵام بۆی دەرکەوت کە ئەو ڕۆژە بڕیار نییە بێت. کەواتە دەتوانێ کەفی سەر ئاوێنەکە هەروا جێ بهێڵێت هەتا وشک بێتەوە پاشان بەقامکێک، لەئاوێنەکەی بسڕێتەوە.

ئەرتۆلیانۆ خۆی ئامادەکرد تاکوو لەماڵەکە دەربکەوێت. دەیەویست بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی بڕوات. بۆئەوەی لەترافیکدا بتوانێ بیروبۆچوونەکانی ڕێک بخات. لەئۆتۆمبیلە گشتییەکاندا بەئەندازەیەک پاڵ بەسرۆقەوە دەنێن کە خۆی لەبیر دەچێت و ناتوانێ بیر بکاتەوە. ئەو بەردەوام لەبەرهۆی ئابووری، سوودی لەئۆتۆمبیلەکانی گواستنەوەی گشتی وەردەگرت.

تاقیکردنەوەی مناڵەکانی خستە ناو جانتاکەی و سێ دەقە لەشریتی ڤیدیۆکەی ڕوانی. باشترین کار پەیڕەوی کردنی لەشێوازێک بوو کە هەموویان ئەنجامیان دەدا: شریتەکە لەسەر ڤیدیۆکە لابات و بیخاتەوە قەباخەکەی. بیباتەوە بۆ فرۆشگا و پیشکەشی کارگێڕی تۆمارگاکەی بکات و پاشان بڵێت:

- وامدەزانی فیلمێکی سەرنج ڕاکێشە. بەڵام وانییە. فەرموون.. بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو. تەنیا کات بەفیڕۆ دان بوو.

بەدوای ئەمەدا کارگێڕەکەش پرسیار دەکات:

- حەز دەکەن فیلمێکی تر بەرنەوە؟ کۆمەڵێکی تازەی فیلممان هێناوە. لەهی نوێ و کۆن.. ئاە، بەڕێز ئەرتۆلیانۆ!

گومان لەوەدا نییە کە ئەم دوو وشەیەی دوایی، مامۆستای مێژوو خۆی پێوەی لکاند. ئەویش بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە..

نیتر ڕەنگ ببوو. لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی چەند چرایەکی سوور و زەرد بۆوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانی مێشکی ئاڵۆزی خۆی ئارام بکاتەوە. نەیدەزانی دەبێ چ بکات. بەخۆی گوتبوو:

ـ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێ چ بکەم؟ دەمەوێت لە بێهودەیی ڕزگارم بێت و لەنیگەرانی دەربێم.

نیتر لەمە زیاتر بەردەوام نەبوو، چونکە بیری کردەوە کەڕستەی کۆتایی لەخۆڕا وتوە، بۆیە گووتی:

ـ وەڵێ ناتوانم..

پۆلەکەی، سەعات یانزە دەستی پێدەکرد. کەواتە هێشتا دوو سەعاتی تری دەرفەت هەبوو. مامۆستای بیرکاری چەند دەقەیەکی تر دێتە نووسینگەی قوتابخانە و چاوەڕێی هاتنی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەکات. ئینجا هەردووکیان خەریکی هەڵەگیریی کاغەزی قوتابییەکان دەبن. هیچ مامۆستایەک پێویستی بەئەنجامدانی ئەم کارە نییە، چونکە ئەگەر ڕۆژێک پێش تر بەکاغەزەکاندا چووبێتەوە، ئیتر ئیشێک نامێنێتەوە، ئەگەریش بە کاغەزەکاندا نەچووبێتەوە، لەو ماوە کورتەدا. دەرفەتێکی لەبەردەمدا نییە بۆئەنجامدانی ئەو کارە.

بۆیە ئەگەر مامۆستای بیرکاری ئەم کارە ئەنجام بدات، دەیەوێ ڕێزای نیشاندانی گەورەیی خۆی. چاوەڕێ بکات تاکوو ئەویتر

گفتوگۆکە دەست پێ بکات. لەهەمان کاتدا، ئەم کارە بەلای مامۆستای مێژووەوە جیاوازە: چونکە بەم کارە دەیەوێت وای نیشان بدات کەمەبەستی پێداچوونەوەیە بە کاغەزەکاندا و هەوڵ دەدات کەموکورییەکانی خۆیشی ڕاست بکاتەوە.

مامۆستای بیرکاری ڕۆیشتە نووسینگەی قوتابخانە. مامۆستای مێژووی بینی و خێرا چوو بۆ لای.

ـ بەیانیت باش!

ـ سڵاو! بەیانیت باش!

ـ خۆ لەکاتت ناگرم؟

مامۆستای مێژوو گووتی:

ـ نا. نا.. چاوم لەکاغەزەکان دەکرد. دیارە بەهەموویاندا چوومەتەوە.

ـ چۆنن؟

تەرتۆلیانۆ پرسی:

ـ چی؟

مامۆستای بیرکاری وەڵامی دایەوە:

ـ مەبەستم لە قوتابییەکانە..

ـ نا. بەڵێ.. نەباشن. نە خراپ.

مامۆستای بیرکاری بەپێکەنینەوە گووتی:

بووین..

- دروست وەک خۆمان، کاتێک لەم تەمەنەدا بووین..

تەرتۆلیانۆ چاوەڕێ بوو مامۆستای بیرکاری لێی بپرسێت ئایا فیلمەکەی بەکرێ وەرگرتووە، بینویەتیو پێی خۆش بووە؟ بەڵام دەتگووت هاوکارەکەی هەموو شتێکی لەبیر چۆتەوە. مامۆستای بیرکاری هەستاو قاوەیەکی بۆخۆی هێنا. پاشان گەڕایەوە، لەجێگەی پێشووی دانیشت، بەئەسپایی ڕۆژنامەکەی کردەوە تاکوو هەواڵە تازەکانی دنیاو وڵاتەکەی چاو لێبکات. سەرنێرە گرنگەکانی یەکەم لاپەڕەی خوێندەوە، لوتی بەرز کردەوەو بەچپەوە گووتی:

- هەندێک جار لەخۆم دەپرسم یەکەمین تاوانباری ئەو کارەساتانەی لە سەر گۆی زەوی ڕوو دەدەن، کێیە؟ جگە لەخۆمان کێ ئەم هەڵس و کەوتە دزێوانە ئەنجام دەدات؟

تەرتۆلیانۆ کە هەوڵیدەدا بەسەر بۆچوونەکانیدا زاڵ بێت، گووتی:

- کێ؟ من یان تۆ؟

مامۆستای بیرکاری گووتی:

- سەبەتەیەک پرتەقاڵ بێنە بەر چاوت، کە پرتەقاڵەکانی بنەوەی ڕزیین، ئایا پرتەقاڵەکانی سەرێش بەمە ناڕزێن؟ ئێستا کێ هەیە بتوانێ بڵێت ئەم گەندەڵییە لەکوێوە دەستی پێکردوە؟

تەرتۆلیانۆ پرسی:

- نموونەی پرتەقاڵەکانت، خەڵکن یان وڵاتەکان؟

ـ خەڵک بەشێکن لە وڵاتەکان و وڵاتەکانیش بەشێکن لەم دنیایە. لەئەنجامدا هەر وڵاتێک کە خەڵکی تیدا بژیت، گەندەڵی تیدا هەیە: بێ ئەوەی تاوانباری سەرەکیی، خەڵکەکەی بن.

ـ بۆچی ئێمە تاوانبارین؟.. واتە من و تۆ.. چونکە تاوانباری راستەقینە، یەک کەس بووە.

ـ تۆ هۆکاری گرنگی کۆمەڵگە فەرامۆش دەکەیت.

ـ هاوڕێی ئازیز، کۆمەڵگەش وەک مرۆڤ شتێکی ئەبستراکتە: رێک وەک بیرکاری.. تەنانەت باڵاتر لە بیرکاریش.. چونکە بیرکاری بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەدا، وەک داری ئەم مێزەیە بە بەراورد لەگەڵ خودی مێزەکەدا.

مامۆستای مێژوو پرسی:

ـ ئەی بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێی چی؟ لەزۆربەی بوارەکاندا، ئەم بابەتە ئاستێکی نزمتری لە موتالا تاکەکەسییەکان هەیە.

ـ ئەم قسانە لە لای کۆمەڵناسەکان نەکەیت! ئەگەر ئەوان رستەیەکی بەمجۆرە ببیسن، لە خاچت دەدەن. سەبارەت بەگەندەڵی، بەرپرسیاریتی و تاوانەکان جیاوازن. هەندێکیان هەڵەی زۆرتریان هەیە و هەندێک کەمتر. بۆ نموونە من و تۆ دەکەوینە خانەی کەسانی تا رادەیەک بێ تاوانی کۆمەڵگە.. لانی کەم سەبارەت بە لایەنە وێرانکەرەکانی گەندەڵی..

ـ ئەم قسەیە بەگشتی بەدەرئەنجامی وێژدانێکی باش لەقەڵەم دەدرێ، نەک وێژدانێکی ئاسایی..

مامۆستای بیرکاری گوتی:

ــ وایە. بەڵام هەمیشە ویژدانی باش ڕاستییەکان نالێت. باشترین ڕێگە بۆ سەلماندنی بێ تاوانیی ئەوەیە کە چونکە هەموو مرۆڤەکان تاوانبارن، کەواتە هیچکەس تاوانبار نییە! بەم پێوەندە، هەر داوەرییەکمان کردبێ، دەکرێ ڕاست بێ و دەشێ هەڵە..!

ئەرتۆلیانۆ بۆ ئەوەی کۆتایی بەم باسە بێنێ، گوتی:

ــ کەواتە ئەم تاوانە گەردوونییە.

بەڵام مامۆستای بیرکاری وازی نەهێناو ڕستەکەی ڕاست کردەوە.

ــ کێشە گەردوونییەکان لەکێشە تاکەکەسییەکان جیا نین.

ئینجا هەمیسان سەری بەناو کاغەزەکانی ڕۆژنامەدا شۆڕ کردەوەو وازی لەدرێژەدان بەباسەکە هێنا.

چرکەکان بەخێرایی تێدەپەڕین و سەعاتی وانەی مێژوو، نزیک دەبۆوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، نەیدەتوانی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆچوونە سەر بابەتی سەرەکیی. هەڵبەت بیری لەوە کردەوە ڕاستەوخۆ بابەتەکە بێنێتە گۆڕێ، بەڵام بەسەرنجدان لەوەی کەپێویستە هەرکەس بەپێشەکییەک باسەکە دەست پێ بکات، لەئەنجامدانی ئەم کارە خۆی بوارد. دەیویست هەندێک قسە بکات کە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گیروگرفتی نەبێت. بۆ نموونە:

ـ ئایا بەڕاست ئەکتەرێک کە ڕۆڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێلەکەیە لە هۆتێلێکدا، زۆر لە من دەچێت..

بەلام وتنی ئەم ڕستەیە، بەرامبەر بوو لەگەڵ هاتنە ناوی کەسی سێهەم بۆ ناو نهێنییەک لەکاتێکدا کەسی دووهەم هێشتا نەهاتبوە سەر شانۆ. لەهەمانکاتدا، هێنانە گۆڕی وەها بابەتێک، مەراقی زۆر پرسیاری بەدواوە دەبێت. بۆ نموونە:

ـ چی؟ کەواتە هاوشێوەکەت دۆزییەوە؟

مامۆستای بیرکاری سەری لە سەر ڕۆژنامەکە هەڵگرت و پرسی:

ـ فیلمەکەت بەکرێ وەرگرت؟

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەشێوەیەک خرۆشا کەنەیدەتوانی شادمانی خۆی بشارێتەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ، بەکرێم وەرگرت.. بەڵێ!

ـ چۆن بوو؟..

ـ بۆ سەرگەرمیی باش بوو..

مامۆستای بیرکاری پرسی:

ـ بۆ لابردنی خەمۆکی باش بوو؟

ـ لەوانەیە.. چونکە هەر چۆنێک بێت هەندێک پێکەنیم.

مامۆستای بیرکاری هەستا. قوتابییەکان دەچوونە پۆلەوە، چاوەڕێی بوون و بۆیە نەیدەتوانی درێژە بەباسەکە بدات. هەندێک لەقوتابییەکان هێشتا لەساڵۆنەکەدا بوون و بەئەسپایی بەرەو پۆلەکان دەچوون.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەستی بەئارامییەکی زۆرتر دەکرد. لەراستیدا خەمۆکییەکانی کتوپڕ بوونە هەڵم، ڕۆیشتنە ئاسمان و لە فەزای بێ کۆتاییدا لەبەرچاوان ونبوون. ڕەنگە چیتر نەیاندەویست بگەڕێنەوە.

مامۆستای مێژوو، هەستی بەبارسووکی کرد. لەیەکەمین پێچی سالۆنەکەدا لەیەکتری جیابوونەوەو هەریەکەیان ڕێگەی خۆی گرتەبەر. لەکاتی جیابوونەوەدا، سەریان بۆیەکتر ڕاوەشاندو گوتیان "بەنیازی دیدار".

مامۆستای بیرکاری هێشتا چەندهەنگاو دوور نەکەوتبۆوە کەناوڕی دایەوەو پرسی:

ـ ئەرێ بەڕاست ئایا زانیت کە ئەکتەری ڕۆڵی دووهەمی فیلمەکە زۆر لەتۆ دەچێت؟ ئەگەر سمێڵت بهێڵیتەوە، وەک ئەوت لێ دێت! دەڵێی سێوێکن کراون بەدوو لەت.

کتوپڕ خەمۆکی کە ونببوو، بە بازدان لەفەزای بێ کۆتاییەوە، گەڕایەوە: هێرشی کردەوە سەر مێشکی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ و هەستی ئارامی و بارسووکییەکەی لەناو برد. زۆر بە سەختی هەوڵیدا لەبێهۆشبوون بەرگری بکات و بەدەنگێکی ماندوو و نیگەرانەوە گووتی:

ـ بەڵێ، سەرنجی ڕاکێشام. لێکچوونێکی سەیر و بێ وێنە بوو. بزەیەکی کاڵی هاتێ و بەردەوام بوو:

ـ من سمێڵم نییە و ئەویش مامۆستای مێژوو نییە. دەنا لەبوارەکانی دیکەدا، تەواو لێک دەچین.

مامۆستای بیرکاری جۆرێک لەترتولیانۆی ڕوانی وەک بڵێی دوای ونبوونێکی درێژ، دیسان بینیویەتیەوە.

ـ بەڕاست، تۆ چەند ساڵ پێش ئێستا سمێڵت هەبوو!

تەرتولیانۆ گووتی:

ـ بەڵێ. لەوانەشە ئەوکات مامۆستای مێژوو بوو بێت.

مامۆستای بیرکاری هاتە پێش، دەستی لەسەر شانی تەرتولیانۆ دانا و بەشێوەیەکی دڵسۆزانە گووتی:

ـ پیاوی چاک، زۆر خەمبار دیاری. نابێ ڕووداوێکی سانەو لێکچوونێکی بێ بەها، تا ئەم ڕادەیە بتخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

ـ نەکەوتوومەتە ژێر کاریگەرییەوە. شەوێکی ناخۆشم تێپەڕاند و کەم خەوتم.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ـ گومان لەوەدا نییە کەشەوێکی خراپت تێپەڕاندووە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەوتویەتە ژێر کاریگەرییەوە.

ئینجا هەستی کرد شانەکانی ترتۆلیانۆ، لەژێر قامکەکانی ئەودا دەلەرزێ.

مامۆستای مێژوو کە بەردەوام هەڵس و کەوتێکی ئارام و دۆستانەی هەبوو، لەپڕێکا تووڕە بیوو. دەتگوت بنەماکانی یارییەکی مەترسیدار نازانێت کە بەسەری داسەپابوو.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ـ باشە. بەنیازی دیدار. من ئەمڕۆ لە قوتابخانە نانی نیوەڕۆ ناخۆم. لەوانەیە یەکتر ببینین.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ چونکە نەیدەتوانی وەڵامێکی ئەوتۆ بداتەوە، سەری لەقاندو بەرەو پۆلەکە ڕۆیشت.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، لەگەڵ سەرجەم هاوکارەکانیدا لەکۆبوونەوەی ئەوبەرنامەیەی کەلەلایەن وەزارەتخانەو بەبانگهێشتی بەڕێوەبەری قوتابخانە بەڕێوە چووبوو، بەشداریکرد.

کاتێک نۆرەی قسەکردن گەیشتە سەر مامۆستای مێژوو، بەدەنگێکی وەها یەکسان و لاواز دەستی کرد بەئاخافتن کە نەتەنیا شتێکی تازەی پێنەبوو، بگرە بووە مایەی پێکەنینی هەندێک لەهاوکارانی و توڕەیی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە. گوتبووی:

– بەبڕوای من تاکە مافی مرۆڤ بۆ بڕیاردان لەبواری مێژوودا، ئەوەیە کە ئەوە هەڵبژێرێ ئایا پێویستە مێژوو بەشێوازی لەرابردووەوە بۆئێستا بوترێتەوە، یان لەئێستاوە بۆ رابردوو! بابەتەکانی تر، چەندەش بەهادار بن، پەیوەندییان بەبڕیارێکی بەمجۆرەوە هەیە. هەموو لایەک ئەم ڕاستییە باش دەزانن، بەڵام خۆیان نەزان نیشان دەدەن...

کاریگەریی ئەم قسانە، هەروەک جاران بوو. بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڵچوو و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. سرتە و چپەی نادیارو نیگا گۆڕینەوەی هاوکارەکانیشی، نیشانەی نارەزامەندی ئەوان بوو. لەهەمانکاتدا، بزەی مامۆستای بیرکاری هەندێک تۆستانە دیار بوو، دەتگووت دەیەوێ بڵێت:

ـ داهەقت داگرم!

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەجوڵاندنی دەستەکانی و ئەوحاڵەتەی بەڕوخساری دا، لەشوێنەی قسەیان دەکرد دوور کەوتەوە. دوای ماوەیەک، ڕۆیشتە لای بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەبیانووی ئەو شتانەی ناوی نا کێشەی خێزانی، مۆڵەتی لێ وەرگرت تاکوو کۆبوونەوەکە بەجێ بێڵێت و دوای کارەکانی بکەوێت.

بەڕێوەبەر گووتی:

– چۆن پێت خۆشە با وابێت.

ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم قوتابخانەدا ڕاگرتبوو. دەرگاکەی کردەوە، چووە ناوی و لەپشت سوکانەکەوە دانیشت. ئامانجی ڕۆیشتن بوو بۆ ئەو فرۆشگایەی کە شریتی ڤیدیۆی بەکرێ دەدا. دەیویست ئەو نەخشەیەی کە کاتی نانی نیوەڕۆ دایڕشتبوو، بیخاتە بواری کردارییەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، وەک سەرجەم کڕیارەکان چووە ژوورەوە.

– ڕۆژ باش!

وەک سەرجەم کڕیارەکان، چاوێکی بە دۆڵابەکانیدا گێڕاو لەکاتی پیاسەکردن لەناو فرۆشگاکەدا، وای نیشاندا گوایە خەریکی خوێندنەوەی ناوی فیلمەکانە. هەندێک جاریش وای دەنواند کە نووسراوەکان بە باشی نابینێ و بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە، ملی درێژتر دەکردەوە لە نووسینەکانی دەڕوانی.

دواجار بۆ لای کارگێڕەکە چوو:

ـ دەمەوێ ئەو شریتە بکڕم کە دوێنێ وەرمگرت.

ـ بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە. ئەگەر ڕێگەم بدەن، لەباتی ئەم شریتە، نوسخەیەکی تازەی ئەم فیلمەتان بدەمێ.. هەڵبەت ڕۆژێکی پێدەچێت تاکوو شریتەکە بێنێت و کۆپیی بکەم.

ئەرتۆلیانۆ پرسی:

ـ چ جیاوازییەکیان هەیە؟

ـ دیارە زۆر بەکارهێنانی شریتێک، کۆنی دەکات و چییەتی دیمەن و دەنگ دێنێتە خوار. هەڵبەت ئەم کاریگەرییە زۆر کەمە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، زۆر دەبێت.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ پێویست بەزەحمەتی ئێوە ناکات. حەز دەکەم هەر بەو جۆرە بێت کە هەیە. فیلمەکەیم خۆش دەوێت.

فرۆشیار حەپەسا. بەگشتی کەسێک بەمجۆرە دەربارەی فیلمێک قسە ناکات. هیچ کەس خودی فیلمەکەی خۆش ناوێت، بەڵکو بینینی فیلمەکەی خۆش دەوێت. فرۆشیار بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئەرتۆلیانۆ، نرخەکەی زۆر دابەزاند.

تەرتۆلیانۆ پرسی:

ـ فیلمێکی ترتان نییە کە هی ئەم دەرهێنەرە بێت؟

فرۆشیار قسەکانی پشت ڕاست کردەوە:

ـ مەبەستتان لەم دەرهێنەرە چییە.. نا، نیمانە.

ـ ئاخ، نا من گووتم بەرهەمهێنەر. مەبەستم هەر ئەمە بوو.

فرۆشیار گووتی: زۆر سەیرە بەلامەوە. لەماوەی ئەو چەندین ساڵەی لەم بوارەدا کار دەکەم، یەکەمین جارە شتێکی وەها دەبیستم کڕیارەکان زۆربەی کات دەربارەی ئەکتەرەکان، ناوی فیلمەکان، دەرهێنەران و شتی تری لەمجۆرە دەپرسن، بەڵام دەربارەی بەرهەم هێنەر، هەرگیز..

ـ باشە وا بیننە پێش چاوتان کە ئەمڕۆ کڕیارێکی نایەت دەبینن.

فرۆشیار وتی:

ـ لەڕاستیشدا وایە بەڕێز مەکسیمۆ ئافۆنسۆ...

دوای ئەوەی چاوێکی لەلیستی کڕیارەکان کرد، ناوی تەرتۆلیانۆی هێنا. پاشان وەبیری هاتەوە کە دەبێ وەڵامێک دەربارەی بوون و نەبوونی فیلمێکی تری ئەم بەرهەمهێنەرە بداتەوە. هەڵبەت ئەم بابەتەی بەتەواوەتی فەرامۆش کردبوو. بەڵام پرسیاری دواتری کڕیار، بووە هۆی ئەوەی وە بیری بێتەوە.

ـ هۆکاری هۆگری من بەبەرهەمهێنەری ئەم فیلمەوە، ئەو خوێندنەوە بەسوودانەیە کە لەبواری سەرجەم مەیل و بۆچوونە

سیاسییەکاندا هەیە و بەپەیامی سانە. بەرە بەرە و هەنگاو بەهەنگاو پێشکەشی گوێگری دەکات.

لەوکاتەدا کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ قسەی دەکردو فرۆشیار کە بەتوندی کەوتبوە ژێر کاریگەری هەڵسوکەوتی کڕیارە تێکەیشتووەکەیەوە، لەناو دۆلابەکاندا لەشریتی تر گەڕا.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ ئەگەر فیلمێکی تری ئەم بەرهەمهێنەرەتان هەیە، پێنج یاخود شەش شریتم دەوێت. بۆ دەستپێکردن ئەوەندە بەسە. ئەمشەو کارێکی زۆرم هەیە کە دەبێ ئەنجامیان بدەم.

فرۆشیار بیری کردەوە: ئەو کەسەی کە ناوی لێناوە تەرتۆلیانۆ (شەوبێدار)، بێگومان هۆکارێکی باشی هەبووە. چونکە ئەگەر بتەوێت شەش شریتی فیلم چاو لێ بکەیت، پێویستیت بەنزیکەی ماوەی نۆ سەعات هەیە..

چەند فیلمێک لەدەوروبەری کارگێڕەکە بەرچاو دەکەوت، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، سەربەرگی یەکەمیانی خوێندەوە: "گۆڕەپانی فریشتەکان".

بێگومان نوێ بوو. ناوی ئەکتەرە سەرەکییەکان بەقەبارەی جۆراوجۆر، لەسەر بەرگی شریتەکە نووسرابوو. لەوێدا هیچ شتێکی سەبارەت بەو ئەکتەرە ئەدۆزییەوە کەڕۆڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێل دەبینێ. کارگێڕەکە گووتی:

زۆرتریشمان هەیە، بەڵام چونکە ئێوە گوتتان پێنج یان شەش

– بەڵێ، زۆر باشە. سبەی یان دوو ڕۆژی تر بیسان سەربانێکتان دەکەم و چەند شریتێکتان لێ وەردەگرم. نرخەکەیان دەکاتە چەند؟

بەرپرس کەنەوەی پێش کاتی داهێنانی حاسیبەی گیرفانی بوو، لەمێشکی خۆیدا نرخی شریتێکی ڤیدیۆی زەربی شەش کرد و ئەنجامەکەی ڕاگەیاند.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بۆی ڕاست کردەوە:

– ئەمە نرخی فرۆشتنی شریتەکانە، نەک کرێکەیان..

فرۆشیار بۆ پاساودانی ڕەفتارەکەی، گووتی:

– چونکە فیلمەکەی پێش ترتان کڕی، وامزانی دەتانەوێ ئەم شەش شریتەش بکڕن یان لەگەڵ خۆتاندا بیانبەن.

لەوانەیە پاشان هەندێکیان یان هەموویان بکڕم. بەڵام سەرەتا پێویستە هەموویان ببینم. ئەگەر ئەوەی دەمەوێت تیایدا بدۆزمەوە، بێگومان دەیکڕم.

فرۆشیار، لەبەرامبەر لۆژیکی پتەوی کڕیارەکەی پاشەکشەی کرد، نیسان لە مێشکی خۆیدا هەندێک شتی حسێب کرد. شریتەکانی خستە ناو زەرفێکی نایلۆنەوەو کۆی پارەکەی پێ وت. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پارەکەی دا و گووتی:

– بە نیازی دیدار!

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەوماوەیەدا کە بەئۆتۆمبێل دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵ، بەتوندی بیری کردەوە. ئەگەر بڕیار بێت بۆچوونەکانی بنووسرێتەوە، لەوانەیە پێویست بەوە بکات کەڕووداوەکە بگۆڕدرێ. لەم حاڵەتەدا، بنەماو کرۆکی ڕووداوەکە لەناودەچێت و هەمووشتێک دەگۆڕدرێ. هەڵبەت لەوانەیە گرنگ بێت کە بگەڕێینەوە بۆ خانە بەربڵاوەکانی مێشکی ئەو و ملمڵانێ پوچەکانی ناوی ئاشکرا بکرێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا، چارەیەک نییە جگەلەوەی کەکارەکە لەسەرەتاوە دەست پێبکرێت. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، ئۆتۆمبێلەکەی ڕاوەستاند و ماوەی کورت تا ماڵەوەی بەپێ بڕی. بەدەستێکی جانتای قوتابخانە و بەدەستەکەی تری نایلۆنی شریتەکانی هەڵگرتبوو. دەرکەی کردەوە، هاتە ژوور و پێوەی دا. جانتاکەی لەسەر مێزەکە دانا و شریتەکانیشی خستە لایەوە.

هەستی بەبوونی غەریبەیەک نەدەکرد. هەمان ئەو بوونەی ئەوی لەخەو هەستاندو بۆی دەرکەوت کە بەشێکی جیانەکراوەیە لەماڵەکەی. رۆیشتە ژووری خەوتن. جلەکانی گۆڕی. هاتە موبەق. دەرگای سەلاجەکەی کردەوە تاکوو شتێکی فێنک بخواتەوەو لەکاتێکدا شووشەیەکی ئاوجۆو پەرداخێکی لەناو دەست دابوو، گەڕایەوە ساڵۆنەکە.

فیلمەکانی لەناو نایلۆنەکە دەرهێناو بەپێی بەرواری بەرهەمهێنانیان لەسەر مێزەکە داینان. "یاسای ئەفرەتی" یەکەمین فیلم بوو و فیلمەکانی تریش بریتی بوون لە:

گەشتیارە بێ بلیتەکان، مەرگ لەبەردەبەیاندا دێت، دیسانیش دەنگی ئەمبولانس دەبیستری، دیسان زەنگم بۆ لێبدە و گۆرەپانی فریشتەکان.

بەجوڵەیەکی نەویستراو بەهۆی خوێندنەوەی ناوی دوایین فیلمەوە، سەری بۆ لای تەلیفۆنەکە وەرچەرخاند. چرای پەیام وەرگرەکەی رۆشن بوو. ماوەیەک چاوەڕێ ما و پاشان بەپەلە بەرەو تەلەفۆنەکە رۆیشت. دەستی نا بەدوگمەکەدا. یەکەمین دەنگ، هی ژنێک بوو کە دەیگووت:

– خۆمم. نازانم چ شتێکت بەسەر هاتووە. هەفتەیەک زیاترە زەنگت بۆ لێنەداوم. ئەگەر دەتەوێ لێک جیا بینەوە، باشتر وایە راستەوخۆ پێم بڵێت. پێم وا نییە ئەم بێ ئاگاییە، بەهۆی گفتوگۆی ئەو رۆژەوە بێت. خۆت دەیزانی کە زۆرم خۆش دەوێی.. ماڵئاوا!

دەنگی دووهەم تایبەت بوو بەهەمان ژن:

ـ تکایە زەنگم بۆ لێبدە!

دەنگی سێیەم، هی مامۆستای بیرکاری بوو:

ـ سڵاو. پێم وابێ ئەمڕۆ بەیانی تۆم ئازار دا. زۆر تووڕە دەهاتیە بەر چاو. لەڕاستیدا نازانم چیم کردووە، یان چ قسەیەکم کردووە کە بۆتە هۆی بێزاریت. پێم وابێت ئەگەر پێکەوە قسە بکەین، باشتر بێت، چونکە دەتوانین ئەو شتانەی خراپ تێیان گەیشتووین وەلایان بنێین. ئەگەر پێویست بکات، داوای لێبووردنت لێدەکەم. تکا دەکەم ئەم پەیوەندییە وەک پێشەکییەک دابنێ بۆ لێبووردن. لەوانەیە باش بزانیت کە من هاوڕێی تۆم. ماڵئاوا!

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەموچاوی لێکنا. ئەوەی لە قوتابخانە ڕووی دابوو، هاتەوە بیری. مامۆستای بیرکاری دەستی لەسەر شانی دانابوو و لەپڕ هەستی بەنیگەرانی کردبوو... درێژەی ڕووداوەکەی نەدەهاتەوە بیر..

شریتەکەی گەڕاندەوە سەرەتا و دیسان گوێی دایە دوو دەنگی یەکەم. پێکەنینێک پێکەنی کە لەخەون دەچوو. هەستا و بەرەو ڤیدیۆکە ڕۆیشت. فیلمی "یاسای ئەفرەتی"ی خستە ناو. دەیویست ناوی هەموو ئەکتەرە سەرەکیی و لاوەکییەکانی فیلمەکە یاداشت بکات و لەکۆتاییدا پێکەوە بەراوردیان بکات، تاکوو ناوە دووپاتەکان بدۆزێتەوە. بۆیە سەر لەنوێ فیلمەکەی دوێنێ شەوی خستەوە ناو ڤیدیۆکەوە. لەسەر ناوی ئەکتەرەکان، دەستی نا بەدوگمەی ڕاگرتنداو ناوەکانی یاداشتکرد. هەڵبەت تەنیا ناوی

ئەکتەرە پیاوەکان. بێگومان ئەمە یەکەمجار بوو کە کەسێک بەدوای ناوی ئەکتەرە ژنەکاندا نەدەگەڕا.

بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێلی لەفیلمەکەی پێشوودا هەبوو، لە یاسای ئەفرەتیدا، ڕۆڵی سندووقداری بانکێکی هەبوو و لەبەردەم دزێکدا کە چەکەکەی ئاڕاستەی ئەو کردبوو و هەڕەشەی لێدەکرد، دەلەرزی و پارەکانی دەخستە ناو کیسەیەکەوە. دزەکە لەمبەری سووچەکەوە بە زارە خوارکراوەکەی هاواری کرد:

– یا تۆ کیسەکەم پڕ دەکەیت لە پارە، یان من لەشی تۆ پڕ دەکەم لە قورقوشم!

سندووقدار دوو جاریتر لەفیلمەکەدا دەرکەوت. جارێکیان بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکانی پۆلیس و جاری دووهەمیش، کاتێک سەرۆکی بانک بڕیاریدا لەئیشی سندووقداری دەریبکات: چونکە لەرۆژی ڕووداوەکە بەدواوە، بەچاوی دز لەهەموو کڕیارەکانی دەڕوانی.

سندووقدارەکە هەمان ئەو سمێلە بارێک و جوانەی بەرپرسی پرسگەی هۆتێلی هەبوو. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەبینینی بەدەموچاویدا نەهاتە خوارەوە. هەنێکجار ئیمەنەکانی ڕادەگرت و لێدەکرد. لەلیستی ناوی ئەکتەرەکانی ئەم فیلمەدا، دووناو بەرچاو دەکەوتن کە لەلیستی فیلمەکەی پێشووشدا هەبوون.

ئەو ئەترساو ئارەق بەمەراقەوە لەپیاوەکەی دەڕوانی و دیسانەوە درێژەی فیلمەکەی چاو

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەپاڵ هەر دوو ئاوەکەدا، نیشانەی زانیدی دانا. هێشتا تاکوو ئانی ئێوارە، ماوەیەکی زۆر مابوو لەگەڵ ئەمەشدا هەستی بەبرسیەتی نەدەکرد. بۆیە سێهەمین فیلم، واتە "گەشتیاری بێ بلیتی" هەڵگرت تاکوو چاوی لێبکات.

تەلەفۆنەکەی زەنگی لێدا. لەوانەیە مامۆستای بیرکاری بێت.. لەوانەشە ئەو ژنە بێت کە دوو جاری دیکەش زەنگی لێدابوو.. لەوانەشە دایکی بێت کە لە رێگەیەکی دوورەوە زەنگ لێدەدات تاکوو لە منالە ئەزیزەکەی بپرسێت. دوای چەند جار زەنگ لێدان، دەزگای تەلەفۆنەکە کەوتە سەر پەیام وەرگر و پەیامەکەی تۆمار کرد. دەیتوانی چاوەڕێ بکات و لەدەرفەتێکی گونجاودا گوێی لێبگرێت.

بۆ نموونە دایکێک کە دەپرسێ:

– چۆنی، باشی کوڕەکەم؟

یاخود ئەو هاوڕێیەی بە پێداگرییەوە دەڵێت:

– پێم وا نییە قسەیەکی خراپم کردبێ!

یان ئەو خۆشەویستەی ناهومێدانە هاوار دەکات:

– تۆ نابێت بەمجۆرە هەڵس و کەوتم لەگەڵدا بکەیت!

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هیچ هۆگرییەکی بۆبیستنی پەیامەکان نەبوو، چونکە لەپڕێکا هەستی کرد برسیەتی. رۆیشتە مەتبەق تاکوو ساندەویچێک هەڵگرێت و شووشەیەکیتری بیرە هەڵبچرێت. لەسەر کورسییەک دانیشت و لەکاتێکدا بیری جۆراوجۆر هوروژمیان بۆمێشکی دەهێنا، بەناچاری دەستی

بەنانخواردن کرد. بەڵام نە ساندەویچەکە بە تام بوو و نە بیرەکە.
بە چپەوە گووتی:

– پێموابێ سەبارەت بەوشتەی ڕوو دەدات. هیچ نیشانەیەکی بەختەوەری بەدی ناکرێ.

ویژبانی وەڵامی دایەوە:

– ڕاستە تۆ نەبوویتە هۆی دەرکەوتنی ئەم کێشانە. بەڵام زۆربەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بێبەشداری ڕاستەوخۆی نیمە. ئەوەندە گەورە دەبن کە ناتوانی نکوڵی لەوە بکەیت کەیارمەتی گەورەبوونی باروبۆخەکەت داوە.

– بەڵێ. بەڵام تەنیا هۆکار مەراقە. نەک شتێکی تر. پێم وابێ لەمبارەوە بەڕادەی پێویست پێکەوە قسەمان کردووە!

– لەگەڵ بۆچوونەکانت دام. بەڵام هاوڕابوون، هەمیشە بەمانای پەسندکردنی هۆکارە لۆژیک و نالۆژیکەکان نیە و هەندێکجار وەک سەیوان سوودی لێ وەردەگیرێ. بۆ داپۆشینی....

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ چاوی لەسەعاتەکەی کرد. دەیویست کاتی نمایشی فیلمەکەی تر حیساب بکات. شەوی ڕابردوو، لەگەڵ کاریگەری کحولی بیرەکە، شەونخوونی دەسووتاندەوەو پێڵوەکانی قورس کردبوو. چاوەکانی ڕژاوەتە سەر پێڵوەکانی. لەوانەیە گفتوگۆ لەگەڵ ویژبانیشی. هەر دەرئەنجامی هەمان حاڵەت بووبێت. بەخۆی گووت:

– ئەگەر ئێستا بکەومە ناو پێخەفەوە، دوو یان سێ سەعاتی تر هەڵدەستم و هەلومەرجێکی خراپتر بەسەرمدا زاڵ دەبێت.

بڕیاریدا بەشێک لەفیلمی "مەرگ لەبەرەبەیانێدا دێت" ببینێ و بزانێت ئەو ئەکتەرە لەم فیلمەدا ڕۆڵێکی نییە. دواهەمین فیلمیش چاو لێبکات. دەقی ناوەکان پێکەوە بەراورد بکات و بەخەیاڵی ئاسوودەوە بچێتە ناو پێخەفەوە.

ئەم کارەشی کرد. بەڵام پێشبینییەکەی هەڵە بوو. ئەکتەرەکە لەم فیلمە نوێیەدا ڕۆڵی پەرستارێکی هەبوو و ئەمجارە سمێڵە پڕەکانیشی نەدەبینرا. مووی لەشی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ڕاست بۆوە. هەموو فیلمەکەی تەماشا کرد. لەسەرەتاوە تاکوو کۆتایی. نیشانەی کۆی بچووکی لەکن ئەو ناوانە دانا کە دووپات دەبوونەوە. لەجێگەکەی هەستا. دوو لاپەڕە لەکتێبی مێژووی سمیتەکانی خوێندەوە. چراکانی خامۆش کرد و چاوەکانی بەخەو داچوو.

ئەو دوایین بۆچوونانەی ختووکەی مێشکیان دەدا، تایبەت بوون بە مامۆستای بیرکاری. لەڕاستیدا خۆیشی باش نەیدەزانی هۆکاری ئەم هەڵسوکەوتە کتوپڕ و ساردەی لەگەڵ مامۆستای بیرکاریدا چی بوو و بۆچی لەساڵۆنەکەدا بەمجۆرە لێی جیا بۆوە.

دوایین چرکە بەرلەوەی خەوێکی قووڵ بیباتەوە، هەندێک ورتە ورتی لێوە هات. لەوانەیە لەگەڵ خۆی قسەی کردبێ یاخود لەگەڵ هاوکارەکانی. هەندێک شت لەم دنیایەدا ڕوودەدات کە هەرگیز ناتوانین بەسوودوەرگرتن لەوشەکان شییان بکەینەوە.

ژمارەی تەلەفۆنی مامۆستای بیرکاری لەبەرنەکردبوو. لەدەفتەری تەلەفۆنەکەیدا لەژمارەکە دەگەڕا. هەروەها، ویدەچوو کە مەبەستی نەبێت تەلەفۆن بۆ ماریا بکات. دەتگوت دەیەوێ خۆی بێ موبالات نیشان بدات.

هاوسەری مامۆستای بیرکاری تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و هەوڵیدا توڕەیی خۆی لەو کەسە کە لەم کاتەدا تەلەفۆن دەکات، بشارێتەوە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ناوای لێبوردنی کرد، خۆی ناساند و پرسی ئایا دەتوانێ لەگەڵ مامۆستای بیرکاری قسە بکات؟

– وا دەچم بانگی دەکەم، تکایە لەسەر خەت بە.

ساتێک دواتر، مامۆستای بیرکاری سڵاوی کرد. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ وەڵامی دایەوەو دیسان داوای لێبوردنی کرد کە لەم کاتەدا بێزاری کردوە:

– هەر ئێستا پەیامەکەتم بیست. هەڵبەت دەمزانی بەیانی لەقوتابخانە چاوم پێت دەکەوێت. بەڵام چونکە قسە لەخراپ

تێگەیشتن بوو. پێم باشتر بوو تا زووە تەلەفۆنت بۆ بکەم و پێت بڵێم...

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ـ بەڵام من هەست بەهیچ جۆرە خراپ تێگەیشتنێک ناکەم و ویژدانم وەک منداڵێکی ساوا، ئاسوودەیە.

ـ نەزانم، نەزانم. تاوانباری سەرەکیی خۆمم. هۆکارەکەی ئەم خەمۆکییە نەفرەتییەیە. بەردەوام تووشی خەیاڵ پڵاو دەبم و شت دێنمە بەر چاوم.

مامۆستای بیرکاری پرسی:

ـ وەک چی؟

تەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ بەوردی نازانم. بەڵام بۆ نموونە هەندێکجار وا دێ بەخەیاڵما کەخەڵک بەو جۆرەی پێویستە، هەڵس و کەوتم لەگەڵ ناکەن. هەندێک جاریش لەبیرم دەچێت کێم یان بزانم کێم. بەڵام نازانم چیم! نازانم دەڵێم چی و چ دەکەم. لەقسەکانم تێدەگەی؟

ـ بەڵێ. تا رادەیەک.

ـ هەڵس و کەوتی نەشیاوی منیش لەبەر ئەم هۆکارە بوو. نازانم دەبێ ناوی بنێم چی؟ پەرچەکردار.. بەڵێ. جۆرێک لەپەرچەکردار ئەویش لە چرکەساتێکی تایبەتدا.. ئەشێ کاتێک دەستت لەسەر شانم داناو بە شێوازێکی باوکانە قسەت لەگەڵ کردم. بە لامەوە ناخۆش بووبێت. وەبیرت دێ؟ لە سالۆنەکە بووین و دەمانەویست بچینە پۆلەکانمان. تۆ دەستت لە سەر شانم دانا..

بەڵام نازانم بۆچی
هەڵبەت بەمەبەستی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی...
ئەو ساتە، پێم خۆش نەبوو.
ـ نا، بەڵێ.. وەبیرم دێت.. تێگەیشتم..
ـ بێگومان وەبیرت دێت ئەگەر ئەو ساتە موەلیدەیەکی کارەبام لە ژێ نابوایە، ئەوا کارەبا دەیگرتی. دەمەوێ ڕادەی کاریگەری ئەو هەڵسوکەوت و پاشان پەرچەکردارەی خۆمت بۆ باسبکەم. بەهەرحاڵ، هاوڕێی خۆشەویست، دیسان داوای لێبوردنت لێدەکەم و هیوادارم لێم ببووری...
ـ کوڕی چاک دیارە کە بووراوی. بەبڕوای من هەرگیز گرنگ نەبوو. لەوانەیە کێچێکمان کردبێ بەگایەک.
ـ چونکە نەبۆتە مایەی ئازارت، خۆشحاڵم.
ـ سپاست دەکەم هاوڕێی خۆشەویست.
ئەرتۆلیانۆ گووتی:
ـ سوپاسگوزارم.
ـ ئاگات لە خۆت بێ.
ـ بەنیازی دیدار.
ـ بەڵێ، بەڵێنیش دەدەم چیتر هەڵسوکەوتی باوکانەم لەگەڵ تۆدا نەبێت.
ـ بەڵام ئەم ڕەفتارە لەگەڵ تەمەنی تۆدا هیچ دژایەتییەکی نییە.
ـ بەڵێ، ئەمەش جۆرێک قسەی لۆژیکانەیە.
ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، تەلەفۆنەکەی دانا. هەستی بە ڕەزامەندی و ئاسوودەیی دەکرد. چاوێکی لەسەعاتەکەی کرد.

ماریا لەگەڵ دایکی دەژیا. هەموو رۆژێ بەیانیان پێکەوە لەماڵ دەهاتنە دەر. یەکیان دەچووە سەر ئیش و ئەوی تریان بەرەو کڵێسا دەرۆیشت. تاکوو مەراسیمی ئایینی بەجێ بێنێت و پاشان پێداویستییەکانی رۆژانەی ناو ماڵی دەکڕی. دایکی ماریا لەو ساتەوەی بێوەژن کەوتبوو، رووی لەکڵێسا کردبوو. چەندین ساڵ لەپیاوێک دەگەڕا تا لەم پەشۆکاوییە رزگاری بکات.

ئەرتۆلیانۆ هێشتا نەیدەزانی کە دەبێ پەیامی خۆی چۆن بەگوێی ماریا رابگەیەنێ. دەیەویست تا ئەو جێیەی دەرفەت هەیە، سرووشتی و سادە و دۆستانە بێت. دوای ماوەیەک بیرکردنەوە، بەم ئەنجامە گەیشت کە شێوازی هەرە باش، نووسینی پەیامەکەیە لەسەر کوتە کاغەزێک و پاشان بە تەلەفۆن بۆی بخوێنێتەوە. چەند جار کاغەزەکەی رەش کردەوە و پاشان دڕاندی تاکوو دواجار نووسینی دڵخوازی خۆی دۆزییەوە و خوێندیەوە:

"ماریا پاز، پەیامەکەتم وەرگرت. پێویستە هەڵسوکەوتێکی ئاوێتە بەئارامیمان هەبێ و بڕیاری لۆژیکانەو دروست بدەین. تەنها شتێک هەمیشە لەمرۆڤی زیندوودا دەمێنێتەوە، خودی ژیانە و سەرجەم کێشەکانی تر، کاتی و لاوازن. لەژیانی تایبەتی خۆمدا ئەم ڕاستییەم بۆ دەرکەوتووە. دڵنیا بە ئێمە هاوڕێی یەکترین و هاوڕێی یەکتریش دەمێنینەوە. ئێستا پێویستە پێکەوە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بکەین و ئینجا، بۆت دەردەکەوێ چۆن هەموو مەسەلەکان بەسادەیی چارەسەر دەبن. هەر لەم رۆژانەدا تەلەفۆنت بۆ دەکەم."

ساتێک بێدەنگ ما. ڕستەی دوایی لە دەفتەرەکەیدا نەنوسیبوو. ماڵئاوایی کرد و تەلەفۆنەکەی دانا. پاشان بەو ڕستانەدا چۆوە کە پێی وابوو گونجاو نین. بۆ نمونە ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت ئێمە دۆستی یەکترین و هەر دۆستی یەکتریش دەبین. پێی وابوو لەم جۆرە پەیامانەدا، نووسینی ڕستەی بەم جۆرە، زۆر گونجاو نییە.

دوای چەند ساتێک، بەخۆی گووت:

ـ بەهەر حاڵ، هەوڵی خۆم دا. ئیتر کارێکم لەدەست نایە..

بەمجۆرە، کۆتایی بەو کێشە بێزارکەرەش هێنا.

سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو و بەرەو فرۆشگا ڕۆیشت. ئەو کارگێڕەی هەر دوو جاری ڕابردوو، پێشوازی لێکردبوو لەگەڵ ئەرتۆلیانۆ قسەی کردبوو. لەگەڵ کڕیارێکی تردا مامەڵەی دەکرد. لەدوورەوە بەنیشانەی ئاشنایی دەستی بەرز کردەوە و مامۆستای مێژووش ددانەکانی نیشان دا کە مانای پێکەنینی دەدا.

کچێکی گەنجیش کە کاری فرۆشیاری لە تۆمارگاکەدا هەبوو، هاتە لای ئەرتۆلیانۆ و سڵاوی کرد. لەو کاتەشدا فرۆشیاری یەکەم بەکۆتایی هێنانی مامەڵە لەگەڵ کڕیارەکەیدا، هاتە لایان. چونکە ئەو وەک کڕیارێکی تایبەتی حیسێبی بۆ دەکرا.

– ڕۆژ باش، بەڕێز! خۆشحاڵم کە دیسان چاوم پێتان دەکەوێت. بەخێر هاتن بۆ ماڵی خۆتان.

فرۆشیار نەیدەزانی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هاتووە تاکوو چەندین فیلمی تر تاکۆتایی هەفتە بوتوێژینەوە وەربگرێت. "گەشتیارانی بێ بلیت"ی دانەوە، بزەیەکی هاتێ و گووتی:

– ئەمەیان سەرنج ڕاکێش نەبوو.

ـ ئەی ئەوانی تر؟ بەڕێز..

ـ "مەرگ لەسپێدەدا دێت"و "یاسای نەفرەتی" دیسان هەڵدەگرمەوە. سێ فیلمەکەی ترم هێشتا نەبینیوە.

فرۆشیار گووتی:

ـ ئەگەر هەڵەم نەکردبێت، "گۆڕەپانی فریشتەکان". "دیسانیش دەنگی ئەمبولانس دەبیستریٚ" و "دیسانەوە تەلەفۆنم بۆ بکە"...

هەموو ئەو ناوانەی بەچاوخشاندنێک بەلیستی ناوەکانی بەرامبەری وت.

ـ راست وایە!

ـ دەتانەوێ بڵێن "گەشتیارانی بێ بلیت" وەردەگرن و "مەرگ لەسپێدەدا دێت"و "یاسای نەفرەتی" دەکرِن.

ـ وایە!

ـ زۆر چاکە. بەم پێودانگە، ئەو پارەیەی پێویستە بیدەن، دەکاتە..

تەرتۆلیانۆ رێگەی نەدا درێژە بەقسەکانی بدا و گووتی:

ـ نا، پێم وایە ئەو شریتە ڤیدیۆیانەت بۆ من لەوێ داناوە.

ـ وایە!

شێوازی قسەکردنەکەی، رێک دەنگدانەوە رەفتاری تەرتۆلیانۆ بوو.

ـ چەند دانەن؟

فرۆشیار گووتی:

ـ سێ و شەش شریت.

ـ ماوەیەکی زۆری دەوێ بۆ بینینیان.

ـ بەڵێ وایە.

ـ ئەگەر بۆ بینینی هەر فیلمێک سەعات و نیوێک تەرخان بکەین...

ـ بزانین چۆن دەبێت...

ـ خۆتان سەغڵەت مەکەن، هەر ئێستا پێت دەڵێم. دەبێتە پەنجا و چوار سەعات!

فرۆشیار پرسی:

ـ ئای چۆن وا خێرا حیسابتان کرد؟

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ ئەمن زۆر بەدەگمەن و تەنها لەکاتی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکاندا حاسیبە بەکار دێنم. زۆر سانایە. سی و شەش، نیو سەعاتی دەبێتە هەژدە سەعات. سی و شەشی دەخەینە سەر هەژدە، دەبێتە پەنجاو چوار!

ـ ئێوە مامۆستای بیرکارین!

ـ نا، هی مێژووم.

فرۆشیار گووتی:

ـ کەواتە، لەژماردندا زۆر باشن.

ـ ڕاستە، بەڵام لەهەمان کاتدا، هیچ ئۆگرییەکم بە ژمارەوە نییە.

فرۆشیار جەسارەتی بەخۆی دا و نیسان هەمان کۆ و بەشکردنی لەسەر کوتە کاغەزێک لەسەر مێزەکە ئەنجامدا. ئەوەی ڕاستی بێت

پێویست لەلای ئەو کرپارە تایبەتەدا. حاسیبە بەکار ئەهێنێ. پێی وابوو ژمارەیەکی سەرنج ڕاکێشە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پارەی ناواکراوی پێشکەش کرد و ئینجا گوتی:

ـ تکایە لە دوو ـ سێ نایلۆنیان بخە. من دەچم ئۆتۆمبیلەکەم بێنم. ناتوانم ئەم هەموو فیلمە هەتا ئەوێ بەدەست هەڵبگرم.

پازدە دەقەی تر، فرۆشیار دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی پێوەدا. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ماڵئاوایی کرد و بەخۆی گووت:

ـ بۆیە گەر دەڵێن هەموو وێناکردنەکان، هەمیشە ڕاستن. من هەر لەیەکەم چاوپێکەوتنەدا، چارەییم نەویستووە.

ئەرتۆلیانۆ بۆچوونێکی تری هەبوو.

ـ دوو رۆژ چل و هەشت سەعاتە. لەڕوانگەی بیرکارییەوە ئەم ماوەیە بۆ بینینی ئەم هەموو فیلمە، بەس نییە. تەنانەت ئەگەر دوو شەویش نەخەوم. بەڵام ئەگەر لەم شەوەوە دەست پێ بکەم، دەتوانم رۆژی شەممەو یەکشەممەش هەر بۆ ئەمە تەرخان بکەم. ئەگەری ئەوە هەیە هەموو فیلمەکان لەسەرەتاوە تا کۆتایی نەبینم، چونکە لەوانەیە ئەو کەسە هەتا ناوەڕاستەکانی فیلم لەهیچ دیمەنێکدا بەرچاو نەکەوێت. بۆیە هەتا دووشەممە کارەکەم کۆتایی دێت..

دواجار وەک منداڵێک کە سەبارەت بەو ڕووداوانەی هێشتا ڕوویان نەداوە، قسە بکات، درێژەی پێدا:

ـ باشە، ئەی پاشان چ بکەم؟ واتە پاش ئەوەی دەرکەوت ئەم پیاوە لەپانزە یان بیست فیلمی تردا رۆڵی هەیە... هەتا ئێرە دەزانم

کە رۆڵی بەرپرسی پرسگەی هۆتێل، سندووقداری بانک و پەرستاری هەبووە.. بەڵام ئەی دوایی دەبێ چ بکەم؟

وەڵامەکەی لەسەر زاری بوو، بەڵام هەتا لە زاری هاتە دەر، نزیکەی دەقەیەکی خایاند:

ـ ئەی، دیارە.. لەگەڵی ئاشنا دەبم!

کەسێک بەڕێکەوت یان بەئەنقەست، بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕاگەیاندبوو کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، نەک هەر بەکاغەزی ئاقیکردنەوەی قوتابییەکاندا ناچێتەوە، بەڵکو تەنها لەنوسینگەی قوتابخانە دادەنیشێ، ڕۆژنامە دەخوێنێتەوەو تا کاتی نانی نیوەڕۆ، بێهودە کاتی خۆی بەفیڕۆ دەدات.

تەرتۆلیانۆ وەسڵی وەرگرتنی فیلمەکانی پێبوو و لەستوونی فیلم و سینەمای ڕۆژنامەکاندا، خەریکی بەراورد و لێگەڕین بوو، دەیویست لەگەڵ دوو ڕۆژنامەی تریشدا ئەم کارە ئەنجام بدات، ڕێڕای ئەوەی ئۆگرییەکی ئەوتۆی بە هونەری حەوتەم و ئەوەی لەسەر شانۆی نمایش ڕوو دەدات، نەبوو و لەمبارەیەوە، بەتەواوی ئاگاداری ئەزانی و دەبەنگیی خۆی بوو، بەڵام دەیزانی، هەستی دەکرد یان پێی گووترابوو کە ئەو فیلمە تازانەی لەسەر پەردەی سینەماکان نمایش دەکرێن یەکسەر لەسەر شریتی ڤیدیۆ تۆمارو بەخش ناکرێن. هەڵبەت بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە، پێویست نەبوو هۆش و تێگەیشتنێکی لەڕادەبەدەری هەبێت، چونکە دیاردەیەکی

سانەو شیاوی تێگەیشتن بوو و پەیوەندیی بەکاروباری ئابووری و بازاڕی فرۆشتنی فیلمەکان و کڕین و بەکرێ دانی شریتە ڤیدیۆییەکانەوە هەبوو.

قەڵەمی لەدەست دابوو و لەڕۆژنامەدا لەناوی فیلمەکان دەگەڕا. هەر فیلمێک کەلەگەڵ ناوی سی و شەش فیلمەکەی خۆی ڕێک کەوتبا، یاداشتی دەکرد و لەکن ناوی فیلمەکانی، نیشانەی زانیدی دادەنا. ئەگەر کەسێک لەتەرتۆلیانۆی پرسیبا لەبەر چ هۆکارێک ئەم کارە ئەنجام دەدات و ئایا مەبەستی ئەوەیە بچێتە سینەما و ئەو فیلمانە ببینێ کە شریتەکەیانی لەبەر دەستدایە. بێگومان تووشی سەرسوڕمان دەهات. لەوانەشە بەدانەپاڵی کرداریکی وا بێمانا بەو، تووڕە بوایە. لەگەڵ ئەمەش نەیدەتوانی وەڵامێکی گونجاو بداتەوەو بەم کارەی مەراقی گوێگری دەوروژاند. بۆ نموونە تەنها دوو قسەی دەکرد.

– لەوانەیە بڕۆم.

ژیان بەجۆرێک دەچێتە پێش کە تەنانەت ئەو دەرگایانەی قایم و پتەو دێنە بەرچاو، بەکەڵک وەرگرتن لەهێمنی و ڕێکخستن دەکرێنەوە. بە تەرتۆلیانۆیان ڕاگەیاند کەبەڕێوەبەری قوتابخانە دەیەوێ لەشوێنەکەی خۆی چاوی پێبکەوێت.

لەجێگەکەی هەستا. ڕۆژنامەکەی پێچایەوە. ناوی فیلمەکانی لەجانتاکەی خست و بەرەو سالۆنەکە کە چەند پۆلێکی تێدا بوو، کەوتە ڕێ. نوسینگەی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە نهۆمی سەرەوە بوو.

لەسەرەوەی پلیکانەکان، پەنجەرەیەکی بچووک بەدی دەکرا کە هاوینان و زستانان، تیشکی خۆر بەئەستەم دەهاتە ژوورەوە. لەوێوە چووە ساڵۆنێکی تر و کاتێک گەیشتە دەرەمین دەرگا، راوەستا.

لەدەرگایداو تاوەکاتەی دەنگێکی بەرگوێ نەکەوت. دەرگاکەی ئەکردەوە:

ـ فەرموون!

سڵاوی کردو دەستی بەڕێوەبەرەکەی گرت کەبۆی درێژ کردبوو بەتوندی گووشی. بەئاماژەی بەڕێوەبەری قوتابخانە، لەسەر کورسییەک دانیشت.

لەو ساتەوەی هاتبوە نووسینگە، هەستی دەکرد ئەو ژوورەی لەشوێنێکی تریش بینیوە. ڕێک وەک ئەو خەونانەی کە مرۆڤ دەیانبینن، بەڵام دوای بێداری لەیادی دەچنەوە. دیوەکە ڕاخرابوو. پەردەی ئەستوور بە پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوون. مێزی گەورەو کۆن و قەنەفەی چەرمی و ڕەش، ژوورەکەیان ڕازاندبۆوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئەو قەنەفە و پەردە و مۆکێت و مێزەی باش دەناسی. لانیکەم پێی وابوو کە بەلایەوە ئاشنایە. لەوانەشە لەڕۆمانێکدا، وەسفێکی بەمجۆرەی ژوورێکی خوێندبێتەوە. لەوانەشە سەرجەم ئەمانە، خەیاڵ پڵاو بن و هیچی تر.

مامۆستای مێژوو نوقمی بیرکردنەوەکانی بوو و هەر لەبەر ئەمەش یەکەمین ڕستەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەی نەبیست. لەڕاستیدا بەڕێوەبەریش شتێکی گرنگی نەگوتبوو و تەنها گوتبووی:

ــ ڕۆژ باش! چۆنن؟ داوام لێکردن بێنە ئێرە تاکوو..

لەوە بەدوا تەرتۆلیانۆ بەباشی بیستی و گەڕایەوە بۆ زەمەنی ئێستا.. چاوەکانی تیشکیان دا و زەینی ڕۆشن بۆوە.

بەڕێوەبەر وەک بڵێی لە ئاڵۆزی مامۆستای مێژوو گەیشتبێ، قسەکانی دووپات کردەوەو گووتی:

ــ ... داوام لێکردن بێنە ئێرە و سەبارەت بەو شتەی ڕۆژی ڕابردوو لە قسەکانتا سەبارەت بە شێوازی فێرکردن دەرتان بڕی، پێکەوە قسە بکەین.

تەرتۆلیانۆ پرسی:

ــ بۆ لە قسەکانی دوێنێم دا چیم گووت؟

ــ بیرتان نایە؟

ــ نازانم. شەوی پێشتر نەمتوانیبوو بخەوم و هەندێک هەستم بە گێژی دەکرد.

بەڕێوەبەر پرسی:

ــ نەخۆشن؟

تەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ــ نەخۆش! .. نا.. تەنها نیگەرانم و بەس.

ــ نیگەران مەبە. گرنگ نییە. ئەو قسانەی دوێنێ کردت، لێرەدا وشەبەوشە یاداشت کراوە. بەگوێرەی قسەکانی خۆتان: "ئایا پێویستە مێژوو لە ڕابردووە بۆ ئێستا بڵێینەوە، یان لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو؟"

مامۆستای مێژوو گووتی:

ـ باشە، بەڵێ. بەڵام ئەمە یەکەمین جار نیە کە وەها ڕستەیەکی وام بەکار هێنابێ.

بەڕێوەبەر گووتی:

ـ بەڵێ، وایە. ئەوەندەت بۆهاوکارەکانت دووپات کردۆتەوە ئاسایی بۆتەوەو کە دەیبیسن، تەنیا پێدەکەن.

ـ لەڕاستیدا هاوکارەکانم، زۆر حەزیان بەگاڵتەیە و بەهەموو شتێک پێدەکەنن، تەنانەت ئەگەر پێکەنینیشی نەوێت. ئەی سەبارەت بەخۆتان چی؟..

ـ من؟ چ شتێک سەبارەت بەخۆم؟..

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئێوەش بەبیستنی ڕستەکانی سەرەتای ئەو پێدەکەنن، یان لەکاتی بیستنی دووهەمین وشەکان. ئایا بابەتەکە بەهەند دەگرن؟

بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە:

ـ ئێوە بەباشی دەمناسن و لەگەڵ ڕۆحی من ئاشناییەکی تەواوتان هەیە. هەروەک دەزانن من هەروا بەسانایی و بەهەر بابەتێک پێناکەنم. بەتایبەت لەم کاتانەدا. ئێوە باشترین مامۆستای منن. قوتابییەکان ڕێزت لێدەگرن و سوپاسگوزاری تۆن، چونکە شتیان فێر دەکەیت. ئەم هەڵسوکەوتانە لەحاڵی حازردا، سەرسوڕهێنەرو جۆرێک موعجیزەیە.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ کەواتە هۆکاری بانگکردنی من چییە؟

جارێکیتر ئەم ڕستەیە ناواتان لێکەم نیتر جارێکیتر ئەم ڕستەیە

ـ تەنها بۆ ئەوەی لەمەودوا لەکۆبوونەوەکاندا. بەڵێ.. لەشوێنێکیتر دووپات مەکەنەوە.

باس لە شتی تر بکەن.

ـ زۆر باشە. لەمەودوا لەکۆبوونەوەکاندا زارم دەبەستم و بێدەنگ دادەنیشم. ئەگەر کەسێک پێی وایە قسەیەکی هەیە بۆ گوتن، بەلام ئەوانی تر پێیان خۆش نییە بیبیسن، باشتر وایە شتێک نەڵێت.

بەڕێوەبەر گووتی:

ـ بیروبۆچوونەکانی ئێوە، بەردەوام بۆ من سەرنج ڕاکێش بووە...

ـ سوپاستان دەکەم بەڕێز، بەلام تکا دەکەم ئەم بۆچوونەی خۆتان لای من دەرنەبڕن، نەکا بەهاوکارانم بڵێن. یان بیگەیەننە گوێی کارمەندە بەڕێزەکانی وەزارەت. ئەم بیرۆکەیە لەڕاستیدا هی من نییە و هەتا ئێستا هیچ شتێکم لەخۆمەوە نەگوتووە. کەسانی ژیرترو کارامەتر لەمن، بابەتێکی بەمجۆرەیان هێناوەتە گۆڕێ و چەندین ساڵ باس و گفتوگۆیان لەسەر کردووە. ئەوان پێیان وایە قسەکردن دەربارەی رابردوو، ئاسان ترە لە قسەکردن دەربارەی زەمەنی ئێستا. هەموو شتێک دەربارەی رابردوو، نووسراوە.. تەنیا دەبێ دووپات بکرێتەوە، قسەی لەسەر بکرێت. ئەو شتانە بە قوتابییان بڵێیت کە لە کاغەزی تاقیکردنەوەکاندا بینووسن و یان بەسەر زارەکی، باسی لێوە بکەن. لەکاتێکدا زەمەنی ئێستا، بەردەوام لە گۆڕان و وەرچەرخان دایە و باسکردنی، وەک چۆمی مێژوو

دەکەوێتە ناو رابردووەوە، مومکین نییە. جگە لەمە، هەوڵی بەردەوام و سات بەسات بۆ تێگەیشتن لە زنجیرەی ئەو رووداوانەی دەمانگەیەنێتە زەمەنی ئێستا و قسە کردن لەبارەیەوە. لەهەموو رۆژەکانی ساڵدا، پێویستی بە موتاڵا، کاری زۆر و توژینەوەی هەندێک دەرفەت بۆ سوودوەرگرتنی بەردەوام هەیە و مرۆڤ لەم کاتانەدا، پێویستە هەمیشە ئامادە بێت و شکست نەخوات.

ـ ئەوەی دەیڵێن بەڕاستی شیاوی ستایشە. گومانم نییە تەنانەت خودی وەزیری بەڕێزیش بە بیستنی قسەکانتان، بەم ڕەوانی و جوانییە، ڕازی دەبێت و دەبێتە مایەی ستایشی ئەویش.

ـ بەڵام من گومانم لەوە هەیە. هەر ئەم وەزیرانە خۆیان هەوڵ دەدەن بەجۆرێک قەناعەتمان پێ بکەن، بۆ ئەوەی پەیڕەوییان لێ بکەین.

ـ باشە، من پاشەکشێ دەکەم.

ـ سوپاست دەکەم.

بەڕێوەبەر گووتی:

ـ کەواتە باشتر وایە واز لە خەیاڵ پڵاو بێنێت...

تەرتۆلیانۆ نەیهێشت بەڕێوەبەر قسەکانی تەواو بکات.

ـ یەکێک باسی ئەوەی کرد کە سەرجەم ئەو ڕاستییانەی ئێمە پێمان وایە گەورەن، لەبنەمادا بێ واتا و تووڕەهاتن و پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە.

ـ کێ ئەم قسەیەی کردووە؟!

ـ کەسێکی ئەڵمانی، بەناوی شێگڵ. گومانم نییە بەر لەویش، هەندێک کەس ئەو بۆچوونەیان دەربڕیوە. ئەم وتانە مرۆڤ ڕاکێشی بیرکردنەوە دەکەن، بەڵام ئەو شتەی لەهەموویان زیاتر دەبێتە مایەی سەرسوڕمان، دەربڕینی ئەم ڕستەیەیە کە دەڵێت ئەو ڕاستییانەی بە لامانەوە گەورەن، بێ واتا و پووچن. سەرجەم وتەکانی تریان پەیوەندی بە منەوە نییە. من تەنها مامۆستایەکی مێژووی دواناوەندیم.

ـ ئاخ، هاوڕێی ئازیز، پێم خۆش بوو زیاتر لەمبارەوە قسە بکەیت، بەڵام دەرفەتێکی کەمت هەیە...

ـ ئیتر دەبێ سەرنج بدەینە هاوکارەکانیش، بێگومان پێویستە ئەوانیش ڕوونکردنەوە بدەن.

بەڕێوەبەر گووتی:

ـ بەڵێ، بێگومان وەڵامیان بۆنەوە هەیە کە بۆچی بە قسە جنێیەکانی ئێوە پێدەکەنن.

بەڕێوەبەر چاوێکی لە سەعاتەکەی کرد و گووتی:

ـ بۆ نانی نیوەڕۆش هەر بەمجۆرە.. ئەگەر پێتان باش بێت، با بڕۆین و پێکەوە خواردن بخۆین.

لەجێگەکەی هەستاو لەخۆیەوەو دۆستانە، دەستی لەسەر شانی مامۆستای مێژوو دانا، کە ئەویش لەجێگەکەی هەستابوو. گومان لەوەدا نییە کە لەو ڕەفتارە هەستییەدا، هەندێک نیشانەی دڵسۆزی باوکانەش شاراوە بوو، بەڵام ئەم کارە، هەستی تازە و ڕەقی لەتەرتۆلیانۆدا وروژاندو تەنانەت پێی وابوو کارێکی سرووشتی و

شایستەی بەڕێوەبەرێکی دڵسۆزە. مۆلیدەی کارەبا لەناخیدا نەکەوتە کار. کاربانەوەیەکی نیشان نەدا و دەتگووت تازە بەتازە هەست بەئارامی دەکات. هەڵبەت لەوانەیە گفتوگۆی بەرەبەیان لەگەڵ مامۆستای بیرکاریدا بووبێتە هۆی ئەوەی کە کیلی مۆلیدەی کارەبا، لەپلاکی دڵی دەربێت. بۆیە بڕیاریدا چیتر ئەوە دووپات نەکاتەوە چونکە ڕووداوە بچووکەکان دەتوانن کاریگەری گەورە لەدوای خۆیان جێ بهێڵن.

بەڕێوەبەر بۆ لای مێزەکە گەڕایەوە تاکوو چاویلکەکەی هەلگرێت. تەرتولیانۆ چاوێکی لەدەورووبەری کرد. جارێکی تر چاوی بە پەردەکان، قەنەفەی چەرمی ڕەش و مۆکێتەکە کەوتەوە. بەخۆی گووت:

ـ من پێشتر لێرە بووم!

بەڕێوەبەر چاویلکەکەی خستە گیرفانی سەرەوەی چاکەتەکەی. بزەیەکی هاتێ و بەمیهرەبانی گووتی:

ـ باشە، با بڕۆین!

تەرتولیانۆ نە لەو ساتەو نە لەپاشاتوودا، نەیدەتوانی ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی کتوپڕ هەستیکرد خەریکە ژوورەکە بەسەریدا دەڕمێت و وەک بڵێی جموجوڵێکی نائیار هەبێت، قەرەباڵغ هاتە بەرچاوی. ڕێک لەو ساتانە دەچوو کەدوای تەماشاکردنی یەکەمین فیلمی ڤیدیۆ، لەخەو ڕاچەنییوو. بەخۆی گووت:

ـ لەوانەیە ئەوهەستە شوومەی کەبەهۆی وانەگوتنەوە لەم قوتابخانەیەدا هەمە، بگۆڕێ بەهەڵمەتێکی دەماریی.

رشتەی بیرکردنەوەکانی. ئەگەر حەزیشی بکردایە درێژتر بێتەوە، لەهەمان ساتدا پچڕا. بەڕێوەبەر قۆڵی گرتبوو و سەبارەت بەدرۆ گەورەکان و هەروەها دەربارەی ئەوەی ئایا ئەوانیش ئەشێ بێ واتا و تووڕەهات بن، قسەی دەکرد.

بێگومان خواردنەکان وەک هەمیشە پڕ بوون لەبەهارات. بەڕێوەبەر بەگاڵتەوە گووتی:

- هیوادارم لانی کەم ڕەخنە لە چێشتخانەکە نەگری!
- من کڕیارێکی بەردەوامی ئێرەم.

لەوکاتەدا کە لەپلیکانەکانەوە دەچوونە خوار بۆ ئەوەی بچنە کافتریا، مامۆستای بیرکاری و زمانی ئینگلیزیش لەگەڵیان کەوتن. بەمەش مێزی خواردنی بەڕێوەبەر چیتر جێگەیەکی نەدەمایەوە. مامۆستای زمانی ئینگلیزی و بەڕێوەبەر لەپێشەوە دەڕۆیشتن و مامۆستای بیرکاری کە شان بەشانی مامۆستای مێژوو هەنگاوی دەنا، بە ئەسپایی پرسی:

- دەنگ وباس؟.. ئەحواڵت چۆنە؟
- باشە، زۆر باشە.
- لەگەڵ بەڕێوەبەر قسەت کرد؟
- بەڵێ، بانگی کردم بۆ نوسینگەکەی و تکای لێکردم جارێکی تر دەربارەی شێوازی ڕاهێنانی مێژوو، بەمجۆرە قسە نەکەم.
- باشە، تۆ چ وەڵامێکت دایەوە؟
- بیروبۆچوونی خۆم بۆ سێیەمین جار، بەڵام ئەمجارەیان بۆ خودی بەڕێوەبەر شیکردەوە. پێم وایە تاڕادەیەکی زۆر لەوەدا

سەرکەوتم قەناعەتی پێبکەم. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە کە هیچ سووێکی نییە.

ـ ڕێک بەمجۆرەیە.

ـ بەڵێ. لەڕاستیدا هیچکەس نازانێت سەرکەوتنەکان چ سووێکیان هەیە.

مامۆستای بیرکاری هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی:

ـ بەلام هەموومان دەزانین شکستەکان چ سووێکیان هەیە. بەتایبەت کەسانێک ئەم شتانە باش دەزانن کە هەرچییەکیان هەبووە، لەشەڕێکدا لەکیسیان چووە. بەلام دیسانیش کەس سەرنج نادات ئەم وانەیەی ڕۆژگار کە لە مێژووشدا دووبارە دەبێتەوە.

ـ دەڵێی تۆش لە کارکردن بێ تاقەت بووی!

ـ ئەشێ وابێت.. ئەی تۆ؟

ـ لەوانەیە.. هەموو شتێک یەکجۆرە... هەمان خواردن لەهەمان قاپدا.. هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نایەت.

ـ دەتەوێ واز لە وانەگوتنەوە بێنی؟

ـ بەوردی نازانم دەبێ چبکەم.. بەلام ئەمە بۆچوونێکی خراپیش نییە. وازهێنان لە وانە گوتنەوەو زۆر شتی تر.

ڕۆیشتنە کافتریاو هەر چواریان پێکەوە لەسەر مێزێک دانیشتن. بەڕێوەبەر لەو کاتەدا کە کلێنکسەکەی دەکردەوە، بەتەرتۆلیانۆی گووت:

ـ پێم خۆشە ئەو شتانەی بە منت گووت، بۆ ئەم هاوکارانەشتی باس بکەیت.

– سەبارەت بەچی؟

– سەبارەت بە شێوازی وانەگوتنەوەی مێژوو..

مامۆستای زمان پێکەنی. مامۆستای مێژوو، بەسارییەکەوە تەماشای کردو مامۆستای زمان، پێکەنینەکەی بڕی.

– جەنابی بەڕێوەبەر، ئەگەر قسەکانم بەڕواڵەت شیاوی بیستن بن، بەڵام بێ بنەمان. لە تاجێک دەچن کە بەئەندازەی سەر دروست نەکرابێت.

تەرتۆلیانۆ بێدەنگ بوو و بەڕێوەبەر پێداگرانە تکای لێکرد بەردەوام بێت.

– بەڵام بەڕێز تەرتۆلیانۆ! ئەو باسەی کە بووە مایەی ڕەزامەندی من، هی خۆتەو بنەمایەکی پتەو و تۆکمەی هەیە.

بۆساتێک بیری مامۆستای مێژوو لەوێ نەما: لەکافتریاکە دەرچوو، ڕۆیشتە نهۆمی سەرەوە و لەوێوە بۆ ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانە: ئەو شتەی لێی دەگەڕا، دۆزییەوە: لەهەمان ڕێگەوە گەڕایەوەو هاتەوە کافتریاکە. زۆر پەشۆکا بووو ئەو پەشۆکاوییەش کەبەتوندی سەراپای تەرتۆلیانۆی وەلەرزین هێنا. لە بن لێوییەوە گووتی:

– خۆی بوو!.. خۆی بوو!.. خۆی بوو!

چاوێکی لەمامۆستای بیرکاری کردو لەقسەکانیدا بەجێگەی چۆمی مێژوو، وشەی چۆمی زەمەنی بەکار هێنا. پێیوابوو کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە. قەڵافەتی مامۆستای زمان، جددی دیار بوو. تەمەنی شەست ساڵ دەبوو. هەم باپیر بووو هەم باپەگەورە.

بەپێچەوانەی ئەوشتانەی کە سەرەتا بەرچاو دەکەون، ئەو ژنە لەو کەسانە نەبوو کە بەدرێژایی ژیانی بێهوده هەڵسوکەوت بکات و پێ بکەنێت. شتێکی بەسەرهاتبوو کە ئەگەر بەسەر ئێمەش هاتبوایە، ئەوا تووشی هەڵە دەبووین. نەک لەبەرئەوەی گوایا پێمان خۆش بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەنجامی جۆرێک ئاڵۆزییە.

ئەرتۆلیانۆ کۆتایی بەقسە کورتەکانی هێناو یەکسەر بۆی دەرکەوت کە زۆر زوو قەناعەتی بە کەسێکی تریش هێناوە.

مامۆستای زمان بە هێمنی گووتی:

ـ دەتوانین ئەم کارە سەبارەت بە شێوازی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیش ئەنجام بدەین و بەرەو سەرچاوەی چۆم بڕۆین. لەوانەیە بەمجۆرە، زۆرتر ئەوە شیاوی دەرک پێکردن بێت کە فەلسەفەی قسەکردن چییە.

بەڕێوەبەری قوتابخانە کەوتە ناو قسەکانەوە:

ـ بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە، پێویستیمان بە کەسانی پسپۆڕ نییە.

مامۆستای بیرکاری بزەیەکی هاتێ و گووتی:

ـ بەڵام ئەگەر سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی ڕاست بێت، پێم وا نییە بۆ بیرکاری وەڵامێکی گونجاوی هەبێت. ژمارەی دە، لاسارانە گۆڕانی بەسەر دا نایەت، نە ژمارەیەکی تری لەگەڵدایە تاکوو بێتە نە و نە مەیلێک لەخۆی نیشان دەدات بۆ ئەوەی ببێت بە یازدە.

خواردن ئامادە بوو، باسی بابەتی جۆراوجۆر هاتە ئاراوە. ئەرتۆلیانۆ بەتەواوەتی دڵنیا نەبوو لەوەی ئەو ڕۆحە ناڕیارەی لەنووسینگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەدا دەرکەوت، هەمان

سندووقداری بانک بوو یان نا.. تەنانەت بەرپرسی پرسگەی هۆتێلیش نەبوو، ئەویش بەسمێڵە گاڵتەجارِەیەوە. پێکەنی و بەچپەوە گووتی: "ئەڵێی بەرە بەرە شێت ئەبم".

لەوانەی دوانیوەڕۆیدا، دەربارەی بابەتێک قسەی کرد کە پەیوەندی بە بەرنامەی خوێندنەوە نەبوو. بریتی بوو لەشیکردنەوەیەکی بەرفراوان سەبارەت بەسمیتەکان، یاساکانی حامورابی، شێوازی یاسادانانی بابلیەکان، خودای مەردۆخ و زمانی ئەکەدیەکان، بەڵکو بتوانێت بۆچوونی ئەو خوێندکارە بگۆڕێت کە ڕۆژی ڕابردوو بەهاوڕێیەکەی گوتبوو: "وێدەچێت زۆر تووڕە بێت؟". هەر چەند دوور نەبوو ئەمجارەیان بڵێت: "دەڵێی شێت بووە!" یاخود "تا بڵێی زۆربڵێی دەکات!" بەختەوەرانە وانەی دوای ئەو کە خوێندکارەکانی لاوتر بوون، بەشێوەیەکی ئاسایی و بەخێروخۆشی بەڕێوە چوو. بابەتی باسی ئەو پۆلە، دەربارەی مێژووی سینەما بوو، بەڵام بینەوەی درێژدادڕی بکات، کۆتایی پێهات. ئیتر سەبارەت بەکیلۆپاترا، سپارتاکۆس، پشت قەمۆری نۆتەردام و ناپلیۆن بوناپارت قسە نەکرا.

کاتێ تەرتۆلیانۆ سواری پاس بوو تاکوو بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان، بەخۆی گووت:

ـ ڕۆژێکی تریش چووە سەر ڕۆژانی فەرامۆشکراو!

ئەو بێ ویژدانی دەنواند. هەم دەربارەی ڕۆژ و هەم دەربارەی خۆی. بەهەر حاڵ توانیبووی بەڕێوەبەرو مامۆستای زمانی ئینگلیزی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لانیکەم لەوە بەدوا، یەک یان دوو لەو کەسانەی پێدەکەنین، کەم دەبوونەوەو زەلامێک کەخودی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو ئیتر کێشەی بۆ نەدەنایەوە.

بەهەمان شێوە.

ماڵەکەی خاوێن و ڕێکوپێک بوو. موبەقەکەش بەهەمان شێوە. بۆنی تایت و عەتری لیمۆ لەحەمامەکەوە دەهات و هەڵمژینی بۆنەکە. هێزی بە مرۆڤ دەبەخشی. ئەو ڕۆژانەی دەبوایە دراوسێکەی بێتە نهۆمی سەرەوە و ماڵی ئەو پیاوە تەنهایە خاوێن بکاتەوە، خاوەن ماڵ دەرۆیشتە دەرێ و لەرێستۆڕان شێوی دەخوارد. ئەوەی ڕاستی بێت پێ وابوو شوورەییە قاپەکان پیس بکات و دواجار ژنێک بیشوات. دەیزانی بۆ دروست کردنی شێو لەماڵدا ناچارە شقارتەیەک دابگیرسێنێ، قوتویەک هەڵپچڕێ و ساردینەکەی بخاتە ناو تاوەیەکەوە، ئەم کارەش پێویستی بەرۆن هەیەو لەوانە بوو بەهەموو جێگەیەکدا بڕژێ. لەکاتێکدا ڕێستۆڕانەکە زۆر نزیک بوو. دوایین جار کە چوبوو بۆ ئەوێ، گۆشتی خواردبووو ئەمجارەیان بڕیاریدا ماسی بخوات. پێی وابوو جیاوازی پێویستەو بەپێچەوانەوە ژیان بەهەموو خێرایی خۆیەوە، یەکجۆر دەبێت. ئەرتۆلیانۆ بەردەوام ئەم بابەتەی لەبەرچاو بوو.

ئەو سی و شەش فیلمەی کە لەفرۆشگا هێنابووی، لەسەر مێزی بچووکی سالۆنەکە دایئان. لەناو چەکمەجەی مێزەکەشدا سێ فیلمی تر هەبوون کە هێشتا سەیری نەکردبوون. کارێکی قورسی لەبەردەمدا بوو. ئەشکەنجەیەکی وەهای تەنانەت بۆ دوژمنەکەشی بەئاوات نەدەخواست. لەڕاستیشدا هیچ دوژمنێکی نەبوو.. ڕەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بووبێت کە گەنجە یان بەهۆی ئەوەی کە بەباشی ئاگای لەهەڵسوکەوتی خۆیەتی.

بەمەبەستی خۆسەرقاڵکردن تا کاتی نانی ئێوارە، شریتەکانی لەسەر بنەمای مێژووی دروستکردنیان، ڕێکخست و لەبەر ئەوەی لەسەر مێزەکە جێگە نەمابوو، بەدرێژایی دۆڵابەکە لەسەر عەرزەکە دایئان. کۆنترینیان لە لای چەپ بوو بەناوی "پیاوێک وەک ئەوی تر" و نوێترینیان لە لای ڕاست بوو بەناوی (گۆڕەپانی فریشتەکان).

ئەگەر تەرتۆلیانۆ بەوشتەوە پابەند بوایە کەسەبارەت بەشێوازی وانەگوتنەوەی مێژوو بوو واتە "فێرکردن لە ئێستاوە بۆ رابردوو"، ئەوا چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی بەپێچەوانەی ئەو شێوازەی ریزی کردبوو، تەماشای فیلمەکان بکات. واتە سەرەتا پێویستە "گۆڕەپانی فریشتەکان" ببینێ و دواجار، "پیاوێک وەک ئەوی تر". لەهەمانکاتدا، زۆر بەباشی دیارە کە بەهۆی ئەو هزرانەی لەرابردوویەکی دوورەوە لەمرۆڤەکاندا بەدیدەکرێ و ئەشێت پێی بوترێت نەریت یان ڕاهاتن، بەردەوام مەیلی ئەوەی هەیە کە لەسەرەتاوە دەست پێبکات. لەئەنجامدا، تەرتۆلیانۆش وەفادارانە

پەیڕەوی لەم شێوازە دەکات: واتە لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتاو لە کۆنترینەوە بۆ نوێترین.

لە ڕێستۆران گەڕایەوە. شێوی خواردبوو. بەڵام ماسییەکەی نەخواردبوو. چونکە ئەو شەوە ماسی لۆفیۆسیان هەبوو. ئەم جۆرە ماسییە کە لەنێو زیخ و گڵ و لەقوڵایی ئاودا دەژی. سەرێکی گەورەو خوارو خێچی هەیە و ددانەکانی زۆر تیژن. دوو مەتر درێژە و کێشی جەستەی چل کیلۆ زیاترە. بوونەوەرێکە تەنانەت سەیرکردنی قێزەوەنە چ دەکات بەخواردنی. کەپوو و گەدەی ئەرتۆلیانۆ تاقەتی ئەو گیاندارە دەریاییەیان نەبوو. ئەرتۆلیانۆ ئەم زانیارییە ئاماژەپێکراوانەی لە ئەنسکلۆپیدیایەک دەست کەوتبوو کە ڕۆژێک لەساڵۆنی کتێبخانەدا دەری هێنابوو. ویستبوی سەبارەت بەوگیاندارەی بەردەوام لێی بێزار بووە هەندێک شت بزانێت. ئەم مەراقە زۆر لەمێژە لەناخی دا هەیە. بەڵام تازە ئەو ڕۆژە کەوتە بیری ئەوەی لەئەنسکلۆپیدیا کەڵک وەربگرێت. بێ هیچ هۆکارێک، هەڵبەت. زۆر بێ هۆکاریش نەبوو. بەڵام هیچ هۆکارێکی لۆژیکی لەئارادا نەبوو کە ئەرتۆلیانۆ چەندین ساڵ بژی و شتێک سەبارەت بەو گیاندارە سامناکە نەزانێت جگە لەشێوەو تامەکەی و ئەو بڕەی دەیانخستە ناو قاپەکەیەوە. پاشان لەساتێکی تایبەتدا. لەرۆژێکی تایبەت و لەکاتێکدا وەک ئەوەی هیچ کارێکی تری نەبێ: ئەنسکلۆپیدیا بکاتەوەو زانیاری پێویست دەستەبەر بکات. پەیوەندی نێوان مرۆڤ و وشەکان. سەرسوڕهێنەرە. لەقۆناغی منداڵییەوە فێریان دەبێت و بەتێپەڕبوونی کات، لەگەڵ قسەکردن و

خوێنندنەوەدا، پەرەیان پێدەدات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر کەسێک پرسیاری ماناکەی لێبکات، ناتوانێ وەڵام بداتەوە. وەڵامی ڕاست نازانێت، نکۆڵی لێدەکات، قەناعەت نێنێ، قەناعەتی پێدەکا، دەیخاتە بەرباس، دەگاتە ئەنجام، کۆبەندیەک دەستەبەر دەکات و ئەو وشانە بەکار نێنێت کە نازانێت بەکاریان بێنێ. بەگشتی ئەوەندە ئەملاو ئەولای پێدەکات کە سەرپۆش لەسەر نەزانیی خۆی دادەنێت. هەرچۆنێک بێت، چونکە دەرفەت، تاقەت و مەراق بەئەندازەی پێویست بوو، مامۆستای مێژوو تێگەیشت ماسی لۆفیۆس چییەو لەئەنجامدا ئەگەر لەمەودوا خزمەتکاری ڕێستورانتەکە، ئەو خواردنە ناخۆشەی بۆ بێنێت، دەزانێت چ وەڵامێکی بداتەوە.

ـ چی؟ ئەو ماسییە گەورەیەی لەهەموو گیاندارەکان دزێوترە؟ ئەو گیاندارەی لە بن زیخ و گڵ لەقوڵایی ئاودا دەژی؟ هەر ناویشی مەهێنە!

دواجار تەرتۆلیانۆ، فیلمی "پیاوێک وەک ئەویتر"ی خستەناو ڤیدیۆکەوە.

سەعاتێک لەدەستپێکردنی فیلمەکە تێپەڕیبوو. بەڵام چونکە تائێستا ئەکتەرە دەستنیشانکراوەکەی بەرچاو نەکەوتبوو، بێگومان نێتر دەرناکەوێت. فیلمەکەی هەتا دوایی بردو بەوردی چاوی لەناوی ئەکتەرەکان کرد. لەو لیستەیەی لەبەر دەستی دابوو، ناوە دووبارەکانی سڕییەوە.

ئەگەر کەسێک پرسیاری لێکردبا مەبەستی لەم کارە چییە، مۆرەیەکی لێدەکردو دەیگوت:

ـ لەوە دەچێت کەسێکی ساویلکە بم؟!

تا ڕادەیەک ناهەقی نییە. ئەو فیلمانەی هەتا ئەوساتە بینیونی، دەکەونە خانەی گرووپی B، واتە فیلمە سەرقاڵکەرەکان. مامۆستای بیرکاری ئەم بابەتەی فێر کردبوو. فیلمێکی تری خستە ناو ڤیدیۆکەوە بەناوی "ژیانێکی شاد".

ئەو ئەکتەرەی هاوشێوەی تەرتۆلیانۆ بوو، ڕۆڵی دەرکەوانی بارێکی دەبینی. تەرتۆلیانۆ ئارەزووی بینینی هەموو فیلمەکەی نەبوو، چونکە ئەو شتەی پێویست بوو دەیزانی. دەرکەوانەکە کڵاوە نوچەکییەکەی بۆ کڕیارەکان و بەمەبەستی سڵاوکردن، هەڵدەگرت و بیسان دەینایەوە سەری. دەتگووت جگە لەڕێزگرتن لەکڕیارە ڕێکپۆشەکان، ئیشێکی تری نییە. مامۆستای مێژوو لە ژێر لێوییەوە گووتی:

ـ لانیکەم من مامۆستای مێژووم!

بەم وتەیە، دەیەویست گەورەیی خۆی بسەپێنێ و پێداگری لەسەر دەکرد. نەک تەنها لەبەر پیشەکەی، بەڵکو لەبەر هۆی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی. لەلایەکەوە ویژدانی وشیاری دەکردەوە ئاگاداری فیزە پووچەکەی بێت:

ـ تەرتۆلیانۆ! دەڵێی ئاگات لەزارت نییە. ئەگەر تۆش لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە باش بوایەی، بێگومان دەبوویتە بەڕێوەبەری قوتابخانە! یان توانا کاری ئەوەت ئەبوو ببیتە ئەکتەر!

ویژدان کە چێژی لەقسەکانی خۆی وەردەگرت، زەبرێکی تری ئاڕاستە کرد:

ـ وابزانم پێویستە ناوی خۆشت بگۆڕی، چونکە هیچ ئەکتەرێک بەناوی گاڵتەجاڕی تەرتۆلیانۆ خۆشەویست نابێت و هیچ دەرهێنەرێکیش ئامادە نییە لەگەڵ ئەکتەرێک بەم ناوە نیش بکات.

"ژیانێکی شاد" خرایەوە جێگەی خۆی و ناو قەباخەکەی. فیلمەکەی تر "ناوێکی خۆشتر"ی هەبوو: "پێم بڵێ تۆ کێی". بەڵام لەهەمانکاتدا، زانیارییەکانی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ سەبارەت بەخۆی و توێژینەوەکانی، هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهات. بۆ سەرگەرمی، هەتا دوایی سەیری فیلمەکەی و بەوردی تەماشای ناوی ئەکتەرەکانی کردو هەندێک نیشانەی زانیدی لەلیستەکە دانا. چاوێکی لەسەعاتەکەی کرد، بڕیاریدا بچێتە ناو پێخەفەوە. چاوەکانی هەڵاوسابوون و فشاری بۆ لاجانگەکانی دەهێنا. دەتگووت شتێکی قورسیان لەسەر ناوچەوانی داناوە. بەخۆی گووت:

ـ هەموو ژیانم بۆتە ناو... جا ئەگەر لەماوەی هەفتەیەکدا لەتەواوی فیلمەکانیش بڕوانم، هێشتا ئەم ناوە سەرسوڕهێنەرە، ئاشکرا نابێت.

لەسەر پێخەفەکەی ڕاکشاو چاوەڕێ بوو حەبە خەوهێنەرەکان، کاریگەریی خۆیان نیشان بدەن. هەمیسان ویژدانی وە قسە هات:

ـ بەبڕوای من، باشترین ڕێگە بۆدۆزینەوەی ئەم نهێنییە، تەلەفۆنەکەت هەڵگری و زەنگ بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر لێ بدەیت یان ڕاستەوخۆ بچیتە لای. پێویستە لێیان بپرسی بەڕێز، ناو ئەو ئەکتەرەی لە فلان و فیسار فیلمدا. ڕۆڵی فلان و فیسار ئەکتەری

بینیوە، چییە.. هەمان بەرپرسی پرسگە، سندووقداری بانک، پەرستار، دەرکەوان و ...

ـ لەوانەیە ئەگەر سەبارەت بە ئەکتەری پلە دووهەم و سێهەم داوای شیکردنەوەیان لێ بکەم، گاڵتەم پێ بکەن...

ـ لەوانەشە ببێتە مایەی سەرسوڕمان یان خۆشحاڵییان، لەبەر ئەوەی کەسێک هەیە ئەوەندە گرنگی دەدات بە ئەکتەرە ئاساییەکانیان.

هەورێک لەخەو، گرتیە خۆی. لەگەڵ ئەمەشدا وەڵامی دایەوە:

ـ هیچ پێشنیارێکی سەرنج ڕاکێش نییە! ئەم رێگە ئاسانە بە مێشکی هەر کەس دەگات. من مێژووم ئەخوێندووە بۆ ئەوەی...

دوایین وشەکانی، هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە نەبوو، بگرە ئەمەش بەجۆرێک خۆبەدەربڕین و سەپاندنی هەستی مەزنخوازی دەهاتە ئەژمار. هەڵبەت شایەنی لێبوردنە، چونکە لەڕاستیدا قسەکانی، لەبن باندۆڕی حەبە خەوهێنەرەکان دا دێنە زمان و حەبەکانن قسە دەکەن، نەک ئەو کەسەی خوارنوویەتی.. لەکاتێکدا خەو، دەرگای کردبۆوە تاکوو بچێتە ناو خانەکانی مێشکییەوە، وەک ئەو مۆمەی کەدوایین هێزی خۆی بۆ بەرگریکردن لەکوژانەوە بەکار دێنێت، هەمیسان بەردەوام بوو:

ـ دەمەوێ بەدەستی بێنم، بێ ئەوەی کەسێک بزانێت یان خۆی لەم بارەوە گومان لە کەسێک بکات.

خەو هاتە ژوورو دەرگاکەی پێوە دا. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ خەوێکی قووڵ بردیەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، هەتا سەعات یانزەی بەیانی، سێ فیلمی چاو لێکرد، هەر چەند تا کۆتایی لە لایان دانەنیشت. بەرەبەیان لەخەو هەستا و قاوەڵتیەکەی کرد کە لەدوو بیسکویت و پەرداخێک قاوە پێکهاتبوو، پاشان بێ ئەوەی دەرفەت لە کیس بدات، تەنانەت بێ ئەوەی ریشی بتاشێ و دەست و دەموچاوی بشوات کە لەو ساتەدا بەپێویستی نەدەزانی، بە بیجامەو جلی خەوەوە، لەناو ماڵەکەی خۆیدا چووە سەر کاری رۆژانەی.

لەهەر دوو فیلمی یەکەمدا، ئەکتەری دەست نیشانکراو رۆڵی نەبوو، بەڵام لەفیلمی سێیەمدا کە ناوی "شانبەشانی ترس" بوو، رۆڵی وێنەگرێکی لاوی دەبینی بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی تاوانێک. ئەو تەرتۆلیانۆش هاوکات پێیان وابوو سەبارەت بەمەرگ و ژیان، قوژبن باشترین شتە. ئەکتەرەکە، بنێشتی دەجوو.

لەکۆتاییدا، هەندێک نیشانەی تری لەبەردەم ئەو ناوانە دانا کە لەبەر دەستی دابوو. پێنج ئەکتەر لە پێنج فیلم دا بەشدارییان کردبوو

و ژمارەی ئەوفیلمانەی ئەکتەرەکە لەمامۆستای مێژوو دەچوو، لەلیستەکەدا دەبینران. ناو پێنج ئەکتەرەکە بە گوێرەی ئەلف و بێی لاتین، بریتی بوون لە:

"ئەدریانۆ مایا"، "کارلۆس مارتینۆ"، "دانیل سانتا کلارا"، "لوییس ئەگۆستۆ بنتۆرا" و"پێدرۆ فلیکس".

بەر لەدەرکەوتنی ناوی ئەم پێنج کەسە، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، لەنێو پێنج ملیۆن دانیشتوانی شاردا، ورد کاس، بەدوای هونەرمەندە دڵخوازەکەیدا دەگەڕا، بەڵام لەمەودوا، تەنها لەناو ئەو کەسانەدا لێی دەگەڕا کەژمارەیان لەقامکەکانی دەست کەمتر بوو، لەوانەشە لەمە کەمتر: چونکە لەوانەیە یەک یان دوو کەسی تر بەبینینی یەک دوو فیلمی تر، لەو لیستەیە بچنە دەر. لەبەرخۆیەوە گووتی:

– چ کارێکی گەورەم ئەنجام داوە!

ئینجا بیرێکی تر بەمێشکی دا هات و بۆی دەرکەوت کە ئەم کارە، زۆریش ئەستەم نەبووە. با وای دانێین لانیکەم دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار کەس، لە دانیشتوانی شار مێینەن و بەم پێیە لەلێکۆڵینەوەکانیدا، هیچ شوێنێکیان بۆ تەرخان نەکراوە. تەرتۆلیانۆ بە دۆزینەوەی ئەم مەتەڵە پڕ نهێنی و گرنگە ڕۆیشتە چێشتخانە تاکوو بیکا بەجەژن بەهۆی سەرکەوتنی لەبەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانیدا و قاوەیەک بنۆشێ.

هێشتا قومی دووهەم لە قوڕگی نەچووبوە خوار کە دەنگی زەنگی دەرگا بیسترا. فنجانەکەی بەدەستەوە گرتبوو و بیری

ئەکردەوە ئاخۆ ئەبێ کێ بێت. ئەیویست پەرداخەکە لەسەر مێزەکە دابنێت. بەڕاست ئاخۆ کێ بێ؟

لەوانەیە هاوسێی نهۆمی سەرەوە بێت و بیەوێ پرسیاری لێبکات کە هەموو شتێک رێک و پێکە یان نا..

ئەشێ یەکێک لەم کەسانە بێت کە ئەنیسکلۆپیدیا ئەفرۆشێت. هەمان ئەوکتێبانەی کەسەبارەت بەماسی لۆفیۆسیش هەندێک بابەت بلاوئەکەنەوە... لەوانەیە مامۆستای بیرکاری بێت. بەلام ئەوان هەرگیز هام و شۆی ماڵی یەکتریان ئەکردبوو... لە ژێر لێوییەوە گووتی:

ـ ئەی ئەبێ کێ بێت؟

فنجانە قاوەکەی هەڵقوڕاندو لەسەر مێزەکە دایناو بە پەلە رۆشت دەرگاکە بکاتەوە. کاتێک لەساڵۆنەکەوە ئەڕۆیشت، بەنیگەرانی و دڵەڕاوکێوە لەو فیلمانەی ڕوانی کە لەقەراخ دۆلابەکە چاوەڕێی بوون، ئەگەر هاوسێی نهۆمی سەرەوەیان بێت، ئەوا بەهۆی ئەو هەموو زەحمەتییەی رۆژی رابردوو لەخاوێنکردنەوەی ماڵەکەیدا بینیویەتی، بێگومان بێزاری خۆی ئەردەبڕێت و ئەبێتە هۆی شەرمەزاربوونی ئەم. بەلام تەرتۆلیانۆ بیری لەوە کردەوە کە ئیتر گرنگ نییە، چونکە ئەتوانێ چیتر هاتنە ناوەوەی رێگەی ئەدا.

ئەو کەسەی هاتە بەردەم بەردەم تەرتۆلیانۆ، نەهاوسێی نهۆمی سەرەوە بوو و نە کچ و کوڕە گەنجە ئەنسکلۆپیدیا فرۆشەکە. بەڵکە ئەو ژنە بوو کە لەم ڕووداوەدا ناوی ئەهێنرێ، بەلام تا ئێستا لەهیچ شوێنێکدا ئەرنەکەوتەو ناوی ماریاپازو کارمەندی بانکە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، بە وڕی و سەرسوڕمانەوە گووتی:

ـ ئای، ئەوە تۆی...؟

هەڵبەت وا باشتر بوو دوای ئەمە بە ژنەکە بڵێت: "فەرموون، فەرموون! خەریکی خواردنەوەی قاوە بووم.." یاخود: "زۆر چاکت کرد هاتی، وەرە دانیشە تاکوو ریشم دەتاشم و ناوێکی بەخۆم دادەکەم!"

بەلای ئەرتۆلیانۆوە ئەستەم بوو لەبەر دەرگاکەدا بوەستێ و رێگە بدات ماریا بێتە ژوورەوە. خۆزیا لانیکەم بیتوانیایە داوا لەو ژنە بکات کە هەر لەوێدا چاوەڕێ بێت تاکوو ئەو فیلمانە بشارێتەوە کە پێویستی نەدەکرد بیانبینێ. خۆزیا توانیبوایەی بڵێت: "خۆشحاڵم، بەڵام لەکاتێکی زۆر خراپدا هاتی، ئێستا ناتوانم بانگهێشتی ژوورێت بکەم، برۆ، سبەینێ وەرەوە."

بەڵام ئیتر زۆر درەنگ ببوو. جگە لەخۆی هیچکەس لەم نێوانەدا تاوانبار نەبوو. پێویست بوو بیر لەم ئەگەرەش بکاتەوە. مرۆڤێکی بەپارێز، پێویستە بەردەوام ئاگاداری ڕووداوەکان بێت. دەبێ بەردەوام وشیار بێت. پێویستە هەموو ئەگەرەکان پێش بینی بکات و لەهەمووی گرنگتر نابێ هیچ شتێک بەناگرنگ بزانێت. بۆ وێنە نابێ لەگەڵ بیستنی دەنگی زەنگی دەرگا، وەک کەسانی ساویلکە، خێرا بچێت دەرگا بکاتەوە. پەلەکردن هەمیشە دەردەسەری بەدواوەیە.

ماریا پاز وەک کەسێک کەئاشنای هەموو نهێنییەکان بێت. ئەرتۆلیانۆی خستە لاوە و خێرا وەژوور کەوت.

– باشی؟

پاشان بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، بەردەوام بوو:

– پەیامەکەتم بیست. منیش وەک تۆ پێم وایە کە دەبێ پێکەوە قسە بکەین. هیوادارم لەگەرمەی نیشەکانتدا لەکاتتم نەگرتبێ.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ دافۆنسۆ وەڵامی دایەوە:

– قسەی وا مەکە! هیوادارم ببووری کەبەمجۆرە، واتە بەرێشی نەتاشراوو جلی خەو و وەک ئەو کەسانەی تازە لەخەو هەڵدەستن، پێشوازیم لێکردی..

ماریا وتی:

– پێشتریش تۆم بەمجۆرە بینیبوو. بەڵام هەرگیز داوای لێبوردنت لێ نەکردووم!

– ئەمڕۆ مەسەلەکە جیاوازە.

– چ جیاوازییەکی هەیە؟

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

– باشە، نەزانی مەبەستم چییە؟ هەرگیز پێش تر بەمجۆرە
هەروەها ئەمە
بەبیجامەوە..
دەرگام لێ نەکردوویتەوە..
باش لەهەلومەرجێکدایە کە پەیوەندی نێوانمان لەم مانگانەی دواییدا
نەبووە.
نەبووە.. واتە ئەم شتە پێشتر نمونەی
بەسەرسامییەوە
هەردووکیان هاتنە ناو سالۆنەکەوە. دەبوو ژنەکە
بپرسێت:

؟ ئەم هەموو شریتە ڤیدیۆییەدا چ دەکەی ؟

ـ ئەمە چییە؟ لەگەڵ ئەم هەموو شریتە ڤیدیۆییەدا چ دەکەی ؟
بەڵام لەبری ئەمەیان، گووتی:
ـ ناتەوێ ماچم بکەی؟
تەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:
ـ بۆ.. بۆچی..
شێوازی تەرتۆلیانۆ زۆر وشک و بێ گیان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لێوەکانی لە گۆنای ژنەکە نزیک کردەوە. لێوەکانی ماریا پازیش لەلێوەکانی پیاوەکە چوونە پێش و بەتوندی لە ئامێزی گرت.
ماریاپاز لەکاتێکدا کە هەناسەبڕکێی بووو قسەکانی بەئەستەم دەبیستران، گووتی:
ـ لەو کارەی کردم، پەشیمانم و هەست بەشەرمەزاری دەکەم!
ـ بۆ قسەی قوڕ دەکەیت؟ پەشیمانی، شەرمەزاری...! ئەم قسانە چین؟ هەر ئەوەندە مابوو لە دەربڕینی هەستەکانت شەرم بتگرێ و تەریق بیتەوە!
ـ دەزانی مەبەستم چییە. پێویست ناکات خۆت گێل بکەیت! مەبەستم لەو کارەیە... واتە ماچکردنی یەکتری!
ـ ئێمە یەکترمان ماچ نەکرد!
ژنە گووتی:
ـ بەڵێ. من تۆم ماچکرد..
ـ هەڵبەت منیش تۆم ماچکرد.
ـ بەڵێ، چونکە هیچ چارەیەکی ترت نەبوو.
ـ ئیستانیش دەتەوێ بابەتەکە گەورەتر لەخۆی نیشان بدەیت!

ـ بۆچی وا نەکەم؟ من هاتوومەتە ماڵی کەسێک و ئەو کەسەم لەئامێز گرتووەو هاتوومەتە ماڵی کەسێک کە چیتر منی ناوێت.

ـ بەڕاستی نازانم بۆچی بەمجۆرە بیر دەکەیتەوە! یانی پێت وایە من تۆم ناوێت؟

ژنە گووتی:

ـ دواهەمین جار کە یەکتریمان بینی، بە تێروتەسەلی ئەم بابەتەت بۆ شیکردمەوە!

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ بەڵام هەرگیز نەمگووتووە من تۆم ناوێت!

چەند هەنگاوێکی تر ڕۆیشتنە پێش و دواجار ژنەکە ئەو شتانەی باسکرد کە لەسەرەتای هاتنە ژوورەوەدا لە مێشکی دابوون:

ـ ئەمە چییە؟ ئەم هەموو شریتە ڤیدیۆییە چین لێرە؟

تەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ کەرەستەی نیشە تازەکەمن.

هەوڵی دەدا چاوەکانی لەچاوی ژنەکە نەبڕێت. مارییاپاز گووتی:

ـ ئەوەندەی من دەتناسم، بۆم دەرکەوتووە جگە لەفێرکردنی مێژوو لەقوتابخانە هیچی تر ناکەیت!

لەهەمانکاتدا چاوێکی لەشریتی "هاوسەنگی ترس" کردو بەردەوام بوو:

ـ پێم وا نییە ئەم فیلمە پەیوەندییەکی بەکارەکەی تۆوە هەبێت.

ـ هیچ شتێک و هیچ کەسێک ناتوانێ هانم بدات کەهەموو ژیانم تەنها وانەی مێژوو بڵێمەوە.

ـ وایە. بەڵام لەهەمانکاتدا بینینی ئەم هەموو فیلمە لەم ساڵۆنەدا، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات. دەڵێی کتوپڕ عاشقی سینەما بوویت. لەکاتێکدا تۆ لەڕابردوودا، حەزت لەفیلم نەبوو!

ـ پێمگوتی ئەمانە کەرەستەی تازەی نیشەکەمن. خەریکی خوێندنەوەی بابەتێکم لەسەر کۆمەڵناسی.

ژنە گووتی:

ـ ڕاستە من تەنها کارمەندێکی سادەی بانکم، بەڵام مێشکی بچووکم پێم دەڵێت کە تۆ ناتەوێ ڕاستیم پێ بڵێیت.

تەرتۆلیانۆ بە تووڕەییەوە گووتی:

ـ ڕاستت پێ ناڵێم؟ باشە ڕاستیت پێ ناڵێم. هەر ئەوە مابوو تۆ بەدرۆزن تاوانبارمان بکەی!

ـ پێویست ناکا تووڕە بیت. ئەو شتەی بەمێشکم گەیشت، دەرمبڕی.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ ڕاستە من نموونەی مرۆڤێکی کامڵ نیم، بەڵام ناتوانی ناڕاستگۆیی و درۆزنی بەبەشێک لەتایبەتمەندییە خراپەکانی من بزانی. خۆزیا منت باشتر دەناسی.

ـ باشە داوای لێبوردنم هەیە!

ـ بووراوی. باشترە ئیتر لەمبارەوە قسە نەکەین.

ماریا پاز لەسەر قەنەفەی بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشت و گووتی:

ـ هاتووم قسەت لەگەڵ بکەم، بۆیە شریتە ڤیدیۆییەکان سەرنجم ڕاناکێشن.

لەژوورەکەوە دەنگی بولبول دەبیسترا. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەر بەو ڕواڵەتە گاڵتەجاڕییەی هەیبوو، لەبەرامبەر ژنەکە دانیشت و دەستی کرد بەقسەکردن:

ـ بەبڕوای من..

ماریاپاز قسەکانی پێ بڕی:

ـ سەبارەت بە چی دەتەوێ قسە بکەیت؟ خۆمان یان شریتەکان؟

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ دوایی سەبارەت بەخۆمان قسە دەکەین، ئێستا دەمەوێ باسی ئەو کارەت بۆ بکەم کەئەنجامی دەدەم.

ئینجا بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ ما. دەیەویست هەمان ئەو چەکە بەکار بێنێت کە فرۆشیاری شریتەکان ئەوی پێ گێژ کردبوو، هەر چەند بەباشی دەیزانی کە دەیەوێ درۆ بکات، بەڵام پێی وابوو چونکە درۆی بەرژەوەندییە، هیچ کێشەیەک نییە. بەم پێیە، درێژەی بەقسەکانی دا:

ـ پاڵنەری من بۆ بینینی ئەو فیلمانەی بەرهەمهێنەرەکەیان یەکە و بەریکەوت هەڵدەبژێردرێن، دەرئەنجامی ئەو بیرەیە کە ماوەیەکە دەمەوێ بەرنوەی بەرم: ڕاکێشانەکان، حەزەکان، ڕاستییەکان، پەیام و نیشانەکانی باوەڕداری.. یان باشترە بڵێم ئەوانەی پەیوەندییان بەبەرهەمهێنەری فیلمەوەهەیە کە ورد ورد بیانخاتە بەر چاوی بینەرانی...

پەیوەندییەکی بەمامۆستایەکی مێژووە هەیە؟
- ئەم بیرە کتوپڕە لەکوێوە هاتووە؟ باشە ئەم کارە چ

ئەرتۆلیانۆ بەئەسپایی گووتی:
- هەر"ئەمڕۆ" لەبارەی ئەو مێژووەی کە دەیخوێنینەوە، دەینووسین یاخود فێری ئەوانی تری دەکەین، سوونەمەندە. ئەم بابەتە بۆ هەر ڕێبازێک، هەلگری ئەو پەیامانەیە کە پێیان دەگوترێ نیشانەکانی باوەڕ و ئەوگۆڕانە کرداریو زمانەوانییانەش لەخۆ دەگرێت کە کەڵکیان لێوەردەگیرێت. هەڵبەت لەم حاڵەتانەدا نابێ زۆربوونی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و ئاستی دەرکو تێگەیشتنیان فەرامۆشبکرێ. سەبارەت بەسینەماش هەربەمجۆرەیە. سینەما نیشانە نیماندارییەکان بە خێرایی و لەئاستێکی بەربڵاودا دەکاتە بابەتی پڕوپاگەندە.

لەپڕا بێدەنگ ما. ماریاپاز چاوێکی ستایش ئامێزی لێکرد. بەهەر حاڵ ئەرتۆلیانۆ مامۆستایەکی مێژووی هاوچەرخ بوو و تواناکاری خۆی لەم بوارەدا بەسمیناڕو تاقیکارییە گەورەکان نیشان دابوو. دواجار جێگەی سەرسوڕمان نیە کە لەبارەی ئەو شتەی قسەی لەسەر دەکات، ئاشناییەکی تەواوی هەبێت. لەهەمانکاتدا، ماریاپاز ڕایگەیاند کە تەنها کارمەندێکی سادەی بانکە و هیچی تر.

دەنگی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەئەنجامی زۆر قسەکردندا، هەندێکجار دەلەرزی و ڕەوان بێژی و شەیدایی جارانی نەدەما. ماریا لەمەوە، زۆر باش تێگەیشت کە ئەو پیاوە سەبارەت بەمێژوو، هەندێک دڕۆ لەچوارچێوەی ڕستەی ڕاستەقینەدا پێشکەش بەم

ئەکات و ئەیسەپێنێ. ئەتگوت کەسێک ئەمەی پێ ڕاگەیاندوە، ئەنا هۆکارێک لەئارا نانەبوو کتوپڕ نیگای پڕ لەستایشی خۆی لەبەرامبەر تەرتۆلیانۆدا بگۆڕێت بەهەستێکی پڕخەم و سۆز. هەڵبەت کەس نازانێت ئەم هەستە سەبارەت بەخۆی بوو یان سەبارەت بە تەرتۆلیانۆ؟

بێدەنگییەکی قورس باڵی بەسەر ساڵۆنەکەدا کێشا. ماریا ئەیتوانی لەهەمان ساتەکانداو بەسوودوەرگرتن لەو دەرفەتە، سەری قسەکان بگرێتە دەست خۆی و بۆ سەرکوتکردنی تەرتۆلیانۆ. بۆ نموونە بڵێت:

_ باشە ئەگەر ئەو قسە گەمژانەی سەبارەت بەنیشانەکانی نیمانداری دەیانکەی، تەواو بوون، ڕێگە بدە با دەربارەی خۆمان قسە بکەین..

بەڵام گرییەکی گەورە کە لەترسەوە سەرچاوەی گرتبوو، گەرووی گرتبوو. ترس لەوەی کە نەکا بچووکترین ئاماژە، ببێتە هۆی شکانی شووشەی ناسک و بێگەردی هیواکانی. بۆیە بێدەنگ ما تا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، درێژە بەقسەکانی بدات.

تەرتۆلیانۆ چاوی بڕیبووە عەرزەکە، ئەتگووت سەیری ئەڵەکانی ئەکات. بەڵام حەقیقەت شتێکی تر بوو. تەرتۆلیانۆ زاتی نەبوو چاوەکانی لەجێگەیەکی تر بیبڕێت، نەکا نیگای لەسەر لیستی ناوی ئەکتەرەکان، نیشانەکانی زانید. ئەو هێل و پرسیارانە بوەستێنێت کە لەسەر مێزەکەی بوون و پەیوەندییەکیان بەنیشانەکانی نیمانداریییەوە نەبوو.

ـ قاوە دەخۆیتەوە؟
ماریا پاز دەیتوانی بە وشکی وەلامی بداتەوە:
ـ تا ئەهاتوومەتە ئێرە تا قاوە بخۆمەوە؟
بەپێچەوانەوە، هەوڵیدا خۆی هەندێک ماندوو نیشان بدات، تاکوو پیاوەکە وا تێبگات تووڕەیە و گووتی:
ـ بەڵێ.
ئەنجا یەکسەر گووتی:
ـ خۆم دروستی دەکەم.
لەسەر قەنەفەکە هەستا و ڕاست بەرامبەری تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ وەستا. هەر چەندە پیاوەکە حەزی دەکرد لە ئامێزی بگرێت یان بەتوندی دەستی بگوشێت، بەڵام چونکە ئەو ئەندێشەیە لە مێشکیدا هەبوو، کە ڕێگە نەدات ماریا پاز فیلمەکان ببینێت و هەتا دەرفەت هەیە لەسەر مێزەکە کۆیان بکاتەوە، نە تەنها لەم کارە خۆی بوارد، بگرە ژنەکەی بەرەو موبەقەکە پاڵ پێوەنا.
ـ ئەری، برۆ قاوە دروست بکە تا منیش ئەم ژوورە شپرزەیەی ئێرە کەمێک ڕێک دەخەم.
ئەو ڕووناوەی ئەدەبوو بقەومێت، قەوما.
ـ سەرەتا دەبێ نهێنییەکەی بدۆزمەوە!
تەرتۆلیانۆ حەپەسا. لەکاتێکدا کە لیستی ناوەکانی لەناو دەست دابوو، پرسی:
ـ چیت وت؟

ـ بەردەوام بۆ ڕێکخستنی ئاڵۆزییەکان. پێویستە نهێنییەکەی بدۆزیتەوە.

ـ ئەمەت لە کوێ بیستووە؟ لە کوێ خوێندوتەتەوە؟

ـ نا، هەروا هات بەمێشکمدا. پێم وا نییە لەجێگەیەک بیستبێتم یان خوێندبێتمەوە.

تەرتۆلیانۆ پرسی:

ـ بەڵام ئایا دەتوانی بەجارێک ئەم ڕستەیە بڵێیت؟

ژنە گووتی:

ـ بەڵێ. چ شتێکی سەیر لەم ڕستەیەدا دەبینی؟

ـ هەڵبەت!

ـ لەڕاستیدا نازانم. لەوانەیە بۆیە گوتبێتم چونکە لەبانکدا بەردەوام ڕووبەڕووی لۆگاریتم و هێما دەبینەوە. ئەوکەسانەی هیچ شتێک لە بیرکاری نازانن، بەلایانەوە لۆگاریتمەکان بەردەوام ئاڵۆزو نارێکن. واتە ئەو ڕێک و پێکییەیان نییە کە پێویستە هەیان بێت. هیچ مانایەکی ڕاست و دروستیان نییە. ئەم ڕێکخستنە، هێمایەکی هەیە کە پێویستە بەر لەڕێکوپێک کردن، بدۆزرێتەوە.

ـ بەڵام ئێمە لێرە لۆگاریتممان نییە!

ـ وایە، بەڵام خۆ نارێکی و ئاڵۆزییمان هەیە! تۆ خۆت گوتت..

ـ ئەمانە تەنیا چەند شریتی ڤیدیۆن کەشپرێوو بەسەریەکدا کەوتوون.

ـ جگە لەمە فیلمە تۆمارکراوەکانی سەریشیان. هەر پەرش و بڵاون. هەمیشە پێویستە بچیتە ناخی ئاڵۆزییەوە و ڕێک وپێکی بکەیت.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ من ناتوانم لەوە تێبگەم کە ئەم بیرانە لەکوێوە بەمێشکت گەیشتوون.

ـ چ بیرێک؟

ـ ڕێکوپێک کردن. ڕۆیشتن بۆ ناخی ئاڵۆزییەکان و دۆزینەوەی نهێنی!

ژنەکە گووتی:

ـ مەبەست ئەوەیە لەم ماوەیەی یەکترناسینەدا. هەرگیز هەتا ئەو ڕادەیە منت ژیرو وشیار نەهاتۆتە بەرچاو؟ واتە بڕیار نەبووە ئەم بیرانە بەمێشکم بگەن؟

ـ نا، مەبەستم ئەمە نییە. تۆ زۆر ژیر و تێگەیشتووی. بەڵام.. بەڵام..

ـ پێویست ناکات وشەکانی تر دەربڕیت. دەزانم دەتەوێ بڵێی لەتۆ وشیارتر نیم. چونکە هەرگیز کارمەندێکی ئاسایی بانک و مامۆستایەکی مێژوو پێکەوە بەراورد ناکرێن!

ـ تکایە تانەم لێ مەدە. هەرگیز نەموتوە لە تۆ وشیارترم.. مەبەستم لەم پرسیارانە تەنها دەربڕینی سەرسامیمە. سەبارەت بەو قسەیەی کردووتانە.

ـ بەڵێ.. دەزانم.. تۆ مامۆستای مێژوویت، بەڵام پێم وابێ دەشزانم كە پێشینیانیشمان سەرەتا بیرۆكەكانیان لە مێشكدا پەروەردە كردووەو پاشان نازناوی وشیاریان پێ بەخشراوە.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ ئەمەش ناڵۆزییەكی ترە..

ماریا پاز پێكەنی و گووتی:

ـ بەر لەوەی زۆر گاڵتە بكەیت، دەڕۆم قاوەیەك ئامادە دەكەم.

لەوكاتەدا كە بەرەو موبەقەكە دەڕۆیشت، وتی:

ـ ئەو ناڵۆزییانە ڕێكوپێك بكە. مەكسیمۆ! ڕێك و پێكیان بكە!

خێرا لیستی ناوی ئەكتەرەكانی خستە ناو چەكمەجەوەو كلیلی دا. شریتە پەرش و بڵاوەكانی خستە ناو قەباخەكانیانەوە. فیلمی "هاوسەنگی ترس"یشی لەناو ڤیدیۆكەدا دەرهێناو خستیە پاڵ ئەوانی تر. وا بەخێرایی شریتەكانی كۆ كردەوە كەهەرگیز نموونەی نەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا، وێدەچوو ئەرتۆلیانۆ مەكسیمۆ ئافۆنسۆ، بەر لەدەستپێكردن، شەڕەكەی دۆڕاندبێ. چیتر نەیدەتوانی. بەو ژنەی لەموبەق خەریكی دروستكردنی قاوە بوو، بڵێت: "ئیتر پەیوەندی نێوانمان كۆتایی هاتووە، لەمەودوا تەنها هاوڕێی یەكترین.. تەنها هاوڕێ و بەس.. ئیتر مەیلی جارانم بۆ تۆ نەماوە." یاخود پێی بڵێت: "هاوڕێ جوانەكەم.. لەمڕۆ بەدواوە ئیتر تۆ ڕێگەی خۆت بگرە و منیش هەروا."

بۆچوونەكانی ئەرتۆلیانۆ مەكسیمۆ ئافۆنسۆ لەمێشكیدا بەدوای كردارێكدا دەگەڕێت كە شێوازی هێرش بردن تیایدا تووشی

ئەو بەردەوام زیاتر لەمن متمانەی بەخۆی هەبووە...

شکست هاتووە: ئایا کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەڵس و کەوتی ماریا پاز؟ بەخۆی گووت:

ـ ئەو بەردەوام زیاتر لەمن متمانەی بەخۆی هەبووە. روالەتێکی لەپڕێکا هۆکاری تێکشکانەکەی بەئاشکرا دۆزییەوە. روالەتێکی شێواو، قژی شانە نەکراو، ریشی نەتاشراو، نەعل و بیجامەی درێژ.. ئەگەر کەسێک بیەوێت بڕیارێکی دروست بدات، یان کارێک بکات کە سەرکەوتنەکەی مسۆگەر بێت، جلێکی رێکوپێک، بۆینباخ و پێڵاوی جوان کە بەشتی گرنگ دادەنرێن. هەرگیز نابێ ئاور بداتەوە، چونکە مەترسی گەورەی بەدواوەیە، لەلایەکی ترەوە ئەرتۆلیانۆ بە باشی دەیزانی لەهەر کارێک و لەهەر بارێکدا، ماریا پاز دەستپێکەرە. بەم پێیە پێویست بوو کارێک بۆچەک کردنی ئەنجام بدات. نابێ لە سالۆنەکەدا هەروا چاوەڕێ بمێنێتەوە، تاکوو ژنەکە قاوە دروست دەکات و دەیهێنێت. دوای خواردنەوەشی لەوانەیە ماریا بڵێت: "هەتا تۆ شتەکان رێک و پێک دەکەیت، منیش فیلمێکیان سەیر دەکەم." لەوانەشە هەر کە شریتەکەی خستە ناو ڤیدیۆکەوە، لەوپەڕی بێ بەختیدا، کتوپڕ دەرکەوانی هۆتێل یان سندووقداری بانک کە لە ئەرتۆلیانۆ دەچێت، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دەرکەوێت و ماریا پاز هاوار بکات:

ـ وای، مەکسیمۆ! وەرە، زوو بە، سەیری کە! ئەم ئەکتەرە لێکچوونێکی سەیری لەگەڵ تۆدا هەیە.

ج

نوقمی ئەم خەیاڵانە بوو کە دەنگی پێی ماریا پاز لەموبەقەوە بیسترا. دوو پەرداخ قاوە، شەکردانێک و چەند بیسکویتێک. بۆ تێرکردنی ئارەزووی سک، لەسینیەکەدا بەرچاو دەکەوت.

هەموو شتەکان بەجۆرێک روویاندا، کە تەرتۆلیانۆ تەنانەت بەخەونیش نەیدەبینی.

ژنەکە بەرپستەیەک کە هیچ نیشانەیەکی دوژمنایەتی تیدا نەدەبینرا، بێدەنگی شکاند و تەرتۆلیانۆی ئەهوەن کردەوە:

ـ هەروا کە تۆ خەریکی ڕێکوپێک کردنی، منیش لەموبەق پەرداخەکان دەشۆم. پاشان بەتەنها جێت دەهێڵم، تاکوو بۆخۆت بخوێنیتەوە.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ خوێندنەوە! خوێندنەوە!.. هەر باسیشی مەکە!

خێرا رۆیشتە حەمام، ریشی پاک پاک تاشی، قژی شانە کردو گەرایەوە موبەق تاکوو پەرداخەکان لە ژنەکە وەربگرێت و وشکیان بکاتەوە.

نیشانەکانی ژیانێکی لەبار بەباشی دەبینرا. پیاوێک پەرداخەکانی وشک دەکردەوەو ژنێک لەدەستی وەردەگرت. دەتگووت هەموو شتێک بۆئەوە ئامادە بووە تا ڕووداوێکی تایبەت بقەومێ. لەوانەشە هەموو شتێک ڕێکەوت بێ..

ماریا پاز دەستەکانی بەرز کردبۆوە تاکوو پەرداخەکان لەجێگەی خۆیان دابنێت. ئەیدەویست کەمەری بخاتە بەردەست پیاوێک کە ناتوانێ بەسەر هەوەسیدا زاڵ بێت.

نیار نییە کە ئەم ئیمەنە تاکەی بەردەوام دەبێت. ئایا کۆتاییەکەی، وەک دوایین گڕی مۆمە بەرلەخامۆشی؟ واتە هەمان ئەوساتانەی درەوشانەوەیەکی جوانی هەیە.

تەرتۆلیانۆ بیری لە ناکۆکییەکانی ژیان دەکردەوە. هەندێک جار بۆ سەرکەوتن لە شەڕێکدا، پێویستە بەتوندی شکست بخۆیت. لەم بوارەدا، سەرکەوتن جگە لە ئاراستەکردنی باسێک بەرەو لێکترازان شتێکی تر نییە. چونکە تەرتۆلیانۆ دەیویست بەهەرشێوەیەک بووە سەرنجی ماریا پاز لەسەر شریتەکان لادات. جا ئەمە لەڕێگەی هێنانە گۆڕی خوێندنەوەوە بێ یان لەڕێگەی گفتوگۆیەک سەبارەت بەنیشانەکانی باوەڕداری. هەر چۆنێک بێت. بەگوێرەی بۆچوونی گشتیی خەڵک، ناکرێ هەموو شتێکت پێکەوە هەبێت و لەڕاستیدا ئەمە هەمان هاوسەنگی نێوان سەرکەوتن و شکستە.

لەلایەکەوە، ماریاپازیش کاتێک دەیەویست بێتە ماڵی تەرتۆلیانۆ، هەستی دەکرد ناتوانێ بەبێ هەستی شەرمەزاری و تێکشکان لەوێوە بێتە دەر. بەڵام زۆری نەخایاند تێگەیشت کە دەتوانێ بەئامانجی سەرەکیی خۆی بگات. کە خەوتن بوو لەگەڵ ئەو پیاوەی بەدڵییەتی.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پێشنیاری کرد پێکەوەو لەدەرەوە خواردنی نیوەڕۆ بخۆن.

ــ نازانم دەتوانی بێیت یان..

ــ بێگومان دەتوانم!

ــ ئەی دایکت؟

ــ پێم گوتووە لەوانەیە بۆ خواردنی نیوەڕۆیە نەیەمەوە.

ــ پیانوویەک بۆ ئەوەی بێیە ئێرە؟
ــ نا.. چونکە کاتێک بڕیارمدا بێم بۆ ئێرە، لەماڵ نەبووم.
ــ باشە، بڕیارێکی ڕاست بوو؟
ــ بەڵێ.. چونکە هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە..
ئەرتۆلیانۆ گووتی:
ــ ئێمە قسەکانمان بەیەکتری گووت.
ماریا پاز بەنیگەرانیەوە پرسی:
ــ مەبەستت چییە؟
ــ مەبەستم ئەوەیە هیچ شتێک لە نێوانمان دا نەماوە.
ــ ئاخ، بەڵێ.
ــ ئێستا با بۆ خواردنی نیوەڕۆ بڕۆینە دەرێ و ئیتر سەبارەت بەم بابەتە قسە نەکەین.
ــ چ بابەتێک؟
ــ هەر ئەم باسەی کە لەسەری کۆک نین...
ــ قسە دەکەین.
ــ نا قسە ناکەین.
ــ قسە دەکەین.
ــ بەمجۆرە، هەورە ڕەشەکان لەئاسمانی پەیوەندیی نێوانیان ڕەوینەوەو دوور کەوتنەوە. لەداهاتوودا ڕوون دەبێتەوە ئەگە بیر لەجودایی بکەنەوە، کە بەیانی هات، بیر لەبەیانی بکەنەوە. فەلسەفەیەکی چەند ڕاستە! باشترین فەلسەفەی دنیایە! هەتا بەیانی نەیەت، نازانی ئایا چ شتێک پەیوەندی بەبەیانیەوە هەیە. بۆیە

پێویستە ڕێگە بدەین ئەو دوو کەسەش پێکەوە بڕۆن و خواردن بخۆن. نۆشی گیانیان بێ!

"پاش خواردنی نیوەڕۆ، دەیگەیەنمەوە ماڵێو دەگەڕێمەوە تاکوو شریتەکان سەیر بکەم.. بەڵێ، شریتەکان.."

– چ بیرۆکەیەکی چاکە!

دەنگی نەناسراوەکە، ماڵئاوایی کرد. ماریا پاز هەستابوو و گوێی لەدەنگی خوڕەی ئاو بوو کە لەحەمامەکەوە دەهات. جاران، پێکەوە حەمامیان دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان هیچکامیان بیریان لەوە نەکردەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن. لەگەڵ ئەمەشدا، مرۆڤ پێویستە قەناعەت بەو شتە بکات کە هەیەتی و خۆش ڕابوێرێ. نەک لەبەر ئەوەی کە شتێکی کەمە، هەموو ئەو شتانە لە دەست بدات کە هەیەتی.

ماوەیەک لەپێنجی پاش نیوەڕۆ تێپەڕیبوو کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گەڕایەوە ماڵ. چەکمەجەی مێزەکەی کردەوەو لیستی ناوی ئەکتەرەکانی دەرهێنا و بیری لەوە کردەوە کە کاتێکی زۆری بەفیڕۆ داوە.

بەرێکەوت، "لەباوەشکردن"و "فریشتەکانیش سەما دەکەن" ناوی ئەو دوو فیلمە بوون کە نەیدەزانی کامیان هەڵبژێرێ و سەیریان بکات. لەوانەیە هیچ کامیان نەخاتە ناو ڤیدیۆکەوە. ڕێگەی دوایی هەڵبژاردو بۆیە نەیزانی ئەو ئەکتەرەی ئەو لێی دەگەڕێت، لەیەکێکیان دا ڕۆڵی بەرپرسی مێزێکی قومارخانەو لەئەوی تریاندا ڕۆڵی مامۆستایەکی سەما دەبینێ.

لەپڕێکدا لەو بڕیارە پەشیمان بۆوە کە بەر لەریزکردنی فیلمەکان دابووی.

بۆچی بە گوێرەی بەرهەمهێنانیان، لە کۆنەوە بۆ نوێ، فیلمەکانی ڕێک نەخستبوو؟ هەڵچوو و بیری کردەوە باشتر وایە ئەم ڕەوتە دووپات و تاقەت پڕوکێنە تێک بشکێنێ.

ــ سەرەتا سەیری گۆڕەپانی فریشتەکان دەکەم.

هێشتا دە دەقە لەدەسپێکردنی فیلمەکە تێنەپەڕیبوو کەئەو ئەکتەرەی لەڕۆڵی بەرپرسی شانۆدا بەدیکرد.

پاش نیو سەعاتێک، بێ-تاقەت بوو و شریتەکەی هەتا کۆتایی تێپەڕاند. بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکەی، ئەوناوەی لەلیستی هونەرمەندەکاندا بەرچاو نەکەوت. شریتەکەی گەڕاندەوە بۆ سەرەتا و بووە مایەی سەرسوڕمانی.

لەپەخشی بەر لەدەستپێکردنی فیلمەکەدا، ناوی ئەو ئەکتەرە نووسرابوو کە ڕۆڵی بەرپرسی شانۆی هەیە. نووسرابوو: "دانیال سانتا کلارا"!

دۆزینەوەی نهێنییەکان لەپشووی کۆتایی هەفتەدا. مایەی ستایش بوو. شایانی ئەوە بوو کە خەڵکی تریشی لێ ئاگادار بکاتەوە. بۆ وێنە ئەندامانی بنەماڵە ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر پێیان گەیشت. حەزی دەکرد بەهۆی ئەم سەرکەوتنەوە هەموویان کۆ بکاتەوەو بۆ کەباب یان هەمبەرگرخواردن میواندارییان بکات. بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە لەهەلومەرجی ئەو رۆژەدا، کەسێک نەبوو ناوی ئەو ئەکتەرەی پێ بڵێت کە لەخۆی دەچێت. لەلایەکی دیکەوە، دەبوایە دۆزینەوەی پشووی کۆتایی هەفتە بەشاراوەیی بهێڵێتەوە.

تەنانەت وێناکردنی ئەم هەلومەرجەش دژوارە. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بڕواتە لای ماریا پاز یان مامۆستای بیرکاری و بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە کە ناوبەر دەخاتە نێوان قسەکانیەوە، هاوار بکات:

– دۆزیمەوە! دۆزیمەوە! ناوی دانیەل سانتا کلارایە!

بیری کردەوە ئەگەر بڕیار بێت وەک ئەوانیتر لەژیانی خۆیدا نهێنییەکی هەبێت، بێگومان، دەتوانێ ئەم بابەتە هەڵبژێرێ.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەهۆی ترس لەئاینده. جگە لە شاردنەوەی ئەم نهێنییە چارەیەکی تری نەبوو. نەیزانی ئەو کەسەی لەو دەچێت ناوی دانیال سانتا کلارایە. بەڵام چ سوودێکی هەبوو؟ وەک ئەوە بوو بزانێ لە ئاسماندا ئەستێرەیەک هەیە بەناوی ئالفا.

کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلم لەکۆتایی هەفتەدا پشووی هەبوو. هەموو کارمەندەکانیش وەک سەرجەم خەڵکی لەپشوو دابوون. کەواتە تەلەفۆنکردن سوودێکی نەبوو، چونکە لەباشترین هەلومەرجدا، پاسەوانەکە تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت و دەیگووت:

– ئەمڕۆ پشووە، دووشەممە زەنگ لێبدەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆش ناچار دەبوو بڵێ:

– پێم وابوو کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلم دەبێ هەموو رۆژانی خودا ئیش بکات، بەتایبەت لە وەرزی بەهارو هاویندا.. چونکە دەتوانێ زۆرترین کەڵک لە خۆرەتاو وەربگرێت.

پاسەوانەکەش وەڵامی دەدایەوە:

– ئەم شتانە پەیوەندی بەمنەوە نییە. من تەنها پاسەوانێکم.

– پاسەوانێکی چاک، دەبێ ئاگاداری هەموو شتێک بێت!

– بەڵام ئەوان بۆ ئەو کارەی ئێوە باسی دەکەن، پارەم نادەنێ.

– مخابن!

پاسەوانەکە بەکەنفتی دەیپرسی:

– ئیشێکی ترت نییە؟

– باشە. لانی کەم بڵێن کێ دەتوانێ سەبارەت بە ئەکتەرەکان هەندێ زانیاریم پێ بدات؟

ـ نازانم.. هیچ شتێک نازانم.. پێم گووتی کە من تەنها پاسەوانێکی سالۆنم.

ئینجا بەتوورەییەوە هاواری دەکرد:

ـ دووشەممە زەنگ لێبدەنەوە!

ئەمەش لەکاتێکدایە ئەگەر نەیەوێت جنێوی پیس بە بەرامبەرەکەی بدات.

تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەوندەمەدا کە لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، ئەم خەیاڵانەی بە مێشکدا دەهات.

ـ چارەیەکی ترم نییە جگە لەوەی هەتا دووشەممە چاوەڕێ بکەم.

کەمەی نازاری هەبوو. دڵی دەلەرزی و سام گرتبووی، بەڵام ئەم حاڵەتە تەنیا چەند چرکەیەکی خایاند. بۆنەوەی زۆر بیر نەکاتەوە، بڕیاریدا لەمێشکیدا بەو کارانەدا بچێتەوە کە لەپشووی کۆتایی هەفتەدا دەبێت ئەنجامیان بدا. ئەیتوانی سەعاتەکانی تەژی بکا. دەکرا سەیری فیلمەکانی تریش بکات، بەڵام ئەم کارە سوودێکی ئەوتۆی نەبوو و زانیارییەکی وایشی نەدەخستە بەر دەست. جگە لەوەی هەندێک ڕۆڵی تری وەک کارمەندی ئاگر کوژێنەر، بەرپرسی قومارخانە، دز، تەلارساز، مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و نەکتەرێک کە چاوەڕێیە ڕۆڵی خۆی ببینێ. دەیتوانی تەلەفۆن بۆ ماریاپاز بکات و بانگهێشتی ماڵێ بکات. ئەگەر ئەمڕۆش نەکرا، سبەینێ.. بەڵام ئەمەش جگە لە ژانە سەر هیچ شتێکی تری بەدواوە نەبوو. پیاوێک کە پێی وابێ بەڕێزە، هەرگیز داوا لە ژنێک ناکات

بێتە بینینی. جگە لەمانە، مارياپاز هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەو کارانە نەبوو کە تەرتۆلیانۆ بەهیوا بوو ئەنجامیان بدات.

لەپڕێکا بیری کردەوە: "ئەگەر چاوێک بەڕیبەری تەلەفۆندا بخشێنم، دەتوانم شوێنی نیشتەجێ بوونی بدۆزمەوە. لەم حاڵەتەدا هیچ پێویست ناکا پرسیار لەکۆمپانیای بەرهەمهێنەر بکەم. ئەگەر هەلومەرج لەباربوو دەتوانم بچمە ماڵەکەیان. ئاشکرایە پێویستە بەپارێزەوە ڕەفتار بکەم، قەلافەتم بگۆڕم.." دوبارە گەدەی ژانی کرد. نەیدەویست دان بەوە دابنێ کە جۆش و خرۆش بەسەری دا زاڵ بووە. ڕێبەری تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و لە پیتی S گەڕا. ئەوەندەی هەڵدایەوە تاکوو گەیشتە ناوی سانتا کلارا. بەڵام لەپێش چەند پاشناوێکی سانتا کلارادا، ناوی دانیال نەدەبینرا. خۆی نیگەران نەکرد. ڕێگەی تر هەبوو بۆ دۆزینەوەی وەها ناوێک. دەیزانی کە ڕێبەری تەلەفۆن بۆ ئاسایش و پۆلیسەکان یەکەم سەرچاوەیە. بەڵام ئەم سەرچاوەیەش هەندێکجار لەپێشکەشکردنی زانیاری تێروتەسەل دادەمێنێ.

یەکەمین بیرێک کە بەمێشکی تەرتۆلیانۆ گەیشت، ئەوە بوو کە لەوانەیە دانیال ئەستیل حەزی نەکردبێ ناوو پاشناوی خۆی بە دائیرەی تەلەفۆن بدات، تاکوو لەڕیبەری تەلەفۆندا بینووسن. زۆر کەسی گرنگ، کاری وا دەکەن تاکوو کەس سنووری تایبەتمەندیان نەبەزێنێ. بۆوێنە خاوەن پیشەکان، بەرپرسانی کاروباری ئابووریی کارگەکان، سیاسەتمەدارە گەورەکان، ئەستێرەکان، هەسارەکان، ئەستێرە کلکدارەکان و گاشەبەرەکانی سینەما: نووسەرانی

بەناوبانگ، فۆتبۆلیستەکان، شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی فەرمۆل یەک: نمایشکەرانی جل و ئەو تاوانبارانەی کە شارەزایی جیاوازیان هەیە لەتاوانی جۆراوجۆردا. لەنموونەی دواییدا، تەنانەت ئەگەر ناوبانگێکی جیهانیشیان هەبێت، ناتوانی ناوی ئەوان لەڕێبەری تەلەفۆندا بدۆزیتەوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بیری لەوە دەکردەوە کە نەبوونی ناوی دانیال لەبەرامبەر چەند پاشناوی سانتا کلارادا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لەیەکێک لەو ماڵانەدا نەبێت. بۆ نموونە لەوانەیە ئەم ژمارە تەلەفۆنانە، هی باوەگەورەی خوالێخۆشبووی دانیال بێت. ئەم ڕووداوە چیرۆکە کۆنەکانی منداڵانمان دێنێتەوە بیر. باس لەوە دەکات کە بۆنموونە هۆکاری سەرەکیی تێکشکان لە شەڕێکی گرنگدا، شکانی ناڵی ئەسپێک بووە لەبەردەی شەڕدا.

هەر کەسێک ئەوی بەو ڕواڵەت شێواو و بەپشتی چەماوەو ئەنیشک لەسەر ئەژنۆ و سەر لەناو دەست ببینیایە، بۆی دەردەکەوت کە بیری چەندە ئاڵۆزو نیگەرانە. ڕێک لە یاریزانێکی شەترەنج دەچوو کە بەگژفکرەوە ڕۆچووبێتو نزیکەی نیوسەعات لەجێگەی خۆی نەجووڵێتەوە.

نیو سەعاتی تریش تێپەڕی، لەپڕێکدا لەجێگەکەی هەستا، بەرەو مێزی نووسین ڕۆیشت، ڕێبەری تەلەفۆنەکەی کردەوە و لەناوەکانی سانتا کلارا ڕاما. دیار بوو کە بڕیارێکی گرنگ و شیاوی ستایشی داوە. بوێریی دەبووە هۆکاری پێشکەوتنی کارەکانی.

ژمارە تەلەفۆنی یەکەمین سانتا کلارای لیدا و چاوەڕێ ما. کەس وەڵامی نەدایەوە. تەنانەت پەیام گریشی نەبوو.

ژمارە تەلەفۆنی دووهەمی سانتا کلارای لیدا. ژنێک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

– فەرموون!

– ئێوارەت باش خانم. ببوورن کە بێزارتان دەکەم. دەمەوێ لەگەڵ بەڕێز دانیەل سانتا کلارا قسە بکەم. پێیان گووتووم ئەمە ژمارە تەلەفۆنەکەیەتی و لەوماڵەدا دەژی.

– بەهەڵە داچوون. ئەو هەرگیز لەم ماڵەدا نەژیاوە.

– بەڵام پاشناوەکەی...

– ڕێکەوتە.. وەک زۆر ڕێکەوتی تر..

– گووتم لەوانەیە لە یەک بنەماڵە بن..

– نەخێر، من نایناسم.. ئێوەش هەروا.

– ببوورن.

– تکا دەکەم.

– بەهەر حاڵ سوپاستان دەکەم.

– ماڵئاوا.

– ماڵئاوا.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ تەلەفۆنەکەی دانا. لەوانەیە پێویست بێ ئۆزێک چاوەڕێی بکات، تاکوو لێدانی دڵی ئاسایی دەبێتەوە؛ بەڵام وای نەکرد. جارجارە لەژیانی مرۆڤدا ئەو ساتانە دێنە پێش، کە پێت خۆشە هەرچی زووتر نهێنییەکان بدۆزیتەوە.

ژمارەی سێهەمی سانتا کلارای لێدا. پیاوێک بەدەنگێکی گڕ وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ.

- ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ. بەلالەپەتی ناوێکی هێناو

دەنگە قەبەکە پرسی:

- چیتان دەوێ؟

ئەوەی ڕاستی بێ، شێوازێکی دوژمنانە نەبوو. هەندێک کەس جۆری دەنگیان بەشێوەیەکە دەڵێی لەگەڵ هەموو کەسێک دوژمنایەتیان هەیە، بەڵام زۆر زوو دەردەکەوێ کەدڵێکی میهرەبانیان هەیە. سەبارەت بەم قسانە، بەهۆی ئەو گفتوگۆ کورتەی لەنێوانیاندا کرا، ناکرێ بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەو کابرایە لەو کەسانەیە یان نا.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ داوای کرد لەگەڵ دانیەل سانتا کلارا قسە بکات. دەنگە گڕەکە وەڵامی دایەوە ناوێکی وەها لێرە نازی. وێدەچوو درێژەدان بەگفتوگۆ هیچ قازانجێکی نەبێ. مامۆستای مێژوو تەلەفۆنەکەی بڕی و چوارەمین ژمارەی لێدا. لەو بوارانەدا، هەر جۆرە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، لەوانەیە دووبارەکردنەوەیەکی بێهودە بێت و بەردەوام وا وەڵام بدرێتەوە، کە کەسێک بەو ناوەوە لێرە نازی.

بەڵام ئەمجارە شتێکی سەیر ڕوویدا. پیاوێک کە دەنگێکی گڕی هەبوو وەڵامی دایەوە:

- لەبیرمە نزیکەی هەفتەیەک لەمەوبەر، پیاوێک بۆقسەکردن لەگەڵ ئەو کەسەی ئێوە باسیدەکەن، تەلەفۆنی بۆکردم. پێموابێ ئێوە

نەبوون.. لانیکەم دەنگی لەهی ئێوە نەدەچوو. من بۆناسینەوەی دەنگەکان گوێم زۆر هەستیارە.

تەرتۆلیانۆ بە واق ورماویەوە وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، من نەبووم.

بۆ ساتێک بێدەنگ ماو ئینجا بەردەوام بوو:

– پیاو بوو یان ژن؟

– دیارە پیاو بوو! ئێوە چۆن زەلامێکن! جیاوازی نێوان دەنگی ژن و پیاو هیچ پێویستیی بە گوێیەکی هەستیار نییە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پاش سوپاس و پێزانین، تەلەفۆنەکەی داناو چاوی لەو ناوانە بڕی کە لەڕیپەڕی تەلەفۆنەکەدا نووسرابوون. ئەگەر ئەو پیاوەش پاش گەڕان بەدوای ناوی دانیال سانتا کلارادا، زەنگی بۆ ئەم ژمارانە لێدابێ، شتێکی سەیر نیە کە وەڵامێکی هاوشێوەی درابێتەوە.

هەستی کرد ئەوانەی وەڵامی تەلەفۆنەکەیان دایەوە، سەڵتن. بەڵام دوایی بەبیری داهات: "لەوانەیە چونکە خۆم بەتەنها دەژیم، سەبارەت بەئەوانی تریش هەر ئەم هەستەم هەبێ."

تێگەیشتن لەوەی کە کەسێکی تریش بەدوای دۆزینەوەی دانیال سانتا کلارادا دەگەڕێ، تووشی نیگەرانی کرد. دەتگووت هاوکێشەیەکی پلە دوویان بۆ شیکارکردن لەبەردەمی داناوە، لەکاتێکدا لەشیکاری جۆری پلە یەکەمەکەیشی دۆش دامابوو. بیری ئەوە کردەوە لەوانەیە قەرزدارێک دوای ئەو کەوتبێ. بەگشتی ئەکتەرەکان و نووسەران باروودۆخی ئابووریان باش نیە و تووشی

شتی لەمجۆرە نەبنەوە. لەوانەیە ئەویش چووبێتە شوێنێک، قوماری
کردبێ، پارەیەکی دۆڕاندبێ و نەیتوانیبێ بیدات.
ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەشوێنێکدا خوێندبوویەوە کە
بەشەرەف ترین جۆری قەرزداری هی قوماربازەکانە. هەڵبەت
نەیدەزانی چ پەیوەندییەک لەنێوان شەرەف و قوماردا هەیە.
چووە موبەق. هێشتا ژمارە تەلەفۆنێکی تر مابوو پەیوەندی پێوە
بکات. لەدڵی خۆیدا گووتی:
ـ ئەگەر تەلەفۆنی بۆ بکەم، لەوانەیە دوو شت ڕوو بدات. یان
وەڵام نەدەنەوە کە کەسێکی وا ناناسن. یان دەڵێن لێرە ناژی.
لەحاڵەتی دووهەمدا، خێرا تەلەفۆنەکە دادەنێمەوە، چونکە لەحاڵی
حازردا تەنها ئەوە بۆ من گرنگە کە لە کوێ دەژی.
گەڕایەوە ساڵۆنەکە. ڕیبەری تەلەفۆن کراوە بوو و لەسەر مێزی
نووسین دانرابوو. ژمارەکەی گرت و چاوەڕێ ما. هیچ کەس
تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت. پێی وابوو چونکە ڕۆژی شەممەیە،
هەموویان ڕۆیشتوونەتە دەرەوە. تەلەفۆنەکەی بڕی و چاوێکی
لەسەعاتەکەی کرد. دەرفەتێکی باش بوو بۆ دەرکەوتن لەماڵ و
خواردنی شێو، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرەوەرییەکی خۆشی لە
ریستورانەو ئینجانە پلاستیکیەکانی سەرمێزو ڕەنگی سپی
دیوارەکانی نەبوو و لەوانەبوو لەلایەن ماسی لۆفیوسیشەوە
هەڕەشەی لێبکرێ، لەم کارە پاشگەز بۆوە. دوای ماوەیەکی کورت
لەسان بەو ئەنجامە گەیشت لەشارێکدا کەژمارەی دانیشتووانی
نزیکەی پێنج ملیۆن کەسە، بێگومان ڕێستورانی باش و لەباریش

هەن. بۆ وێنە ریستۆرانێکی وەک هی ئەو رۆژەی لەگەڵ ماریا پاز خواردنیان لێخوارد. هەڵبەت بەرێکەوت ئەو شوێنەی دۆزییەوە لەگەڵ ئەمەشدا، چونکە حەزی نەدەکرد بەتەنها بچێتە ئەو شوێنە، بڕیاری دا لەماڵ بمێنێتەوە، شتێک بۆ شێو بخوات و زوو بخەوێ. ئیتر پێویست نەبوو جێگەکەی ڕابخا. قەرەوێلەکەی شێواو و نارێک بوو. دەیویست تەلەفۆن بۆ ماریاپاز بکات و بەشێوەیەکی عاشقانە لەگەڵی بدوێ. ئەوەی ڕاستی بێت خەریکبوو لێک بترازێن، بەڵام هەندێک ڕێگەی بۆ بەرگریکردن لەم ڕووداوە بەمێشک دەگەیشت.

گرتیەک بۆ تەلەفۆنکردن بۆماڵی سانتا کلارا دروست بوو. دەتگووت هەموو رێگەکان لەبەردەم تەرتۆلیانۆدا بەستراون و هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی نامەیەک بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بەرێ بکات. تەنانەت خەیاڵی رۆشتن بۆ ئەوێشی دەخستبوە مێشکیەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا ناچار بوو ڕواڵەتی بگۆڕێت و ریش بهێڵێتەو شەپقە لەسەر بکات.

ئەم کارە نە تەنها زۆر گاڵتەجاڕانە دەهاتە بەرچاو، بگرە زۆر گەمژانەش بوو. گومان لەوەدا نەبوو ئەگەر ئەم کارە گەمژانەیە ئەنجام بدات، لەوانەیە کاتی قسەکردن لەگەڵ بەرپرسی کۆمپانیا سەبارەت بە سانتا کلارا، ریش یان سمێڵەکەی بکەوێت، بەرامبەرەکەی پێکەنین بیگرێتو دۆستەکانی بانگ بکات:

– وەرن! وەرن! دانیال سانتا کلارا لەخۆی دەگەڕێت!

بەمجۆرە، نامەناردن باشترین ڕێگە بوو. بەو مەرجەی ناونیشانی خۆی نەنووسێت. بڕیارەکەی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، سانە و ڕوون بوو. بەڵام ویژدانی بۆچوونێکی بەمجۆرەی نەبوو. ماندوو و تووڕە پرسی:

ـ بۆچی بیرێکی وەهات بەمێشك گەیشت؟

تەرتۆلیانۆ بەساردی وەڵامی دایەوە:

ـ باشترین و تەنها ڕێگە ئەمەیە.

ـ لەوانەیە باشترین ڕێگە بێ، بەڵام شوورەییە ئەگەر بتەوێ بەپۆست نامەیەک بۆ ماریا پاز بەرێ بکەیت.

ـ بەڵام هیچ جیاوازییەکی بۆ ئەو نییە.

ـ لەکوێوە دەزانی؟ خۆ تۆ هێشتا هیچت پێ نەگوتووە!

ـ خۆم دەزانم.. پاساوم هەیە.

ـ بەڵام پاساوەکانت شتێک نین جگە لەنێرەیی و خۆبەزلزانی و خۆهەڵکێشان.

ـ نەی، من پیاوم. ڕەگەزی من ئەو شتانە داوا دەکات. بەڵام لاف لێنادەم.

ـ ئەی چی پێ دەڵێی بۆ شیکردنەوەی؟ پێ دەڵێی مەبەستتە هەندێک زانیاری دەربارەی ئەکتەرێک بەدەست بێنی؟

ـ نەخێر ناڵێم دەمەوێ زانیاری لەسەر ئەکتەرێک بەدەست بێنم.

ـ ئەی چی؟

ـ دەڵێم نامەکە هەمان ئەوخوێندنەوانە لەخۆ دەگرێ کەپێکەوە قسەمان لەسەر کردبوو.

ــ چ خوێندنەوەیەک؟

ــ ناچارم مەکە دووپاتی بکەمەوە!

ــ هەر چۆنێ پێت خۆشە. پێت وایە ئەوەندە بەسە ئاماژەیەک بکەیت بۆ ئەوەی ماریا پاز بەپەلە خۆی بگەیەنێتە ئێرەو ئاواتەکانت بەدی بێنێ؟

ــ نەخێر، من تەنها تکایەکم لێی هەیە. دەمەوێ هەر ئەم چاکەیەم لەبەرامبەردا بکات.

ــ لەم بارودۆخە و بەگوێرەی ئەو پەیوەندییە خراپەی پێکەوە هەتانە. پێم وانیە لە بارودۆخێکدا بێ کە ئاوای لێکەی چاکەت بەرامبەر بکات.

ــ بەڵام ڕاست نیە ئەگەر نامەکە بەناوی خۆم بنووسم.

ــ بۆچی؟

ــ چونکە دیار نییە چ دەرئەنجامێکی دەبێت.

ــ بۆچی نازناوێک نانووسی؟

ــ ئەگەر نازناو بەکار بهێنم، پێویستە ناونیشانەکەم ڕاست بنووسم.

ــ پێم وایە باشترە ڕووناوی ئەفرەتی و سەیروسەمەرەی وەک ئەوانە و کۆپیکراو فەرامۆش بکەیت.

ــ لەوانەیە باشتر بێت. بەڵام پێم وایە لەم ڕێگەیەدا سەرکەوتوو نەبم.

ــ دەڵێی باگرنێنێکی گەورە بۆ لای خۆت رادەکێشی!

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەوەڵامی ئەم هۆشدارییەدا، تەنها سەری لەقاند. دواتر ژمارە تەلەفۆنی ماریاپازی لێدا. دەیزانی کە لەوانەیە دایکی تەلەفۆنەکە هەڵگرێت، لەئەنجامدا لەوانە بوو رووداوێکی پێکەنیناوی روو بدات. بۆ نموونە:

ـ ماریا لەماڵ نییە؟

ـ ئێوە کێن؟

ـ هاورێیەک. تەنها بڵێن هاورێیەک! خۆی دەزانێت.

ـ کچەکەم هاورێی زۆرە.

ـ من پێم وا نییە زۆر بن.

ـ کەم یان زۆر گرنگ نییە.. ئەوان ناویان هەیە.

ـ پێی بڵێ مەکسیمۆ تەلەفۆنی کرد.

لەماوەی شەش مانگ پەیوەندی لەگەڵ ماریاپازدا، زۆرکەم تەلەفۆنی بۆ ماڵەکەیان کردبوو. گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەوقسانەی بڕیاربوو ئەنجامیان بدات، جیاوازییەکی زۆری نەبوو.

ئەمجارەشیان ماریاپاز خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

ـ پێم وابوو ئیتر تەلەفۆنم بۆ ناکەی.

ـ بەڵێ، بەڵام بەهەڵەدا چووی... بێدەنگیت دەتوانێ نیشانەی ئەوە بێت ئەو شتەی بۆ تۆ روو دەدات، بۆ ئێمە رووی نەداوە.

ـ نا هەر چی رووی داوە، بۆ هەردووکمان بووە.

ـ هەڵبەت لەوانەیە، بەهەندێک جیاوازییەوە.

ـ بۆ دڵنیابوون لەم جیاوازییانە، دەبێ هەندێک کەرەستەمان لەبەر دەست دابێت.

ـ بەهەر حاڵ، هێشتا تۆم خۆش دەوێ.

ـ بەشەوقەوە نایڵێیت، تەنها قسەکانی من دووپات دەکەیتەوە.

ـ دەتوانی شیکردنەوە بدەی ئەگەر قسەکانم بۆ تۆ سوودمەند نین، بۆچی دەبێ بۆ خۆم سوودمەند بن؟

ـ چونکە ئەگەر وابەش بن، ئیتر ناتوانن کەسێک ڕازی بکەن.

ـ ئافەرین! ئافەرین! بەڕاستی ئەمە نیشانەی هۆشیاری و ژیرییە.

ـ تۆش ئەگەر خوێندنەوەیەکی زۆرترت هەبێ، لەم بابەتە دەگەی، خوێندنەوەی ڕۆمانە خەیاڵییەکان..

ـ خوێندنەوەی ڕۆمانە خەیاڵییەکان؟ من بۆ خوێندنەوەی مێژووش دەرفەتی پێویستم نییە. هەر ئێستا کتێبێک دەخوێنمەوە سەبارەت بە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا..

ماریا گووتی:

ـ بەڵێ، لەسەر مێزی نووسین بینیم. پێم وا نییە دەرفەتت نەبێ.

ـ ئەگەر بەژیانی من ئاشنا بوایەی، قسەیەکی وەهات نەدەکرد.

ـ باشە دەتوانی ئاشنام کەیت.

ـ مەبەستم لەژیانی پیشەییم بوو.

ـ بەبڕوای من لەبری ئەوەی کاتی خۆت بۆخوێندنەوەی ڕۆمان تەرخان بکەیت، خۆت ناوەتە ئەم خوێندنەوە قوڕانە. دەزانی دەبێ چەند فیلم ببینی؟

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بۆی دەرکەوت گفتوگۆکان بەئاڕاستەیەکدا دەڕۆن، کە بەدڵی نییە و سات بەسات لەو ئامانجە

دووری دەکاتەوە کە لەبەر دەمیەتی. ناچار بوو بەئەسپایی و بەشێوەیەکی سرووشتی، هەر چی زووتر ناوەڕۆکی نامەکە لەگەڵ ئەودا بێنێتە گۆڕێ. ماریا پاز بەردەوام بوو:

ـ بەهەرحاڵ پێویستە ئاگاداری خۆت بی. بەو ڕواڵەتە شێواوەی دێتوومی، بە قژی بژ، بەنەعل و ڕیشی نەتاشراوەوە. لەکاتێکدا شریتە ڤیدیۆیەکان لەدەورت پەرش و بڵاو بیوون، ئاناسایی هاتیتە بەرچاوم.

ـ من لەماڵی خۆمدا زۆر بێخەم لەسەر قەنەفە دانیشتبووم و بەخەیاڵمدا نەدەهات کە سەردانم بکەیت. ئێستا ـ کە ئەم قسانە دەکەیت، وا هات بەمێشکمدا کە دەتوانم تکایەکت لێبکەم تا کاری من ئاسانتر بکەی و تەواوکەری خوێندنەوەکانم بی.

ـ هیوادارم ناچارم نەکەیت سەیری فیلمەکانت بکەم. چونکە ئەوەندەم تاوان نەکردووە کە شایانی تەمبێکردنێکی بەمجۆرە بم!

ـ نا. ئاسوودە بە. ئەوەندە بێبەزەیی و دڵ ڕەق نیم.

ـ باشە، چیت دەوێ؟

ـ کارێکی سادەو بچووک. دەمەوێ نامەیەک بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بنووسیت و هەندێک زانیاری سەبارەت بەخوێندنەوەکانم دەستەبەر بکەیت.

ـ سەبارەت بە چی؟

ـ بۆ نموونە بڵاوکردنەوە، شوێنی نمایش و ژمارەی فیلمەکان. پێم وایە ئەم زانیارییانە سوودی دەبێت بۆم و یارمەتی خوێندنەوەکانم دەدات.

– باشە ئەمە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ نیشانەکانی نیمانداری هەیە؟

– لەوانەیە پەیوەندییەکی نەبێت. بەڵام دەبێ سەبارەت بەگشت شتێکی سوودمەند، چیمان لەدەست بێت، ئەنجامی بدەین.

– باشە، بۆچی هەوڵ نادەی؟

– بۆ ئەم هەنگاوە، کێشەیەکی بچووک لە ئارا دایە.

– چ کێشەیەک؟

– ئەوەی کە نامەوێ خۆم ئەم نامەیە بنووسم.

– باشە، کەواتە خۆت ڕاستەوخۆ بچۆ بۆ ئەوێ. دەتوانی ڕاستەوخۆ زۆر بابەت بێنیتە گۆڕێ و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکەیت.

– بەڵام..

– لەوانەشە بەوەی کە مامۆستایەکی مێژوو سەردانی کردوون تاکوو هۆگری خۆی بە فیلمەکانیان نیشان بدات، خۆشحاڵ بن.

– بەڵێ، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە من نامەوێ.

– کام شت؟

– هەمان جیاوازی ئەو بابەتە زانستی و کاری خوێندنەوە لەو بوارانەدا کە لەگەڵ خوێندنەوەی تایبەتمەندیی مندا یەک ناگرنەوە.

– بۆ؟

– هۆکارەکەی نازانم. لەوانەیە بەهۆی دوودڵی..

– ئەی چۆن دەتەوێ ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیە ببیتەوە؟

– باشە..

ـ خۆت ئەم کێشەیەت دروست کردووە و خۆت دەبێ چارەسەری بکەی.

ـ تۆ نامەکە بنووسە!

ـ چ پێشنیارێکی گاڵتەئامێزە! چۆن دەتوانم سەبارەت بەم بابەتە نامەیەک بنووسم کە بەهۆی ئاڵۆزییەوە، لێی تێ ناگەم؟

ـ مەبەستم ئەوەیە خۆم نامەکە دەنووسم، بەڵام ناونیشانێک دەنووسم بۆ ئەوەی هیچ نهێنییەک ئاشکرا نەبێت...

ـ ... هەروەها شەرەف و ئابڕووی تۆش نەڕووشێ.

ـ تانەم لێ مەدە! پێم گووتی کە تەنها هۆکاری ئەمە. گومانە.

ـ بەڵێ، باست کرد.

ـ بڕوا ناکەیت؟

ـ بەڵێ. کاتێ تۆ بیڵێی باوەڕ دەکەم.

ـ پێویست ناکا نیگەران بیت ماریاپاز، دەزانی کە تۆم خۆش دەوێت.

ـ پێم وا نییە ڕێک لەو ساتەدا بڕوام بەقسەکانت هەبێ، واتە بڕوام هەیە؛ بەڵام دوای ماوەیەک ناچار دەبم پرسیار لە خۆم بکەم کە ئایا ڕاست دەکەی یان نا.

ـ بەڵێ، بەڕاستمە.

ـ باشە، بۆ ئەوە تەلەفۆنت کرد تا ئەم ڕستەیە بڵێی، یان بابەتی نامەکە بهێنیتە گۆڕێ.

بابەتی نامەکە لەناو قسەکانماندا هاتە گۆڕێ.

ـ بەڵێ، بەڵام دەتەوێ بڵێی کە پێشتر بیرت لێ نەکردبۆوە؟

– هەڵبەت.. وایە.. پێشتر بیرم لێ کردبۆوە، بەڵام زۆر جددی نا..

– ناخ، زۆر جددی نیە..

– باشە، وەڵام بدەوە ئەزیزم.

– دەتوانی نامەکە بنووسی!

– سوپاس کە پەسندت کرد. پێم وا نییە گرفتێکی ئەوتۆ دروست بێت.

– مەکسیمۆ(ژیان فێری کردووم هیچ شتێک سادە نییە، بەڵکو سادە بەرچاو دەکەوێت و هەروەها هەتا سادەتر بێت، دەبێ زۆرتر نیگەران بین.)

– تۆش ڕووبەڕووی گومان بوویتەوە. ئێستا نامەکە بەناوی تۆوە دەنووسم و پێویست ناکا کارێکی تر ئەنجام بدەی.

– بۆ..

– چ کارێک؟

– بێگومان دەبێ ئیمزای بکەم.

– ناخ، پێویست ناکا، خۆم واژۆی دەکەم. واژۆیەکی ساختە!

– بەڵام دەبێ لانی کەم هەندێک لە واژۆی من بچێت.

– هەڵبەت هەوڵدەدەم، بەڵام هەرگیز لەلاساییکردنەوەدا توانام نەبووە.

– ئاگات لە خۆت بێ، چونکە واژۆی ساختە دەرئەنجامی خراپی هەیە.

– زۆر باشە، ئاگام لێیە.

ـ ئێستا وەک دوو هاوڕێی باش ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەین!

ـ شەوێکی خۆشت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

ـ ماڵئاوا. هەر کاتێک پێت خۆش بوو، تەلەفۆنم بۆ بکە.

ـ زۆر باشە. مارياپاز.

ـ خۆشم دەوێی.

ـ پێشتریش وات گوتبوو..

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئارەقی نێوچەوانی بەدەستی سڕیەوە. ئامانجەکەی پێکابوو و بۆ ئەم کارەش، ماریاپازی خستبووە ناو پیلانێکی داڕێژراوەوە. لەماوەی شەش مانگ ئاشنایی لەگەڵ ماریا پازدا، ئەو ژنەی خستبووە پەراوێزی ژیانی تایبەتی خۆیەوە و ڕێک لەو کاتانەدا کە دەیویست پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێت، چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی داوای هاوکاریی لێ بکات، چونکە بۆ نامە نووسین، پێویستی بە کەسی سێهەم هەبوو. ئەم کارە جۆرێک کەڵک ئاژۆ بوو لە خۆشەویستی ژنێک، بەڵام بەگوناهێکی گەورە لە قەڵەم نەدەدرا. زۆر خەڵکی تر تاوانی لەمە گەورەتریان ئەنجام دەدا و هیچ ڕووداوێک نەدەقەوما و هیچ کەس مەحکوومی نەدەکردن.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کاغەزێکی خستە سەر ئامێری چاپەکەی و کەوتە بیرکردنەوە.

پێویست بوو نامەکە بەجۆرێک بنووسێت کە پڕبێت لەسۆزوخرۆش و لەهەمانکاتدا زیادەڕەویی تێدا نەبێت. سەرەتا پێویست بوو داواکاری ئاسایی و باوی وێنەیەکی واژۆکراو بێنێتە

گۆڕێ. ئەو شتەی بەلایەوە گرنگ بوو، دۆزینەوەی شوێنی ژیان و
ناوی ڕاستەقینەی ئەم ئەکتەرە بوو. پێی وابوو ئەو دەرفەتە لەئارا
دایە کە دانیەل سانتا کلارا، نازناوی پیاوێک بێت کە دوور نەبوو
ناوی تەرتۆلیانۆ بێت.

تەرتۆلیانۆ وای بۆ چوو دوای بەڕێکردنی ئەم نامەیە، لەوانەیە
دوو ڕووداو بقەومێ. یان ئەوەتا کۆمپانیای بەرهەمهێنەر
بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیارییە داواکراوەکان دەخاتە بەردەستی،
یان پێی ڕادەگەیەنێ کە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ڕێگەی پێنەدراوە.
لەم حاڵەتەدا، دەبوایە نامەکەی بۆ ئەکتەرەکە بەڕێ کردبایە.

نووسینی نامەکە هەروا ئاسان نەبوو. دەیویست بە تێروتەسەلی
ڕوونی بکاتەوە.. هاوسێی نهۆمی سەرەوە، ماوەی سەعاتێک، گوێی
لە تەقەتەقی ئامێری چاپەکە بوو.

زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا. دووبارە بۆوە.. بەڵام تەرتۆلیانۆ
تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت. لەوانەیە ماریاپاز بێت.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ زۆر درەنگ لەخەو هەستا. شەوێکی پڕ لەئازارو خەونی پچڕپچڕو ئاڵۆزی تێپەڕاندبوو: کۆبوونەوەیەکی راوێژ بۆخوێندن کە هیچ مامۆستایەک ئامادەی نەبوو، چوونە ناو ئاڵانێکی درێژ کە دەرگەی هاتنە دەرەوەی نەبوو، شریتێک کە نەدەچووە ناو ڤیدیۆوە، هۆڵێکی سینەمایی بەپەردەی ڕەشەوە کەفیلمەکەو دەرگاکانیشی ڕەش بوون: ڕێبەرێکی تەلەفۆن کە تەنها ناوێکی تێدا دووبارە دەبۆوە: پیاوێک کە بەرێکی لەسەر شان بوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەشارستانییەتی میزۆپۆتامیا بەجێماوە، هاوکێشەیەکی بیرکاری کەتیایدا لەبری ژمارە، لەروخساری مرۆڤەکان سوود وەرگیرابوو: زەرفێکی پۆست کە ماسی تێدا بوو: کاتێک لەخەو هەستا، ئەم خەونەی دوایی باش لەبیربوو: هەڵبەت بەدڵنیاییەوە دەیزانی کە ئەوجۆرە ماسییە لۆفیۆس نەبووە، چونکە ئەم ماسییە ئەوەندە گەورەیە لەزەرفێکدا جێگەی نابێتەوە.

بەلێواری لەجێگەکەی هەستا و ڕۆیشتە موبەق. ئەوەندە بە چێژەوە ئاوی خواردەوە ئەتگووت خوێی زۆریان کردبووە خواردنی دوێنێ شەویەوە. برسی بوو، بەلام تاقەتی نەبوو قاوەلتی ئامادە بکات. ڕۆیشتە ژووری خەوتن. جێگەکەی ڕێکوپێک کرد و گەڕایەوە. ئەو نامەیەی بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەری نوسیبوو و لەسەر مێزەکەی بوو، هەڵیگرت. بەوردی لاسایی ئیمزاکەی کردەوە و نامەکەی خستە ناو زەرفێکەوە. پووڵێکی لێداو بڕیاریدا بیخاتە ناو سندووقی پۆستی سووچێکی شەقامەکە.

ڕۆژی یەکشەممە پشوو بوو و ئۆتۆمبێلی فەرمانگەی پۆست نەدەهات تاکوو سندووقەکان بەتاڵ بکات. بەلام تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پێی خۆش بووە هەرچی زووتر نامەکە لەسەری خۆی دەرکا. چونکە تا ئەو کاتەی نامەکە لەماڵ بێت، هەر ئەو حاڵەتە نیگەرانییەی تێدا دروست دەکات کە شریتە ڤیدیۆکان تیایدا دروستیان کردبوو. حەزی دەکرد هیچ شریتێک لەژوورەکەدا نەمێنێ و شوێنەواریان نەهێڵێ.

پەردەی یەکەمی نمایشەکە کۆتایی هاتبوو و نۆرە گەیشتبووە سەر ڕێکوپێک کردنی ئالۆزییەکان. یەکەمین پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سانتا کلارا هێنایەوە بیر خۆی. واتە هەمان ئەو تەلەفۆنەی کە هیچکەس وەلامی نەدایەوە. لەدڵی خۆیدا گووتی:

– جارێکیتر تاقی دەکەمەوە. ئەگەر وەلامیان دایەوە کە دانیەل سانتا کلارا لەوێیە، نامەکە دەدڕێنم و دەیخەمە ناو زبڵدانەوە.

هەستێنەکرد کە پێویستی بە پشووە. تاکوو نامەکە بگاتە دەستی وەرگرەکەی و وەڵامەکەی بێتەوە. یەک ـ دوو هەفتەی دەخایاند. دەیزانی بەم زووانە پەردەی دووهەمی نمایشەکە دەست پێدەکا و بەمجۆرە ئەگەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە ئەنجام نەدا. هەتا هەتایە لۆمەی خۆی دەکات. بەخۆی وت کە نابێ ئەوەندە ترسنۆک بێت. هەمیسان گووتی:

ـ جارێکی تر تەلەفۆن دەکەم. ئەگەر بڵێن لەوێ دەژی، نامەکە دەدڕێنم. بەرنامەیەک دادەڕێژم بۆ ئەوەی بەمزووانە چاوم پێی بکەوێ. بەڵام ئەگەر وەڵامێکیان نەدایەوە. ئیتر تەلەفۆن ناکەم و نامەکە بەڕێ دەکەم تاکوو ڕەوتی خۆی ببڕێت.

هەستی بەبرسیەتی دەکردو کەدەی لەئەنجامی فشاری دەماریدا، قوڵپی دەدا. لەگەڵ ئەمەشدا. بەهۆی ئەوبڕیارە پێداگرەی دابووی، بایەخی بەمە نەدا.

ژمارەکەی لێدا. دەنگی تەلەفۆن لەدوورەوە دەبیسترا. ئارەق لەنێرچاوانییەوە بەرەو گۆنای لووزەوەیان بەست. دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە هەروا دەبیسترا. دیار بوو کەسێک لە ماڵ نییە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ. هەروا دەرفەتی بەشانس دەدا و ململانێی لەگەڵ دەکرد. دەیویست ئەوەندە تەلەفۆنەکە ڕاگرێت هەتا بۆخۆی دەبڕێت. ماوەیەک لەمەو بەر ڕووداوێکی بەمجۆرە قەوما. بەدەنگێکی بەرز گووتی:

ـ کەواتە نابێ بڵێیت ئەو کارەی پێویست بوو ئەنجامی بدەم، نەمکرد.

لەپڕێکا هەستی بەنارامی کرد. ئەوشتەی کە لەمێژبوو لێی بێبەری بوو. دەتگووت قۆناغی نارامی ئەو دەستی پێکردوەو دەتوانێ بەناسوودەیی‌و لەکاتێکدا کەسەری بەرز راگرتووە. بچێتە حەمام، پیشی بتاشێ، خۆی خاوێن بکاتو جلی گونجاو لەبەربکات. ئەگەرچی یەکشەممەکان خەمهێنەرو تاقەت پڕوکێنن. بەڵام هەندێک جاریش پڕن لە جۆش و خرۆش.

بۆخواردنی قاوەڵتی و نانی نیوەڕۆ هێشتا زوو بوو. دەیویست بەجۆرێک خۆی سەرقاڵ بکات. دەیتوانی بچێتەبازار. رۆژنامەیەک بکڕێتو بگەڕێتەوە. وانەکانی رۆژانی دواتر بخوێنێتەوە. دەیتوانی دانیشێ و چەند لاپەڕەیەک لە کتێبی مێژووی میزۆپۆتامیا بخوێنێتەوە.

لەپڕێکا بیرەوەرییەک لەمێشکی دا بریسکەی دا. وە بیر خەونێکی شەوی رابردووی کەوتەوە: هەر ئەو پیاوەی کە بەردێکی لەسەر شان بوو. لەوانەیە ئەو بەردە ئاسایی نەبووبێ. بەڵکو ئەو بەردە بێت کە یاسای حەموورابی لەسەر نووسراوە. بەڵگەنەویستە کەسانێک ئەو خەونە مێژووییانە دەبینن کە خۆیان لەم بوارەدا شارەزا بن.

ئەگەر کتێبی مێژووی میزۆپۆتامیا ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سەبارەت بەرەوایی دەسەڵاتداریتی حاموورابی داوەریی بکات. ئەوا جێگەی سەرسوڕمان نیەو بەشتێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدرێ: بەڵام بەردی سەر شانی ئەو کابرایە. ئەو بابەتەی وەبیر تەرتولیانۆ هێنایەوە. کە ماوەیەکی زۆرە هیچ هەواڵێکی لەدایکی نییە. تەنانەت

شارەزاترین لێکدەرەوەی خەویش نەیدەتوانی پەیوەندییەکی وەها شیکاتەوە.

ناوی دایکی تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ. هەڵبەت ناوە بچووکەکەی، کارۆلینا بووو پاشناویشی مەکسیمۆ بوو. جارجارە مرۆڤ بینەوەی چاوەڕوان بێت، دەنگی تەلەفۆن دەبیستێ، بەڵام ئەمجارەیان، وەها نەبوو. دایکی تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، کت و پڕ لەخۆی پرسیبوو:

ـ ئەرێ کوڕەکەم کەی تەلەفۆن دەکات؟.. و لەپڕێکا دەنگی تەلەفۆنەکە هات و دەنگی منداڵەکەی لەگوێیدا زرنگایەوە.

ـ رۆژ باش، دایە.

ـ ئای، رۆژ باش!

ـ چۆنی، باشی؟

ـ بەڵێ، وەکوو جارانم. تۆ چۆنی؟

ـ منیش هەروا، وەکوو جاران.

ـ بێگومان لە قوتابخانە زۆر گرفتار بووی.

ـ بەڵێ، ئەویش هەر وەک جاران.. مەشق، تاقیکردنەوە، کۆبوونەوە...

ـ ئەم پۆلانە ئاخرییەکەی کەی تەواو دەبن؟

ـ دوو هەفتەی تر.

ـ ئەی پاشان؟

ـ پاشان تاقیکردنەوەیەکمان هەیەو ..

ـ دەتەوێ بڵێی دوای کەمتر لەمانگێک، لە ماڵ دەبی؟

— بەڵێ، سەدان سەد سەردانت دەکەم! بەڵام سێ چوار ڕۆژ زیاتر ناتوانم لە لات بمێنمەوە.

— بۆ؟

— هەندێک کارم هەیەو دەبێ ئەنجامیان بدەم.

— چ کارێک؟ قوتابخانەکان داخراون و ئەوەندەی من بزانم ئەمە بۆ پشووی مامۆستاکانە.

— دڵنیا بە وایە. منیش پشوو دەدەم، بەڵام سەرەتا هەندێک کارم هەیە کە دەبێ ئەنجامیان بدەم.

— زۆر گرنگن؟

— پێم وابێ.

— تێناگەم. ئەگەر گرنگە، بۆ دەڵێی پێم وایە؟

— ئەمەش خۆی بۆچوونێکە.

— پەیوەندی بە ماریاپازی هاوڕێتەوە نەبێ؟

— تا ڕادەیەک...

— وەک کەسایەتیی چیرۆکێک قسە دەکەی کە بەم دواییانە خوێندوومەتەوە. ژنێک کە هەر پرسیارێ بەپرسیارێکی تر وەڵام دەداتەوە.

— بەڵام ئێستا هەر تۆ پرسیار دەکەی! تەنها پرسیارێ من کردبێتم، لەسەر باروودۆخی تۆ بوو؟

— ئەی هۆکارەکەی ئەوەیە کە بێ پەردە قسە ناکەی. دەڵێی پێم وابێ.. تا ڕادەیەک.. هەرگیز ئەوەندە پێچ و پەنات نەبوو!

— تووڕە مەبە!

– تووڕە نابم. بەڵام زۆرم پێ سەیرە هەر بەدوای کۆتایی پشوودا لێرە نەبێ. وەبیرم نایەت لە رابردوودا رووداوێکی بەمجۆرە هاتبێتە پێش.

– بەمزووانە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

– دەتەوێ سەفەر بکەی؟

– ئەمەش پرسیارێکی تر!

– سەفەر دەکەی یان نا؟

– ئەگەر بەنیاز بوایەم، تۆم ئاگادار دەکردەوە.

– نازانم بۆچی دەڵێی ماریاپاز پەیوەندی بە نیشەکانی تووە هەیە. هەمان ئەو کارانەی وات لێدەکا لەوێ بمێنیەوە.

– هەڵبەت رێک بەمجۆرە نییە، هەندێک زیدەڕەویم کرد.

– دەتەوێ نیسان زەماوەند بکەیت؟

– ئەوە دەڵێی چی نایە؟ ئێستا ئیتر خەڵک زۆر کەم زەماوەند دەکەن. لەوانەیە ئەمەشت هەر لەکتێب دا خوێندبێتەوە.

– من مرۆڤێکی گەمژە نیم.

– منیش دەزانم لەدنیایەکی چۆندا دەژیم.

– بەڵام من پێم وایە تۆ بێ مێشکیت. لەوانەشە بتەوێ کچەکە هەڵخەڵەتێنی.

– هەرگیز داوام لێنەکردوە زەماوەند بکەین یان پێکەوە بژین.

– لەروانگەی ماریاوە، پەیوەندی شەش مانگەو بەڵێنی زەماوەند، هیچ جیاوازییەکیان نییە. بۆ تۆ ژنان ناناسی؟

- من تەنها جارێک زەماوەندم کردو جیا بوومەوە. ئەزموونێکی زۆرم لەمبارەوە نییە.

- زاڵم! چ دەستەواژەیەکی قورسە.

- زاڵمبوون چەندین جۆری هەیە. هەندێک جار بەشێوەی بەزەیی و جارجارەش وەک بێ موباڵاتی خۆی نیشان دەدات...

- دەمزانی تواناو خوێندنەوەیەکی زۆرت لە دەروون شیکاری دا هەیە.

- هیچ شتێک سەبارەت بە دەروون شیکاری نازانم. تەنانەت ڕستەیەکیشم لەمبارەوە نەخوێندۆتەوە، بەڵام پێم وایە زۆر شت لەسەر هەڵس و کەوتی خەڵک دەزانم.

- باشە، پاشان لەمبارەوە قسە دەکەین. زۆر چاوەڕێم مەهێڵەوە. لەمرۆ بەدواوە، تەنانەت ڕۆژێکیش تۆقرەم نابێ.

- نیگەران مەبە. هیچ شتێک نیە لەم دنیایەدا جێبەجێ نەبێ.

- هەڵبەت هەندێکجار بەخراپترین شێوە. بەڵام هیوادارم سەبارەت بە تۆ وا نەبێت.

- هیوادارم. ماڵئاوا دایە..

- ماڵئاوا کوڕم. ئاگات لە خۆت بێ.

- بەدڵنیاییەوە.

نیگەرانی دایکی، بووە هۆی ئەوەی کە تەرتۆلیانۆ ئەو ئارامییە لەدەست بدات کە لەدوایین پەیوەندی تەلەفۆنیدا بەدەستی هێنابوو. بۆساتێک وا بەمێشکیدا هات کە سواری ئۆتۆمبێل بێت، سەفەرێکی پێنج سەعاتە بکات بۆ ئەوشارە بچووکەی دایکی لێیە: هەموو

شتەکانی بۆ بگێڕێتەوەو بەئارامیو خۆشیەوە بچێتە سەر کارەسەرەکییەکەی. واتە خوێندنەوەی مێژوو: وەک رابردوو هۆگری بەسینەما نیشان نەداتو ئەو لاپەڕەیەی لەکتێبی ژیانیدا جگە لەنیگەرانی هیچی لێ نەنووسرابوو. هەڵبەتەوە.. کێ دەزانێ: لەوانەیە دواتر بیر لەزەماوەند لەگەڵ ماریاپاز بکاتەوە.

نامەکەی خستە ناو گیرفانی چاکەتەکەی و لەماڵ دەرکەوت. لەبیری چوو نامەکە بخاتە ناو سندووقی پۆستەوە. لەرێستۆران نانی نیوەڕۆی خوارد. ئینجا گەڕایەوە تاکوو پاشماوەی رۆژ خەریکی خواردنەوە بێت.

یەکەمین کارێ کە بڕیاربوو تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئەنجامی بدات، ئامادەکردنی ئەو زەرف بوو، بۆ ئەوەی فیلمە ڤیدیۆکانی بخاتە ناو و بچێتەوە فرۆشگا. هەندێک فیلمی تریشی خستە ناو چەکمەجەی مێزەکەوە تاکوو لە دەرفەتێکی گونجاو دا بیانبینێ. چەکمەجەکەی داخست. هەموو کاغەزەکان و لیستی ناوی ئەکتەرەکانی دڕاندو وەک ئەوەی بیەوێت شوێن پەنجەی خۆی لەسەر قەنەفەکان بسڕێتەوە. کلێنێکسێکی تەڕ کردو خاوێنی کردەوە. لەوانەشە بیەوێت نیشانەکانی ئەو شەوە پاک بکاتەوە کە لەخەوی هەستاندبوو. لەوانەیە پێویست نەبێ کەسێک لەوە ئاگاداری بکات کە ئەو شتە، تەنها لەمێشکی ئەودا بووەو وەک نیگەرانییەکی رۆحی لەچوارچێوەی خەونێکی فەرامۆشکراودا خۆی نواندوە. لەوانەیە دەرئەنجامی هەرس نەکردنی خواردنێکی قورس بێت.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ جلەکانی لەبەر کرد. جانتاکەی کردە شانی. ئەو پاکەتەکەی هەڵگرت و لەماڵ دەرکەوت. هێشتا لە پلیکانەکان نەچووبوە خوارەوە کە هاوسێی نهۆمی سەرەوەی بینی.

ـ پێویستتان بە یارمەتی نییە؟

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر خانم، سوپاست دەکەم.

ئینجا دەربارەی پشووی کۆتایی هەفتە پرسیاری لێکردو ژنەکە وەڵامی دایەوە:

ـ خراپ نەبوو. گوێم لەدەنگی ئامێری چاپەکەی ئێوە دەبوو!

پیاوەکە گووتی:

ـ بەڵێ، پێویستە ئیتر کەمپیوتەر بکڕم، هەتا چیتر دەنگەکەی ئازارتان نەدا.

ژنی هاوسێیان گووتی:

ـ دەنگەکەی نەک هیچ ئازاری نەدام، بگرە مایەی چێژ بوو بۆ من.

لەبەر ئەوەی بڕیار بوو ئەو ڕۆژە ئەو خانمە بۆ پاک و خاوێنی بێتە ماڵەکەی، لە ئەرتۆلیانۆی پرسی:

ـ بەر لە خواردن دێیتەوە بۆ ماڵ؟

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ نا، لە قوتابخانە نانی نێوەڕۆ دەخۆم و دەمەوئێوارە دەگەڕێمەوە.

پاشان ماڵئاواییان لە یەکتر کرد. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ تێگەیشت کەخانمی هاوسێیان بەسەرسوڕمانەوە لەجانتاکەو هەر دوو پاکەتەکە دەڕوانێت و هەروا چاودێریی دەکات. بەم پێیدانگە،

بەشێوەیەک چاوی لەپلیکان و بەرچاوی بڕیبوو نەتگووت لەوە دەترسێ هەڵبخلیسکێ و لەئەنجامی شەرمێکی زۆردا بمرێت.

پاکەتەکانی خستە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەوەو نامەکەی لەگیرفانی دەرهێنا بۆ ئەوەی کاتێک بەلای سندووقی پۆستدا تێپەڕی، لەبیری نەچێت و بیخاتە ناو سندووقەکەوە. گەڕایەوە دواوەو لەم کاتەدا، گەنجێک رایدەکردو لەپڕێکدا خۆی کێشا بەودا. نامەکە لەدەستی کەوت و گەنجەکە لەترسی ئەوەی نەکا لێیان بخوات، خێرا داوای لێبوردنی کرد. بەڵام نەیوێرا بگەڕێتەوەو نامەکە لەسەر عەرز هەڵگرێت و بیدات بە تەرتۆلیانۆ.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەئاماژەی دەستەکانی تێی گەیاند کە لێبوردنەکەی پەسند کردووە. ئینجا چەمییەوە تاکوو نامەکە هەڵگرێتەوە. لەناکاو بیری کردەوە کە دەتوانێ نامەکە هەڵنەگرێتەوەو بەچارەنووس و شانسی بسپێرێت. لەوانەیە کەسێک بەوێدا تێپەڕ بێ و نامەکە بخاتە ناو سندووقی پۆستەوە. لەوانەشە بیکاتەوە، بیخوێنێتەوە و فڕێی بدات.

ئەگەری ئەوە هەیە بێ بایەخانە بەلایدا تێپەڕ بێت، یان پێی پیا بنێت و تا شەو چەند کەسێکی تریش ئەم کارە ئەنجام بدەن، دواجار ئەوەندە پیس و قرێژ بێت و کەسێکی تر بەنووکە شەق فڕێی داتە ناو شەقامەکە و کارمەندێکی شارەوانی گەسکی بدات و بیبات.

ئەم کارەی نەکرد. نامەکەی هەڵگرتەوەو خستیە ناو سندووقی پۆستەوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ رۆیشتە فرۆشگا. دەیویست پارەی فیلمەکان بدات و بە فرۆشیارەکە بڵێت کە ئیتر هەرگیز رێی ناکەوێتەوە ئێرە.

بەرپرسەکەی جاران لەوێ نەبوو. لەجێگەی ئەو هەمان ئەو کچە تازە کارە خەریکی حیساب کردن بوو، بۆیە کارەکەکانی بەسستی پێش دەکەوت. کچەکە لێی پرسی:

ـ دەتانەوێ هەندێک شریتی تر بە کرێ ببەنەوە، یان بیانکڕن؟

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ نا، ئیتر پێویستیم پێیان نەماوە. کارەکانم تەواو بوو.

لەوساتەدا هاتەوە بیری کاتێک دەربارەی کارەکانو نیشانەکانی باوەڕیاری، لەگەڵ فرۆشیارەکەی تر قسەی دەکرد. ئەو کچە گەنجە لەوێ نەبوو. فرۆشگا بەبەراورد لەگەڵ یەکەمین جاردا، بچووکتر دەهاتە بەرچاو. هێشتا هەفتەیەک تێنەپەڕیبو و بڕوای نەدەکرد لەم ماوەیەدا ژیان تا ئەو ڕادەیە گۆڕانی بەسەر دا هاتبێ.

هەستی بەگێژی کرد، دەتگووت لە فەزای نێوان بەهەشت و دۆزەخ دایە. ئەو دۆزەخەی هەڵهاتن لێی ئەستەم بوو. دەیویست بچێتە کوێ؟ ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو قوتابخانە ئاژۆت: لەقەراخ شەقامەکە رایگرت و چاوێکی لەسەعاتەکەی کرد. دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە قاوەیەک بخواتەوەو رۆژنامە بخوێنێتەوە.

چووە ژووری مامۆستایان. چەند رۆژنامەیەک لەدۆلابی کتێبخانەکەوە دەبینران. بۆ ئەوەی بیانخوێنێتەوە پێویست بوو بەلای مێزێکدا بڕوات کە پەرداخی قاوەو ناوی لەسەر بوو و چەند

هاوکارێکیشی لەدەوری دانیشتبوون. حەزی نەدەکرد بە لایاندا تێپەڕ بێت. مامۆستای بیرکاری ناسییەوە. بەڵام دوو کەسەکەی تریان. یەکیان مامۆستای بەساڵاچووی ڕێژەو ئەوی تریان مامۆستایەکی زانستی گەنج بوو و پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە نەبوو. سڵاوی کرد و پرسی ئایا ڕێگە دەدەن لە لایان دابنیشێت. چاوەڕێی وەڵامی نەکرد، کورسییەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو لەسەری دانیشت. لەوانەیە ئەم ڕەفتارە بێ ئەدەبانە بێتە بەرچاو، بەڵام لە ژووری مامۆستایاندا، شتێکی زۆر ئاساییە. جگە لەمە، هیچ کەس بۆ دانیشتنی یەکێکی تر لەسەر تەنها کورسی بەتاڵ لە ژوورەکەدا وەڵامی نەخێر ناداتەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ قاوەکەی لەسەرمێز دانا. پاڵی بەکورسییەکەوە داو پرسی:

– ئەی دەنگ و باس؟

مامۆستای بیرکاریش پرسی:

– هی کوێ؟ دەنگوباسی نێوخۆیی یان هی دەرەوە؟ بۆباسکردنی دەنگوباسی نێوخۆیی، هێشتا زووە.

– مەبەستم دەنگوباسی دەرەوە بوو.

– هێشتا ڕۆژنامەکەم نەخوێندۆتەوە.

مامۆستای بەساڵاچوو خۆی لەباسەکە هەڵقورتاند:

– ئەو شەڕانەی تا دوێنێ لەئارا دابوون، هەروا بەردەوامن.

مامۆستای گەنجی زانست گووتی:

ـ لەڕاستیدا بەنەگەریکی زۆر یان تەنانەت بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین شەڕیکی تریش بەڕێوەیە.

مامۆستای بیرکاری پرسی:

ـ پشووی کۆتایی هەفتە چۆن تێپەڕی؟

تەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ زۆر بەبێدەنگی. کتێبێکم خوێندەوە، پێموایە سەبارەت بەکتێبەکە قسەم بۆ کردبووی.. دەربارەی شارستانییەتی میزۆپۆتامیایە. ئەی تۆ چیت کرد؟

ـ لەگەڵ خێزانم چوومە سینەما.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەو کاتەدا کەهەوڵیدەدا سەیری مامۆستای بیرکاری نەکات، برۆکانی بە نیشانەی سەرسوڕمان هەڵتەکاند و گووتی:

ـ ئا!..

مامۆستای بیرکاری پێکەنی و بەدوو مامۆستاکەی تری گووت:

ـ ئەم هاوڕێیەمان هۆگرییەکی ئەوتۆی بەسینەما نییە.

مامۆستای مێژوو ناڕەزایی دەربڕی:

ـ ئەک بڵێی هەرگیز هۆگرییم پێی نەبێ، بەڵام موتالام پێ باشترە.

مامۆستای بیرکاری وتی:

ـ دڵتەنگ مەبە هاوڕێم، گرنگ نییە، پێموابێ دەزانی کە من لەناساندنی ئەم فیلمە بەتۆ، هەندێک مەبەستی تایبەتیم هەبوو.

مامۆستای بەساڵاچووی ڕێژەو مامۆستای گەنجی زانست هەستان:

ـ یەکتری دەبینین...

هۆکاری زوو ڕۆیشتنیان، دووربوونی پۆلەکانیان بوو کەوتنەچوو لەنهۆمی سەرەوەبێت. ئەو دوو کەسەی مابوونەوە، هێشتا چەند دەقەیەکیان دەرفەت هەبوو.

مامۆستای بیرکاری وتی:

ـ کەسێک کە بڵێت پشوویەکی هێمنی رابواردوەو کتێبی خوێندۆتەوە، نابێ ئەوەندە نیگەران بێ.

ـ من نیگەران نیم. لەوانەیە هۆکارەکەی شەونخوونی بێت.

ـ هەربیانوویەکت هەبێ، گرنگ نییە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت دوای بینینی ئەم فیلمە ئیتر مرۆڤەکەی جاران نیت.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ مەبەستت چییە؟

ـ هەر ئەو شتەی بیستت. تۆ گۆڕدراوی.

ـ بەڵام من هەمان کەسەکەی جارانم. گومانم نییە. لەوانەیە لەژیانی هەر کەسدا هەندێک کێشە بێتە ئاراوە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە گۆڕدراوم.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

ـ منیش گومانم نییە کەناوی تۆ ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆیەو هێشتاش مامۆستای مێژووی ئەم قوتابخانەیەی.

ـ ئەی بۆچی پێداگری دەکەیت کە گۆڕدراوم؟

– چونکە لەو کاتەوەی فیلمەکەت بینیوە..

– باسی فیلم مەکە. تۆ بۆچوونی من لەبارەوە نەزانی..

– زۆر باشە..

– من هەمان مرۆڤەکەی جارانم.

– باشە. ئێستا تۆ خۆت پێناسەکەی.

– بەڵێ. وایە.. ماوەیەک لەمەوبەر گووتم تووشی خەمۆکی هاتووم. بۆیە ڕەنگدانەوەی ئەم نەخۆشییە لەروخسارمدا. شتێکی ئاساییە. ئەمەش بەمانای ئەوە نیە کە لەروانگەی جەستەیی یان ڕەوشتییەوە بۆکەسێکی دیکە گۆڕدرابم.

– من تەنها گووتم لەگەڵ خۆتدا هیچ وێکچوونێکت نیە، نەک ئەوەی کە لەخەڵکی تر دەچیت.

– جیاوازییەکی زۆریان نییە. لەوانەیە ئەگەر خانمی مامۆستای وێژە لێرە بوایە، توانیبای ئەو دەستەواژانە بەکار بێنێت کەجیاوازن.

– بەڵام من پێم وایە لەم بوارەوە، وێژەش هەر وەک بیرکاری وایە.

– کەواتە من زۆر بێ شانسم کە بوومەتە مامۆستای مێژوو!

– مێژووش هەر وەک وێژە و بیرکاری وایە.

– مێژوو نیمەنی ژیانە، بەڵام لێکچوونێکی لەگەڵ وێژەو بیرکاری نیە.

تەرتۆلیانۆ نەلەرزی. درێژەی پێدا:

– ئەو شتەی بۆتە هۆی گۆڕانی من، ئەو گەردەلوولەیە کە تێی کەوتووم و ناتوانم لێی دەرکەوم. ئەگەر گرفتاری حاڵەتێکی وەک

من بوایەی، زووتر تێدەگەیشتی چ هەستێکم هەیە.. ئیتر کاتی چوونە سەر پۆل هاتووە.. لەڕاستیدا تۆزێک دڕەنگیش بووە.

مامۆستای بیرکاری گووتی:

_ هەتا کۆتایی سالۆنەکە لەگەڵت دێم.

لەکۆتایی سالۆنەکەدا لێک جیابوونەوەو چوونە پۆلەکانی خۆیان. هاتنی مامۆستای مێژوو بۆناو پۆل، ژاوەژاوی قوتابیەکانی لەناو برد کەلەئەنجامی درەنگ هاتنی مامۆستادا دروست ببوو.. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پێش ئەوەی لەسەرکورسییەکەی دابنیشێت، بەقوتابییەکانی ڕاگەیاند:

_ ئەو دوا وانانەی کە بڕیارە بنووسرێن و پرسینەوەیان بکرێت، لەماوەی سێ ڕۆژی داهاتوو و پێنج شەممەدا. پێتان دەڵێم. لەبیرتان نەچێ کە ئەم دوا تاقیکردنەوەیە گرنگەو بەشێوەی نووسینە. ئامەوێ لەم دوو هەفتەیەی کۆتایی ساڵی خوێندندا، تاقیکاری زارەکی بدەم. کەواتە دانیشتنی ئەمڕۆو دوو دانیشتنی داهاتوو، بۆ پێداچوونەوەی وانەکانی پێشوو لەبەر چاو گیراوە تاکوو بتوانن بۆ تاقیکارییەکان، ئامادە بن.

زۆربەی قوتابییەکان کە بێ لایەن بوون، ئەم پێشنیارەیان پەسند کرد. پاش ئەوەی بەهۆی هاتنی مامۆستاوە ژاوەژاویان نەما، یەکەمین نیشانەی شادمانی لەواندا دەرکەوت و بیریان لەپێنج شەممەو ئەو تاقیکردنەوانە کردەوە کە دەیتوانی پردێک بێ بۆ گەیشتنیان بۆ پۆلێکی باڵاتر.

هێشتا زەنگ لێنەدرابوو کە فەڕاشی قوتابخانە لەدەرگای دا تاکوو بە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ڕابگەیەنێت بەڕێوەبەری قوتابخانە داوای لێکردووە دوای کۆتایی وانەکە، سەردانی ژوورەکەی بکات.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، کاغەزەکانی خستە ناوجانتاکەیەوەو لەپۆلەکە دەرکەوت. ساڵۆنی قوتابخانە بەرەبەرە پڕدەبوو لەو قوتابییانەی لەپۆلەکانەوە دەهاتنەدەرو دەربارەی ئەوشتانە قسەیاندەکرد کەهیچ پەیوەندییەکی بەوبابەتانەوە نەبوو کەچەند دەقە لەمەوپێش هاتبوونە گۆڕێ.

جارجارە مامۆستایەک لەناویاندا بەدیدەکرا کە هەوڵیدەدا لەناپۆرای ئەو قوتابییانەی کەمارۆیان دابوو، تێپەڕێ و خۆی بگەیەنێتە ژووری مامۆستایان.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەیەویست لەگۆشەیەکی ساڵۆنەکەوە بەخێرایی تێپەڕ بێت و خۆی بگەیەنێتە ژووری مامۆستایان، بەڵام ناچار بوو لەناو ڕێگەدا بوەستێ و لەگەڵ مامۆستای بەساڵاچووی وێژە، قسە بکات...

– .. بەڵێ، ئێمە پێویستیمان بە فەرهەنگێکی دەستەواژەی خۆماڵی هەیە.

– بەڵام لەم کتێبانەدا، کەم و زۆر ئاماژەیان پێکراوە..

– بەڵێ، بەڵام نەک بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و خەیاڵاوی.. دەبێ هەر دەستەواژەو وشەیەک بەتێروتەسەلی شیکرێتەوەو ماناکەی لێک بدرێتەوە.

مامۆستای مێژوو وەڵامی دایەوە:

ــ داهەقت ناگرم. دەزانم بابەتێکی سەرنج ڕاکێشە. بەڵام تکات لێدەکەم بمبوورە. چونکە بەڕێوەبەری قوتابخانە بانگی کردووم..

ــ ئەی بڕۆن.. بڕۆن.. چاوەڕێ هێشتنەوەی خوداوەندی قوتابخانە. خراپترین گوناحە.

سێ دەقە دواتر. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەدەرگای ژووری بەڕێوەبەری دا و هەر کەچرای سەوز ڕۆشن بوو. ڕۆیشتە ژوورو سڵاوی کرد. ئینجا بەئاماژەی بەڕێوەبەر. لەسەر کورسییەک دانیشت و چاوەڕێ مایەوە.

هەستی بەبوونی کەس نەدەکرد. بەڕێوەبەر کاغەزەکانی سەرمێزەکەی لەسوچێک دانا. بزەیەکی هاتێ و گووتی:

ــ دەربارەی دوایین قسەکانت زۆرم بیرکردەوە.. هەمان شێوازی وانە گوتنەوەی مێژوو.. گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە..

ــ چ ئاکامێک؟

ــ داواتان لێ بکەم لە ماوەی پشوودا. کارێکمان بۆ ئەنجام بدەی.

ــ چ کارێک؟

ــ هەڵبەت دەزانم کە تکایەکی وەها لەمامۆستاکانی قوتابخانە گونجاو نییە. بەتایبەتی ئەگەر لەقۆناغی پشوودا بکرێت. بەڵام لەپڕێکدا بیرم لەوە کردەوە کە دەتوانین وەزیر ڕازی بکەین ئەمر بکات هەندێک لێکۆڵینەوە لەمبارەوە ئەنجام بدرێت و دوای لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوی زانستی. ئەنجامی پێویست.

چوارچێوەیەکی بۆ دیاری بکرێت. بۆ ئەسپێکی کارمکە، دەتوانین هەندێک قوتابی بەشێوەیەکی نارەزوومەندانە هەڵبژێرین و لەئێستاوە بۆ رابردوو وانەی مێژوویان فێر بکەین..

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ــ چ شتێکم لە دەست دێت؟

ــ ئێوە دەبێ راپۆرتێکی تێروتەسەل بۆ وەزیری بەرێز ئامادە بکەن و پاش ئەوەی ئامادە بوو..

ــ من جەنابی بەڕێوەبەر؟

ــ نامەوێ پەستتان بدەم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە قوتابخانەکەماندا هیچ کەس بەئەندازەی ئێوە توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی نییە. ئێوە نیشانتان داوە کە بۆچوونی نوێتان هەیەو ئەگەر تکاکەم پەسند بکەن، ئەوا منتان قەرزدار کردوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەم کارە، بێ پاداشت نیە. دەزانن دوای بەرێکردنی وەها راپۆرتێک، بێگومان رادەی بودجەی تەرخانکراو بۆ قوتابخانەکەمان زیاد دەکرێ و ...

ــ جەنابی بەڕێوەبەر، گومانم هەیە لەوەی کە بۆچوونەکانم هەم لەڕوانگەی چەندایەتی و هەم لەڕوانگەی چۆنایەتییەوە وەزیر ڕازی بکەن. ئەتۆ باشتر لە من دەیانناسی، من مرۆڤێکی بێ بەختم و هەرگیز ناتوانم لەبەرامبەر..

ــ لەگەڵ ئەمەشدا، من سوورم لەسەر ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەن. باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی بتوانین بۆچوونەکانمان بێنینە گۆڕێ و پارێزگارییان لێ بکەین..

ـ تەنانەت ئەگەر هیچ سەرنجیان نەدرێتێ؟

ـ لەوانەیە ئەم کارە بکەن. لەوانەیە بێ کەمترین سەرنجێ ڕاپۆرتەکەمان بخەنە ئەرشیڤەوە، بەڵام گومانم نییە کە لەکۆتاییدا ڕۆژێک، بەرپرسێک ئەم ڕاپۆرتە دەبینێ و سەرنجی دەداتێ.

ـ بەڕاستی وا بیر دەکەیتەوە؟

ـ بەڵێ، لەڕاستیدا هیوادارم ئەو ڕۆژە بێت. دەتوانین داوا لە قوتابخانەی تریش بکەین لەم بوارەوە هاریکاریمان بکەن: کۆنفرانس بەڕێوە بەرین، باس و گفتوگۆ بکەین: دەزگاکانی ڕاگەیاندن بانگهێشت بکەین و...

ـ ئەوەی ڕاستی بێت من هەندێک کێشەم هەیە کە هەموو ساتەکانی منی پڕ کردۆتەوەو دەترسێم دەرفەتێکم نەبێ بۆ ئەو کارەی ئێوە دەتانەوێ.

ـ باشە، ئەگەر وەهایە، ئیتر لەمبارەوە قسەیەکم نییە.

بەڕێوەبەر تورە دەهاتە بەر چاوو ئەرتۆلیانۆ تێگەیشت.

ـ ڕێگەم بدەن هەندێک لەمبارەوە بیر بکەمەوە. چەند ڕۆژێک دەرفەتم بدەنێ. بەڵێن دەدەم هەتا کۆتایی هەفتە وەڵامێکی ئەرێنیتان بدەمەوە.

ـ یانی هیوادار بم کە وەڵامێکی ئەرێنیم دەدەنەوە؟

ـ لەوانەیە جەنابی بەڕێوەبەر، بەڵام لە ئێستاوە بەڵێن نادەم.

– بەڵێ، تێدەگەم. دیارە کێشەیەکی گەورەتان هەیە. هیوادارم بتوانی بەسانایی بەسەریدا زاڵ بی.

– منیش هیوادارم.

– بارودۆخی پۆلەکەتان چۆنە؟

– باش...

– قوتابییەکان دەخەبتن؟

– بەڵێ، زۆر باش.. پێنج شەممە تاقیکردنەوەیان هەیە.

– کەواتە ئێوە رۆژی هەینی وەڵامم بدەنەوە.

– زۆر باشە.

– باش لەسەر ئەم بابەتە بیر بکەنەوە.

– بەچاوان، بیر دەکەمەوە.

– سوپاسگوزارم.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەرەو ژووری مامۆستایان بەرێ کەوت. بڕیاریدا هەتا کاتی نانی نیوەڕۆ، رۆژنامە بخوێنێتەوە. تا کات زیاتر تێدەپەڕی، هەستی دەکرد کەمتر تاقەتی بینینی خەڵکی هەیە. تەنانەت بەئەندازەی بەیانی ئەو رۆژەی ژووری مامۆستایان، تاقەتی قسەکردنی نەبوو.

بەرلەوەی دەنگی زەنگ بیبیسترێ، لەقوتابخانە دەرکەوتو بۆ نانی نیوەڕۆ رۆیشتە رێستۆران.

بۆ وانەگوتنەوە لەدووهەمین پۆلدا، گەڕایەوە قوتابخانە. بەلام لەگەڵ کەس قسەی نەکرد. هێشتا ڕۆژ ئاوا نەبیبوو کەگەیشتەوە ماڵ. لەسەر قەنەفەیەک درێژبوو، چاوەکانی بەست. بڕیاریدا بیر لەهیچ شتێک نەکاتەوە و هەوڵی دا بخەوێت.. وەک بەردێکی مەزن لە جێگەیەک بکەوێت و نەجووڵێتەوە.. بەلام هەوڵەکانی هیچ سوودێکیان نەبوو. بیرکردنەوە لە وەلامی نامەی بەڕێکراو بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلم، مێشکی ئاڵۆز کردبوو...

دوو هەفتە چاوەڕێ ما. لەم ماوەیەدا، دوو جار زەنگی بۆ دایکی لینا، ڕۆیشتە قوتابخانە، پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پێنج شەممەی ئامادە کردو بە بەڕێوەبەری ڕاگەیاند کە وەڵامی ئەرێنی داخوازییەکەی دەداتەوە.

کۆتایی هەفتە لەماڵ دەرنەکەوت. تەلەفۆنی بۆ ماریاپاز کرد تاکوو چاک و چۆنی لەگەڵ بکات و بزانێ ئایا وەڵامێکی بەدەست گەیشتووە یان نا. وەڵامی تەلەفۆنی مامۆستای بیرکاری دایەوە کە دەیویست بپرسێ ئایا کێشەیەکی هەیە یان نا. بڕگەیەکی تری کتێبەکەی خوێندەوەو گەیشتە بڕگەی تایبەت بەئاشوورییەکان. لەتەلەفزیۆندا، فیلمێکی دیکۆمێنتی سەبارەت بەچاڵە سەهۆڵەکانی ئەورووپاو فیلمێکی تری دەربارەی مرۆڤە سەرەتاییەکان بینی. هەستی کرد ژیان لای ئەو لەداستانێک دەچێت.

دیسان تەلەفۆنی بۆ ماریاپاز کرد. دەنگی ئەوەندە لاوازو ماندوو بوو کە ماریای نیگەران کردو لێی پرسی ئایا پێویستی بە یارمەتی

هەیە یان نا. بەمارییای گووت بێتە ماڵ و ئەویش هات. ماوەیەکیان لەگەڵ یەک رابوارد و دوای نانی ئێوارە، رۆیشتنە دەرەوە.

رۆژی دواتر، ماریا پاز تەلەفۆنی کردو پێی راگەیاند کە وەڵامی نامەکەی بەدەست گەیشتووە.

— من لەبانکەوە تەلەفۆن دەکەم، ئەگەر دەتوانی، وەرە ئێرە، دەنا خۆم بۆت دەهێنمە ماڵ. هەڵبەت دوای ئەوەی بانک دابخرێ.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەوکاتەدا کە بەمە خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، بەزەحمەت خۆی پێ راگیراو پرسیاری لێ نەکات داخۆ نامەکەی کردۆتەوە و خوێندویەتیەوە یان نا، لەبری ئەم پرسیارە بە شەوقێکەوە کە لەشێوازی قسەکردنیدا دیار بوو، گووتی:

— خۆم دێم!

ماریاپاز پێیوابوو وەڵامی نامەکە لەماڵی تەرتۆلیانۆ و لەکاتی چاخواردنەوەدا هێندی هێندی گرنگی لەخوێندنەوەی نامەکە دەبێ، بەڵام بەهەڵەدا چووبوو.

هێشتا سەعاتێک لەقسە تەلەفۆنییەکەیان تێنەپەڕیبوو، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ خێرا هاتە ناو بانک و پرسیاری ماریاپازی کرد.

ماریا هەر لەکۆتایی ساڵۆن و لەکاتی هاتنە ژوورەدا ئەوی بینی، بۆیە لەجێگەکەی هەستاو بەرەو لای دەرگاکە هات. ئینجا بێ ئەوەی سڵاوو چاک و چۆنی لێبکات، گوتی:

— ها، ئەوە نامەکەت.

ئەو شتەی بڕیار بوو بیدایە، پێشکەشی کرد و تەرتۆلیانۆ گووتی:

- باشە، بەهیوای دیدار.. پەیوەندیت پێوە دەکەم.

ماریاپاز دەگەڕێتەوە سەر نیشەکەی و دیگا مەراقارییەکانی هاوکارە بەساڵاچوورەکەی پشت گوێ دەخات.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ نافۆنسۆ، بەسەرشەقامەکەدا رایکرد. ئۆتۆمبیلەکەی لەگەراجێکی ژێرزەمینی ڕاگرتبوو. نامەکەی نەخستە ناوجانتاکەیەوە، بەڵکو خستیە ناو گیرفانی و بڕیاریدا تا نەگاتەوە ماڵ نەیکاتەوەو نەیخوێنێتەوە. هەڵبەت زۆر بەباشی دەیزانی کە ناتوانێ ئەوەندە خۆی بگرێ و پاش ئەوەی سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، لەبڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە.

بەڕژواری ئۆتۆمبیلەکەی دیتەوە. وەک ئەو کەسانەی لەژێر چاودێری دابن، خێرا سوار بوو، دەرگەی پێوەدا و چرای ناوەوەی هەڵکرد. زەرفەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و وەک کاپیتانی کەشتیەکی شەر کە زەرفێکی مۆرکراو دەکاتەوە، هەڵیپچڕی. لەناوزەرفەکەدا وێنەیەکو کاغەزێکی دەرهێنا. وێنەکە هی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ نافۆنسۆ بوو، بەلام لەژێریدا، ئیمزای دانیال سانتا کلارا. لەگەڵ یاداشتێکی دڵسۆزانە بەرچاو دەکەوت. لەسەر کاغەزەکە نوسیبووی کە دانیال سانتا کلارا. لەڕاستیدا نازناوو ناوی هونەری ئەنتۆنیۆ کلارابووو هەروەها نووسیبووی کە ناونیشانی خۆی لەبەر هۆکری دڵسۆزانەی نووسەری نامەکە، نوسیوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ نافۆنسۆ لەو بیرە سەرنج ڕاکێشەی لەسەر خوێندنەوەی ژیانی ئەکتەرانی پلە دوو بەمێشکیدا هاتبوو و

بەماریاپازی ڕاگەیاندبوو. هەستی بەشانمانی کردو پیرۆزبایی لەخۆی کرد. بەشێک لەگۆرانییەکی هەرێمیی گوتەوە:

– چەند چەپکە گوڵێکم بەدیواردا نادا و پێوەی نووسا.

هەستی ئارامی گەڕایەوە بۆ لای. کەشتی ژیانی ڕەوتی خۆی دۆزییەوە. نەخشەیەکی لەداشبۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی دەرهێناو لەشەقامێک گەڕا کە بەلایەوە ناناشنا بوو. لەوانەشە لەو ساتانەدا، ئەو گەڕەکەی نەیەتەوە بیر. زۆر دوور بوو لەناوەندی شار. هەڵبەت ئەمە بەلای تەرتۆلیانۆوە گرنگ نەبوو، چونکە کاتێکی زۆری بۆ بینینی سانتا کلارا تەرخان کردبوو.

پارەی گەراجەکەی دا. گڵۆپی ئۆتۆمبێلەکەی کوژاندەوەو ماتۆڕەکەی هەڵکرد.

ئەستەم نەبوو بزانرێ تەرتۆلیانۆ دەچێتە کوێ. هەر کەس بەئاسانی دەیتوانی تێبگات کەدەیەوێ بچێتە شەقامی شوێنی ژیانی ئەو ئەکتەرەو بیناکەی بدۆزێتەوە. لەشەقامەوە لەپەنجەرەکانی بڕوانێت. خەڵکی دانیشتووی ئەو گەڕەکە هەڵبسەنگێنێ و بزانێ پەیڕەوی لەچ شێوازێ دەکەن و لەکوێ دەژین.

ئاپۆرەیەکی زۆر هەبوو و ئۆتۆمبێلەکان زۆر بەسستی دەجوڵان. لەگەڵ ئەمەشدا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەستی بەنیگەرانی نەدەکرد. لەوە نەدەترسا کە لەو شەقامە هەڵبێت ئەکتەرەکەی تێدا دەژی، چونکە وەک زیندانێکی ڕێگاکانی ناو شارەکە وابوو و لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو: ڕێک وەک ئەو حاڵەتەی کە لەنەخشەکە دا دەبینرا.

لەپشت گڵۆپی سوور ڕاوەستابوو. بە قامکەکانی لەسوکانی ئۆتۆمبێلەکەی دەدا و ئاوازێکی بێ هۆنراوەی دەگوتەوە. ویژدانی هاتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە.

ــ ئێوارەت باش!

ــ خۆ بانگی تۆم نەکردووە!

ــ هەرگیز وەبیرم نایەت منت بانگ کردبێت!

ــ بەڵێ، بەڵام ئەگەر تۆم نەناسیبا، ئەم کارەم دەکرد.

ــ ئەمجارەیان بەهەڵەدا چووی! ئەو کارەی دەتەوێ ئەنجامی بدەی، هەڵە نییە، گەمژەییە!

ــ گەمژەیی؟

ــ بەڵێ بەڕێز.. ئەویش لە جۆرە مەترسیدارەکەی!

ــ بۆ؟

ــ خۆ ڕوونە و بەرچاوە. یەکێک لەنیشانە لاوەکییەکانی کوێری، گەمژەییە.

ــ زۆرتر شی بکەرەوە.

ــ پێویست ناکات بڵێی دەتەوێ بچیتە شەقامێک کە دانیال سانتا کلارا لێی دەژیت.

ــ بەڵێ، چۆنت زانی؟

ــ کلکی کەڵەبابەکە لەدەرەوە بوو و تۆ نەتزانی.

ــ کەڵەبابی چی؟ کلکی چی؟ باسی چی دەکەی!

ــ زۆر سادەیە. نازناوی سانتا کلارا، لە پاشناوی کلارۆ وەرگیراوە.

– ئەمە نازناو نییە، ناوێکی هونەرییە. باشە ئێستا کلکی کەڵەباب چ پەیوەندییەکی بەمەوە هەیە؟

– دەزانم لێی تێ ناگەی و بەکەڵکت نایە. هەروەک چۆن گەڕان بەدوای ونبوویەکدا، سوودی نییە بۆت.

– ڕاشکاوانە قسە بکە!

– ئەگەر لە ڕێبەری تەلەفۆندا لەناوی کلارۆ گەڕابایەی، بەسانایی دەتتوانی بیدۆزیتەوە!

– ئێستاش دۆزیومەتەوە!

– دەتەوێ بچیتە ئەو شەقامەی لێی دەژی؟

– بەڵێ.

– دەتەوێ بیناو پەنجەرەکانی ماڵەکەی ببینی؟

– بەڵێ.

– دەتەوێت بزانی لە چ شوێنێک دەژی؟

– بەڵێ!

– ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، قسەکانت ئەمانە دەگەیەنێ.

– بەڵێ.

– باشە ئێستا وابزانە چاو لەپەنجەرەکانی ماڵەکەی دەکەیت، ژنەکە یان بەواتایەکی تر خێزانی دانیال سانتا کلارا لەماڵەو لەپەنجەرەوە، پرسیارت لێدەکات بۆچی نایەیتە ژوور. یان لەوەش خراپتر، داوات لێ بکا بچیتە دەرمانخانەو هەندێک حەبی ئەسپیرین و شەربەتی سینگی بۆ بکڕی.

– ئەو قسە قۆڕانە چین!

ـ ئەگەر پێت وایە قسەکانم قۆڕن، وابزانە هەر ئەم ساتە کەسێک بەنێرەدا تێدەپەڕێ و وەک تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نا، بەڵکو وەک دانیال سانتا کلارا چاک و چۆنیت لەگەڵ دەکات. تۆ تەرتۆلیانۆی، بەڵام هەرگیز نابیتە دانیەل.

ـ ئەوەش قسەیەکی قۆڕی تر!

ـ باشە ئەگەر ئەمەش قسەی قۆڕە، وابزانە هەروا کە لەسەر شۆستە لەپەنجەرەی ماڵی ئەکتەرەکە دەڕوانی، کتوپڕ دانیال سانتا کلارا دەردەکەوێ. لەوکاتەدا وەک دوو سەگ لەیەکتری دەڕوانن. هەر یەکێکتان ڕەنگدانەوەی ئەوی تر..

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، یەکڕاست وەڵامی نەدایەوە. دوو سێ دەقە بێدەنگ ما، بیری کردەوە و وتی:

ـ باشترین کار ئەوەیە لە ئۆتۆمبێلەکەم دانەبەزم.

ـ ئەگەر لەجێگەی تۆ بومایە، تەنانەت متمانەم بەمەش نەدەکرد. لەوانەیە هەر ئەو کاتەی لەپشت گڵۆپی سووری ترافیک لایت ڕاوەستاوی، یان لەوانەیە لە نهۆمی یەکەمی هەمان بیناوە، کەسێک بتبینێ و بۆ نموونە لێت بپرسێ لە فیلمەکەی داهاتوودا، ڕۆڵی تۆ چییە؟

ـ باشە دەبێ چ بکەم؟

ـ نازانم.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نزیک ماڵەکەیان، ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت، نەخشەکەی هەڵگرت و لەئۆتۆمبیلەکەی هاتەدەر. لەشۆستەی ئەوبەری شەقامەکە، پیاوێک سەری بەرز کردبووەوە چاوی لە ئەپارتمانەکانی ئەملا دەکرد. هەڵبەت بەهیچ شێوەیەک لە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نەدەچوو: بەڵام بینینی وەها دیمەنێک، مامۆستای مێژووی ڕاچڵەکاند. ڕۆیشتنی ئەو پیاوە بەوێدا شتێکی ڕێکەوت بوو، بەڵام بەمێشکی تەرتۆلیانۆ داهات ئەگەر دانیال سانتا کلاراش بەدوای هاوشێوەی خۆیدا بگەڕێت، چ ڕوو دەدات؟

ـ من بەدووتا.. تۆش بە دووما.. ئەمانە هەمووی خەیاڵ پڵاون. چونکە ئەو تەنانەت نازانێ من لەم دنیایەدا هەم.

لەگەڵ ئەمەشدا، چۆکەکانی دەلەرزین. هاتەوە ماڵ و بەشەکەتی خۆی بەسەر قەنەفەکە دادا. شلەژابوو و تا چەند دەقەش هەروا قسەی دەپەڕاند. دەتگووت خۆی نییە. ئەو هەستە دڵنیاییەی لەکاتی سواربوونی ئۆتۆمبێل و دەرکەوتن لەگەراج و لیخوڕین بەرەو شوێنی مەبەست ـ کەهەرگیز نەیگەیشتێ ـ بەسەریدا زاڵ بیوو.

ئیتر بیرەوەرییەکی کاڵ بوو. دەتگووت هەرگیز هەستێکی بەمجۆرەی نەبووە.

بەئەستەم لەجێگەکەی هەستا. دەتگووت قاچەکانی هی خۆی نین. ڕۆیشتە موبەق تاکوو قاوەیەک دروست بکات. قاوەکەی ساز کردو قوم قوم نۆشیی. گەرما لەگەرووی ڕۆیشتە خوارو گەیشتە گەدەی. پەرداخەکەی شۆرد و گەڕایەوە ناو سالۆن. لەسەرەخۆ دەجولایەوە. دەتگووت لە تاقیگەیەکی کیمیایی و لەگەمارۆی مەوادی مەترسیدار دایە.

کارێکی نەبوو جگە لەوەی رێبەری تەلەفۆن بێنێت و ئەمجارەیان بەدوای وشەی K دا بگەڕێت. بەڵام بەخۆی گووت:

– پاشان چ بکەم؟

ڕێبەری تەلەفۆنی هەڵدایەوە. ژمارەی کلارۆکان زۆر بوو. بەڵام ئەنتۆنیۆ زۆر نەبوو. بەئاسانی زانیارییەکانی ناو نامەکەی لە ڕێبەرەکەدا دۆزییەوە: ناو، پاشناو، شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارە تەلەفۆن. هەمووی لەسەر کاغەزێک نووسی و دووپاتی کردەوە:

– پاشان چ بکەم؟

دەستی ڕاستی بۆ تەلەفۆنەکە برد و لەسەر تەلەفۆنەکەی دانا. چەند جار لەسەر یەک ئەو یاداشتەی خوێندەوە کە نوسیبووی. ئینجا کاغەزەکەی لە سوچێک دانا و لەناو ماڵدا پیاسەی کرد. لەگەڵ خۆیدا لێکی دایەوە کە باشترین ڕێگە، دواخستنی پەیوەندییەکەیە هەتا کۆتایی تاقیکارییەکان. هەستی بەپەشیمانی نەکرد لەوەی کە

پێشنیاری بەڕێوەبەری قوتابخانەی پەسند کردبوو. نەیدەتوانی لەژێر باری ئەو بەرپرسیارێتیە، رابکات.

ـ کارێکی گەمژانەیە!

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ جارێکی تر لەپشت مێزی نووسین دانیشت. کاغەزەکەی لەسەر مێزەکە دانا و دەستی ڕاستی بەرەو لای تەلەفۆنەکە درێژ کرد. دەتگوت دەیەوێ بۆچوونەکانی پراکتیزە بکات.

لەپڕێکا بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، ژمارەکەی لێدا. بەسەر ترسەکەیدا زاڵ ببوو و گوێی لە دەنگی تەلەفۆنەکە گرت. جارێک، دووجار، سێ جار، چەند جار. ڕاست ئەو کاتەی بڕیاریدا تەلەفۆنەکە دابنێ، ژنێک بەهانکەهانک، وەک بڵێی ماوەیەکی زۆری پێدابێ، لەوبەری کێبڵەکەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ...

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ قوڕگی وشک بوو و هەندێک درەنگ قسەی بۆ هات. بۆیە ژنەکە دیسان دووپاتی کردەوە:

ـ بەڵێ... فەرموون.

دواجار مامۆستای مێژوو توانی قسە بکات:

ـ ئێوارەت باش خانم.

ـ فەرموون.

بەهەمان شێواز وەڵامی دایەوە.

ـ پرسیارێکم هەبوو.

ـ چ پرسیارێ؟

– ئایا دانیال سانتا کلارا، ئەکتەری بەناوبانگ، لەوێ دەژی؟

– بەڕێزم، کاتێک دانیال سانتا کلارا، ئەکتەری بەناوبانگ، گەڕایەوە ماڵ، پێی دەڵێم کە ئەنتۆنیۆ کلارۆ تەلەفۆنی کرد تاکوو بپرسێت ئێوە لێرە دەژین یان نا!

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گووتی:

– لە مەبەستەکەتان تێناگەم.

ژنەکە بەتوڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

– بەگشتی گاڵتەی وەهات نەبوو! چیت دەوێ؟ کاری وێنەگرتن دوا کەوتووە؟

– بیبوورە خانم، پێم وابێ بەهەڵەدا چووی. من ئەنتۆنیۆ کلارۆ نیم.

– یانی ئێوە مێردی من نین؟

– نا خانم. من تەنها دەمەوێ سەبارەت بە دانیال سانتا کلارا، هەندێک زانیاری وەربگرم و بزانم ئایا لەوێ دەژی یان نا؟

تەنانەت ئەگەر دانیالیش نەبن، دوای ئەو قسانەی کردم، دیارە کلارۆ لە ماڵەدا دەژی.

– بەڵێ، بەڵام ئێوە بەجۆرێ قسەتان کرد کە هەندێک گێژ بووم.

– بەئەنقەست نەبوو، وامزانی مێردەکەم دەیەوێت گاڵتەم لەگەڵ بکات.

– دڵنیا بە من مێردی ئێوە نیم.

– زۆر سەختە بڕوا بکەم.

– کە مێردی ئێوە نیم؟

ـ بەڵێ. چونکە دەنگت، ڕێک لە دەنگی ئەو دەچێ.
ـ ڕێکەوتە.
ـ بەڵێ. بەڵام ئاسایی نییە.
ـ دەکرێ دەنگەکانیش وەک مرۆڤەکان لێک بچن.
ـ وایە. بەڵام بەو ڕادەیەش نا.
ـ لەوانەشە ئێوە پێتان وابێ.
ـ نا. هەر قسەیەک کە دەیکەن، دەڵێی لە زاری ئەو دێتە دەرەوە.
ـ بەڕاستی جێگەی بڕوا نییە.
ـ ناوتان چییە تاکوو پێی بڵێم.
ـ پێم وا نییە پێویست بێت و هەروەها ئەو نامناسێت.
ـ ئێوە لە لایەنگرانی ئەون؟
ـ بەتەواوەتی نا.
ـ لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە ئەو بیەوێ بزانێت.
ـ نیسان تەلەفۆن دەکەمەوە...
ـ بەڵام گوێ بگرە.
تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەنەسپایی تەلەفۆنەکەی داناو پەیوەندییەکەی پچڕاند.

ڕۆژان تێپەڕ بوون و تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ تەلەفۆنی نەکردەوە. لەبەرئەوەی لەگەڵ هاوسەری کلارۆ قسەی کردبوو، هەستی بە ڕەزامەندی دەکرد. دیسان متمانەی بەخۆی کردبۆوە و دەیتوانی جارێکی تر ئەم کارە ئەنجام بدات. بەڵام کە ماوەیەک بیری لێکردەوە، بڕیاریدا لەبەر دوو هۆ بێدەنگی لێبکات. یەکەم لەو کێشە پڕنهێنییەی لەنێوان ئەو ژن و پیاوە، کە بەهۆی پەیوەندیکردن بەهاوسەرەکەیەوە بەدیدەهات، ڕازیبوو و حەزیدەکرد درێژە بکێشێ. هەندێک گومانی دێنایە بەر چاو کە دانیال سەبارەت بە بیستنی دەنگێک وەک هی خۆی دەیانڵێت و ژنەکە پێدادەگرێت کە تەرتۆلیانۆ هەر مێردەکەیەتی و گاڵتە دەکات:

– بەشکم ئەمجارەیان تەلەفۆن بکات و تۆ لەماڵ بیت! دەڵێی بەڕاستی خۆتی!

– پێت گوت.. کە من لێرە دەژیم...

– بەڕاستی سەیرە!

هۆکاری دووەم کە لە هی یەکەم گرنگتر بوو، ئەوە بوو کە دەیویست پاش کۆتایی هاتنی تاقیکارییەکان، بەئاسوودەیی ڕێگەچارەی گونجاو بدۆزێتەوەو ئەکتەرەکە کەمارۆ بدات. ئەگەرچی بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیارێتیەکی قورسی خستبوە ئەستۆ، بەڵام دەیزانی کە لەماوەی سێ مانگی پشوودا، دەرفەتێکی باش بەدەست دێنێت. دەیەویست سەردانێکی دایکیشی بکات، بەڵام بەو مەرجەی ئەکتەرەکەو هاوسەری بۆ پشوو ئەچنە دەرەوەی شار. هەڵبەت ئەم قسەیەی لەناو قسەکانی ژنەکە دەرکێشابوو: "وێنەگرتن دوا کەوتووە؟"

لەو هاوکێشەیەی هاتبوە گۆڕێ، بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە دانیال سانتا کلارا بڕیارە لە فیلمێکی تردا ڕۆڵ ببینێ و ئەگەر ڕۆڵێکی پێ بدەن وەک ئەو ڕۆڵەی کە لەفیلمی "گۆڕەپانی فریشتەکان" پێیان سپاردبوو، بۆماوەیەکی زۆر گرفتار دەبێت.

بەپێچەوانەی ڕاسپاردەی ویژدانی، هێشتا پێیوابوو بینینی ماڵی دانیال سانتا کلارا لەوانەیە بۆ سەرکەوتن لەئەنجامدانی پیلانەکانیدا بەسوودبێ: هەروەک بەڕێکردنی کۆمەڵێک کەشتی بۆ ناسینی هێزەکانی دوژمن لە جەنگە کۆنەکاندا. زۆر باش دەیزانی بۆ ئەوەی بچێتە ئەوێ، پێویستە ڕواڵەتی بگۆڕێت. دەیتوانی ڕیش و سمێڵی بهێڵێتەوە، چاویلکەیەکی ڕەش لەچاو بکات و شەپقەیەکیش لەسەر بنێ. جگە لەشەپقەو چاویلکە کە دەتوانرا دایانبنێ و هەڵیانگرێت، ڕیش و سمێڵی ڕاستەقینە زۆر کاریگەرن. بۆیە بیری لەڕیش و سمێڵی دەستکرد کردەوە. وەک زۆربەی خەڵک دەیزانی هەندێک

فرۆشگا هەن بۆ فرۆشتنی ریش و سمێڵی دەستکرد. ئەو ئەگەرەی کە لەکاتی کڕیندا لەگەڵ دانیال سانتا کلارا لێیان تێک بچێت، نیگەرانی کردبوو. لەدڵی خۆیدا گووتی:

ـ ئەوخۆی بۆکڕینی ئەم شتانە ناچێتە فرۆشگا. کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکە لەکۆگاکانیدا ئەم شتانەی هەیەو نیازەکانی جێبەجێ دەکات. ئەگەر شتێکی پێویست بێت و پارەی پێویستی پێ نەبێت، دەتوانێ بەکرێ شتەکە وەربگرێت...

ـ بەم پێیە، تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ توانی بێنەوەی هەست بەترس بکات، بچێتە فرۆشگا و ریش و سمێڵێک بکڕێت کە شیاوی دەموچاوی بێت. نابێ ریشەکە زۆر درێژ بێت، چونکە مەراقی خەڵکدا دەوروژێنێت. دەبێ کورت و پڕ بێت. ماوەیەکی زۆر لەبەردەم ئاوێنە وەستاو دەموچاوی بەریشی جۆراوجۆر، تاقیکردەوە. دواجار ریشێکی هەڵبژارد. بڕیاریدا هەرئەو شێوەیە بپارێزێ. هەستی دەکرد بەمجۆرە زیاتر لە خۆی دەچێت.

هەروا کە هەوڵیدەدا سەرنجی ئەوانی تر بۆ لای خۆی ڕانەکێشێ، ڕۆیشتە وێنەگرییەک کە زۆر دوور بوو لەماڵی خۆیان تا وێنەیەک بگرێت. کاتێک لەوێ هاتە دەرەوە، چوارچێوەیەکی وێنەی پێبوو کە ئەندازەکەی مامناوەند بوو. هەڵبەت بەنیاز بوو بیانفەوتێنێ، چونکە حەزی نەدەکرد بڵاو بینەوە.

دواتر ڕۆیشتە مەڵبەندێکی بازرگانیی نزیک بەوێ. چووە ئاودەستەکەیەوە و دوور لەچاوی خەڵک ریشەکەی لابرد. ئەگەر

کەسێک لەکاتی چوونە ناودەستدا ئەوی دیتبا، باوەڕی نەدەکرد ئەو پیاوەی هاتووەتە دەرەوە، هەر هەمان پیاوە.

ریشەدەستکردەکەی خستە ناو گیرفانی چاکەتەکەیەو لەناوەندە بازرگانییەکە هاتە دەرەوە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، مامۆستای مێژوو لەو رۆژانەدا، سەلماندی کە هەروەک تاوانکاران و لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس توانایەکی باشی هەیە لەگۆڕینی شێوەدا. بەمزووانە دەردەکەوێت کام لەو دوو شێوازە، سەرکەوتووتر دەبێت.

گەیشتەوە ماڵ. شەش وێنەی کۆپیکراوی خۆی سووتاند. بەلۆعەکەی بەردایەوە تاکوو سوتوەکەیان بچێتە ناو ئاوەڕۆکەوە. ماوەیەکی زۆر سەیری وێنە هەرە گەورەکەیانی کرد، پاشان خستیە ناو زەرفێکەوەو زەرفەکەی لەپشت کتێبێکەوە دانا بەناوی "مێژووی شۆڕشی پیشەسازی" لەناو دۆلابی کتێبخانەکەدا.

ئەو کتێبەی نەخوێندبۆوە.

ڕۆژانی تر هاتن‌و تێپەڕین. ساڵی خوێندن بەدوایین تاقیکاری، کۆتایی هات. مامۆستای بیرکاری گووتی:

– من بۆ ڕابواردنی پشووی کۆتایی ساڵ دەچمە دەرەوەی شار. بەڵام ئەگەر کارێکت هەبێ، دەتوانی تەلەفۆنێکم بۆ بکەیت. ئاگات لە خۆت بێ.

بەڕێوەبەر گووتی:

– ئاگات لەخۆت بێ. ئەو بەڵێنەی داوتە، لەبیرت نەچێ. دوای گەڕانەوەت لەپشوو، هەواڵی ئەنجامدانەکەی لە تۆ وەردەگرم. ئەگەر بڕیارتدا بچیتە دەرەوەی شار، کە هەرواش دەبێت، چونکە تۆش پێویستیت بەپشوو و ڕابواردن هەیە، ژمارەیەک دابنێ تاکوو پەیوەندیت پێوە بکەم.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ چەند جاری تریش ماریاپازی بۆ خواردنی شێو بانگهێشتی ڕێستۆران کرد. جارێک، ژنەکە درەنگ هات و پاش ئەوەی لەسەر کورسی بەرامبەری دانیشت، هۆکاری

دواکەوتنەکەی گەڕاندەوە بۆ دایکی. هەر کەس ئەوانی بینیبا، زوو تێدەگەیشت کە خۆشەویستی یەکتر نین، چونکە جگە لە چەند رستەیەکی ئەحواڵپرسی، هیچ قسەیەکیان نەدەکرد.

– چۆنی؟

– دەنگ و باس؟

– ئیشم زۆرە!

– منیش هەروا!

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ نافۆنسۆ نەیدەزانی ئایا دەربارەی ڕووداوەکان قسە بکات یان نا. بەڵام ماریاپاز ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە سەر کرۆکی مەبەست.

– نامەکە بەسوود بوو؟

– بەڵێ.

– هەموو ئەو زانیارییانەی پێویستیت پێیان بوو، تێی دابوو؟

– بەڵێ.

– بەڵام من وام بیر نەدەکردەوە.

– بۆچی؟

– چونکە چاوەڕێ بووم ناوەڕۆکەکەی زۆرتر بێت.

– تێناگەم.

– تۆ زانیارییەکی زۆرت داوا کردبوو. ئەوەندە زۆر بوو کە لەلاپەڕەیەکدا جێگەی نەدەبۆوە. لەکاتێکدا کەزەرفی وەڵامەکەت، تەنها کوتە کاغەزێک بوو.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەپڕێکا تووڕە بوو و لەماریاپازی پرسی:

ـ تۆ لە کوێوە دەزانی؟ بۆ نامەکەت کردەوە؟

ـ نا. لانیکەم خۆت پێویستە تێگەیشتبی...

ـ ئاخ، بەڵێ. بمبوورە، قسەیەکی هیچم کرد.

ـ دەتوانم بتبوورم، بەڵام دەترسم هیچ سوودێکی نەبێ.

ـ بۆ؟

ـ چونکە تۆ پێتوایە کەمن نامەی کەسانی تر، دەکەمەوەو بێ ئیزن، دەیخوێنمەوە.

ـ خۆت زۆر باش دەزانیت کە من وا بیر ناکەمەوە.

ـ من زۆر باش دەزانم کەتۆ سەبارەت بەمن هیچ شتێک نازانی و من ناناسی.

ـ ئەگەر سەبارەت بەتۆ بچووکترین تێنەگەیشتنم نەبوایە. تکام نەدەکرد نامەکە بەناونیشانی تۆ بەڕێ بکات.

ـ ناوی من تیایدا تەنها وەک دەمامکێک بەکار هاتووە.

ـ دەمامک؟ تۆ؟

ـ نا. دەمامکی تۆ.

ـ بەڵام من باسی هۆکارەکانم کرد.

ـ بەڵێ. باست کرد.

ـ تۆش پەسندت کرد.

ـ بەڵێ. پەسندم کرد.

ـ باشە. چ کێشەیەک لە ئارادایە؟

ــ لەمڕۆ بەدواوە، دەربارەی ئەو زانیارییانەی دەستت کەو
چاوەڕێم ڕوونکردنەوە بدەی.

ــ باشە..

ــ هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی پەیوەندییم پێیانەوە هەیە، بەڵکو چونکە پێم وایە کە ئەرکی سەرشانتە ئەم کارە ئەنجام بدەی.

ــ دەڵێی متمانەت بە من نییە..

ــ بەمەرجێک متمانەم پێتە کەپێم بڵێی چۆن وەڵامی ئەوهەموو زانیارییانە، لە لاپەڕەیەکدا جێگەی دەبێتەوە.

ــ هەموو زانیارییەکانیان پێ نەدام.

ــ باشە، کەواتە هەموو زانیارییەکانیان نەداوە. ئەو زانیارییانەی پێیان داوی، نیشانم بدە.

خواردنەکەیان هێندی هێندی سارد دەبۆوە. خواردنەوەکان هەروا بەدەست لێنەدراوی لەسەر مێزەکە بوون و فرمێسک لە چاوەکانی ماریاپازدا قەتیس ما. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ دافۆنسۆ بۆ ساتێک بیری کردەوە کە گێڕانەوەی ڕووداوەکە لەسەرەتاوە، دەتوانێ ئەهوەنی بکاتەوە. ڕووداوێکی نامۆو بێ وێنە، سەربووردەی پیاوێکی کۆپیکراو: خەیاڵێکی دوور لە ڕاستی کە وەڕاست گەڕابوو: نیشانەیەک کە دەیسەلماند هیچ شتێک بۆ خوداوەند نامومکین نییە، ڕووداوێک کە نیشانمان دەدات زانستی ئەم سەدەیە چەندە کلۆڵە.

ئەگەر ئەم کارەی ئەنجام بدایە، دەیتوانی پاساو بۆهەموو هەڵسوکەوتەکانی پێشووی بێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا ماریاپاز پێشنیاریدەکرد:

ـ ئیتر درێژە بە کارە شیتانەیە مەدە، چونکە ئاکامی ناخۆشی بەدواوەیە.

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دەدایەوە:

ـ تۆش وەک دایکم وای..

ماریا لێی دەپرسی:

ـ بۆ ئەویشت گێڕاوەتەوە؟

ئەرتۆلیانۆ وەڵامی دایەوە:

ـ تەنها گوتوومە هەندێک کێشەم هەیە.

ژنەکە بەو ئەنجامە گەیشت:

ـ باشە، ئێستا کە تەنها من ئەو بابەتە دەزانم، باشترە خۆمان کێشەکانی تر چارەسەر بکەین.

زۆربەی مێزەکان چۆڵ بوون. مێزەکەی ئەوان لەسوچێکدا بوو کە کەس سەرنجی نەدەچووە سەر ئەوان. ئەو بیرانەی لەمێشکی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆدا بوون، بەهەمان خێرایی دەرکەوتنیان، ون بوون.

شاگردەکە بەگوێرەی داخوازی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ قاوەو پاشان وەسڵەکەی هێنا. چەند دەقەیەک دواتر، ئەوان لەناوئۆتۆمبێلدا دانیشتبوون، هەتا ئەچوونە ناو ئەو شەقامەی ماریاپازی لێدەژیا، هیچ قسەیەکیان لەدەم نەهاتەدەر. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و کوژاندیەوە. ئینجا گووتی:

ــ هەموو ئەوشتانەی لەماوەی ئەم هەفتەیەدا لەمنت بیستووە، درۆ بوون... هەروەها ئەو قسانەی لەریستۆرانەکەدا کردمن. بەلام پێویست ناکات خۆت سەرقاڵ بکەیت و پرسیارم لێبکەی راستی چییە، چونکە ناتوانم وەڵامێکت بدەمەوە.

ــ کەواتە ئەوەی لەکۆمپانیای بەرهەمهێنەر باوات کرد، زانیاری ئاماری نەبوو؟

ــ وایە.

ــ کەواتە دەبێ پەیوەندیی بەشریتە ڤیدیۆکانەوە هەبێت!

ــ بەڵێ، وایە. هەر ئەوەندەی باسم کرد، بەسە. نیتر پرسیار مەکە.

ــ دەتوانم پرسیار نەکەم و خۆم بیخەملێنم، ئەگەرچی وەک شتێکی هیچیش دیار بێ.

ــ سەیرە کە ئەبووە مایەی سەرسوڕمانت!

ــ بۆ؟

ــ تۆ دەزانی مەبەستم چییە. کەواتە ناچارم مەکە قسەکانم دووپات بکەمەوە.

ــ درەنگ یان زوو دەبێ هەموو شتێکم بۆ بگێڕیەوە.

ــ بۆچی دەبێ بۆت بگێڕمەوە؟

ــ چونکە زۆر کەمتر لەوەی بیر دەکەیتەوە، نهێنییەکان حەشار دەدەی!

ــ بەلام بەو ئەندازەیە نییە کە ڕاستی ڕووداوەکەت بۆ بگێڕمەوە.

ـ ئەو شتەی دەبێتە هۆی بێدەنگ بوونت، شتێکی ترە.
ـ چ شتێک؟
ـ گومان! دڵەڕاوکێ! ترس!
ـ بۆچی وا بیر دەکەیتەوە؟
ـ لەچاوەکانت را دیارە.. لەقسەکانت را بۆم دەردەکەوێ.
ـ دانم پێدا نا کە هەموو قسەکانم درۆ بوون..
ـ بەڵێ، بەلام نەک هەموو قسەکانت. دەڵێی بووینەتە سیاسەتمەدار.
ـ نە دانی پێدادەنێم و نە رەتی دەکەمەوە.
ـ ئەم رستەیە ناتوانێ هەموو کەسێ فریو بدات.
ـ بۆچی؟
ـ چونکە هەمووکەس زوو لەوە تێدەگات کە جەختت لەسەر وشەی دانپێدانان کردەوە..
ـ هەرگیز بیرم لەم بابەتە نەکردبۆوە.
ـ منیش هەروا.. کتوپڕ بەمێشکمدا هات.
ـ بەهەر حاڵ، ئەدان بەگومان و دڵەڕاوکێ و ترسدا دەنێم و نەرەتی دەکەمەوە.
ـ دەرفەتێکی ئەوەندە زۆرمان نییە تا بەیاریکردن بەوشەکان بەفیرۆی بدەین.
ـ لەوە باشترە لە ریستۆران دابنیشین و چاوەکانمان پڕ بێت لە فرمێسک. بیبوورە، بەلام نیوەی ئەو شتەی پێویستە بیزانم، دەیزانم.

– دژایەتییەکم نییە. تەنها دانم بەوەدا نا ئەوەی گوتوومە، درۆ بووە.

– بەهەرحاڵ، نیوەی ڕاستییەکان دەزانم و هیوادارم بتوانم ئاسوودە بخەوم.

– لەوانەیە ئەگەر نیوەکەی تر بزانیت، هەرگیز خەوت لێ نەکەوێ.

– تکایە مەمترسێنە.

– هۆکارێک نییە بۆ ترساندن. کەواتە ئارام بە. هیچ کەسێک لەم ڕووداوەدا نەکوژراوە.

– گوتم مەمترسێنە.

– ئارام بە. دایکم بەردەوام دەڵێت هەموو شتێک چارەسەر دەبێت.

– بەڵێن بدە کە ئاگات لەخۆت بێ!

– بەڵێن دەدەم.

– بەڵێن بدە ئەگەر شتێک لەم نهێنییەدا دۆزرایەوە کە شایەنی گووتن بێ، پێم بڵێیت: تەنانەت ئەگەر پێشم زۆر گرنگ نەبێت.

– بەڵێن دەدەم.

– ماریاپاز گەڕایەوە. بزەیەکی هاتێ و دەرگاکەی کردەوە. تەرتۆلیانۆ باسکی ماریاپازی گرت و ڕایگرت.

– مەڕۆ.

– ئەمشەو ناتوانم.

لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی و بەنیشانەیماڵئاوایی، سەری جوڵاندەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، ئۆتۆمبێلەکەی ئاگیرساندو چاوەڕێ ما تاکوو ماریاپاز بچێتە ژوورەوە. لەو کاتەدا کە ماندوویەتی لەسەرو سیمای دەباری، بەرەو ماڵ ڕۆیشت. ئەو شوێنەی تەنهایی بەهەموو هێزییەوە، خۆراگرو دڵنیا چاوەڕێی بوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر، بەمەبەستی ناسینی ماڵی دانیەل سانتا کلارا، لەماڵ دەرکەوت. ریشە دەستکردەکەی بەسەرنجەوە بەروخسارییەوە نوساندبوو و شەپقەیەکی لەسەر نابوو تاکوو نسێ بخاتە چاوەکانی. لەدوایین ساتەکاندا، بڕیاری دابوو چاویلکە لەچاو نەکات، چونکە دەموچاوی وەک تاوانبارەکان نیشان دەدا و مەراقی دراوسێکانی دەوروژاند. لەوانە بوو ئەم مەراقە ببێتە هۆی ئەوەی پۆلیس دوای بکەوێت، دەستگیری بکات و ناسنامە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بێت.

چاوەڕێ نەبوو لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، زانیاریی زۆر بخاتە بەر دەمی. تەنها دەیویست ماڵ، بیناو شەقامی گەڕەکەکەیان بناسێت. ئەو نیو سەعاتەی تەرتۆلیانۆ لەگەڕەکەکەدا بوو، وای نیشان دەدا کە خەریکە تەماشای جامخانەی دوکانەکان دەکات و پاشان ڕۆژنامەیەکی کڕی و لەو کاتەدا کە لەقەراغ دوکانێکی بچووک ڕاوەستابوو قاوەی دەخواردەوە، کەوتە خوێندنەوەی،

لەبەرئەم ئەونووکانەی ڕێک لەقەراغ بیناو شوێنی نیشتەجێبوونی دانیەل سانتا کلارا بوو. ئەکتەرەکە لەم ماوەیەدا هاتوچۆی نەکرد. لەوانەیە ئەو ساتانە، لەلای ژن و منداڵەکانی بووبێت: هەڵبەت ئەگەر منداڵی هەبن. لەوانەشە خەریکی ڕۆڵ بینین بێت لەفیلمێکی تردا و لەوانەشە لەوکاتەدا هیچکەس لەوئاپارتمانە نەبێت. لەوانەیە لەگەڵ منداڵەکان بۆ ڕابواردنی پشوو چووبنە ماڵی باپەگەورە، لەوانەیە دایک وەک زۆربەی ژنانی تر، لەدەرەوە کار بکات تاکوو سەربەخۆیی خۆی نیشان بدات. لەوانەیە دۆخی ئابوورییان باش نەبێت، چونکە داهاتی ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی سەرەکی نابینێت، پەیوەندی بەڕادەی پێشکەش کردن و داواکاری کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکەوە هەیەو بۆیە هەرگیز ناتوانێ ئەگۆڕ بێت و بەگوێرەی تواناو لێهاتوویی کەسەکان، دەست نیشان دەکرێت.

هەرچۆنێک بێت هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە، باشترین ڕێگە، چاوەڕوانی بووە. دانیال سانتا کلارا هێشتا گەنج بوو. ڕواڵەتێکی جوان و ئەندامێکی لەباری هەبوو. نکۆڵی لە توانای نەدەکراو بێ ویژدانی بوو ئەگەر ڕۆڵی وەک بەرپرسی پرسگەی پێبدرێت.

پارەی خاوەن دووکانەکەی دا، چووە ئەوبەری شەقامەکە، خۆی کرد بەکۆشکی تەلەفۆندا و لەگیرفانی سەرەوەی چاکەتەکەی، کاغەزێکی دەرهێنا کە ژمارە تەلەفۆنی دانیەل سانتا کلارای لەسەر نووسرابوو. ژمارەکەی لێدا. نەیدەویست قسە بکات، تەنها دەیویست بزانێ ئایا کەسێک لەماڵە یان نا. ئەگەریش کەسێک

لەماڵە. کێیە؟ ئەمجارە ئەو ژنە نەبوو کە بەهانکەهانک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. دەنگی منداڵیش نەبوو تاکوو پێی بڵێت دایکی لەماڵ نییە: دەنگێکی وەک دەنگی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆشی نەبیست تا بپرسێت کاری بە کێیە؟

وای بیر کردەوە کە بێگومان چۆتە سەر کارو ئەکتەرەکەش خەریکی بینینی ڕۆڵی پۆلیسی هات و چۆیە یا بەڵێندەرێکی بینا. لەکابینەکە هاتە دەر و سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. زۆری بۆ نانی نیوەڕۆ نەمابوو. لەوکاتەدا کە بیری لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە ئەکتەرو خێزانەکەی نەیەنەوە بۆ ماڵ. ژنێک بەلای دا تێپەڕی. نەیدەتوانی روخساری ببینێت. چونکە بەسەر شەقامدا بەرەو ڕێستۆڕان دەچوو. دەتگوت بەنیازە بچێتە ژوورو قاوەیەک بخواتەوە. بەڵام وای نەکرد. ژنەکە درێژەی بەرێگە دا. چەند هەنگاوێک چووە پێش و بەبینای ماڵی دانیەل سانتا کلارادا سەرکەوت.

تەرتۆلیانۆ لەدڵی خۆیدا گووتی:

ــ بێگومان خۆیەتی!

خراپترین خەسڵەتی تەرتۆلیانۆ. لانیکەم لەوکاتەوەی بەورووداوە دەستی پێکردووە. زیندەڕەویی بوو لەخەیاڵکردندا. .لەڕاستیدا هیچکەس نەیدەتوانی بیر لەوەبکاتەوە کە ئەو مامۆستایەکی مێژوووەو تەنها گرنگی بەبابەتە مێژووییەکان دەدات.

ژنێکی لەپشتەوەی خۆیەوە بینیبوە کە تا ئەوکاتە هیچ ئاشنایەکی لەگەڵدا نەبووە. هەرچەند نەلەپێشەوە و نەلەپشتەوە هیچ

نیشانەیەکی ئەو ژنەی لانەبوو، بەڵام هەستیدەکرد ناسیویەتی. هەندێک بۆچوونی لای خۆی دروست کردو گەیشتە ئەودەرئەنجامەی کە ژنەکە چەند خولەکێتر بەئاسانسۆرەکەدا سەردەکەوێ. ئینجا لێکی دایەوە لەوکاتەدا دەرگا دەکاتەوەو دەچێتە ژوورەوە. ئەو خولەکیشی پێدەچێت تا جانتاکەی لەسەر قەنەفەکە دادەنێت. بیری کردەوە ڕاست نییە وەک ئەورۆژە، ناچاری هەڵهاتنی بکات. بۆیە نیسان هەندێک چاوەڕێ ما و ئینجا خۆی بە کۆشکی تەلەفۆندا کرد.

تەلەفۆنەکە چەند جار زەنگی لێدا. بەڵام هیچکەس هەڵینەگرت. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ تەلەفۆنەکەی لەشوێنی خۆی دانا. لە کابینەکە هاتە دەرێ و وتی:

ــ بێگومان خۆی نەبوو!

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەبێئەوەی کەس بیناسێت، بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی بەڕێ کەوت. سوار بوو و ئەو شوێنەی بەجێهێشت. لەبەر خواستەکانی، بیووە کڕیارێکی هەمیشەیی ناوەندە بازرگانییەکان. خۆی بەیەکێکیاندا کردو دە خولەک دواتر لەوێ دەرکەوت. دەموچاوی تەواو ساف ببوو و هیچ شوێنەواری لەو موویانە نەدەبینرا کە بەدەموچاوییەوە بوون.

لەسەر پەیامگری تەلەفۆنەکە، دەنگی مارپاپاز تۆمار کرابوو. کارێکی گرنگی نەبوو، وەلێ دەیەویست چاک و چۆنیی لەگەڵ بکات. لەگەڵ خۆیدا گووتی:

ــ باشم.. زۆر باشم.

بڕیاریدا چەند سەعاتی تر هەر ئەم پەیامە بۆ مارِیا بەڕێ بکات. بەگومانێکی زۆرەوە ئەم کارەی ئەنجام ئەدا، چونکە دەرفەتی نەبوو و پێویست بوو خێرا تەلەفۆن بۆ ماڵی دانیال سانتا کلارا بکات.

هەرکە ژنە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پرسی:

– دەتوانم لەگەڵ دانیال سانتا کلارادا قسە بکەم؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە:

– پێموایێ جەنابتان هەمان ئەوبەرێزە بن کەپێشتر تەلەفۆنتان کرد، دەنگتان دەناسمەوە.

– بەڵێ، خۆمم.

– تکایە ناوتان؟

– پێم وایە پێویست ناکات ناوی خۆم بڵێم، چونکە مێردەکەتان نامناسێت.

– ئێوەش نایناسن، بەڵام ناوەکەی دەزانن.

– هی من ئاساییە، ئەو ئەکتەرێکە و لەلای خەڵک خۆشەویستە.

– هەمووومان بەجۆرێک خۆشەویستین، جیاوازی لەژمارەی بینەران دایە.

– زۆر باشە، من مەکسیمۆ ئافۆنسۆم.

ــ تکایە چاوەڕێ بکەن.

تەلەفۆنەکەی لەسەر مێزەکە دانا. کە دیسان هەستایەوە، دەنگی ئەو دوو کەسە بیستراو دەتگووت یەک کەسن و لەبەرامبەر ئاوێنەدا ڕاوەستاون.

ــ من ئەنتۆنیۆ کلارۆم، فەرموون.

ــ تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆم، مامۆستای مێژوو.

ــ بەخێزانمت گووتبوو ناوت مەکسیمۆ ئافۆنسۆیە.

ــ دەمەویست کورتکراوەکەیت پێ بڵێم. ناوی سیانی من هەر ئەوەیە کە گوتم.

ــ زۆر باشە، فەرموون.

ــ ئایا زانیوتە دەنگمان زۆر لە یەک دەچێت؟

ــ بەڵێ، وا دیارە.

ــ چەند جارێک تاقیم کردۆتەوە.

ــ چۆن؟

ــ چەند فیلمێکم بینیوە کە ئێوە لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵیان تێدا دەبینن. یەکەمینیان فیلمێکی کۆمیدی مێژوویی بوو، دواهەمینیشیان، گۆرەپانی فریشتەکان. پێم وایە نۆ یان دە فیلمی ئێوەم بینیوە.

ــ ئان بەوەدا دەنێم کە لەخۆبایی بووم. هەرگیز بیرم نەدەکردەوە سینەماو فیلمەکانی من، سەرنجی مامۆستایەکی مێژوو بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. دەبێ پێتان ڕابگەیەنم ئەو ڕۆڵانەی ئێستا لەسەر شانمن، لەگەڵ هی ڕابردوو جیاوازن.

– بیانوویەکی باشە بۆ بینییان، چونکە تەنها دەنگی ئێمە لەیەک ناچێت.

– دەتانەوێ چی بڵێن؟

– هەر کەسێک چاوی پێمان بکەوێت، دەتوانێ سوێند بخوات کە ئێمە دوانەین.

– دوانە؟!

– بەڵێ، تەنانەت لەوەش زیاتر. یەکێک... گیانێکی... یەکسان.

– چی، یەکسان؟

– تەنها یەکسان!

– ببوورن، من جەنابتان ناناسم و دڵنیاش نیم ناو و پیشەتان هەر ئەوە بێ کە باسی دەکەن. لەوانەیە مێژووزان نەبن.

– من مێژووزان نیم، تەنها مامۆستای مێژووم. ناوەکەشم هەر ئەوەیە کە باسمکرد. بۆ کاروباری خوێندن هیچ کەس نازناو بەکار ناهێنێت.

– ناوتان هەر چییەک بێت، خراپ یان باش، پێویستە یەکتری ببینین.

– ئێوە دوو خاڵتان لە ئەژنۆی ڕاست هەیە، لەپاڵ یەکتری.

– بەڵێ وایە.

– منیش هەروا.

– ئەمە هیچ شتێک ناسەلمێنێ.

– جێگەی برینێک لەژێر ئێسکی ئەژنۆی چەپتان بەدی دەکرێت.

– بەڵێ.

ـ منیش هەروا.

ـ ئێوە ئەم شتانە لەکوێ دەزانن، لەکاتێکدا کە هەرگیز یەکتریمان نەبینیوە؟

ـ ئەمە بۆ من زۆر ئاسان بوو، لە نیمەنی قەراغ دەریاکەدا کە هەڵبەت لە بیرم نییە کام فیلم بوو...

ـ چۆن بزانم ئێوەش هەمان ئەو نیشانانەتان هەیە؟ بۆ نموونە هەمان ئەو جێگە برینە...

ـ ئەمە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە.

ـ ژمارەی شتە نامومکینەکان لەڕووداوێکدا، دەشێ بێ کۆتا بێت.

ـ ژمارەی مومکینەکانیش هەروا. لەوانەیە شتە لێکچووەکانمان، پەیوەندی بەقۆناغی لەدایکبوونەوە هەبێ. لەوانەشە دواتر بەدی هاتبێ. شوێنەواری برینێک، دەتوانێ ناکامی هەڵکەوتێک بێت و زەبرێک لە جەستە کەوتبێت. لەوانەیە هەردووکمان شتێکی هاوشێوەمان بەسەر داهاتبێ، لەوانەیە لەیەک کاتدا..

ـ تەنانەت ئەگەر بیرۆکەیەکی وەها ڕەهاش پەسند بکەین، هۆکارێک بەدی ناکەم چاومان بەیەک بکەوێت. من نازانم لەبەرچی تەلەفۆنتان بۆ من کردووە..

ـ مەراق، تەنها مەراق.

ـ ڕووداوێکی بەمجۆرە، بەدەگمەن لەژیاندا دێتە ئاراوە.

ـ منیش هیچ زانیارییەکم لەم ڕووداوە نەبوو، بەڵام لەم ساتەوە، لەڕاستییەکەی گەیشتم. ئێوەش ئاگاداری بابەتەکەن.

ـ بەڵام من خۆمی لێ گێل دەکەم.

ـ منیش ئەم کارە دەکەم. کاتێک لەناوێنە دەڕوانن. دڵنیا نین ئەوەی دەیبینن، وێنەی ڕاستەقینەی منە یان وێنەی مەجازی خۆتان.

ـ گومانم نیە لەوەی کە قسە لەگەڵ شێتێک دەکەم.

ـ شوێنەواری برینەکە بێننەوە بیر. ئەگەر من شێت بم. دڵنیا بن ئێوەش وان.

ـ تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم!

ـ پێم وانییە ئەم بابەتە بۆ پۆلیس سەرنج ڕاکێش بێ. چونکە تەنها دووجار زەنگم لێداوەو هەندێک زانیاریم دەربارەی دانیال سانتا کلارای ئەکتەر ویستووە. هەرەشەم لەهیچ کەس نەکردووە، جنێوم بەکەس نەداوە و زیانیشم بۆ هیچکەس نەبووە. کەواتە تاوانی من چییە؟

ـ ئێوە من و هاوسەرەکەم بێزار دەکەن.

ـ زۆر باشە. من تەلەفۆنەکە دادەنێم.

ـ بەڵێ، هەر ئەم کارە بکەن!

ـ دڵنیای کە ناتانەوێ بمبینی؟ تەنانەت مەراقیشتان بۆ دروست نابێت؟

ـ نە مەراقم وروژاوەو نە دەمەوێ چاوم پێتان بکەوێت.

ـ ئەمە دوایین قسەتانە؟

ـ یەکەمین و دواهەمین!

ـ کەواتە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، مەبەستێکی خراپم نەبوو.

ـ بەڵێن بدە ئیتر تەلەفۆن ناکەیتەوە.

ـ بەڵێن دەدەم.

ـ ئێمە مافی ئەوەمان هەیە لەمماڵەدا بەهێمنی بژین.

ـ بەڵێ، هەروایە.

ـ خۆشحاڵم کە هاوڕاین.

ـ کەواتە ڕێگە بدەن پرسیارێکتان لێ بکەم.

ـ چ پرسیارێ؟

ـ نازانم ئایا ئێستا کە لێک دەچین، لەیەک ساتیشدا دەمرین یان نا.

ـ بەردەوام کەسانێکی زۆر لەیەک ساتدا دەمرن کە نە لێک دەچن و نە لەشارێکدا دەژین. لەم بابەتانەدا، تەنها باس لە ڕووداوێک دەکرێت، ڕوداوێکی ئاسایی. بۆیە قسەکانمان لێرەدا کۆتایی دێت و هیچ قسەیەکمان پێکەوە نییە. چاوەڕێم ئەو بەڵێنەی پێتان داوم، پێکی بێنن.

ـ بەڵێنم پێ داوی جارێکی تر تەلەفۆن ناکەم و ئەم کارەش دەکەم.

ـ زۆر باشە.

ـ جارێکی تریش داوای لێبوردن دەکەم.

ـ زۆر باشە.

ـ شەو باش.

ـ شەو باش.

— چاوەڕێ نەکرا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، بەرقەوە تەلەفۆنەکە دابنێت، لەتووڕەییان مستێک لە مێزەکەی بەردەمی بدات، هاوار بکات:

— ئەم هەموو دەرئەنجام و ئەو هەموو کارەی تر و لەکۆتاییشدا، لێبوردنێکی گاڵتەجارانە!

هەرچەند تەرتۆلیانۆ ئەم کارانەی ئەنجامی دەدان، لۆژیکانە بوون، بەڵام بەپێچەوانەوە، رازی دەهاتە بەرچاو. سەرەتا تێگەیشت لەماوەی گفتوگۆکەدا، بوێرانە ڕووبەڕووی واقعەکە بۆتەوەو پاشان، وای بۆچوو کە ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەهۆی ترس و نەبوونی مەراقەوە، هەنگاوێک بۆ پێشەوە نانێت و شێوەی لەگەڵ هی مامۆستای مێژوودا، بەراورد ناکات.

دانیال سانتا کلارا دوای گفتوگۆ تەلەفۆنیەکەی لەگەڵ تەرتۆلیانۆ، بەهاوسەرەکەی گووت:

— بەڕاستی نازانم چی بکەم.

هاوسەرەکەی وەڵامی دایەوە:

— ئەگەر لەجێگەی تۆبوایەم، ئەم شتەم لەمێشکمدا دەسڕیەوە، بەجۆرێک لەجۆرەکان دڵی خۆم دەدایەوە و بابەتەکەم بەفەرامۆشی دەسپارد.

— واتە هیچ وەسوەسەیەک وات لێناکات پەیوەندی لەگەڵ بەستێت؟

— چ وەسوەسەیەک؟

— نازانم، بۆ نموونە ترس.

ــ ئەم بارودۆخە ئاسایی نییە. ئەورۆژەی تێگەیشتم تۆلەپشت تەلەفزۆنەکە نیت، تووشی سەرنیشە بووم.

ــ گوێگرتن لەقسەکانی ئەو، وەک گوێگرتن لەقسەکانی من وایە.

ــ هەروەک من بیرم دەکردەوە. لەڕاستیدا بیرم دەکردەوە، هەستم پێکرد. دەتگووت تەوژمی ترس ڕووی تێکردووم و دەیەوێت بمخنکێنێ. مووی جەستەم ڕاست بیۆوە. پێم وابوو ئەگەر دەنگەکان لێک بچن، ئەوا زۆر شتی تریش دەتوانن لێک بچن.

ــ پێویستیش ناکات بەمجۆرە بێت.

ــ لەوانەیە لێکچوونەکە بەهەموو شێوەیەک نەبێت.

ــ بەڵام ئەو دەڵێت بەمجۆرەیە.

ــ دەبێ تاقی بکەینەوە.

ــ سەعاتێک دیاری دەکەین بۆ چاوپێکەوتن و داوای لێدەکەین بێتە ئێرە. ئەتۆ و ئەو پێکەوە بەراورد دەکرێن و منیش وەک داوەر، بڕیار دەدەم.

ــ ئەگەر لێکچوونەکان وەک یەک بوون، من لەجێگەکەی خۆم هەڵدەستم و تۆش نازانی کام یەک لەم دوانەمان، منم.

ــ دەتوانی جلێکی جیاواز بپۆشی و ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت.

ــ نازانم بە چ مەبەستێک پرسی مادەم لێکدەچین لەوانەیە لەیەک ساتیشدا بمرین.

ــ ئەو شتێکی وای مەبەست نەبوو، تەنها پرسیاری کرد ئەشێ وا بێت یان نا. لەهەمانکاتدا، وەک بیرۆکە، بۆچوونی خۆی پرسی.

ـ هەرچۆنێک بێ من تێنەگەیشتم بۆچی ئەم پرسیارەی کرد. لەوانەیە ویستبێتی من بخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

ـ ئەم پیاوە کێیە؟ چی لێمان دەوێت؟

ـ منیش بەئەندازەی تۆ دەزانم. نە دەزانم کێیەو نە دەزانم چی دەوێت.

ـ دەڵێت مامۆستای مێژووە.

ـ بڵێی راست بکات؟

ـ پێم وا نییە درۆ بکات. بەبڕوای من مرۆڤێکی بێکەرە.

ـ ئێستا چی بکەین لەگەڵ ئەو رۆحە سەرگەردانەی هاتۆتە ئەم ماڵەوە؟

ـ راست دەکەی. لەمەودوا هەر کە تەماشات بکەم، هەست دەکەم ئەو دەبینم. دەڵێی هێشتاش لەژێر کاریگەری زەبری ئەم گفتوگۆیەم دام.

ـ بەیانی هەموو شتێک لەبیر دەکرێت. وەک زۆرشتی تر جۆرێک مەراقە. ئەمە پشیلەیەک نیە دوو سەری هەبێ یان گوێلکێک کە پێنج قاچی هەبێت. وێدەچێ دوانەی پێکەوە نووساو، جیاواز لەدایک بووبن. دەڵێی دەلەرزێت؟

ناوی ژنەکەی، هێلینا بوو. ئەنتۆنیۆ کلارۆ دەیەویست قسەیەکی خۆش بکات و هەندێک مۆراڵی بەرز بکاتەوە.

ـ ئەگەر رۆژێک لەرۆژان بیمە ئەکتەرێکی بەناوبانگ، تەرتۆلیانۆ دەتوانێ رۆڵی جێگر بگرێتە ئەستۆ. رۆڵی مەترسیداری دەدەمێ، خۆم لەماڵ دەمێنمەوەو هیچکەس نازانێ چ باسە.

هێلینا گووتی:

ـ ڕۆڵی مامۆستایەکی مێژوو لەڕۆڵی جێگرێکدا. لەوانەیە سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە بەگشتی جێگرەکان بانگهێشت دەکەن و لەلایەن کۆمپانیاوە تەلەفۆنیان بۆ دەکەن. لەکاتێکدا تەرتۆلیانۆ هێرشی کردۆتە ماڵی ئێمە.

ـ زۆر بیر لەم بابەتە مەکەوە. کتێبێک بخوێنەوە. یان سەیری تەلەفزیۆن بکە.

ـ هەرگیز حەز ناکەم سەیری تەلەفزیۆن بکەم. تەنانەت کتێبیش ناخوێنمەوە. دەڕۆم دەخەوم. سەعاتێک دواتر، ئەنتۆنیۆ کلارۆ خەوت و هێلینا خۆی وا نیشان دا کە خەوی لێکەوتووە. ئەکتەرەکەش وای نیشان دا کە بڕوای بەخەوتنی هاوسەرەکەی کردووە. گڵۆپەکەی خامۆش کردو باش دەیزانی تاکوو خەوی لێبکەوێت زۆر دەخایەنێ. گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەی وەبیر هاتەوەو بەدوای نهێنییە شاراوەکانی ڕستەکانندا دەگەڕا. ئەوەندە بیری لێکردەوە تاکوو وشەکان، وەک خۆی، بەهۆی ماندوویەتی، واتای خۆیان لەدەست دا.

هێلینا هەروا کە بێ جوڵە مابۆوە، خەونی دەدی. دوو سەعاتێک لەتەنیشت مێردەکەی خەوی لێکەوتبوو. کە لەپڕێکدا چاوەکانی کردەوە. دەنگی نەرمی هەناسەی ئەکتەرەکەی لەتاریکیدا دەبیست. بەڵام هەستی دەکرد دەنگی هەناسەیەکی تریش لەماڵدا دەبیستری. ئەو کەسەی هاتبوە ماڵەکەیان، لەدەرەوەی ژوورەکە بوو. لەوانەیە لەناو باڵانەکە و لەوانەشە لە موبەقەکەدا بێت. یان لەپشت ئەو

دەرکەیەی بۆ پارەوەکە دەکرێتەوە.. لەهەموو جێیەک.. دێت و دەڕوا. لەکاتێکدا کە لەترسان دەلەرزی، دەستی درێژ کرد تاکوو مێردەکەی لەخەو هەستێنێ. بەڵام لەدوا ساتەکاندا، پەشیمان بۆوە. لەژێر لێوەوە وتی:

— کەس نییە. ناشێ کەسێک لەدەرەوە بێت. هەموو ئەمانە وەهمن. هەندێک جار خەونەکان دەتوانن لەمێشک دەربکەون و دێمە، وەک تارمایی یان وەک دیمەنێکی ناواقعی دەیانبینین. ئەو کەسەی تەلەفۆنی کرد، ئەو کەسەی لەماڵدا دێت و دەڕوا. ئەو کەسەی هەر ئێستا لەسەر قەنەفەکە دانیشتووەو ئەو کەسەی لەپشت پەنجەرەکە خۆی حەشار داوە، ئەو پیاوە نییە. تەنها خەیاڵ و وەهمی ناو مێشکمە و هیچی تر. ئەو کەسەی ڕاستەوخۆ بەرەو لام دێت، ئەو کەسەی لەلامە و دەستەکانی هەر وەک ئەو پیاوەیەو دەستی بەر من دەکەوێت، بەهەمان ئەو چاوانە لێم دەڕوانێت. بەهەمان ئەو لێوانە ماچم دەکات. بەهەمان دەنگی هەر ڕۆژ، هەمان ئەو وشانە دەڵێتەوە. شتێک نییە جگە لەخەیاڵ یان خەون کە لەترس و دڵەڕاوکێوە سەرچاوە دەگرێت. سبەی هەموو شتێ فەرامۆش دەکرێت. پێویست ناکات کەڵەبابی بەیانی بخوێنێت، تا هەموو خەونە ناخۆشەکان لەناو دەچن. تەنها ئەوەندە بەسە کاتژمێرەکە زەنگ لێبدات. هەموو دەزانن لەم جیهانەدا کە لەپێناو بێداربووندا، ئەو هەموو ئامێرو دەزگایە دروست دەکەن، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت ڕێک و ڕاست لەمرۆڤێکی تر بچێت.

هێلێنا بەر لەوەی زەنگی سەعات بیبیسێت، دەستی نا بەدوگمەکەدا گرت تاکوو مێزەرەکەی لەخەو هەڵنەستێنێت. هەروا کە لەسەر پشت ڕاکشابوو و چاوی لەبن میچەکە بڕیبوو، هەوڵیدا بۆچوونە ئاڵۆزەکانی، ڕێکخات و وایان لێبکات کە نابەجێ و ناڕوون نەبن.

کاتی هەستان بوو. ئەو کۆمپانیا گەشتیارییەی کاری تێدادەکرد، لەوبەری شاربوو. لەماوەی ڕێگاکەیدا بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە، کە چەندە باشە ئەگەر بۆ فەرمانگەیەکی ناوەندی بیگوازنەوە، چونکە بەمە مێزەرەکەی دەیتوانی سەعاتێک یان دوو سەعات زیاتر بخەوێت. ئەو ڕۆژە کاری وێنەگرتنی نەبوو و لەوە دەچوو ئەم ڕۆژانە، نیشێکی تازە دەست پێ بکات.

هێلێنا خێرا لەجێگەکەی دەرکەوت. هیچ سرتەو ورتەیەکی لێوە نەهات. لەڕاستیدا دەساڵی ڕەبەق، ئەم کارەی دووبارە دەکردەوەو بەلایەوە ئاسایی ببوو. بەهێمنی.

لەژووری خەوتندا، جلەکانی گۆڕیو ڕۆیشتە ناو ساڵۆنەکەوە. سەری بەهەموو ئەو شوێنانەدا کرد کە پێی وابوو شەوی ڕابردوو تارمایی پێدا ڕۆیشتووە. لەسەر قەنەفەکە دانیشت. لەپشت دەرگاکانی ڕوانی. شەوی ڕابردوو لەژووری خەوتندا هەستی دەکرد وەک منداڵێک لەجەنگەڵدا ون بووە. لۆمەی خۆی دەکرد. هێلێنا زۆر بەپەلە بوو. لەوانەیە ڕۆژێک دان بەوە دابنێ بۆچی ئەوەندە لەوێ مایەوە و بۆچی بەر لەوەی لەماڵ بچێتە دەر. خێرا ڕێبەری تەلەفۆنی کردەوەو ناونیشانی ماڵی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆی لەسەر کاغەزێک نووسی.

گەڕایەوە. دەرگای ژووری خەوتنی کردەوە. مێردەکەی هێشتا خەوتبوو. دەیتوانی لەجێگەکەی نزیک بێتەوە، ماچی بکات و پێی بڵێت..

ــ من دەڕۆم!

دەیزانی مێردەکەی خەوی زۆر قورس نییە. ئەنتۆنیۆ کلارۆ پرسی:

ــ درەنگە..

چاوەکانی هەڵگلۆفی و ژنە وەڵامی دایەوە:

ــ نا هێشتا دوو خولەکم دەرفەت هەیە.

لەتەنیشت پێخەفەکەی دانیشت و بەردەوام بوو:

ــ لەگەڵ ئەم پیاوەدا چ بکەین؟

ــ دەتەوێ چ بکەیت؟

ــ دوێنێ شەو پێش ئەوەی بخەوم، بیرم لەوە کردەوە کە باشتر وایە قسەی لەگەڵ بکەم، وەلێ ئێستا نازانم کارێکی ڕاستە یان نا. دەرگای لێ بکەینەوە یان نا. ژیان گۆڕاوە.

ــ منیش ئیتر ئەو مرۆڤەی پێشوو نیم.

ــ بڕیارەکە بەدەست خۆمانە.

ــ بەڵام ئەم ڕووداوە، بەدەستی خۆمان نەبوو.

ــ هەرچۆنێک بێت دەرکەوتنی ئەو پیاوە، ڕووداوێک بوو.

ــ ئەگەر دەرگەی لێ نەکەینەوە، تەنانەت ئەگەر دەرگەکەی لەسەر دابخەین، ئەوا لەدەرەوەی ماڵ چاوەڕێ دەکات تاکوو ئێمە بێ تاقەت دەبین.

ژنەکە گووتی:

ـ زۆر ڕەشبین بووی!

ـ لەوانەیە. هەموو شتێک لەوانەیە بە چاوپێکەوتنێکی سادە چارەسەر بێت. ئەو پێم دەسەلمێنێت کە لەمن دەچێت. منیش پێی دەڵێم، بەڵێ کاکە.. ئێوە لەسەر هەقن.. کەواتە ماڵئاوا.. تکا دەکەم لەمەودوا بێزارمان مەکە.

ـ لەوانەیە لەپشت دەرگاکەمان چاوەڕێمان بکات.

ـ کەواتە دەرگا ناکەینەوە.

ـ ئەو هاتۆتە ژوور و کەوتۆتە ناو مێشکی من و تووە.

ـ لەبیری دەکەین.

ـ لەوانەیە نەتوانین.

ـ دیار نییە..

هێلێنا هەستا. سەیرێکی سەعاتەکەی کردو گووتی:

ـ دەبێ بڕۆم. درەنگە. تەلەفۆنی بۆ دەکەیت تاکوو بچینە سەردانی؟

ئەنتۆنیۆ لەسەر چۆک هەستاو وەڵامی دایەوە:

ـ ئەمڕۆ نا.. سبەینێش نا.. لەوانەیە چەند ڕۆژی تر چاوەڕێ بکەم.

ـ چۆنە ماوەیەک بێدەنگ بین تاوەکو زەمەن هەموو شتەکان پێک بێنێ.

ـ با بزانم چۆن دەبێت.

ـ ماڵئاوا.

دەرگای ماڵ کرایەوەو داخرایەوە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەوێ دانیشتبوو یان نا. ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەجێگەکەیدا تلایەوە. ئەگەر هاوسەرەکەی راستی نەگوتبا کە ژیانی گۆڕدراوە، دەیتوانی سەعاتێکی تر بخەوێت. وادیارە راستە گوتویانە دەبێت ئەکتەرەکان زۆر بخەون. لەوانەشە ژیانی دارێکیان، وایان لێکات خەواڵوو بن. هەرچەند دانیال سانتا کلارا بەپێچەوانەی سەرجەم ئەکتەرەکانەوە، شەوانە کەمتر لەماڵ دەردەکەوت.

پێنج دەقە دواتر، ئەنتۆنیۆ کلارۆ هەستا. رۆیشتە موبەق تاکوو قاوەڵتی بکات. بیری لەقسەکانی هاوسەرەکەی دەکردەوە. ژنەکە پێی وابوو تەرتۆلیانۆ کەوتۆتە مێشکیانەوە. لەراستیدا قسەیەکی بێ هاوتا دەهاتە بەرچاو. بەچەند وشەیەک قسەیەکی کردبوو کە ئەوانی تر بەزیاتر لەچل وشەش ناتوانن روونی بکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، هەستی دەکرد هێشتا نەگەیشتۆتە نیوەی رێ. دڵنیا نەبوو لەوەی کە ئەوشتەی لەمێشکیدا هەیە، باشترین رێگە چارە بێت. دەیویست دیدارێکی تایبەتی و نهێنی لەگەڵ تەرتۆلیانۆ هەبێت بێ ئەوەی هیچ شاهیدێک بەشدار بێت.

ماوەیەک دواتر، دوایین قومی قاوەکەی نۆشی. بیری کردەوە باشترە سواری ئۆتۆمبێل بێت، بچێتە ماڵی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ و چاوێک بەو دەوروبەرەدا بخشێنێ. سەرەتا تەرتۆلیانۆ ئەم کارەی ئەنجامدا و بەگۆڕینی رواڵەت و جلێکی رەش، لەو رۆژە گەرمەی هاویندا هاتە شەقام و ئەمجارە، ئەنتۆنیۆ کلارۆ دەیویست هەمان کار ئەنجام بدات، گوێی بەکێشەکانی بەردەمی نەدا.

لەگەڵ ئەمەشدا. کاتێک ریشی تاشی و ئاوێکی بەخۆی داکرد، قامکی ئیلهام پیایدا کێشاو ئەوەی هێنایەوە بیری کە لەتوێلایێکی کۆنی تایبەتی ڕاگرتنی جل و بەرگدا. ئەوسمێڵەی بۆرۆڵی بەرپرسی پرسگە دایدەنا. هێشتا ماوە.

پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت: "هەر شتێ کۆن بوو، ڕۆژێک بەکەڵک دێت!"

بەم زووانە ماڵی مامۆستای مێژوو بەرێگەی ڕێیەری تەلەفۆن دەبینێتەوە. ئادرەسەکەی لەدەفتەرێکی بچووکدا نووسی و ژمارە تەلەفۆنەکەشی یاداشت کرد: هەر چەندە ئەو ڕۆژە نەیدەویست بەکاری بێنێت. بەڵام مەبەستی ئەوە بوو ئەگەر لەداهاتوودا پێویستیی پێی بوو، جارێکی تر ڕێیەری تەلەفۆن بەکار نەیەنێت.

سمێڵەکەی بەسەرو لێوەکانیەوە نووساندو خۆی بۆ ڕۆیشتنە دەرەوە ئامادە کرد. زۆر باش دەیزانی سمێڵی بەتێپەڕبوونی کات، ئیتر باش پێوە نانووسێت. بەڵام خۆ ناکەوێت. هاتەوە بیری کە پێنج ساڵ لەمەوبەر، خۆی سمێڵی هەبوو. بەڵام چونکە بەڕێوەبەرەکە بۆ ئەو ڕۆڵە بەگونجاوی نەدەزانی کە دەبوایە بیبینێ، ناچار بیوو بیتاشێت و سمێڵی دەستکرد بەکار بێنێت.

جیاوازی نێوان تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆو ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەوەدابوو لەهەلومەرجی هاوتادا، یەکێکیان ناچاربوو بۆدانانی ریش‌وسمێڵ، بچێتە ناوەندی بازرگانیو ئەویتریان بەئاسوودەیی لەحەمامدا بەسەروسەکوتی ڕابگات.

نابێ لەبیرمان بچێت کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەدانیال سانتا کلارا دەچێت و دانیال سانتا کلارای ئەکتەریش لە ئەنتۆنیۆ کلارۆ دەچێت. بەڵام ئەوان سێ کەس نین. بەم پێیە، کاتێک ئەنتۆنیۆ بەسمێڵەوە لەماڵ دەردەکەوێت، لەکاتێکدا کەدوێنێ نەیبووە، هاوسێکانی سەریان سوڕنامێنێت، چونکە وادەزانن بۆوێنەگرتنی فیلمێک دەچێتە ستۆدیۆ یان سەر کارەکەی.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەناو ئۆتۆمبێلەکەی دایەو لەکاتێکدا کە جامەکەی داداوەتەوە، لەنەخشەی بەردەستی دەڕوانێت کە بەلایەوە زۆر گرنگە: واتە ماڵی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کە لەوبەری شارە. دوای وەڵامدانەوەی سڵاوو چاک و چۆنی هاوسێیەکیان، ئۆتۆمبێلەکەی خستە گەڕو سەعاتێک دواتر، گەیشتە بینای شوێنی نیشتەجێبوونی تەرتۆلیانۆ.

سێ جار بەدەوری بیناکەدا سووڕایەوە کە هەرجارەی دە دەقەی خایاند. دەتگووت دەیەوێت شوێنێک بۆڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکەی بدۆزێتەوە. هەر ساتێک لەوانەبوو بەڕێکەوت تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بێتە سەر شەقام، بەڵام ئەو لەو ساتە هەستیارانەدا، بەئاسوودەیی، لەپشت مێزی نووسینی ژوورەکەی دانیشتبوو و بیری لەپێشنیاری بەڕێوەبەری قوتابخانەو ئەو بەرپرسیارێتیە دەکردەوە کە خستبوویە ئەستۆی. وای بۆ دەچوو کە ژیانی داهاتووی پەیوەندی بە ئەنجامدانی ئەم بەرپرسیارێتیەوە هەیە. لەکاتێکدا پێویستە بگووترێ لەمەودوا، ئیتر بەدرێژایی تەمەنی،

هەرگیز ناچێتەوە سەر پۆل: چ لەقوتابخانە و چ لەماڵ. هۆکارەکەی، بەم زووانە دەخوێننەوە.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ، ئەوەی پێویست بوو، بینی. شەقامێکی مامناوەند و بینایەک وەک سەرجەم بیناکانی ئەو شەقامە. هیچ کەس نەیدەتوانی هەست بکات کە لەنهۆمی دووەم لای ڕاستی بیناکە، لەپشت ئەو پەردە سادەیەی بەپەنجەرەوە هەڵواسراوبوو، دیاردەیەک هەیە وەک ئەژدیهایەکی حەوت سەر، سەرسوڕهێنەرو کاریگەرە. هەڵبەت دیار نیە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، شیاوی ئەم نازناوەیە-یان نا. چونکە هێشتا هیچکەس نەیدەزانی کە ئەو زووتر لەدایک بووە یان ئەکتەرە پلەدووەمەکەی سینەما. هەر چۆنێک بێت ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەمێشکی خۆیدا ئەم نازناوانەی بۆ داتاشیبوو، چونکە بێ ئەوەی بزانێت، هەستی دەکرد دوای تەرتۆلیانۆ لەدایک بووە.

جارێکی تر دەسووڕایەوە. چوار شەقام ئەولاتر، سمێڵە دەستکردەکەی لابرد، چونکە هیچ کارێکی ئەوتۆی نەبوو. بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ: ئەو شوێنەی کە سیناریۆیەک بۆ دەرهێنانی فیلمێک لەداهاتوودا، چاوەڕێی بوو.

بۆ نانی نیوەڕۆ ڕۆیشتە ڕێستۆرانێکی نزیک و دوای ئەوەی کە هاتەوە ماڵ، سەرخەوێکی شکاند. دواییش تاهاتنەوەی هاوسەرەکەی، بەسیناریۆکەدا چۆوە. لەفیلمە تازەکەدا، ڕۆڵی یەکەم و دووەمی بەئەستۆ نەبوو، بەڵام ئەمجارەیان ناویان لەپۆستەری

ریکلامەکاندا نووسیبوو کە لەشوێنە قەرەباڵغ و گرنگەکانی شاردا هەڵدەواسرا. رۆڵی پارێزەرێکی بەئەستۆ بوو کە نواندنەکەی هەندێک ئەستەم بوو. دیارە ئەو پارێزەری زۆری لەفیلمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکاندا بینیبوو، وەلێ نەیدەویست رۆڵەکەی دووبارە بێت، بەڵکە حەزیدەکرد کەسایەتییەکی تازە بنافرێنێ: بەقسەو کردارەکانی، هەمووان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. هەڵبەت هیچکام لەم خەیاڵانەی، لەسیناریۆکەدا نەبوون. پێی وابوو دەتوانێ دەرهێنەرەکە رازی بکات تاکوو رێگەی بدات نواندنەکە بەدڵی خۆی بێت. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ دەبێ زیاتر بیر بکەمەوە.

لەبەر دەربڕینی ئەم رستەیە هەندێک بیری تر هورووژمیان کردە مێشکی. هەندێک شت دەربارەی مامۆستای مێژوو، شەقام و شوێنی نیشتەجێبوونی، ماڵەکەی، پەنجەرە، پەردەکانی و پەیوەندیی شەوی رابردووی، قسەکردن لەگەڵ هێلێنا، ئەو بڕیارانەی درەنگ یان زوو ناچار بوو پێکیان بێنێت، سەرەرای ئەوەی لەوساتەدا نەیدەتوانی هەموویان لەمێشکیدا رێک بخات، وەلێ دووپاتی کردەوە:

ـ پێویستە زیاتر بیر بکەمەوە.

هاوسەرەکەی کەمێک درەنگتر لەجاران هاتەوە. بۆشت کڕین ئەرۆیشتبوو.

ـ ترافیک.. هەموو شتێک لەبەر ئەو ترافیکە نەفرەتییەیە. دیار نییە لەداهاتوودا چ ڕوو دەدات.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ باش دەیزانی هاوسەرەکەیشی نزیکەی سەعاتێک لە شەقامی نزیک ماڵی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، پیاسەی کردووەو خەریکی سیخوڕی بووە، بەڵام ڕاست نەبوو کە باسێکی بەمجۆرە بێنێتە گۆڕێ. هێلێناش لەمبارەوە هیچ نەدوا.

سێ ڕۆژ دواتر، سەروبەندی نیوەڕۆ زەنگی تەلەفۆنی ماڵی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بیسترا. ئەمە دایکی نەبوو کە تاسەی کردبێت. مامۆستای بیرکاری نەبوو کە لەبەر دۆستایەتی تەلەفۆنی کردبێت. بەڕێوەبەری قوتابخانەش نەبوو کە لەبەر کارەکەی، زەنگی لێدابێت. لەوبەری هێڵەکەوە، دەنگێک بیسترا:

ـ ئەنتۆنیۆ کلارۆم،

ـ ڕۆژت باش،

ـ پێم وابێ زۆر زوو تەلەفۆنم بۆ کردی،

ـ نا، نیگەران مەبە. هەستاوم و کار دەکەم،

ـ دەتوانم دواتر تەلەفۆن بکەمەوە،

ـ نا، پێویست ناکات،

ـ باشە، با بچینە سەر بابەتی سەرەکیی،

ـ فەرموو، ئامادەم،

ـ لەم چەند ڕۆژەدا، زۆر جدی بیرم لەم بابەتە کردەوە و گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە پێویستە چاومان پێک بکەوێت.

ـ منیش لەسەر ئەوبڕوایەم. هیچ مانایەکی نییە دووکەس لەهەلومەرجی ئێمەدا، ئەیانەوێت لەنزیکەوە یەکتر ببینن و یەکتر بناسن.
ـ هاوسەرەکەم هەندێک دوودڵ بوو، بەلام ئەویش پێی وایە بارودۆخەکە بەمجۆرە شیاو نابێت.
ـ شوکر بۆ خوا.
ـ تەنها کێشە، ئاماندەبوونی هەردووکمانە لەناوخەڵکدا. چونکە لەم بارەدا، هەواڵەکانی رادیۆ، بیمەنەکانی تەلەفزیۆن و وێنەکانی رۆژنامە دەستبەردارمان نابن. ئەم کارە بۆ من و پیشەکەم زۆر زیانبەخش دەبێت.
ـ بۆ؟
ـ دیارە ئەگەر بزانن کەسێکی تر لەمن دەچێت و لەم شارە دەژی و بەهەمان دەنگ و ڕەنگ، ئەوا پیشەکەم لەدەست دەچێت.
ـ لەلێکچوون زیاتر، وەک دووانە..
ـ تەنانەت زیاتر لەدوانە..
ـ منیش هاوڕام.
ـ هەرچەند دەبێ دان بەوە دابنێم بڕواکردن بەلێکچوونێکی وا ڕەها کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، بەلامەوە ئەستەمە.
ـ لابردنی ئەم گومانە، پەیوەندی بەخودی گومانەوە هەیە.
ـ بۆچوونێکی تایبەتتان هەیە؟
ـ ڕێگەیەک ئەوەیە بێنە ماڵەکەم.
ـ باشە.

ــ بەڵام چی لەهاوسێکان بکەین؟

ــ کام هاوسێ؟

ــ بۆ نموونە هەمان ئەو خانمەی لەنهۆمی سەرەوە دەژی. دەزانێت کە من لەماڵ دەرنەکەوتووم. لەئەنجامدا، کاتێک بیبینێ دەچمە شوێنێک کە خۆم لەوێم. تووشی حاڵەتێک دەبێت کە باس ناکرێ.

ــ دەتوانم ڕواڵەتم بگۆڕم.

ــ چۆن؟

ــ سمێڵ دادەنێم.

ــ پێم وا نییە بەس بێت.

ــ بۆ؟

ــ چونکە لەوانەیە خانمی هاوسێ وابزانێت گۆڕینی ڕواڵەت بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانی نایاساییە. بۆ نموونە ئەگەر لێتان بپرسێت، واتە لەڕاستیدا لەمن بپرسێت ئایا لەدەست پۆلیس ڕادەکەم؟

ــ واتە ئێمە هەتا ئەو ڕادەیە...

ــ بەڵێ. ئەو بەردەوام بۆ خاوێنکردنی ماڵەوە، دێتە خوارێ.

ــ تێگەیشتم.

ــ ئەوەی ڕاستی بێت چاوپێکەوتن لێرە، زۆر بەجێ نییە. چونکە هاوسێکانمان پێ دەزانن.

ــ بەمجۆرە پێم وایە دەبێ لەشوێنێکی تر یەکتری ببینین.

ـ بەڵێ، شوێنێک لەدەرەوەی شار. شوێنێک کە هیچ کەس نەمانبینێت و بتوانین بەسانایی پێکەوە قسە بکەین.

ـ بیرێکی باشە. شوێنێک لە سێ کیلۆمەتری دەوروبەری شار بێ شک دەزانم کە گونجاوە.

ـ کوێیە؟

ـ باسکردنی ناردەس بەمجۆرە، نابێ. هەر ئەمڕۆ نەخشەی ئەو شوێنە و هەموو وردەکارییەکانت بۆ دەنێرم. دیدارەکە با چوار ڕۆژی تر بێت. چونکە لەم ماوەیەدا، نامەکە دەگاتە دەستت.

ـ ڕۆژێکی زۆر گونجاوە!

ـ ڕۆژێک وەکوو هەموو ڕۆژەکانی تر.

ـ بۆ لە سێ کیلۆمەتری؟

ـ ئێوە دەبێ ئەم شارە لە من باشتر بناسن. کاتێک دوایین ماڵەکانی بەجێ دەهێڵین، دەگەینە کارگەکان. دوایش ماڵە گچکەو وردەکانی دەوروبەر بەدی دەکرێن.

ـ زۆر جوان باسی ئەو شوێنانە دەکەیت!

ـ سەبارەت بەم ستایشەتان سوپاسگوزارم.

ـ زێدەڕەوییم نەکردوە.

ـ شەممە بۆ بیرهێنانەوە، تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

ـ زۆر باشە.

ـ دەمەوێ شتێکی تریش بزانیت.

ـ چی؟

ـ من چەک هەڵدەگرم.

ـ بۆ؟

ـ چونکە ناتناسم و نازانم ئەو قسانەت چەندە ڕاستن و ئایا مەبەستێکی ترتان نیە.

ـ دەترسێن بتاندزم؟

ـ نا..

ـ دڵنیاتان دەکەمەوە کە تەنانەت چەقۆیەکیش لەگەڵ خۆم ناهێنم.

ـ سەبارەت بە ئێوە خراپ بیر ناکەمەوە.

ـ ئێوە بۆ چەک دێنن؟

ـ بۆ دڵنیایی و بەس...

ـ ئامانجم سەلماندنی ئەو بابەتەیەو بەوەی کە سەبارەت بەڕادەی لێکچوونمان، ڕاستگۆ بووم. هەر چەند ئێوە منتان نەبینیوە، بەڵام من تا ئێستا ئێوەم بەشێوازی جۆراوجۆرو بەو ڕوخسارانەوە بینیوە کە خۆتان نەبوون.

ـ واتە لەکاتی نواندندا...

ـ باشتر وایە ئەم باسە وەلاوە بنێین.

ـ بەڵێ. پێویستە بێ ڕاگەیاندنی شەڕ چاومان پێک بکەوێت. ئەو چەکەی لەگەڵ خۆم دەیهێنم، بەتاڵە.

ـ باشە، چ سوودێکی هەیە؟

ـ دەمەوێ وا هەست بکەم کە ڕۆڵێکم بەئەستۆوەیە و لەفیلمێکدا ڕۆڵ دەبینم کە قارەمانەکەی دەزانێت لە ململانێیەکی نابەرامبەردا.

بەسلامەتی دەرباز دەبێت، واتە لەڕاستیدا چونکە سیناریۆکەی خوێندۆتەوە، دەزانێ لەکۆتاییدا چ دەقەومێت.

– لەمێژوودا، ئەم ڕووداوە بەپێچەوانەی سیناریۆیە.. واتە لەکۆتاییدا ڕوون دەبێتەوە سەرەتا چی ڕووی داوە..

– خاڵێکی سەرنجڕاکێشتان هێنایە گۆڕێ. نەمدەزانی ئاوایە.

– خۆشم بیرم لەم بابەتە نەکردبۆوە، لەپڕێکا بەمێشکمدا هات.

– زۆر باشە. کەواتە یەکشەممە یەکتر دەبینین.

– بەڵێ، چاوەڕێی پەیوەندییەکەتانم لە ڕۆژی شەممەدا.

– لەبیرم ناچێت.

– لەلایەن منەوە سڵاو بەهاوسەرەکەتان بکەیەن.

ئەنتۆنیۆ کلارۆش وەک تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، لەماڵدا تەنها بوو. چەند سەعاتێک پێش تر، بەهێلێنای ڕاگەیاندبوو کەدەیەوێت تەلەفۆن بۆ مامۆستای مێژوو بکات و پێی باشە تەنها بێ بەڵێنی دابوو هەموو ڕووداوەکەی بۆ بگێڕێتەوە. ژنەکە دژایەتی نەکردبوو و گوتبووی بۆچوونێکی باشە. دەیزانی گفتوگۆیەکی سادە نابێت. ئەنتۆنیۆ هەرگیز نەیزانی هاوسەرەکەی لەو کۆمپانیا گەشتیارییەی ئیشی تێدا دەکات، دووجار پەیوەندی تەلەفۆنیی ئەنجامداوە. هەڵبەت هیچکەس تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرتوە، بەڵام ئەگەر هەڵیشی بگرتایە، ژنەکە پەیوەندییەکەی دەپچڕی و نەیدەگووت کە هێلێنا هاوسەری ئەنتۆنیۆ کلارۆیە. نەیدەگووت تەلەفۆنی کردووە تاکوو ئەحواڵی بەرامبەرەکەی بپرسێت، چونکە ئەم قسانە دەبێ

لەهەلومەرجێکدا بگوترێن کە راستێژییەک لەنێوان هەر دوو لادا هەبێت.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پاش تەواوبوونی گفتوگۆکە لەگەڵ ئەنتۆنیۆ کلارۆدا، پاڵی بەکورسیەکەوە دا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. دووربوونی شوێنی چاوپێکەوتنەکە، نیگەرانی نەدەکرد. تەنانەت چەک هەڵگرتنی ئەنتۆنیۆش نەبووە هۆی نیگەرانیی ئەو، بەتایبەت کە دەیگووت بەتاڵ دەبێت. ئەو شتەی ئازاری دەدا، شێوازی سوود وەرگرتن بوو لە ریش و سمێڵی دەستکرد. کە دەیویست دایبنێت. بڕیاریدا هەر دوابەدوای بینینی ئەنتۆنیۆ، ریش و سمێڵەکەی لا دەبات، بەڵکە کاتێک ئەم کارە بکات کە لە لێکچوونی تەواوی چاوەکان، برۆ، نێوچەوان، گوێ، لووت و قژی، دڵنیا بێت. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ ئاوێنەیەکیش لەگەڵ خۆم دەبەم، بۆ ئەوەی بتوانین سەیری بکەین و روخسارمان پێکەوە بەراورد بکەین. ئەگەر هەموو شتەکان لێک چوون، ئەوا هەموو شتەکانی تریشمان لێک دەچن. بۆیە پێم وا نییە بۆ درێژەی بەراوردەکە، پێویست بکات خۆمان رووت بکەینەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەدڵنیاییەوە، گەڕایەوە سەر نیشەکەی پێشووی، بیری کردەوە ژیانی مرۆڤەکانیش دەتوانێ وەک شێوازی فێرکردنی مێژوو، لەئێستاوە بۆ رابردوو پێناسە بکرێت. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ نابێ پەلە بکەم، زۆر شتمان هەیە بۆ گووتن.

درێژەی بەکارەکانی دا. دوانیوەڕۆ تەلەفۆنی بۆ مارياپاز کردو لێی پرسی ئایا پاش دەرکەوتن لەبانک دەچێتەوە ماڵەوە. ژنەکەش وەڵامی پۆزەتیڤی دایەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا هێنایەوە یادی کە بەهۆی نەخۆشی دایکییەوە، ناتوانێ زۆر بمێنێتەوە. تەرتۆلیانۆش پەسندی کرد کە بۆ ماوەیەکی کورت بێتە لای.

مارياپاز هات. دانیشتن تاکوو قسە بکەن.

ــ نەخۆشی دایکت زۆر قورسە؟

ــ لەخۆشبەختیدا، نا. نەخۆشیەکەی بەهۆی ئەو تەمەنەیە کە هەیەتی.

ــ کەی مۆڵەت وەردەگری بۆ پشوو؟

ــ دوو هەفتەی تر.

ــ دەچیتە کوێ؟

ــ لەوانەیە هەر لەماڵ دەرنەچەوم.

ــ بۆ؟

ــ لەبەر نەخۆشی دایکم. پەیوەندیی بەتەندروستی دایکمەوە هەیە.

ــ کارەکانت لەبانکدا چۆنە؟

ــ وەکوو پێشوو.

ماوەیەک بێدەنگی زاڵبوو، تا دواجار مارياپاز بێدەنگییەکەی شکاند.

ــ ئێستا کە قوتابخانەکان داخراون، بێ تاقەت نابی.

ــ نا. چونکە بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیاریتیەکی خستۆتە ئەستۆم.

ــ چ بەرپرسیارێتیەک؟

ــ ئامادەکردنی راپۆرتێک بۆ نووسینگەی وەزیر.

ــ سەبارەت بەچی؟

ــ سەبارەت بەشێوازی فێرکردنی مێژوو.

ــ سەرنجڕاکێشە.

دیسان بێدەنگی زاڵبوو. ئەمجارەشیان ماریاپاز بێدەنگییەکەی شکاند:

ــ ناتەوێ هیچ شتێکم پێ بڵێیت؟

ــ نا. هێشتا کاتی نەهاتووە. دەبێ هەندێک ئارامت هەبێ.

ــ چەندە پێویست بێ، چاوەڕێ دەکەم. قسەکانی ئەو شەوەمان لەئۆتۆمبێلدا، وەک دەرگایەک وابوو کە لەچرکەیەکدا کرایەوەو داخرایەوە. بەڵام باش بوو کە هەرگیز نەبوو بەئێوار.

پیاوە سەری جوڵاندەوەو لەبەرخۆیەوە بەجۆرێک کەتەنها خۆی بیبیسێ، بۆچوونەکانی دەربڕی:

ــ لەئێوار خراپترە. لەدەرگایەک دەچێت کلیلی نەبێت و هیچ کەس نەتوانێ بیکاتەوە و تەنانەت هیچکەس نەزانێت کلیلی هەیە یان نا.

ماریاپاز ئەمجارەش بێدەنگیەکەی شکاند.

ــ باشە. ئیتر درەنگە. دەبێ بڕۆم.

ــ نا. هێشتا زووە.

ـ ئەبێ بڕۆم. دایکم چاوەڕێیە. ببورە.
هەردووکیان هەستان. تەماشایەکی یەکتریان کردو وەک کاتی هاتنەژوورەوە، پێکەنین.
ـ ماڵئاوا. کە گەیشتیەوە، تەلەفۆن بکە.
ـ بەسەرچاو.

نامەکەی ئەنتۆنیۆ کلارۆ ڕۆژی هەینی گەیشت. لەگەڵ نەخشەکەدا نووسراوێکیش بەدی دەکرا کە لەسەری نووسرابوو:

"وادەمان سەعات شەشی دوانیوەڕۆی یەکشەممەیە. هیوادارم بێ ئەوەی توشی کێشە بێت، شوێنی چاوپێکەوتنەکە ببینیتەوە."

ئەرتۆلیانۆ لەبەر خۆیەوە گووتی:

ــ لە دەستخەتی من ناچێت، بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆشی نییە.

نەخشەکە، شوێنێکی لەدەرەوەی شار نیشان دەدا. دوو دێهات لەملاو ئەولای جادە دەبینران کە هەشت کیلۆمەتر پێکەوە مەودایان هەبوو. ڕێگەیەک بەنێوانیاندا تێدەپەڕی و بەلای ڕاستدا درێژ دەبۆوە تاکوو دەگەیشتە دەشتێک و لەوێشەوە دەگەیشتە دێیەکی چۆل. ڕێگەیەکی باریکتری لێ جیا دەبۆوە و بۆ ماڵێک دەچوو کە یەک کیلۆمەتر مەودای هەبوو. لەباتی شێوەی ماڵ، وشەی "ماڵ" بەکارهاتبوو. تەنانەت کەسانی تازەکاریش دەیانتوانی ماڵێک وێنە بکێشن کەبانێک و کوێسوانەو دووکەڵکێشی هەبێ و نمای دەرەوەی دەرگایەک بێت لە ناوەڕاستەکەی و دوو پەنجەرەش لەملاو

ئەولای. لەسەر وشەی "ماڵ" ئاراستەیەکی ڕەنگ سوور دەبینرا کە هەر جۆرە بەهەڵەداچوونێکی لەناو دەبرد و جەختی دەکردەوە کە "لەمە دوورتر مەڕۆن!"

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا، نەخشەی شارەکەی دەرهێناو تێیدا گونجاوترین ڕێگەی دەرچوون لەشاری دۆزییەوە.

– ئێرە یەکەمین نییە، ئەوەش ڕێگایەک کە بەرەو لای ڕاست دەڕوات، ئەمەش نییەکی چۆڵ.. تەنها بەشی دوایی تێدا نییە.

جارێکی تر سەیری نەخشەکەی ئەنتۆنیۆی کردو لەبەر خۆیەوە گووتی:

– ئەگەر بڕیار بێت بچینە ماڵێک، کەواتە پێویست ناکات ئاوێنەیەک لەگەڵ خۆمدا بەرم، چونکە لەهەموو ماڵەکاندا، ئاوێنە هەیە.

بەرلەگەیشتنی نامەکە، پێی وابوو لەجێگەیەکی چۆڵ، دوور لەچاوبێریی خەڵک و لەبن دارێکی گەورە و بەپەلوپۆدا یەکتر دەبینن، بەڵام دواتر تێگەیشت کە دەبێ بچنە ماڵێک و وەک دوو کەس چاویان بەیەکتر بکەوێت، کە دەڵێی چەندین ساڵە یەکدی دەناسن. پەرداخێکی خواردنەوە لەناو دەست و چەرەسیش لەسەر مێزەکە دەبێت. دیسان لەبەر خۆیەوە گووتی:

– بڵێی خێزانی ئەنتۆنیۆ کلارۆش بێت؟ بێگومان دێت، تا برینەکانی ئەژنۆی چەپ پێکەوە بەراورد بکات و مەودای نێوان خاڵەکانی دەستی ڕاست ئەندازە بگرێت.. بەڵام نا.. هۆکارێک

بەدی ناکرێت پیاوێک بەناوی ئەنتۆنیۆ کلارۆ بچێت بۆ لای کەسێکی نەناس و مەترسیدار. کە لەوانەیە پێکدادانیش بێتە ئاراوە و خێزانیشی لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هەستکردن بەبچووکترین مەترسییدا بچێتە پشت ژنەکەی و بەچەکەکەیەوە نیشانە بگرێت.. نا، ئەو بەتەنها دێت. منیش مارپاپاز لەگەڵ خۆمدا نابەم.

هەڵبەت ئەو ساتانەی ئەم قسانەی دەکرد، سەرنجی نەدابووە جیاوازی نێوان هاوسەرێکی یاسایی و خاوەن ماف و ئەرکی دیاریکراو لەگەڵ ئەو ژنەی پەیوەندییەکی کاتی لەگەڵ پیاوێکدا هەیە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، نەخشەی شارو نەخشە بەرێکراوەکەی خستە ناو چەکمەجەکەوە، بەڵام نووسراوەکەی لەسەر مێزەکە دانا. ئینجا قەڵەمێکی هەڵگرت و دەقی نووسراوەکەی لەسەر کاغەزێکی تر نووسی. هەوڵی دەدا لاسایی نووسراوەکە بکاتەوە. زۆرترین جیاوازی، لەنووسینی پیتە درشتەکاندا بوو. بەئەندازەیەک ئەو کارەی دووپات کردەوە تاکوو لاپەڕەکە جێگەی نەما. تەنانەت پسپۆڕە گەورەکانی خەت ناسیش نەیاندەتوانی جیاوازییەک بدۆزنەوە لەنێوان ئەو ڕستەیەی ئەو نووسیبووی لەگەڵ ئەو ڕستەیەی لەنووسراوەکەدا هەبوو. بۆیە بۆ پێکهێنانی جیاوازییەکی تەواو لەنێوان دەستخەتی ئەو دوو کەسەدا، پێویست بوو تەرتۆلیانۆ لێکۆڵینەوە بکات و بزانێت ئەنتۆنیۆ پیتە گەورەکانی تر چۆن دەنووسێت. هەڵبەت ئەمەش بەو مانایە نەدەهات کە تەرتۆلیانۆ

ئاهاتووی دانیەل سانتا ژیانی وابێت نیازی ئافۆنسۆ مەکسیمۆ بکاتە میناک، بەڵکە ئەمە تەنها جۆرێک لە نوو پلە ئەکتەری کلارای سەبارەت بەو هۆگرییەی ئەو بوو. مەراق و تینوێتی لەشکاندنی ئەنتۆنیۆ نووسینی جۆری کرد ناچار ترتۆلیانۆی تایبەتییە بابەتە هەڵبژاردنی بەرەو کە بوو شتە ئەو هەمان بخوێنێتەوە، کلارۆ بڕوایە ئەو لەسەر تەرتۆلیانۆ کرد. ئاڕاستەی مامۆستایەتی پیشەی ڕۆژێ هێلکەیەک، ڕاگرتنی شێوازی فێربوونی چۆن وەک بوو ئەنتۆنیۆش دەستخەتی کردنەوەی لاسایی دەبێت. سوودی لەڕۆژان سەر دەکرد هورووژمیان بۆچوونانەی بیرو ئەو بەمجۆرەیە. هەر ناتوانین بۆیە بوون، ئاڵۆز ئافۆنسۆ، مەکسیمۆ تەرتۆلیانۆ مێشکی دەیویست کە بکەین نیشان دەست بڕیارە ئەو و ئەوان پەیوەندی ئەو بەگوێرەی بێت. یەکشەممە ڕۆژی لەوەی بەر دەیویست بێدات. بچێت دایە. دەستی لەبەر بینینەکە یەکتر شوێنی لەسەر نەخشەیەی بڕیارەکەی باشی لایەنێکی بکات. لێکۆڵینەوە شوێنەکە لەسەر و شوێنەکە لە و نەدەبوو سەرگەردان یەکشەممە، ڕۆژی کە بوو ئەوە کاتییش هەرچەندە ــ ڕزگاربوون تریش باشی لایەنێکی نەدەگەڕا. وەزیر بۆ ڕاپۆرتێک نووسینی بۆ بەرپرسیارێتییەی لەو بوو ــ بێت ئەو، دڵنیایی هۆی بووە نەتەنها بڕیارە ئەم شانی. سەر خرابوە بەڵکە ڕواڵەتێکی شانوومانیشی پێ بەخشی.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەو کەسانە نەبوو کە لەتەنهاییشدا پێ دەکەنن. ئەو زیاتر خۆی دەگرت و دۆخێکی خەمباری هەبوو.

لەماڵ دەرکەوت. سواری ئۆتۆمبێل بوو و لێی خوڕی، وەک زۆربەی ئەو کەسانەی دوا نیوەڕۆی هەینی، بۆ رابواردنی پشوو ئەچنە دەرەوەی شار. ترافیکی چڕوپڕی بەجێ هێشت و گەیشتە جادەیەکی چۆڵ. دەبێ زۆر زوو بگاتە ماڵی ئەنتۆنیۆ کلارۆ. هەمان ئەو شوێنەی بڕیارە رۆژی یەکشەممە لەگەڵ ئەکتەرە پلەدووەکەدا چاویان بەیەکتری بکەوێت. ریشە دەستکردەکەی زۆر باش بەدەموچاویەوە نووساندبوو. دەترسا یەکێک بەتێپەڕبوونی بە نێهاتە چۆڵەکەدا وابزانێت سانتا کلارایە و بانگی بکات تا پێکەوە شتێک بخۆنەوە. پێی تێدەچوو ئەو ماڵەی بڕیارە بۆی بچن، هی ئەنتۆنیۆ کلارۆ بێ، چونکە ئەو سەردەمە، هەموو ئەکتەرەکان، موڵکێکی وەهایان هەبوو.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گەیشتە سەرەتای رێگە باریکەکە، دەترسا ڕووبەڕووی ژنە هاوسێی ئەو ماڵە ببێتەوە، کە لەپشت پەنجەرەوە لەدەرەوە دەڕوانێت و لەخۆی بپرسێ: "ئەم ئۆتۆمبێلە دەچێتە کوێ، ئەوەندەی من بزانم، کەسێک ریش دانێت، بێگومان دەیەوێت هەندێک شت لەوانی تر بشارێتەوە."

باش بوو تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئەم ڕستەیەی دوایی نەبیست، دەنا نیگەرانییەکی زیاتربەسەریدا زاڵ دەبوو.

لەو جادە باریکەدا، دوو ئۆتۆمبێل نەیاندەتوانی هاوکات بڕۆن و هاموشۆیەکی زۆریش نەدەکرا. لەلای چەپی جادەکەوە کێڵگەیەکی بەرنەلان بەدیدەکرا، کە بەدەربەندێکی دارستانیەوە دەنووسا. دارەکان لەو شوێنەوە وەک بنچکی بچووک دەهاتنە بەر چاو.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەئەسپایی ڕۆیی. جادەکە لە ئامێنی ئەو گرد بەشێوەی مارپێچدا تێدەپەڕی و لەپشت ئەوانەوە ون ئەبوو.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئەیزانی نابێ زۆر لەماڵەکە نزیک بێتەوە: چونکە لەوانە بوو ڕێبوارێکی تەنها یان شوانێک کە خەریکی لەوەڕاندنی ڕەوەکەیەتی، بیبینێت و هاوار بکات کە دز هاتووەو لەماوەیەکی کەمتر لە ئەو خولەکدا، پۆلیس بێتە ناوچەکەو ئەگەریش نەیەت، هاوسێکان بکەونە سەری و وەک سەردەمی رابردوو، بەبێڵ و قولێنگ تەمێنی بکەن. چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی وابنوێنێت کە بەرێکەوت بەو ڕێگەیەدا تێدەپەڕێ و چونکە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بینیوە، بەئەسپایی ئەڕوات تاکوو لەبینینی دیمەنەکە چێژ ببینێ.

ماڵێکی یەک نهۆم و سادە بوو. وێدەچوو ماڵێکی دێهاتی بێت کە سەر لەنوێ بونیادیان ناوەتەوە. لەڕواڵەتی بیناکەوە دیار بوو کە خاوەنەکانی، بەدەگمەن سەربانی ئەوێ ئەکەن. چاوەڕێ ئەکرێ لەبەرامبەر بینایەکی دێهاتی، هەرچەند نوژەنیش کرابێتەوە، گژوگیایەکی زۆر ڕوابێت، وەلێ لەوێ تەنها چەند لقێکی وشک، گوڵێکی ژاکاو و چەند گوڵەبەرۆژەیەکی ڕوبار لەکن پەنجەرەکان بەدی ئەکران کە لەگەڵ مەرگ لە بەربەرەکانی دابوون. ماڵەکە بەدیوارێکی بچووک لەجادەکەوە جیا ئەبۆوە و لەپشتەوە ئەو داربەڕووی گەورە بەلک وپۆیەکی فراوانەوە کە سەربانی ماڵەکەشیان داپۆشیبوو، سەریان لەئاسمان ئەسوو... ئەتگووت

چەندین ساڵ بەر لە دروستبوونی ماڵەکە، هەر لەوێ بوون. بەکورتی، ناوچەیەکی گونجاو بوو بۆ لایەنگرانی سرووشت.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست، بڕیاریدا بچێتەوە ماڵی خۆی لەنهۆمی دووهەمی بیناکەیان و چاوەڕێ بکات، تاکوو پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵدا دەکرێت و جارێکی تر بانگهێشتی ئەم ڤیلایە دەکرێت کە پێی دەگووت هاوینە هەوار. ئۆتۆمبیلەکەی با دایەوەو هەر بەورێنگەیەی پێیدا هاتبوو، گەڕایەوە. بۆئەوەی بەهاوسێکەیان نیشان بدات کە مەبەستی کاری خراپ نییە، بەئەسپایی لەگوندە چۆڵەکە دوور کەوتەوە. ئەوەندە نەرم لێیدەخوڕی کە دەتگووت دەیەوێت بەناو ڕانە مەڕێکدا تێپەڕێ: هەڵبەت ئەو ڕانە مەڕەی بەهێمنی لە کێڵگە گەڕاونەتەوەو بەجادەکەدا تێدەپەڕن.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بۆئەهێشتنی مەراقەکەی، ویستی ڕێچکەیەکی کورت تر بۆگەڕانەوە بەکار بهێنێت کە لەبەرامبەر ڤیلاوە بەرەو چۆمەکە دەچوو: بەڵام بەمێشکی داهات کە تا ژمارەی ئەو خەڵکەی دەیبینن کەمتر بێت، ئەوا باشترە. گومانی نەبوو دوای نیاری رۆژی یەکشەممە، نیتر هەرگیز رێی ناکەوێتەوە ئەوێ. لەگەڵ ئەمەشدا، هەوڵی دەدا بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکات کە کەسێکی ڕیشن و تەنها نەهێنێتەوە بیر. هەرچەند لە گوندەکە دەرچووبوو، خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی زیاتر کردو چەند خولەک دواتر، گەیشتە سەر جادەی سەرەکیی. هێشتا سەعاتێک تێنەپەڕیبوو کە گەیشتەوە ماڵەکەی خۆیان.

بۆبەرکرنی ماندوویەتی، ئاوێکی بەخۆیداکرد، جلەکانی گۆڕی، پەرداخێک شەربەتێکی لیمۆی فێنکی خواردەوەو لەپشت مێزی نووسین دانیشت. ئەیدەویست راپۆرتی وەزارتخانە تەواو بکات. بەڵکە مەبەستی ئەوە بوو وەک کوڕێکی بەئەمەک، تەلەفۆن بۆ دایکی بکات. دەیویست چاک و چۆنی بکات و ئەحواڵی بپرسێت.

ـ چۆنی، باشی؟

ـ باشم، تۆ چۆنی؟

ـ وەکوو جاران، پاساوێک نابینم بۆ گازندەکردن.

ـ ماوەیەکە تەلەفۆنت نەکردووە، نیگەران بووم.

ـ ببوورە، زۆرم کار هەبوو.

هەڵس و کەوتێکی ئاوا لەمرۆڤەکاندا، بەمەبەستی چاک و چۆنی، هاوتایە لەگەڵ هەڵسوکەوتی مێرووولەکان کە لەرێگەدا دەگەنە یەک. دەڵێی دەیانەوێ بڵێن ئێستا کە ئاشنای ئەم شێوازەیت، دەتوانین باسەکەمان هەندێک جدی تر بکەین.

دایک پرسی:

ـ بۆ کێشەکان چیت کرد؟

ـ هێدی هێدی چارەسەر دەبن، نیگەران مەبە.

ـ وا دەڵێیت نیگەران مەبە دەڵێی جگە لەمە کارێکی ترم نییە لەژیانمدا.

ـ شادمانم کە کێشەکانم زۆر بەهەند ناگریت.

ـ بەڵام تۆ لەوێوە ڕوخساری من نابینیت.

ـ تکا دەکەم دایە، ئارام بە.

ــ کاتێک ئارام ئەبم کە تۆ لێرە بیت.
ــ ئەوەندەی ئەمارە بیمەوە.
ــ پەیوەندی تۆ و ماریاپاز گەیشتە کوێ؟
ــ وەسفکردنی ئەم پەیوەندییە، کارێکی زۆر ئاسان نییە.
ــ هەوڵ بدە بەردەوام پێی بڵێی خۆشم دەوێی و تەنها ئەو دەتوانێ بەختەوەرت بکات. زۆربەی خەڵک لەبەر ئەم هۆکارە زەماوەند دەکەن.
ــ بەڵام من دەزانم کە هەموو شتێک پەیوەندی بەم ساتەوە هەیە. ئەگەر سبەینێ نەبێت، دەبێ چ بکەم؟
ــ کەواتە خۆش ویستن.
ــ خۆشەویستی بۆپیاوێک کە بەتەنها دەژیو شانسی ئاشنابوونو پەیوەندیی لەگەڵ ژنێکی میهرەبانو جوانو ڕێکوپێکدا هەیە، شتێکی ئاساییە.
ــ خێزانەکەت خۆش دەویست؟
ــ نازانم.
ــ لەگەڵ ئەم شێوازەی قسەکردندا ناکۆکم.
ــ شەش ساڵ بەسەر ئەو دەمەدا تێدەپەڕێ.
ــ شەش ساڵ بۆ فەرامۆشکردن، ماوەیەکی زۆر نییە.
ــ باشە، بەڵێ... پێم وایە خۆشم دەویست.
ــ ئەی ئەو؟
ــ پێم وابێ ئەویش هەر هەمان بۆچوونی لەسەر من هەبوو.
ــ باشە، کەواتە..

ـ هەر دووکمان بەهەڵەدا چووین.. هەڵەیەکی ئاسایی.

ـ ئێستاش ناتەوێ ئەو هەڵەیە سەبارەت بە ماریاپاز دووپات بێتەوە؟

ـ نا نامەوێ.

ـ لەبەر خۆت، یان لەبەر ئەو؟

ـ لەبەر هەردووکمان..

ـ زیاتر خۆت یان ئەو؟

ـ ئەوەندە خۆپەرست نیم کەلایەنگری لەوبکەم. لەوانەیە بۆماریاپاز زۆر گرنگ نەبێت کە خۆی بخاتە مەترسییەوە... بەڵام لێکترازانێکیتر، ناکامیێکی خراپی بۆمن دەبێت.. هەڵبەت دووهەم بۆ من و یەکەمین بۆ ئەو.

ـ ئەگەری ئەوەش هەیە هەموو شتێک بە خۆشییەوە کۆتایی بێت. نازانین چ شتێک چاوەڕێمان دەکات.

ـ بۆچی بەمجۆرە قسە دەکەیت؟

ـ چۆن؟

ـ دەڵێی لەژوورێکی تاریکدا، لەپڕێکدا تیشکێک لەشوێنێکەوە دەردەکەوێت و ون دەبێت.

ـ تۆ وا بیر دەکەیتەوە... دووپاتی بکەوە.

ـ چی؟

ـ هەر ئەو قسەی کردت.

ـ بۆ؟

ـ دەبێ دووپاتی بکەیەوە!

— ئەو قسانەی کردمن، جۆرێک هاوڕایی و هەستی ڕەزامەندی بوو. نایە، خەیاڵ پلاو ڕێگەیەکی باش نییە بۆ گەیشتن بە ئەمرمن بوونەوەی رۆح.

— پێویست ناکات تووڕە بی.. کەی نێیڤە نێرە؟

— بەم زووانە.

— پێویستە پێکەوە قسە بکەین. من تەنها پرسیارێکم هەیە.

— چ پرسیارێ؟

— خۆت گێل مەکە!

— بەڕاستی نازانم چییە.

— دەمەوێ پرسیار بکەم چ شتێک رووی داوە. تکا دەکەم بەچیرۆکی دەستکرد مەسخەڵەتینە. چاوەڕێ دەکەم جوامێرانە یاری بکەیت.

— نایە، وێدەچێ ئەم قسانە هی خۆت نەبێت.

— ئەگەر سەرنج بدەیت، قسەکانی باوکت دووپات دەکەمەوە. یارییەکی جوامێرانەو بێ فێڵو تەڵەکە. پێمخۆشە ئەم ڕستەیە هەمیشە لەیادەوەریتدا بمێنێتەوە.

— بەدڵنیاییەوە دەمێنێتەوە.. یارییەکی جوامێرانە.

— ناهاتوو هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە.

— بەڵێ..

— تکایە با درەنگ نەبێت.

— لەوانەیە ناوەڕاستەکانی هەفتەی داهاتوو لەوێ بم.

— هیوادارم.

ـ ماڵئاوا دایە.
ـ ماڵئاوا کوڕم.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، تەلەفۆنەکەی دانا. ئینجا ڕێگەی بەمێشکیدا کە هەر چییەکی بوێت بیری لێ بکاتەوە. ماوەیەک دواتر لەبەر خۆیەوە هەندێک شتی دووپاتەوە، دەتگووت هێشتاش لەگەڵ دایکی قسە دەکات:

ـ وشەکان وەک شەیتان وان. هەوڵ دەدەین ڕێگە بەوانە بدەین لە زار بێنە دەر کە پێمان وایە شایستەن. وەلێ لەپڕێکا بۆمان دەردەکەوێ لەگەڵیاندا وشەی ناشایستەش دەرکەوتوون. نازانین لەکوێوە دێن. هەرگیز پێمان نەگوتبوون بێنە دەر... پاشان کتوپڕ هەموو شتێک تێک دەچێت. ئەو شتەی پێشتر ڕەتمان کردۆتەوە، پشت ڕاستی دەکەینەوە... بەپێچەوانەوە. ئەوەی ئەمڕۆ هاتە پێش، باشترین نموونەیە. هەرگیز نەمدەویست بەم زووانە سەبارەت بەم ڕووداوە لەگەڵ دایکم بدوێم. هەڵبەت دەمویست لەداهاتوودا ڕۆژێک ئەم بابەتەی بۆ باس بکەم، بەڵام ئەک ئاوا زوو. نازانم چۆن لەساتێکدا، بێئەوەی بزانم بەڵێنم پێدا کەهەموو شتێکی بۆ بگێڕمەوە. لەوانەیە لەم ساتەدا، خەریکی دانانی خاچێک بێت لەڕۆژێکی ڕۆژمێری گیرفانی خۆیدا.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەستی بەئارامی دەکرد و شادمان بوو. دەتگووت بارێکی قورس لە سەر شانەکانی هەڵگیراوە. لەخۆی دەپرسی چ سوودێکی لە بێدەنگی ئەو ڕۆژانە بینیوەو وەڵامێکی نەدۆزییەوە. لەوانەبوو بتوانێ هەزاران ڕوونکردنەوە بدات، هەر

یەکەیان لەوی تر باشتر. بەڵام حەزی نەدەکرد خۆی فریو بدات. دەیویست بەردەوام ئەو هەستەی هەبێت کەناوێتەی ئارامی بوو. بڕیاربوو یەکشەممە چاوی بەئەنتۆنیۆ کلارۆ بکەوێت. دوای ئەمە هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕێگری لەوە بکات بۆ نموونە ئۆتۆمبێلەکەی دووشەممە ئامادە بکات. بچێتە سەربانی ئایکی و پێی بڵێ:

– پیاوێکم بینیوە بەئەندازەیەک لە من دەچێت. کە ئەگەر تۆش بیبینی لەوانەیە گێژ بیت.

یان بەجۆرێکی تر بۆی باس بکات:

– لەگەڵ پیاوێکی هاوشێوەی خۆم دیدارم هەبوو و ئێستا نازانم کامیانم!

کتوپڕ هەستی کرد ئەو ئارامییەی جارانی نەماوەو لەبری ئەمە سامێک وەک برینێکی سەخت بەسەریدا زاڵبوو. "نازانین چ شتێک چاوەڕێمان دەکات!"

ئەو ڕستەیەی کە لەزاری ژنێکی شارستانی و ماڵدار هاتبوە دەر. بەڵام لەلیستە قەرەباڵغەکەی ژیانی مرۆڤدا شوێنێکی گرنگی هەیە. واقعێکی پەیوەندیدار بەهەموویان و یەکسان بۆ هەموویان. کە هەندێکجار هەڕەشەیەکی کارەساتاوییەو هەمووان تووشی حەپەسان دەکات. هەر چرکەیەکی ژیانی مرۆڤ وەک دەرگەیەک وایە کە دەکرێتەوە. تاکوو مۆڵەت بەو ڕووداوانە بدات بێنە ژوور کە هێشتا ڕوویان نەداوە. هەمان ئەو شتەی ناوی ئایندەی لەسەرە. لەوانەیە باشترین پێناسە بۆ ئایندە ئەوە بێت کە بگوترێت شتێک نییە جگە لەبۆشاییەکی گەورە. هیچ شتێک جگە لەزەمەنێکی کەڵەکەکراو

لەئێستادا ئەمر نییە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ ئەگەر ئایندە بۆشایی بێت، کەواتە شتێک بەناوی یەکشەممە لەئارادا نییە. لەڕاستیدا هەبوونی، پەیوەندی بە بەشداری منەوە هەیە. ئەگەر لەو ساتەدا بمرم، بەشێک لەئایندە یان لەوانەیە ئایندە هەمووی، بۆ هەمیشە لەناو بچێت.

چێژی بەدەستهاتوو لە ئاکامەکەی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، بەدەنگی تەلەفۆن لەناو چوو. ئەنتۆنیۆ کلارۆ پرسی:

ـ نامەکەتان بەدەست گەیشت؟

ـ بەڵێ، بەدەستم گەیشت.

ـ هەموو شتەکانی ڕاستن؟

ـ بەڵێ.

ـ دەمویست سبەی تەلەفۆنت بۆ بکەم، بەڵام چونکە وام زانا کە لەوانەیە نامەکەتان بەدەست گەیشتبێ، پەیوەندیم کرد تاکوو وادەی دیدارەکە پشت ڕاست بکەمەوە.

ـ زەحمەتتان کێشا.

ـ سەعات شەشی یەکشەممە دێمە ڤیلاکە.

ـ سەبارەت بەم دیهاتە چۆڵەش نیگەران مەبن. من ڕێگەیەکی لاوەکی تر شارەزام و بۆ ڕۆیشتنە ناو ڤیلاکە سوودی لێوەردەگرین. بۆیە خەڵک بە بینینی دوو کەسی هاوشێوە تووشی سەرسوڕمان نابن. بۆ ئۆتۆمبێلیش..

ـ کام ئۆتۆمبێل؟

– ئۆتۆمبێلی خۆم.

– ئەمەش گرنگ نییە. ئەگەر کەسێک ئێوە بە من نابینێت، وادەزانێت ئۆتۆمبێلەکەم گۆڕیوە. بەتایبەت کە بەدەگمەن دەچمە ئەوێ.

– زۆر باشە.

– کەواتە هەتا ڕۆژی یەکشەممە.

– هەتا یەکشەممە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پاش ئەوەی تەلەفۆنەکەی دانا، بیری کردەوە خۆزیا پێی بوتایە کە ریش و سمێڵی دەستکرد دادەنێ. بەڵام دوایی لەبەر خۆیەوە گووتی:

– زۆر گرنگ نییە. هەر کە گەیشتمە ماڵەکە، لایدەبەم. هەنگاوێکی گەورە بۆ گەیشتن بەیەکشەممە نرا.

سەعات شەش و پێنج خولەکی دوانیوەڕۆ، ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئۆتۆمبێلەکەی لەوبەری جادەکە لەبەرامبەری ڤیلاکە ڕاگرت. ئۆتۆمبێلی ئەنتۆنیۆ کلارۆ ڕێک لەبەرامبەری ماڵەکە بوو: لە کن دیوار. دەرگای ماڵەکە کراوە بوو، بەڵام پەنجەرەکانی داخرابوون. دەنگێک بەئەسپایی لەناوەوە گووتی:

ـ فەرموون!

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لە چوار پلیکان سەرکەوت و لەبەردەم دەرگا ڕاوەستا. دەنگەکە دیسان گووتی:

ـ فەرموون! فەرموون! بەڵام دەڵێی ئێوە کەسێک نین کە من چاوەڕێی دەکەم.

ئەرتۆلیانۆ ڕیش و سمێڵەکەی لابردو هاتە ژوور. هەردووکیان ڕاوەستان و چاویان لەیەکتر بڕی.

ئەنتۆنیۆ گووتی:

ـ من ئەو کەسەم کە تەلەفۆنم بۆ کردن. وا هاتوومەتە ئێرە تاکوو .. بەچاوی خۆم ئەوە ببینم.

ـ کاتێک بەنیوەم گووت لەیەکدەچین، مەبەستم ئەوە نەبوو فریوتان بدەم.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەشێوازێکی ئاخافتن کەزۆر لەهی سانتا کلارا دەچوو، بەلاڵەپەتی گووتی:

ـ وایە. بەگوێرەی پێناگری جەنابتان، پێم وابوو دەبێ لێکچوونێکی زۆر لەئارا نابێت. بەڵام ئان بەوەدا دەنێم کە چاوەڕێ نەبووم لەگەڵ وێنەی خۆمدا ڕووبەڕوو بیمەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گووتی:

ـ باشە، ئێستا کە دڵنیا بوون، ڕێگە بدەن با بڕۆم.

ـ نا. تکام لێکردی بێیتە ژوور و ئێستاش تکام وایە دابنیشی هەتا پێکەوە قسە بکەین. ئەم قەنەفانە خراپ نین. پێم وایە شتی خواردنەوەشمان هەیە.. هەڵبەت سارد نین.

ـ نامەوێ لەکاتتان بگرم.

ـ تکا دەکەم... ئەگەر خێزانم بهاتایە، باشتر دەیتوانی پێشوازیتان لێ بکات. بەڵام هاوکات، لەمن زیاتر سەری دەسووڕما.

ـ لەم بابەتەوە دڵنیام.

ـ ژیانی من لەچەند هەفتەی ڕابردوودا بەجۆرێک بووە کە بۆ دوژمنەکەمی بەئاوات دەخوازم.

ـ تکایە دانیشن. حەزتان لەخواردنەوەیەکە؟

– حەزم لەخواردنەوە نییە، بەڵام کۆنیاک خراپ نییە، ئەویش زۆر کەم.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ شووشە و پەرداخی هێنا. هەندێکی بۆ خۆی و بۆ میوانەکەی تێکرد و لەوبەری ئەومێزە دانیشت کە ئەوانی لێك جیادەکردەوە.

– هێشتاش هەر وڕ و کاسم.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

– منیش بەم قۆناغەدا تێپەڕیوم. ئێستا تەنها لەخۆم دەپرسم دوای ئەمە چ ڕوو دەدات.

– چۆن منت دۆزییەوە؟

– پێش تر پێم گوتبووی کە تۆم لە فیلمێکدا بینیوە.

– بەڵێ. وەبیرم دێت. لەهەمان ئەو فیلمەی کە ڕۆڵی بەرپرسی پرسگەم لەئەستۆیە.

– وایە.

– پاشانیش لەفیلمەکانی تر دا منتان بینی.

– بەڵێ.

– باشە، چۆن ناوی منت دۆزییەوە. چونکە ناوی دانیال سانتا کلارا لە ڕێبەری تەلەفۆندا نییە.

– سەرەتا هەوڵمدا ناوی ئەو ئەکتەرە جۆراوجۆرە پلە دووانەی کە لەلیستی کۆتایی فیلمەکاندا دێن، بدۆزمەوە. هەڵبەت ئەم کارە کاتێکی زۆری دەویست: بەڵام ئەو شتەی بەنیازی بووم دۆزیمەوە.

– بۆچی ئەم کارەتان کرد؟

– پێم وابێ هەر کەسی تر لەجێگەی من بوایە، هەر ئەم کارەی دەکرد.

– بەڵێ... ڕووداوێکی سەیرە.

– پاشان تەلەفۆنم بۆ ئەو کەسانە کرد کە پاشناویان سانتاکلارا بوو.

– ئەوانیش گوتیان من ناناسن.

– بەڵێ. یەکێکیان پێی گووتم کەسێکی تریش لەم بابەتەوە پەیوەندی پێوە کردووە.

– سەیرە!

– لەوە سەیرتر ئەوەیە دەیگووت ئەو پیاوەی بەر لەمن تەلەفۆنی کردووە، هەوڵی دەدا دەنگی خۆی بگۆڕێ.

– تێناگەم. بۆچی دەنگی بگۆڕێ؟

– نازانم. لەوانەیە ئەویش... نامەیەکم بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر نووسی.

– سەیرە ناونیشانی منیان چۆن پێداوی؟

– ئەوان ناوی ڕاستەقینەی تۆشیان دا.

– نازانم بۆ..

– لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە پەسنی ئەکتەرە پلە دووەکانم دابێ. پێم وایە هەر ئەمەش ئەوانی ڕازی کردبێ. پاشانیش پاشناو و تەلەفۆنی ئێوەم لێ وەرگرتن.

– ئێستاش وا لێرەین...

– بەڵێ، وا لێرەین.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ قومێکی تۆشی و تەرتۆلیانۆش لێوەکانی تەر کرد. ئینجا ئیسان سەیرێکی یەکتریان کرد.

لەدەرگای ڤیلاکەوە کە هێشتا کراوە بوو، تیشکێکی لاوازی خۆر دەهاتە ژوور. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پەرداخەکەی دانا، لەپی دەستی لەسەر مێزەکە داناو گووتی: وەرە با ئەندازەی بگرین.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ قومێکی تری پێداکرد و دەستەکانی لەلای دەستی تەرتۆلیانۆ دانا. ئەندازەو شێوەی رواڵەتییان، راست لێک دەچوو. دەمارەکان، بەرزی و نزمییەکان، ئینۆکەو تەنانەت مووەکانیشیان بەقەدەر یەک بوو، دەتگووت لەچوارچێوەیەکەوە دەرکەوتوون. هەڵبەت جیاوازییەکیان هەبوو: لەقامکە گەورەی دەستی چەپی ئەنتۆنیۆ کلارۆدا، ئەڵقەیەکی زێر هەبوو، بەڵام تەرتۆلیانۆ ئەڵقەی نەبوو.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ــ باشە، ئێستا با سەیری خاڵەکانی دەستی راست بکەین.

ئینجا هەستا، چاکەتەکەی دەرهێنا، فڕێی دایە سەر قەنەفەکە و قۆڵەکانی هەڵدایەوە. ئەنتۆنیۆ کلارۆش هەستابوو، بەڵام بەر لە هەر کارێک، سەرەتا دەرگای پێوەدا و چراکانی هەڵکرد. هەر کە چاکەتەکەی فڕێ دایە سەر قەنەفەکە، دەنگێکی کپ گەیشتە گوێی. تەرتۆلیانۆ پرسی:

ــ دەمانچەیە؟

ــ بەڵێ...

ــ پێم وانەبوو بیهێنی...

ـ گولەی تێدا نییە.
ـ قسەیەکی وا دەکەی کە شیاوی بڕوا پێکردن نییە.
ـ دەتوانم پیشانتان بدەم، چونکە دەڵێی بەڕاستی بڕوام پێناکەن.
ـ هەر کارێکی دەتانەوێ، بیکەن.
ئەنتۆنیۆ کلارۆ دەمانچەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا و گووتی:
ـ فەرموون!..
ئینجا شانەی دەمانچەکەی دەرهێناو لەکاتێکدا نیشانی تەرتۆلیانۆی دەدا، پرسیاری کرد:
ـ ئێستا بڕوات کرد؟
ـ بەڵێ.
ـ پێویست ناکات نیگەران بن. دەمانچەی ترم پێ نییە.
ـ کەواتە چەندین دەمانچەتان هەیە.
ـ بەڵێ بەتایبەت ئەگەر مەبەستم بوایە ئێوە لەناو بەرم.
ـ بۆچی دانیال سانتا کلارای هونەرمەند بیەوێت مامۆستایەکی مێژوو بکوژێت؟
ـ ئێوە بۆ خۆتان ئەم بیمەنانەتان خوڵقاند.
ـ بەڵام من حەزم نەدەکرد لێرە بمێنمەوە، ئێوە پێداگریتان کرد.
ـ وایە، بەڵام ڕۆیشتنی ئێوەش هیچ شتێکی نەدەگۆڕی. هەر چۆنێک بێت ئێوە کۆپی کراوی منن. دەڵێی ئاوێنەی گیانلەبەری...
ـ دەرکردنی دوو گولە دەتوانێ هەموو شتێک بگۆڕێ.

ــ بەڵێ، بەڵام وەک دەبینن گوڵەی تێدا نییە.

ــ وایە.

ــ باشە، با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان.

ئەنتۆنیۆ کلارۆش قۆڵەکانی هەڵماڵی. مەودای نێوان هەردووکیان ئەوەندە بوو کە بەباشی دەیانتوانی خاڵەکانی یەکتر ببینن. نزیکتریش بوونەوەو لەو هەموو لێکچوونە، تووشی سەرسوڕمان بوون.

ئەنتۆنیۆ گووتی:

ــ ڕێک لەفیلمەکانی خەیاڵی ــ زانستی دەچێت.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ــ هێشتا جێگە برینی ئەژنۆتان سارێژ نەبوە؟

ــ پێم وا نییە پێویست بکات نیشانتان بدەم. کاتێک دەست، قاچ، ڕوخسارو تەنانەت دەنگمان لەیەک بچێت، دیارە هەموو ئازای لەشمان لێک دەچێت.

نیسانیش پێکێکی بۆ خۆی تێکردو لەپەرداخەکەی بەردەمی ڕوانی. دەتگووت چاوەڕێیە پێشنیارێک لەنێو پەرداخەکەوە بێت. لەپڕێکا گووتی:

ــ باشە ئەم بەراوردە سەبارەت بە ناوقەد بۆ سەرەوە بوو. سەبارەت بە ناوقەد بۆ خوارەوە پێشنیار دەکەم هەردووکمان ڕووت بینەوە. دەبێ دڵنیا بم کە لێکچوون لەهەموو ئازای لەشماندا هەیە.

خێرا کراس، پانتۆڵ، جلی ژێرەوە و گۆرەوەیەکانی دانا. تەرتۆلیانۆش بۆ ئەوەی دوانەکەوێت، دەستیکرد بەداکەندنی

جلەکانی، بەڵام شەرم و شوورەیی لەچاوەکانیدا بەجوانی دیار بوو. پاش ئەوەی ڕووت و قووت بۆوە، دەتگووت دانیال سانتا کلارایە. تەنها جیاوازییان ئەوە بوو کە تەرتۆلیانۆ، هێشتا گۆرەوییەکانی دانەکەندبوو.

لەبێدەنگیدا لەیەکتری ڕامان. دەیانزانی کە قسەکردن هیچ ئاکامێکی نییە. لەگەڵ سەرسوڕماندا، هەستی بەجۆرێک سەرکەوتنی و سووکایەتی دەکرد. دەتگووت ناسنامەی یەکتریان دزیوە. تەرتۆلیانۆ جلەکانی لەبەر کردەوەو دۆخێکی وەرگرت کە وای نیشاندەدا دەیەوێ لەوێ بڕوات. ئەنتۆنیۆ کلارۆ گووتی:

ـ تکا دەکەم دانیشن. هێشتا بابەتێکی گرنگ هەیە کە دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە.

تەرتۆلیانۆ دانیشت و پرسی:

ـ سەبارەت بەچی قسە بکەین؟

ئەنتۆنیۆ لەگیرفانی چاکەتەکەی جزدانێکی دەرهێنا. پێناسەکەی لێدەرهێناو گووتی:

ـ سەبارەت بە بەرواری سەعاتی لەدایکبوون..

ئینجا پێناسەکەی لەسەر مێزەکەو لەبەردەم تەرتۆلیانۆدا دانا. مامۆستای مێژووش چاوێکی خێرای پێدا خشاندو دایەوە.

ـ منیش هەر لەم بەروارەو لەم سەعاتەدا لەدایک بووم.

ـ پێتان ناخۆش نابێ ئەگەر پێناسەکەتان ببینم؟

ـ نا.

ئەرتۆلیانۆ پێناسەکەی دایە دەست ئەنتۆنیۆ و دوای چەند چرکەیەک، وەریگرتەوە.

ـ ئێستا قایل بوون؟

ـ هێشتا، نا.

ـ بۆ؟

ـ سەعاتی لەدایکبوون نازانین.

ـ باشە دەتوانین هەر کاممان سەعاتی لەدایکبوونمان لەسەر کاغەزێک بنووسین.

ـ بەڵام ئەم کارە ئەنجامێکی ڕاستی بەدواوە نابێت.

ـ بۆ؟

ـ چونکە لەوانەیە بەئەنقەست سەعاتی لەدایکبوونم بەهەڵە بنووسم.

ئەرتۆلیانۆ دەلەرزی. سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر دەیزانی بابەتێکی وەها دێتە گۆڕێ، بەڵام هەرگیز هەوڵی نەدا خۆی بیهێنێتە گۆڕێ. بۆیە لەگەڵ ئەوەی زانیارییەکی تەواوی لەسەر وەڵامەکەی ئەنتۆنیۆ هەبوو، گووتی:

ـ زانینی سەعاتی لەدایکبوون چ سوودێکی هەیە؟

ـ باشە، تێدەگەین کە کاممان لەڕووی ئەوی تر کۆپی کراوە.

ـ وای دابنێ تێگەیشتین، چ جیاوازییەکی هەیە؟

ـ جیاوازییەکی تایبەتی نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا، پێم وایە ئەگەر کەسێک بزانێت کۆپیکراوی ئەوی ترە، ئیتر هەست بە ئارامی ناکات.

ـ لەگەڵ ئەمەدا مەبەستتانە بزانن؟

ـ بەڵێ. ئەگەر ئێوەش هاوڕا بن.

ـ هاوڕام.

ـ کەواتە تیروپشکێک دەکەین تاکوو ڕوون بێتەوە کێ دەبێ یەکەم قسە بکات.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ پێویست بەتیروپشک ناکات. من سەرەتا دەیڵێم. لەم بابەتە هەستیارەدا، پێویستە نیەتێکی چاکمان هەبێت.

ـ زۆر باشە. ئێوە لە چ سەعاتێکدا لەدایک بوون؟

ـ دووی پاش نیوەڕۆ.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ بە خەمبارییەوە گووتی:

ـ من نیو سەعات زووتر لەدایک بووم. ڕێک، سەعات یەک و بیست و پێنج دەقەی پاش نیوەڕۆ لەدایک بووم. بۆیە بەداخەوەم کە پێتان ڕادەگەیەنم ئێوە کۆپیکراوی منن: واتە کاتێک ئێوە لەدایک بوون، من لەدایک بیووم.

تەرتۆلیانۆ بینی بەپەرداخەکەیەوە نا. هەستا و گووتی:

ـ من بۆ دامرکاندنی مەراقم هاتمە ئێرە. ئێستا کە قایل بوون، ڕێگە بدەن با بڕۆم.

ـ نا. هێشتا زووە. دەتوانین زۆرتر قسە بکەین. ئەگەر کارێکتان نەبێت، دەتوانین پێکەوە نان بخۆین. ڕێستۆرانێکی باش لەم ناوچەیە هەیە کە من.. نا.. هەڵبەت.. ئەگەر ریش و سمێڵ دابنێن کێشەیەک دروست نابێت.

ــ سوپاس بۆ بانگهێشتەکەتان. بەڵام ناتوانم بێم.. لەڕاستیدا قسەیەکی ترمان نییە کە بۆ یەکتری بکەین. ئێوە حەزتان لەمێژوو نییەو منیش سینەمام خۆش ناوێت. کەواتە مۆڵەتم بدەن با بڕۆم.

ــ زۆر باشە. چۆنتان پێ خۆش بێت..

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بێ ئەوەی دەستەکانی بلەرزێن، ڕیش و سمێڵە دەستکردەکەی بە ڕوخسارییەوە نووساند. ماڵئاوایی کردو بەرەو دەرگا ڕۆیشت. بەر لەوەی دەربکەوێت، گووتی:

ــ ئاخ، گرنگترین شتم لەبیر چووبۆوە..

ــ چی؟

ــ هەموو تاقیکردنەوەیەک ئەنجام درا. شتێک نەبێ..

ــ چییە؟

ــ تاقیکاری دی ئێن ئەی.. بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆماوەیی.

ــ ڕاست دەکەن. دەبێ بچینە تاقیگە تاکوو نینۆک یان خوێنەکەمان تاقی بکەینەوە.

ــ باشە لەم بوارەدا پێکەوە هاوڕاین! ئێوارە باش!

ــ ئێوارە باش!

خۆر ئاوا بیوو کە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، ئۆتۆمبێلەکەی خستە ئیش. بەر لەوەی بگاتە گوندەکە. ئاوڕی لەپشتەوە دایەوەو ئەنتۆنیۆ کلارۆی لەبەردەم دەرگای ڤیلاکەدا بینی. ئیتر ڕانەوەستا و درێژەی بەڕێگەکەی دا.

ویژدانی گووتی:

ــ دەتەوێ بەم ڕیش و سمێڵە گاڵتەجاڕەوە بگەڕێیتەوە؟

ـ هەر کە گەیشتمە سەر جادەکە، لای دەبەم. ئیتر پێویست ناکات بەکاری بێنم.

ـ لەکوێوە دەزانی؟

ـ نازانم، هەستی پێدەکەم.

ـ هەڵسوکەوتێکی وەها گونجاوم لەتۆ چاوەڕێ نەدەکرد. زۆر باش جووڵایتەوە، وەک پیاوێک!

ـ دەی من پیاوم!

ـ بەڵێ، نکوڵی لێناکەم. بەڵام بەگشتی لاوازییەکانت بەسەر تواناکانتدا زاڵ دەبن.

ـ بەبڕوای تۆ کارێکی خراپم کرد چاوم پێی کەوت؟

ـ نا. ئەشێ تەنها ڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بەم بابەتە هەر ئەوە بێت.

ـ کام کۆتایی؟ تەنها ڕوون بۆوە کە ئیتر پێویست ناکات یەکتر ببینین. دەتەوێ بڵێی کە هەموو شتێک پەیوەندی بەم دیدارەوە هەبوو؟ کە جارێکی تر بیری لێ ناکەمەوە؟ وایە؟

ـ پێم وانییە لەمە بەدەر بێت.

ـ نا ئەمە وەک یاری شەترەنجی نێوان دوو کەس وایە. ئەگەر لایەک لەسەر مێزەکەی هەستێت و یارییەکە جێ بهێڵێت، دەتوانێ بێ فێڵ و تەڵەکە، لەیارییەکەدا سەرکەوێ. ئێستا من لەسەر مێزەکە هەستاوم. لەیارییەکە دەرکەوتووم و لەوێ نیم.

ـ بەڵام هێشتا سێ یاریکەری تر لەوێن.

ـ بێگومان باسی ئەنتۆنیۆ کلارۆ و هاوسەرەکەی دەکەیت.

ـ بەڵێ.. هەروەها ماریاپازیش.

ـ وەلێ ماریاپاز چ پەیوەندییەکی بەمەوە هەیە؟

ـ دەڵێی یادەوەریت لاوازە. بۆ لەبیرت چۆوە کە بۆ ئەنجامدانی هەندێک لێکۆڵینەوە، سوود لەناوی ماریا وەرگیرا؟

ـ نا، لەبیرم نەچۆتەوە.

ـ درەنگ یان زوو ماریاپاز لەم رووداوە ئاگادار دەبێت. یان بەخۆت پێی دەڵێی یان ئەوانی تر.

ـ بیرم لەم بابەتە نەکردبۆوە..

ـ ئێستا دەتەوێ چ بکەیت؟ پەیوەندیی تەلەفۆنی؟ لەگەڵ کێ؟

ـ سەرەتا لەگەڵ دایکم بۆ ئەوەی پێی بڵێم دوو رۆژی تر لەلای دەبم.

ـ دووهەم؟

ـ لەگەڵ ماریاپاز. تاکوو پێی بڵێم دوو رۆژی تر لەلای دایکم دەبم.

ئۆتۆمبێلێک بەخێرایی وەپێش تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کەوت و شۆفێرەکەی سڵاوی لێکرد. ویژدان گووتی:

ـ ئەو پیاوەت دەناسی؟

ـ بەڵێ. ئەو کەسەیە کە قسەم لەگەڵ کرد. ئەنتۆنیۆ کلارۆ یان دانیەل سانتا کلارا: ئەو کەسەی کە من بە کۆپیکراوی ئەو دادەنرێم. پێم وابوو تۆش دەیناسیت.

ـ من ناتوانم پیاوێک بناسم کە هەرگیز نەمبینیبێ.

ـ باشە، کاتێک من ببینیٚ و بمناسی وەک ئەوە وایە ئەوت بیبینیو و ناسیبێتت، ئێمە بەشێوەیەکی ڕەها لێک دەچین.

ـ بەڵام نەک بە ڕیش و سمێڵەوە..

ـ ئاخ، لەبەر زۆربڵێی بیرم چوو لایبەرم.

پاشان ڕیش و سمێڵەکەی لێکردەوەو پرسی:

ـ باشە، ئێستا هیچ جیاوازییەک لەنێوانماندا دەبینی؟

ـ ئۆتۆمبێلەکەی ئەو لەهی تۆ باشترە، زۆریش باشتر، چونکە خێرا لەبەر چاوان بوو، خێرا دەیناژۆت تاکوو زووتر بگاتەوە هاوسەرەکەی و ڕووداوەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

ـ لەوانەیە...

ـ تۆ زۆر درەنگ بڕوا بەشتەکان دەکەیت، لەهەمان شەقامی ماڵەکەتان، دامبەزێنە.

ـ ناتەوێ لەگەڵم بێیت و لەماڵ دا پشوویەک بدەیت؟

ـ نا، پێم باشە تۆ بەتەنها دڵنەوایی لێ بدەیت، پێم وایە زۆر پێویستیت بەم کارە هەیە.

•

چوارسەد کیلۆمەتر دوور لەماڵ، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەو ژوورەی منداڵیی بەسەر بردووە، خۆی ئامادە کرد تاکوو بچێتە ناو پێخەف و بخەوێت. بەرەبەیانی سێ شەممە لەوشارەوە بەڕێ کەوت و بەدرێژایی جادە، لەگەڵ خۆی لەململانێ دابوو کە ئایا لەم بارەیەوە شتێک بەدایکی بڵێت یان متەقی لێوە نەیەت.

پەنجا کیلۆمەتر لەشار دوور کەوتەوە، بڕیاریدا هەمووشتێک بەدایکی بڵێت.

دوای تێپەڕاندنی مەودایەکی سەدو بیست کیلۆمەتری، لەبەر بڕیارەکەی، لۆمەی خۆی کرد.

دووسەدو دە کیلۆمەتر دوور لەشار، بڕیاریدا تەنها بەشێک لەڕووداوەکە بۆ دایکی بگێڕێتەوە تاکوو هەستی مەراقی دابمرکێ.

لەمەودای سێسەد و چاردە کیلۆمەتری شاردا، خۆی وەک گەمژەیەک هاتە بەرچاو.

چوارسەدو بیست کیلۆمەتری بڕی و گەیشتە ماڵی دایکی و بەر لەوەی لە ئۆتۆمبێل دابەزێت، هێشتا نەیدەزانی چ بکات...

لەکاتێکدا جلی خەوی لەبەردەکرد، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم سەفەرە، بڕیارێکی هەڵە بوو. خۆزگەی دەخواست کە لەهەمان ژوورە بچووکەکەی خۆی بوایەو سەرەڕای ئەوەی هێشتا نەیدەویست سەبارەت بە ڕووداوەکە ڕونکردنەوە بەخانمی کارۆلینا بدات، بێئەوەی مەبەستی تۆمەتبارکردن بێت. هەستیدەکرد وەک جۆلەکەیەکی بێ پەنا، ڕاستەوخۆ بۆناو زاری گورگ هەڵفڕیوە: بێئەوەی لەئەنجامەکانی ئاگاداربێت. هێشتا دایکی پرسیارێکی لێنەکردبوو، بەڵام هەندێکجار نیگایەکی واتاداری لێدەکرد.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەروا کە لەناو پێخەفەکەی ڕاکشابوو، بەکێشەکاندا دەهاتەوە، بەڵام هیچ ڕێگە چارەیەکی بۆ نەدەدۆزینەوە. دایکی لەگەڵ ماریاپاز جیاوازییەکی زۆری هەبوو. دەتگووت هەر وا کە یارمەتی کوڕەکەی دەدا. خواردنی بۆ دێنا و جلی خاوێنی دەدایە. بەم هەڵسوکەوتانە پێی دەگووت:

– ناچارت ناکەم هەموو شتێکم بۆ بگێڕیەوە. نهێنی شتێکە لەمافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، بەڵام لەهەمانکاتدا منیش مافی ئەوەم هەیە لەهەورازو نشێوەکانی ژیانی کوڕەکەم ئاگادار بم.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گڵۆپەکەی کوژاندەوە، کتێبی شارستانییەتی میزۆپۆتامیای نەهێنابوو کە بەهۆی گەورەیی و قورسیی قەبارەکەی وەک دەرمانێکی خەوهێنەر وابوو. چەند ساتێک دواتر، دەرگای ژووری خەوتن بە ئارامی کرایەوە.

تۆمارکتۆس، سەگی بنەماڵە هاتە ژوورەوە تاکوو بزانێ خاوەنە کۆنەکەی لە چ بارودۆخێکدایە. سەگێکی ماناوەندو ڕەش بوو. ڕەشێکی ڕاستەقینە، نەک لەو جۆرانەی کاتێک دێنە پێشەوە، خۆڵەمێشین.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئەو ناوە سەیرەی بۆ هەڵبژاردبوو. نەیدەویست ناوی ئاسایی وەک "فیلی، پیلۆتۆ، سوڵتان، ئالمیران و .. تاد"ی لێ بنێت. ناوێکی لەسەگەکە نابوو کە لانیکەم پازدەهەزار ساڵ مێژینەی هەبوو و کۆنینەناسان پێیان وابوو یەکەمین پاشماوەی نووسراوەی وەچەی ئاژەڵەکانە: ئەو وەچەیەی هەڵدەهاتن. بۆنیان دەکردو هەندێک جاریش قەپاڵیان دەگرت.

تۆمارکتۆس حەزی نەدەکرد زۆر لەوێ بمێنێتەوە. چەند ساتێک خۆی بە قاچی قەرەوێڵەکەدا کێشا. سەرخەوێکی شکاندو هەستا تاکوو لەماڵەکەدا بگەڕێت و هەتا بەیانی بەئاگا بێت و پاسەوانی بکات.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەخەو هەستا. دەرگای ژووری خەوتن داخرابوو. دایکی لەگەڵ تۆمارکتۆس لەماڵ دەرکەوتبوو. تەرتۆلیانۆ سەیری سەعاتەکەی کرد. هێشتا زۆر زوو بوو. دەیزانی تا ئەو کاتەی لەخەو دابێت، نیگەرانییەکان نایەن بۆ لای، بەڵام چاوەڕێ دەکات تاکوو هەڵدەستێ. دەستی کرد بەدالغە لێدان.

دەیزانی ئەگەر نامەیەک بنووسرێ و بگاتە دەستی کەسێک، بەڵام دیار بێت ئیمزا هی نووسەری نامەکە نیە، کەسی وەرگر دوو

ئەگەر بەمێشکیدا دێ: یەکیان ئەوەی کە نووسەر داوای لەکەسێکی تر کردووە ئەم کارە بکات و دووهەم ئەوەی کە لاسایی دەستەوئیمزای کەسێکی تری کردۆتەوە. هەڵبەت ئەتتۆنیۆ لاساییکردنەوەی ئەو ئیمزایەی لانیکەم تا ئەو ساتە بۆ دەرنەکەوتبوو. لەلایەکی ترەوە بەسەرنجدان بەوەی کە ئەدرەسی سەر زەرفەکە لەگەڵ ئەدرەسی بەڕێکەری نامەکە جیاوازە، ئاشکرایە لێرەشدا لەئەدرەسی کەسێکی تر کە هی هەمان ئیمزاکەرە، سوود وەرگیراوە.

هەڵبەت پێویستە لەبیرمان نەچێت کە دەقی سەرەکیی نامەکە، لەلایەن بەڕێکەرەوە نووسراوە و کەسێکی تر، هیچ دەستێکی لەم بوارەدا نەبووە. بەم پێیە، تەنها دەتوانین دوو ئەگەر لەبەر چاو بگرین: یەکەم ئەوەی کە هەر دوو لا لەم بارەیەوە هاوڕا بوون و دووهەم ئەوەی کە کەسی بەڕێکەر مەبەستێتی هەتا دوایین ساتەکان، ناسنامەکەی شاراوە بهێڵێتەوە. هەڵبەت لانیکەم تا ئەو ساتە لەهۆکارەکانی ئەم خۆحەشاردانە تێ نەدەگەیشت.

رێبەری تەلەفۆن، ئەمجارە بۆ ئەنتۆنیۆ کلارۆ، بەسوود بوو. دانیال سانتا کلارای ئەکتەر توانی ژمارە تەلەفۆنی ماریاپاز بدۆزێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ بگرێت. ئینجا، تەلەفۆنی بۆ تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ دافۆنسۆ کرد. نەیەویست بەر لەوەی هێڵێنا بگەڕێتەوە ماڵ، لەگەڵ مامۆستای مێژوو قسە بکات.

هیچ کەس تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت. بەڵام دوای ماوەیەک، پەیامگرەکە کەوتە گەڕ.

ـ ئێوارە باش... من ئەنتۆنیۆ کلارۆم. بێگومان چاوەڕێی پەیوەندی من نەبوون. پێموابێ لەم شارە نین و لەوانەیە چێژ لەپشووی خۆتان ببینن: چونکە دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەم کارە. لەهەر کوێ بن، تکاتان لێدەکەم هەر کە گەڕانەوە، تەلەفۆنم بۆ بکەن. پێموابێ پێویستە وادەیەکی تری چاوپێکەوتن پێکەوە دابنێین. هیوادارم داواکارییەکەم رەت نەکەنەوە. باشترین سەعاتی پەیوەندی کردن لەگەڵ من، سەعات دەی بەیانی هەتا شەشی دوا نیوەڕۆیە، هەڵبەت جگە لەرۆژانی شەممەو یەکشەممە: چونکە جگە لەم

سەعاتانە. هێلێنا لەماڵە کە نازانم پێم گووتن ئەمە ناوی خێزانەکی یان نا.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کەسێکی بەهۆش بوو. بۆیە بەباشی دەیزانی ئەمجارە ئەو کەسەی پێویستە ڕواڵەتی بگۆڕێت. ئەنتۆنیۆ کلارۆیە: وەک چۆن ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەریش و سمێڵی دەستکردەوە بۆ تاوتوێکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیەل سانتا کلارا و هاوسەرەکەی ڕۆیشت. ئەمجارە ئەنتۆنیۆ کلارۆ بە ریش و سمێڵی دەستکردەوە دێتە شەقامی شوێنی نیشتەجێبوونی ماریاپاز تاکوو ئەو ژنە بناسێت. دوای ئەویش هەتا بانک یان ماڵی مامۆستای مێژوو دوای ماریاپاز دەکەوێت و وەک سێبەرێک لە کۆڵی نابێتەوە.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ چەکمەجەکەی ڕاکێشاو ئەو سمێڵەی دۆزییەوە کە بۆ ڕۆڵی بەرپرسی پرسگە لەهۆتێل سوودی لێوەرگرتبوو. بەڵام هەر ئەمەی بۆ گۆڕینی ڕواڵەتی بەپێویست نەبینی. بۆیە ڕۆیشتە حەمام و لەبەرامبەری ئاوێنەکە بەسەرنجەوە سمێڵ وریشە دەستکردەکەی بەروخسارییەوە نووساند کە لەجانتاکەی دابوو. ماوەیەک لەئاوێنەکەدا لەخۆی ڕوانی و ئینجا ریش و سمێڵەکەی لابردو لەجانتاکەی خستەوە. ئینجا لەبەر خۆیەوە گووتی:

ــ هێلێنا. هەر ئێستا بەشەکەتی لەسەر کاری ڕۆژانەی دەگەڕێتەوە ماڵ.

ڕۆژی دواتر، دوای دەرکەوتنی هێلێنا لەماڵ، ئەنتۆنیۆ کلارۆ تەلەفۆنی بۆ ماریاپاز کرد. نە تووڕە بوو و نە دەستەپاچە. دەنگێک لەو بەری تەلەوە گووتی:

ـ فەرموون! فەرموون!.. تکایە قسە بکەن؟ ئێوە کێن؟

بێدەنگی زاڵ بیوو، ماریا گووتی:

ـ چ بێ ڕەوشتە! مرۆڤ تەنانەت لەماڵیش لەبێزارکردنی ئەوانی تر ڕزگاری نابێت.

پەیوەندییەکە پچڕا. ئەنتۆنیۆ کلارۆ مەبەستی بوو ماریاپاز بناسێت. لەم ڕووەوە، مەراقەکەی بیوو بە جۆرێک وەسوەسە. نەیدەتوانی لەبەرامبەر ماڵی ئەو ژنە ڕابوەستێ و کە هەر ژنێکی بینی، لێی بپرسێت ئایا ماریاپازە یان نا. نەیدەتوانی چاوەڕێی هەلێکی گونجاو بکات و بۆنموونە دوای سێ چوار جار هاتوچۆ لەناو شەقامەکەدا، لەپڕێکا تووشی ژنێک بێت و پێی بڵێت:

ـ پێموابێ ئێوە خانمی ماریاپازن! نازانن چەندە حەزم دەکرد لەگەڵتان ئاشنا بم. من دانیال سانتا کلارای ئەکتەرم. ئەگەر ڕێگە بدەن بۆ خواردنەوەی کوپێک قاوە میوانم بن. ئەگەر پەسندی بکەن، با بچینە ئەو بەری شەقام و دابنیشین. دڵنیام کە زۆر قسەمان هەیە بۆ گووتن. ڕیش؟ ها، بەڵێ.. ڕیش.. پیرۆزبایت لێدەکەم کە ئەوەندە زیرن و هەڵنەخەڵەتان. وەلێ پێویست ناکات بترسێن. ئارام بن. هەر کە گەیشتینە شوێنێکی باش، لەپڕێکا بۆتان دەردەکەوێ کەسێک لەبەرامبەرتانە کە بەباشی دەیناسن. ئەو کەسەی

ئەگەر لێرە بوایە، لەناخی دڵەوە پیرۆزبابیم لێدەکرد، باسی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەکەم.

بێگومان ئەو ژنە بێ ئاگا لەهەموو شتێک دەحەپەسا. ئەنتۆنیۆ کلارۆ کێشەیەکی تریشی هەبوو، نەیدەزانی ئەگەر نیازی وا بێت بەیانی زوو لەخەو هەستێ و لەماڵ دەربکەوێت، پێویستە چ وەڵامێکی هێلێنا بداتەوە؟ هەڵبەت دەتوانێت بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی فیلم بکاتە بیانوو، بەڵام نیار نییە ئەو قسەکانی پەسند دەکات یان نا. لەلایەکەوە دەیزانی ئابێ لەسەریەک بچێت بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە ئامادەبوونی پیاوێکی ریشن، ئەویش سێ رۆژ لەسەریەک لەشەقامی نزیک ماڵی ماریاپاز، لەوانەیە جگە لەوروژاندنی لێک نەگەیشتن، منداڵانیش بترسێنێ و گرفتاری مۆتەکەی شەوانەیان بکات. بۆیە بەهێلێنا ڕادەگەیەنێت کە سبەێنێ دەبێ لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بێت کەسەعات هەشتی بەیانی بەبەشداری بەرهەمهێنەرانی فیلم بەڕێوە دەچێت.

هێلێنا بێ ئەوەی خراپ تێی بگات، بە ئارامی پرسی:

– بۆ وا زوو؟

– باشە، تەنها ئەو کاتەیان گیر کەوت کە تیایدا سەرقاڵ نەبن. دەرهێنەر دەیەوێت دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە، بچێتە فرۆکەخانە.

– زۆر باشە. کەواتە منیش دەچمە موبەق تاکوو خواردن دروست بکەم.

لەڕاستیدا دەیویست بەرلەدروستکردنی چێشت تەنها بێت و بیر بکاتەوە.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەئەسپایی و هاوکات بە خێرایی و شارەزایی
نزیک، بەرەو لای جانتاکەی ڕۆیشت، ریش و سمێڵە دەستکردەکەی
دەرهێناو خستیە پشت یەکێک لەپاڵپشتەکانی سەر قەنەفە گەورەکەی
هۆڵەکەیاوە: ئەو شوێنەی بەگشتی کەسێک لەسەریان دانەدەنیشت.
لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ لێرە هیچ کەس پانیان ناکاتەوە.

بەیانی ڕۆژی دواتر، ئەنتۆنیۆ کلارۆ، ئۆتۆمبیلەکەی لەبەردەم ماڵی ماریاپاز ڕاگرت. زۆربەی فرۆشگاکان داخرابوون. بەهۆی پشووی گەشتوگوزارەوە، ژمارەیەکی کەم لەخەڵک بەرچاو دەکەوت. ژمارەیەکی کەمیش بەڕێز چاوەڕێیی پاسیان دەکرد.

ئەنتۆنیۆ لەناو ئۆتۆمبیلەکەی دانیشتبوو و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو. دڵنیا بوو کە بەمجۆرە، سەرنجی کەس بۆ لای خۆی ڕاناکێشێت. ئەو بینایەی چاودێریی دەکرد، چەند کەسێکی لێ هاتە دەر. زۆربەیان پیاو بوون و لەو دوو ـ سێ ژنەی دەرکەوتن، هیچکامیان قیافەیان لەوە نەدەچوو کە ئەنتۆنیۆ لەمێشکی دا وێنای کردبوو. ڕێک سەعات هەشت و نیو، دیسان دەرگای بیناکە کرایەوە و ژنێکی گەنج و جوان، لەگەڵ خانمێکی پیرتر لەخۆی، هاتنە دەر.

ـ خۆیانن!

ڕۆژنامەکەی لەسەر کورشنەکە دانا، ئۆتۆمبێلەکەی خستە نیش و چاوەڕێ مایەوە. دوو ژن لە لای ڕاستی شۆستەکەوە بەهێمنی

دەڕۆیشتن. دیار بوو دایک و کچن و پێکەوە دەژین. بێگومان پیرەژنەکە هەمان ئەو کەسە بوو کە دوێنێ وەڵامی تەلەفۆنەکەی ئەنتۆنیۆی دایەوە. بەشێوەیەک دەڕۆیشت دەتگووت نەخۆشە. "ئەو کچەش ماریاپازە. ئامادەم گرەو بکەم. خراپ نییە. مامۆستای مێژوو دەبێ زۆر خۆش سەلیقە بێت".

دوو ژنەکە هەروا دەڕۆیشتن و کلارۆ نەیدەزانی چی بکات.

– چ بکەم؟... دابەزم؟ دانەبەزم؟

دابەزی و بەپرتاو بەرەو لایان ڕۆیشت. لەبەر ئەوەی دایکی ماریا زۆر بەئەسپایی دەڕۆیشت و، بۆ ئەوەی زۆر لێیان نزیک نەبێتەوە، ناچار بوو دوای نانی چەند هەنگاوێک، بەبیانووی تەماشاکردنی جامخانەی فرۆشگاکان ڕاوەستێ. ئەو شێوە ڕۆیشتنە پەستی دەکرد. وێدەچوو ڕێکردن هەتا هەتایە بەردەوام بێت. دەموچاوی، لەبن سمێڵ و ڕیشیدا دەخورا.

دواجار لە پێچەکەی تری شەقام، واتە دوای تێپەڕکردنی سێسەد مەتر کە بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەنتۆنیۆ کلارۆ ڕێگەیەکی زۆر نەبوو، دوو ژنەکە ڕاوەستان. ماریاپاز هاریکاری دایکی کرد تاکوو لە پلیکانەکانی کڵێسە سەرکەوێت و ئینجا، گۆنای ماچ کرد و ماڵئاوایی کرد.

ژنەکە لەو ڕێگەیەی کە هاتبوو، گەڕایەوە. بەشێوەیەک دەڕۆیشت دەتگووت لەسەر سەکۆی سەمایە. ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەشەقام تێپەڕی و لەبەردەم جامخانەی فرۆشگایەک ڕاوەستا. بارودۆخێکی هەستیار بوو. بچووکترین هەڵە دەیتوانی هەموو پیلانەکانی تێک بدات.

ئەگەر ماریاپاز لەپڕێکا سواری ئۆتۆمبێل بێت و نەتوانێ لەکاتی خۆیدا بگاتە ئۆتۆمبێلەکەی، ناچارە هەتا بەیانی چاوەڕێ بێت.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ نەیدەزانی ماریاپاز ئۆتۆمبێلی نییەو ناچارە لەریزی پاسدا چاوەڕێ بکات تاکوو دەگاتە فەرمانگە. ریزەکە درێژتر بیوو. ماریاپازیش چووە ناو ریزەکەوە. ئەنتۆنیۆ کلارۆ بۆ هەڵهاتن لەڕووناوی چاوەڕێنەکراو، چاوەڕێ ما تاکوو سێ کەسی تریش لەپشتەوە ڕاوەستان، ئینجا چووە ناو ریزەکەوە. ئەگەرچی ریش و سمێڵی گۆناکانی بەباشی دەشاردەوە، بەڵام چاوەکانی، برۆی، نێوچەوانی، موو و گوێچکەکانی بەدەرەوە بوون. پاس هات. ماریاپاز لەسەر کورسییەک دانیشت. وەلێ ئەنتۆنیۆ کلارۆ لە کۆتایی پاسەکەدا ڕاوەستاو لەبەر خۆیەوە گووتی: "ئێستا باشترە. پێکەوە دەڕۆین."

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ نافۆنسۆ بۆ دایکی گێڕایەوە کە پیاوێکی بینیوە ئەوەندە لەخۆی دەچووە کە ئەگەر کەسێک ئەوان نەناسێت، بێگومان بەهەڵەدا دەچێت.

– چوومە دیداری، بەڵام ئێستا پەشیمانم. ئەم لێکچوونە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دوانە: چونکە دوانە، بابەتێکە پەیوەندی بە ژیانی هاوبەشی خێزانەوە هەیە. بەڵام سەبارەت بەمە، کەسێکی نامۆ لەبەرامبەرم ڕاوەستاوە کە هەرگیز نەمبینیوە. لەپڕێکا تووشی گومان دەبین کە ئەو کێیە و من کێم... گومانم نییە لەو ساتەدا تەنانەت ئێوەش ناتوانن کوڕەکەتان بناسنەوە: مەگەر بەڕێکەوت...

– ئەگەر دە کەسی وەک یەک بێننە ئێرە کە تەنانەت جلەکانیشیان لێک بچێت، خێرا کوڕەکەم دەناسمەوە. غەریزەی دایک هەرگیز بەلاڕێدا ناچێت.

ـ لەم دنیایەدا شتێک نییە ناوی غەریزەی دایک بێت، ئەگەر دوای لەدایکبوون خێرا منیان لەتۆ جیا کردباوەو دوای بیست ساڵ یەکترمان بینیبا، دڵنیای کە دەتتوانی بمناسیتەوە.

ـ هەڵبەت هەتا ئەو ڕادەیەش نا، چونکە قیافەی منداڵێکی تازە لەدایک بوو، لەگەڵ روخساری گەنجێکی بیست ساڵە، جیاوازییان زۆرە، لەگەڵ ئەمەشدا گرەو دەکەم کە لەهەمان حاڵەتیشدا هەستێک هانم دەدات دیسان لەڕوخسارت بڕوانم.

ـ بێگومان دوای نیگای سێهەم، ئیتر ڕووت وەردەگێڕی.

ـ لەوانەیە، وەلێ لەهەمان ساتەوە ژانێکم لەدڵمدا هەست پێدەکرد.

ـ باشە، پێت وایە منیش سەیری تۆم دەکرد؟

دایکی لەوەڵامدا وتی:

ـ نا...

ـ بۆ؟

ـ چونکە کۆرپەکانی مرۆڤ، بێ دەمەک و کەم هەست و گەمژەن! هەربۆوکیان پێکەنین، دایک ووتی:

ـ یانی هۆکاری نیگەرانییەکانت ئەمانە بوو؟

ـ بەڵێ، بەرگەی زەبرێکی بەهێزم گرت، چونکە بەبیرمدا نەهاتوە کە شتی وا روویدابێت، لەوانەیە زانستی بۆماوەییش رووداوێکی وەها رەت بکاتەوە، شەوانی یەکەم، تووشی مۆتەکە دەبووم و مەراق وەک مێرووله دەمی تێنابووم.

ـ باشە، ئێستا بارودۆخ چۆن دەڕوانە پێش؟

ـ بەختەوەرانە باشە. ویژدانیشم یارمەتیەکی باشی دام و وەبیری هێنامەوە ڕێگەی هەرە گونجاو ئەوەیە دوای ئەو دیدارە، ئیتر نەچمە لای. واتە نە هاوڕێیەتی بکەم و نە دوژمنایەتی. بۆ ساتێک بیرم کردەوە دەتوانم کارێکی بەمجۆرە بکەم، وەلێ هێشتا بیرەوەری ئەو یادەوەرییە تاڵە، لەمێشکم دا ماوەتەوە. هەڵبەت هیوادارم زەمەن بەرە بەرە لەناوی بیات.

ـ هیوادارم.

تۆمارکتوس لەسەر قاچەکانی کارۆلینا خانم ملی درێژ کردبوو و سەری لەسەر پەنجەکانی دانابوو. دەتگووت دەیەوێ بخەوێ. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەسەگەکەی ڕوانی و گووتی:

ـ نازانم ئەگەر ئەم ئاژەڵە من و ئەو پیاوە پێکەوە ببینێ، چ دەکات و کاممان بە خاوەنی خۆی دەزانێت.

ـ لەڕێگەی هێزی بۆنکردنەوە، تۆ دەناسێتەوە.

ـ لەوانەیە ڕاست بکەیت. بێگومان هەر یەکەمان بۆنێکی جیاوازمان هەیە، بەڵام دڵنیا نیم.

ـ مسۆگەر دەبێ هەندێک جیاوازی هەبێت.

ـ مرۆڤەکان دەتوانن لەڕوانگەی قیافەوە لێکچوونێکی زۆریان پێکەوە هەبێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت جەستەیان جیاوازە.

ـ بەڵێ. ئەشێ وابێت.

ـ پێم وانییە بەڕووتی لەبەرامبەر ئاوێنە ڕاوەستابن و هەموو نازای لەشتان تەنانەت نینۆکەکانی قاچتان پێکەوە بەراورد کردبێ.

تەرتۆلیانۆ خێرا وەڵامی دایەوە:

ـ نا، نایە.

تا رادەیەک راستی دەکرد. ئەگەرچی رووت بیوونەوەو هەموو جەستەیان بەراورد کردبوو، بەڵام لەبەر ئاوێنەدا نەبوو.

سەگەکە چاوەکانی لێک کردەوە، چاوەکانی داخست و دیسان لێکی کردەوە. لەوانەیە وای هەست کردبێ کە کاتی هەستان نزیک بۆتەوە. پێویست بوو بچێتە شەقام و بزانێت ئایا گوڵەبەرۆژەکان و گوڵەمەریەمەکان، لەو دوایین جارەدا کە بینیونی، هەڵیانداوە یان نا. سەرەتا دەستەکانی لێک کردەوە. ئینجا قاچەکانی و پاشان بربڕەی پشتی. بەرەو دەرگاکە وەڕێ کەوت. یەکێک لە خاوەنەکانی کە بەدەگمەن دەهاتە لای، گوتی:

ـ کوێوە دەچی، تۆمارکتۆس؟

سەگەکە ڕاوەستاو سەری وەرچەرخاند. بەڵام چونکە خاوەنەکەی هیچی تری نەگووت، ڕۆیشت.

کارۆلینا پرسی:

ـ ئەم ڕووداوەت بۆ ماریاپازیش گێڕاوەتەوە؟

ـ نا. چونکە ئەویش بەئەندازەی پێویست کێشەی هەیە. بیرم کردەوە باشتر وایە نەبمە هۆی بێزاری و نیگەرانی ئەو.

ـ ئێستا کە هەموو شتێک یەکلا بۆتەوە، پێ دەڵێی؟

ـ پێم وا نییە ئیتر بایەخی باسکردنی مابێت. ڕۆژێک کە زۆر شێوا بووم، هۆکارەکەی پرسی و منیش بەڵێنم دا لەداهاتوودا هەموو شتێکی بۆ بگێڕمەوە. ئەو ڕۆژە نەمدەتوانی قسەیەک بکەم. هەڵبەت

پێم وا نییە ڕۆژێکی وا بگەڕێتەوە نابێت، چونکە نەمەوێ هەموو شتێک لەیاد بکەم.

ـ ئەگەر مارياپازت خۆش دەوێ، بۆی بگێڕەوە؟

ـ من ماریاپازم خۆش دەوێت.

ـ بەڵام نەک بەئەندازەی پێویست...

ـ بەجۆرێک ناکۆکی لێ دەکەیت دەڵێی چەندین ساڵە دەیناسی!

ـ هەرگیز نەمبینیوە، بەڵام هەست دەکەم بەباشی دەیناسم.

ـ ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەو هەتە، لەڕێگەی منەوەیە و زۆریش نین.

ـ تەنها لەتوێی دوو نامەو چەند گفتوگۆیەکی تەلەفۆنییدا باست کردوە. لەوە زیاتر پێویستم بە زانیاری نییە تاکوو بۆم دەربکەوێت ژنێکی لەبارە یان نا.

ـ مەبەستت ئەوەیە کە من شایستە نیم.

ـ تۆ وا دەڵێیت.

ـ سەیر کە بابە، دەبێ مەنتیقی بین. ئەگەر ئەو شایستەیە و من نا، کەواتە زەماوەندکردن هیچ سوودێکی نییە.

ـ بۆچی سوودێکی نییە؟ لانیکەم کە لەخەو هەستای، دەبینی لە کن خۆتە.

ـ بابە، من مرۆڤێکی خەو خۆش نیم و زۆرتر بەدوای کارو ژیاندا وێڵم.

ـ بەشێک لەبوونی تۆ، دوای لەدایکبوون، بەردەوام لەخەو بابە. دەترسێم یەکێک لەم ڕۆژانە، لەپڕێکا لەخەو هەستێ.

ــ تۆش وەک کاساندرای!

ــ ئەم شتە ئەفرەتییە چییە؟

ــ نابێ بڵێی چییە.. باشترە بپرسی کێیە.

ــ باشە، کێیە؟

کاساندرا شازادەی ترۆیا بوو. پاشای ترۆیاش ناوی پەری یامۆ بوو. کاتێک یۆنانیەکان ئەسپی دارییان هەتا پشت شاری ترۆیا هێنا، کچەکە هاواری کرد ئەگەر ئەسپەکە بێننە ناو شار، وڵاتمان لەدەست دەچێت. هومەر هەموو ئەم ڕووداوانەی لە کتێبێکدا بەناوی ئیلیاد گێڕاوەتەوە.

ــ بەڵێ، وەبیرم هاتەوە. دانیشتوانی ترۆیا پێیان وابوو کچەکە شێت بووە، بۆیە سەرنجیان نەدایە هات و هاوارەکانی..

ــ پاشان؟..

ــ پاشان شار گیرا، تاڵان کرا و لەگەڵ خاک یەکسان کرا، بەگوێرەی ئەو شتەی تۆ باسی دەکەیت، کاساندرا ناهەق نەبوو...

ــ بەڵێ، مێژوو نیشانمان دەدات کە کاساندرا هەمیشە هەقدار بووە.

ــ بەڵام تۆ دەڵێیت من وەک کاساندرام.

ــ بەڵێ، دەیڵێم و دووپاتی دەکەمەوە.

ــ بۆیە جیا لە عەشقی دایک و منالیمان، تۆ یەکێکی لە دانیشتوانی ترۆیا کە هەرگیز بڕوایان بەقسەی کاساندرا نییە و هەر بۆیەش ئەم شارە سووتا.

ــ بەڵام لێرە ئیتر ترۆیا بوونی نییە.

ـ پێت وایە چەند ترۆیا بەناوی جیاواز و لەشوێنی تر، دوای ئەم ڕووداوە سووتان و بوون بە خۆڵەمێش؟

ـ زۆر زۆر. بەڵام من ئەسپی داریم نەهێناوە...

ـ هەر چۆنێک بێت گوێ لەهاواری ئەم کاساندرایە بگرە کە ئیتر پیر بووە. مەهێڵە بێتە ژوور. ئاگات لە حیلەی ئەسپەکە بێت. تکا دەکەم جارێکی تر لەگەڵ ئەو پیاوەدا وادەی چاوپێکەوتن دامەنێ. بەڵێنم پێ بدە.

ـ بەڵێن دەدەم.

تۆمارکتۆس گەڕایەوە. بۆنی بەگوڵە بەرۆژەو گوڵەمەریەمەکانەوە کردبوو. بەڵام لەحەوشەکەوە نەدەهاتەوە. سەرەتا سەربانی ژووری تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆی کرد. چووە سەر قەرەوێڵەکەی. جانتاکەی بینی. بەئەندازەی پێویست ئەزموونی هەبوو ئەگەر کراوە بێت ئەوا دیارە هەندێک شتی تێدایە. ئەڕۆیشتە لای خاوەنێک کە بەردەوام لەماڵ دەمایەوە، بەڵکە بەرەو کەسێک ڕۆیشت کە دەیویست لەوێ بڕوات.

لەڕێگەی گەڕانەوەدا بەرەو ماڵ، بەو دەرئەنجامە گەیشت کە سەرەڕای ئەو دوودڵیانەی لەساتی دەرکەوتن لەشار هەیبوو، توانی هێنانەو ژێرانە، بابەتی کۆپیبوونی خۆی بەدایکی ڕابگەیەنێت. هەستی دەکرد وێڕای قسەکردن لەگەڵ دایکی، لاوازی لەخۆی نیشان داوە، پاشەکشەی کردووە و بەیداخی سپی تەسلیم بوونی بەرز کردۆتەوە. بۆیە بڕیاریدا لەودبەدوا، بەجدیەتێکی زۆرتر ترس و گومانەکانی خۆی شی بکات و لێکیان بداتەوە. پێی وابوو ئەمە میراتی یەکەمین زەماوەندێتی:

— ئەوەی ڕاستی بێت کاتی بڕیارمان بۆ یەکەمین زەماوەند. گرنگیم بە هۆگری، عەشق، ویست و مەیل نەداو شکستم خوارد. ئێستا دان بەوەدا دەنێم کە وێڕای ئەوەی سەرنجم دانی، بەڵام دەترسم دیسان تووشی تێکشکان بیمەوە.

ئەم بۆچوونانە، لەگەڵ هەندێک دیمەنی ئەنتۆنیۆ کلارۆ کە جارجارە هوروژمی بۆ مێشکی دەهێنا، بەدرێژایی ڕێگە مێشکی بەخۆیەوە خەریک کرد. هەندێک جاریش گفتوگۆکانی ڤیلاکەی دەهاتەوە یاد، بەڵام ئەم بیرەوەرییانە بەجۆرێک بوون کە دەتگووت پەیوەندییەکی بەخۆیەوە نییە و وێنەچوو لە کتێبێکدا خوێندبێتەوە.

– بەڵێنم بەدایکم داوە ئیتر نەچمە لای ئەنتۆنیۆ کلارۆ. دەبێ ئەم بەڵێنەم جێبەجێ بکەم. هەر کە گەیشتمەوە ماڵ، تەلەفۆنێک بۆ ماریاپاز دەکەم. خۆزیا لەماڵی دایکمەوە تەلەفۆنم بۆ کردبایە. بێ موبالاتیم شیاوی لێبوردن نییە. لانیکەم دەمتوانی پرسیاری دایکی بکەم کە لەوانەیە ببێتە خەسووی خۆم.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پێکەنی. وێدەچوو پشوو، جەستە و رۆحی ئەهوەن کردبێتەوە. ببوو بەمرۆڤێکی تر.

دەمەوئێوارە گەیشتەوە ماڵ. ئۆتۆمبێلەکەی لەبەرامبەر ماڵ ڕاگرت و بە جۆش و خرۆشی مێرمنداڵێک، بێ سەرنجدان بەوەی کە چوار سەد کیلۆمەتر زیاتر بێ ڕاوەستان شۆفێریی کردووە، لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و بەهەڵەداوان لەپلیکانەکان سەرکەوت. تەنانەت هەستی بە قورسی جانتاکەش نەدەکرد. ئەگەرچی لەکاتی ڕۆیشتندا قورستر بوو. حەزی دەکرد بەسەماو ئاوازەوە بچێتە ژوورێ. ئەو ماڵەی وەک دایکێکی میهرەبان، باوەشی بۆ تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کردبووەوە لەبەر خۆیەوە گووتی:

– وەرە کوڕم، چاوەڕێت بووم. تۆ ژیانی منیت. هیچ هێزێک ناتوانێت من لەناو ببات. تەنانەت ئەگەر خراپیش بم، هەر شوێنی ژیانی تۆ دەمێنێتەوە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ جانتاکەی لەسەر ئەرد دانا و گڵۆپەکانی هەڵکرد. هۆدەکەی پاکژو خاوێن دەهاتە بەر چاو و تەنانەت تۆسقاڵێک تۆزی لێ بەدی نەدەکرا. سرووشتی پیاوان ئەوەیە بێ ژن ناتوانن بژین. هەڵبەت باس باسی ماریاپاز نییە.

بابەتەکە پەیوەندی بەهاوسێی نهۆمی سەرەوە هەیە کە ڕۆژی ڕابردوو هاتووە و وەک ماڵی خۆیان ــ لەوانەشە بە وردبینیەکی زیاترەوە ــ خاوێنی کردبێتەوە و گەسکی دابێ.

پەیامگری تەلەفۆنەکەی هەڵکرد. لەسەر کورسی دانیشت و گوێ قوڵاغ بوو. یەکەمین پەیوەندی لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە گیرابوو کە تیایدا وێڕای ئارەزووی سەرکەوتن و ڕابواردنی پشوویەک لێوانلێو لە خۆشی بۆ تەرتۆلیانۆ. پرسیاری چۆنیەتی پێشکەوتنی بابەتی ڕاپۆرت بۆ وەزیری کردبوو. دووهەمین پەیام لەلایەن مامۆستای بیرکارییەوە بوو. کارێکی نەبوو و تەنها بەدەنگێکی ئارام و باوکانە. ئەحواڵی پرسیبوو و ئینجا پێشنیاری پێکردبوو سەفەرێکی ناوخۆی وڵات بکات. چونکە تەنها دەرمانی ئەخۆشی خەمۆکی سەفەری دوورودرێژە. سێیەمین پەیامیش هی ئەنتۆنیۆ کلارۆ بوو. ئەو پەیامەی بەمجۆرە دەستی پێدەکرد:

ــ ئێوارەت باش.. من ئەنتۆنیۆ کلارۆم. لەوانەیە چاوەڕێی پەیامی من نەبوویت...

چاوەڕێ دەکرا بەبیستنی ئەو پەیامە. لەپڕێکا تووشی خەمۆکی بێت و هەموو خۆشییەکانی ڕابردووی بەفەرامۆشی بسپێرێت. لەوانەشە جارێکی تر ترس و سام بێتەوەو بەربینگی پێ بگرێت. بەڵام بەپێچەوانەوە. لەوانەیە پێشوازی بێ هاوتای ماڵەکەی و هەستی شادیی سەرچاوەگرتوو لەڕابواردنی پشووی دەرەوەی شار. بەجۆرێک کاریگەری لەسەر مۆراڵی تەرتۆلیانۆ دانابێ کە ئیتر هیچ

شتێک نەتوانێ نیگەرانی بکات. گوێی لەدواهەمین تکاکانی ئەنتۆنیۆ گرت:

ـ ... هێشتا دەبێ زۆر شت بۆ یەکتری ڕوون بکەینەوە. بۆیە پێموایە پێویستە وادەی چاوپێکەوتنێکی تر دابنێین.

لەهەمانکاتدا ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ دافۆنسۆ بڕیاری بەدایکی دابوو ئیتر چاوی بەو نەکەوێت.

گڵۆپەکەی پەیامگرەکە هێشتا هەر ڕۆشن بوو و نیشانی دەدا کە پەیامی تریش ماون. ئەرتۆلیانۆ دوابەدوای بیستنی پەیامی ئەنتۆنیۆ، نیگەران نەبوو. بەڵام هەستی کرد نایەوێ گوێ لەپەیامەکانی تر بگرێت. دەرگاکەی کوژاندەوە و لەجێگەکەی هەستا، ڕۆیشتە ژووری خەوتن تاکوو جلەکانی بگۆڕێت، وەلێ لەوێ بۆچوونەکەی گۆڕی و بڕیاریدا بچێتە حەمام و جەستە و ڕۆحیشی پێکەوە خاوێن بکاتەوە: هەم ئاوێک بەخۆی دابکات و هەم بۆچوونەکانی ڕێکوپێک بکات.

ڕێک لەساتی چوونە حەمامدا، هەستیکرد چۆکەکانی دەلەرزێ. بێگومان ئەمە کاریگەری پەیامی ئەنتۆنیۆ کلارۆ بوو.. هەوڵیدەدا بیر لەماریاپاز بکاتەوە. خۆی وشک کردەوە، جلی تازەی پۆشی و گەڕایەوە ساڵۆنەکە تاکوو گوێ لەپەیامەکانی تر بگرێت. پەیامی چوارەم هی کەسێک بوو کە نەیدەویست قسە بکات. شریتەکە نزیکەی سێ خولەک ڕۆیشتە پێش، بەڵام تەنانەت دەنگی هەناسەیشی دەرنەکەوت. ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ دافۆنسۆ تووڕە بوو و لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ بۆچی؟ .. بەڵام بڕوا ناکەم هەمان ئەو پیاوە بێت. دوای ئەو هەموو قسەیە، ئیتر هۆکارێک نامێنێتەوە بۆ تەلەفۆن کردن و قسە نەکردن..

پەیامی پێنجەم یان دواهەمین پەیام لەلایەن ماریاپازەوە بوو:

ـ منم..

دەتگوت تەنها ئەو لەم دنیایەدا هەیەو تەرتولیانۆ پێویست بوو بزانێت مەبەستی ئەو چ کەسێکە..

ـ .. بێگومان دوو سێ ڕۆژی داهاتوو دێیتەوە ماڵ. هیوادارم خۆشت ڕابواردبێ. چاوەڕێ بووم لەماڵی دایکتەوە تەلەفۆنم بۆ بکەیت. لەڕاستیدا بیرم چووبوو لەم بارەیەوە نابێ چاوەڕوان بم. هەڵبەت گرنگ نییە: بەڵام هەر کات دەرفەتت هەبوو، تەلەفۆنم بۆ بکە. نامەوێ هەر کات ناچار بووی ئەم کارە بکەیت، چونکە هەم بۆ تۆ مایەی ئازارە و هەم بۆ من. هیوادارم بە سلامەتی بگەڕێیتەوە. دایکم باشترەو دەتوانێ بۆ بەڕێوەبردنی بۆنە ئایینیەکان، بچێتە کڵێسە. هەندێک جاریش بۆ کڕین دەچێتە دەرەوە. پێم وابێ زۆر زوو چاک دەبێتەوە. بەنیازی دیدار.

تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، هەندێک شریتەکەی گەڕاندەوەو دیسان گوێی لێ گرت. سەرەتا پێکەنی، ئینجا حاڵەتێکی جدی لە دەموچاویدا دەرکەوت و پاشان نیگەرانی و بێ ئۆقرەیی بەسەریدا زاڵبوو. قسەکانی دایکی کەوتەوە بیر:

ـ .. لانیکەم کەبەیانیان لەخەو هەڵدەستی، دەبینی لە کن خۆتە.

وشەکانی نایکی وەک هاوارە وشیارکەرەوەکانی کاساندرا لەمێشکی نا نەزرنگایەوە. سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. بێگومان ماریاپاز لەبانک گەڕاوەتەوە. ژمارە تەلەفۆنەکەی لێدا.

— فەرموون...

— منم!

— ئا..

— نزیکەی سەعاتێک لەمەوبەر گەڕامەوە. ناوێکم بەخۆم ناکرێو ماوەیەک چاوەڕێ مام تاکوو دڵنیا بم گەڕاویتەوە.

— گوێبیستی پەیامەکەم بووی؟

— بەڵێ، بیستم.

— پێم وایە قسەیەکم کردووە کە نەدەبوو بمکردایە.

— چ قسەیەک؟

— باش وەبیرم نایەت. بەڵام ناوەڕۆکەکەی بەمجۆرە بوو ئەوە هەزار جارە ناوات لێدەکەم سەرنجێکم بدەیتێ. نیتر هەرگیز قسەیەکی وەها ناکەم کە ببێتە هۆی سووک بوونی خۆم.

— ئەو قسەیە چییە.. تۆ لەوە شیاوتری کە ئەم قسانە بکەیت.

— پێم وایە ئەم بارودۆخە ناتوانێ بەردەوام بێت.

— بەردەوام نەبێت.

— چی؟

— ئەم بارودۆخە.

— دەتەوێ بڵێیت بەبیوارێکەوە بەردەوام نەبێت کە تەنانەت ناهێڵی زایەڵەکەشی بگاتە من؟

ـ دەمەوێ بڵێم خۆشم دەوێت.
ـ ئەم ڕستەیەم چەندین جار بیستووە.. لەهەمووی زیاتر، لەپێنجەمدا.. بەڵام بەر لەوکاتانەو پاشان، نا...
ـ بەڵام ڕاستە. تۆم خۆش دەوێت!
ـ تکایە.. تکایە... گێژم مەکە.
ـ گوێ بدەیە!..
ـ گوێم لێیە.
ـ ژیانمان دەگۆڕدرێت..
ـ بڕوا ناکەم.
ـ بڕوا بکە. دەبێ بڕوا بکەیت!
ـ باش بزانە چ قسەیەک دەکەیت.. ئەمڕۆ بەشتێک هیوادارم مەکە کە سبەینێ نەتوانی ئەنجامی بدەیت. من و تۆ دەربارەی داینده هیچ نازانین..
ـ بۆیە تکا دەکەم ئەمڕۆ متمانەم پێ بکە.
ـ ئەمڕۆ شتێکت لەمن دەوێت کە هەمیشە هەتبووە. من هەمیشە متمانەم بەتۆ هەبووە.. بۆچی ئەمەت دەوێ؟
ـ چونکە دەمەوێ لەگەڵ تۆدا بژیم.. بۆ ئەوەی پێکەوە زەماوەند بکەین.
ـ ئەوەی دەیبیستم، بڕوای پێ ناکەم.
ـ ئەگەر بتەوێ ئامادەم چەندین جار دووپاتی بکەمەوە.
ـ ئەستەمە. هیچ کەس بەئەندازەی تۆ، سەعات بەسەعات و تەنانەت چرکە بەچرکە ناگۆڕدرێ. چ شتێکت لەمێشک دایە کە بۆتە

هۆی ئەوەی بڕیار بدەی لەگەڵ مندا بژیت؟ بۆ هەموو هەوڵدانەکانت تا ئەمڕۆ بۆ ئەوە نەبووە کە تێم بگەیەنی هەرگیز لەبەرنامەکانتدا شوێنێکت بۆ بڕیارێکی وەها تەرخان نەکردووە؟

ـ باشە، بۆ تۆ خۆت نەتگووت سەعات بەسەعات و چرکە بەچرکە دەگۆڕدرێم.

ـ واتە.. بەڕاستی دەتەوێ پێکەوە بژین؟

ـ بەڵێ.

ـ واتە... ماریاپازت بەڕاستی خۆش دەوێت؟

ـ زۆر زۆر.

ـ بەڕاستتە؟

ـ بەڵێ.

ـ دیسان دووپاتی بکەرەوە..

ـ بەڵێ.. بەڵێ.. بەڵێ..

ـ بەسە، خنکام..

ـ ئاخ، ئاگات لەخۆت بێ من تۆم بەسەلامەتی دەوێت نەک بەخنکاوی..

ـ بەدایکم بڵێم؟ ئەو بێ ئارامانە چاوەڕێی بیستنی وەڵامێکی وەها دڵخۆشکەرە.

ـ کێشەیەک نییە. هەر چەند ئەو منی خۆش ناوێت.

ـ باشە ناحەقی مەگرە. چونکە تۆ چەندین ساڵ تەنها بۆ سەرگەرمی منت دەویست. ئەو دەیەویست کچەکەی کامەران ببینێت. لەکاتێکدا هەرگیز نیشانەیەک لەکامەرانی لەمندا نەدەبینرا.

ـ هەموو دایکان وەک یەکن.
ـ بەڵێ.. وایە.
ـ دەزانی دوێنێ دایکم سەبارەت بەتۆ چی دەگووت؟
ـ نا.. چی گووت؟
ـ گووتی ژیان لەگەڵ ماریا، ئەو باشییەی هەیە لانیکەم کاتێک لەخەو هەڵدەستی، دەبینی لەکن خۆتە. پێم وابێ هەمان ئەو قسانەی کرد کە تۆ پێت خۆشە بیبیسی.
ـ وایە. بەڵام تۆ هەستای و من لە لات نیم. بەدایکت ڕابگەیەنە لەمڕۆوە دەتوانێ بەئاسوودەیی بخەوێت.. هەڵبەت تەنها کەسێک کە ئیتر ناتوانێ ئاسوودە بخەوێت، منم.
ـ کەی دەتوانم بتبینم؟
ـ سبەینێ هەر کە لەبانک دەرکەوتم، تاکسیەک دەگرم و دێمە لات.
ـ خێرا وەرە، خێرا!
ـ بەرەو ئامێزت دێم..
تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ تەلەفۆنەکەی بڕی. چاوەکانی بەست و بیری کردەوە. ڕاشکاوانە گوێی لەدەنگی ماریاپاز دەبوو کە پێدەکەنێ و هاوار دەکات.
ـ دایە! دایە!
ئینجا نیمەنی ئەو دوو کەسەی بینی کە یەکتریان لەئامێز گرت. لەشوێنی دەنگی هات و هاوار، چپە چپ و لەبری پێکەنینێکی بەرز.

هۆن هۆن گریانی بیست و ئەو فرمێسکانەی بینی کە لەچاوەکانی ئەو ژنەوە لووزەوەیان بەست.

مرۆڤ هەندێکجار لەخۆی دەپرسێت بۆچی خۆشییەکان تا ئەو رادەیە درەنگ دێن بۆ لای. بۆچی زووتر نایەن؟ پێی وایە ئەگەر زووتر بێن، وەک ئەو رووداوەی بۆ ماریاپاز هاتە پێش، چونکە چاوەڕوانیی نەدەکرد، ئەوا نەیدەزانی هیچی لەگەڵدا بکات. بۆیە نازانێ پێبکەنێت یان بگری. هەڵبەت هەڵبژاردنی پێکەنین یان گریان، بەتەنها ناتوانێ بابەتی ململانێی زەینی مرۆڤ بێت، بەڵکە بابەتی سەرەکیی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ئەوەیە کە نەکا شایانی گەیشتن بە بەختەوەری نەبێت.

تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کە وای نیشان دەدا گۆیا ئەریتە لەبیرکراوەکانی هێناوەتەوە یاد و دەیەوێ سەرلەنوێ پەیڕەوییان لێ بکات، رۆیشتە موبەق تاکوو بزانێت شتێک بۆ خواردن هەیە یان نا.

لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ دنیایەک قوتووی خواردن....

لەسەر سەلاجەکە، یاداشتێکی بینی. رۆیشتە پێش و پیتە گەورە نووسراوەکانی بەدەنگێکی بەرز خوێندەوە:

ـ لەسەلاجەکەدا سوپ هەیە.

خوێا هاوسێی نهۆمی سەرەوە بیپارێزێت. قوتووەکان دەیانتوانی لانیکەم ئەمجارە چاوەڕێ بمێننەوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کە بەهۆی شۆفێری و گەشتی دوورو درێژ و گرو تینی پاش قسەکردن لەگەڵ ماریاپازدا، هەستی بەماندوویەتی دەکرد، چووە ناو پێخەفەکەی. هێشتا نەبووە سەعات یازدەی شەو. هەوڵیدا چەند لاپەڕەیەک لەکتێبی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا بخوێنێتەوە.

کتێبەکە سەرلەنوێ لەدەستی بەربۆوە. دواجار گڵۆپەکەی کوژاندەوەو خۆی بۆ خەوتن ئامادەکرد. خەونەکان هوروژمیان بۆ هێناو گەمارۆیان دا...

ماریاپاز بەگوێیدا چپاند:

ـ زۆر باش دەبوو منیشت ئاگادار کردبایەوە.. تەنها بۆ ئەوەی کە..

دەیویست هەندێک شتی تریش بڵێت، وەلێ تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەپێخەفەکەی هاتبوە دەر و بیجامەکەی لەبەر کردبوو.

بەرەو تەلەفۆنەکەی رۆیشت و ژمارەکەی گرت.

ماریاپاز پرسی:

ـ تۆی؟

وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ خۆمم.

ـ چیت دەوێ؟

ـ تینوومە..

ـ باشە..

ـ وەرەو پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە...

بەپێچەوانەی بۆچوون و تێڕوانینمان، بڕیاردان، ئاسانترین کارە لەم دنیایەدا و تەنها پەیوەندی بەدوو شتەوە هەیە: ڕادەی وەرگرتن و ئاستی ورەمان.

وێنەچوو تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ماریاپاز، لەمبارەوە، هیچی کەم نەبێ و لەدواهەمین ساتەکانیدا، هەر دوو ئاستی لەگەڵ سەرکەوتن تاقی کردبێتەوە. واتە بڕیاری نابێت لەگەڵی بژی و لێبڕاوانە جەختی لەسەر کردبێتەوە. ئەگەر بڕیارێک ئەخرایە واری جێبەجێکردنەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەردەوام لەقۆناغی جێبەجێکردندا، هەندێک کێشە هەیە کە سەرەتا پێویستە چارەسەر بکرێن. بۆ نموونە ڕۆحی مرۆڤ دەبێ توانای پێویستی هەبێت تاکوو بتوانێ جەستەی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئاساییەکان، هان بدات. هەڵبەت ئیتر باسکردن دەربارەی ئەو کێشانەی کە خێرا چارەسەر نابن، لەئارا دا نییە. بۆ نموونە بۆ دەستپێکی ژیان بچنە ماڵی کێ. ئایا ماریاپاز دەچێتە ماڵە بچووکەکەی تەرتۆلیانۆ؟ یا

تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دێتە ماڵە گەورەکەی ماریاپاز؟ هێشتا هیچ شتێک لەمبارەوە نەهاتبۆوە گۆڕێ.

لەڕاستیدا ئەوان نەیاندەویست ساتە خۆشەکانی پێکەوە بوون بەم قسە پڕو پووچانە بشێوێنن. لەبری ئەمە دەیانتوانی بڵێن:

"خۆشەویستم! وە بیرت دێت کە درۆم لەگەڵ کردی؟

یان:

"خۆشەویستم! وەبیرت دێت درۆت لەگەڵ کردم؟

هەڵبەت ئەم قسانەشیان باس نەکرد، چونکە پێیان باش بوو ساتە شیرینەکان لەبێدەنگیدا تێپەڕێنن و قسەیەک نەکەن کە وەک ئەو بۆمبەی لەشەڕی جیهانی دووهەمدا هاوێشترابوو، بەسەر سەریاندا نەکەون و نەتەقێتەوە.. لەوانەیە چونکە لەو ساتەوە ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕێ و ناتەقێتەوە.

کاساندرا هەواڵی دڵتەزێنی پێیە.. یۆنانییەکان بۆ سووتاندنی ترۆیا، پێشڕەوی دەکەن.

دوو ڕۆژ بەسەر ئەو ماوەیەدا تێپەڕیبوو کە تیایدا تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، سەری لەسەر مێزی نووسین بەرز نەکردبۆوە، دەیویست ئەو ئەرکە بەئەنجام بگەیەنێت کە خرابوە سەر شانی، ئەوەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانە پێشنیاری کردبوو. ئەگەرچی بەروارێکی بۆ گواستنەوە بۆ ماڵی ماریاپاز دیاری نەکردبوو، وەلێ دەیویست هەتا زووە لەژێرباری ئەم بەرپرسیارێتیە ڕزگاری بێت، تاکوو لەماڵە نوێیەکەیدا، هیچ کارێکی نەبێت: چونکە دەیزانی لەوێ

ماریاپاز؟ هێشتا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دێتە ماڵە کەورەکەی هیچ شتێک لەبارەوە نەهاتبۆوە گۆڕێ.

لەراستیدا ئەوان نەیاندەویست ساتە خۆشەکانی پێکەوە بوون بەم قسە پڕو پووچانە بشێوێنن. لەبری ئەمە نەیانتوانی بڵێن:

"خۆشەویستم! وە بیرت دێت کە درۆم لەگەڵ کردی؟"

یان:

"خۆشەویستم! وەبیرت دێت درۆت لەگەڵ کردم؟"

هەڵبەت ئەم قسانەشیان باس نەکرد، چونکە پێیان باش بوو ساتە شیرینەکان لەبێدەنگیدا تێپەڕێنن و قسەیەک نەکەن کە وەک ئەو بۆمبەی لەشەری جیهانی دووهەمدا هاوێشترابوو، بەسەر سەریاندا نەکەون و نەتەقێتەوە.. لەوانەیە چونکە لەو ساتەوە ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕێ و ناتەقێتەوە.

کاساندرا هەواڵی دڵتەزێنی پێیە.. یۆنانییەکان بۆ سووتاندنی ترۆیا، پێشڕەوی دەکەن.

دوو رۆژ بەسەر ئەو ماوەیەدا تێپەڕیبوو کە تیایدا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، سەری لەسەر مێزی نووسین بەرز نەکردبۆوە. نەیویست ئەو ئەرکە بەئەنجام بگەیەنێت کە خرابوە سەر شانی ئەوەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانە پێشنیاری کردبوو. ئەگەرچی بەروارێکی بۆ گواستنەوە بۆ ماڵی ماریاپاز دیاری نەکردبوو، وەلێ نەیویست هەتا زووە لەژێرباری ئەم بەرپرسیارێتییە رزگاری بێت. تاکوو لەماڵە نوێیەکەیدا، هیچ کارێکی نەبێت: چونکە نەیزانی لەوێ

بەئەندازەی پێویست بۆ ڕێکوپێک کردنی کاغەزو کتێبەکانی،
سەرنێشەی بۆ دروست نابێت.

بۆ ئەوەی مێشکی پەرت نەبێت. تەنانەت تەلەفۆنی بۆ ماریاپازیش نەکرد. ژنەش هەروەتر. دەتگووت نیازی وایە بە دروستکردنی تەق و هوڕ بەئامێری چاپەکەی، ماڵئاوایی لەژیانی رابردوو و قۆناغی تەنهایی بکات.

ڕۆیشتە ڕێستۆران. نانی نیوەڕۆی خواردو گەڕایەوە. کارەکەی تا دوو یان سێ ڕۆژی تریش درێژەی خایاند. دواجار تەنها ڕاستکردنەوەی ئەو شتانەی نووسیبووی، مایەوە. دەیزانی ناچارە بەم زووانە کەمپیوتەرو پرینتەر بکڕێت: وەک سەرجەم هاوکارەکانی کە لەمێژ بوو ئەم کارەیان کردبوو.

شوورەیی بوو ئەگەر وەک رابردوو. بەبێڵ و قوڵینگ زەوی بکێڵێت. ماریاپاز دەیتوانی زانستی ئینفۆرماتیکی فێر بکات. لەمبارەوە هەندێک لێکۆڵینەوەی هەبوو و گەلەک شتی دەزانی. لەو بانکەی کاری تێدا دەکرد، لەسەر هەموو مێزەکان، کۆمپیوتەر هەبوو.

زەنگی دەرگای دەرەوە بیسترا. لەو سەعاتەی ڕۆژدا، بڵێی کێ بێت؟ دەستی لەکارەکەی بەرداو بێ ئارامانە لەبەر خۆیەوە گووتی:

ــ ئەمڕۆ هاوسێی نهۆمی سەرەوە نایەت. پۆستەچی نامەکان دەخاتە ناو سندووقی پۆستەوە. کرێکارانی کارەبا و تەلەفۆن و ئاو و گازیش چەند ڕۆژ لەمەوبەر هاتن و سەیری سەعاتی کارەباکەیان کرد. لەوانەیە یەکێک لەو گەنجانە بێت کە ڕیکلامی تایبەت

بەئینسکلۆپیدیاکان بڵاوەکەنەوە: هەمان ئەو کتێبانەی دەربارەی ماسی لۆفیۆس زانیاری بەمرۆڤ دەبەخشن.

جارێکی تر دەنگی زەنگی دەرگا بیسترا. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەرگاکەی کردەوە. پیاوێکی ریشن لەبەرامبەری وەستابوو:

ـ منم، تەنانەت ئەگەر واش دیار نەبێ.

تەرتۆلیانۆ پرسی:

ـ چیت لێم دەوێ؟

ئەنتۆنیۆ کلارۆ وەڵامی دایەوە:

ـ دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم... تکام لێکردبووی دوای پشوو تەلەفۆنم بۆ بکەیت.

ـ باشە، ئێستا....

ـ ئەم کارەتان نەکرد.

ـ ئێمە هەر چیەک کە پێویست بوو بەیەکتریمان وت.

ـ لەوانەیە.. بەڵام هێشتا شتێکی تر ماوە کە دەبێ بە ئێوەی بڵێم.

ـ تێناگەم.

ـ سروشتییە. هەر چۆنێک بێ پێموانییە چاوەڕێی ئەوە بێ لەبەر دەرگا قسەکانم بکەم. لەوانەیە هاوسێکان گوێیان لەدەنگی ئێمە بێت.

ـ قسەکانتانت هەر چی بێت، بۆ من گرنگ نییە.

ـ بەڵام من دڵنیام کە بۆ ئێوە سەرنج ڕاکێش دەبێت. چونکە دەربارەی خۆشەویستەکەتانە.. پێم وایە ناوی مارییاپازە..

ـ چ بووە؟

ـ هێشتا هیچ نەبووە.. بەڵام دەبێ لەبارەوە پێکەوە قسە بکەین.

ـ من پێم گووتی ئێستا..

ئەرتۆلیانۆ دەرگای کردەوە، خۆی لادا و ئینجا گوتی:

ـ فەرموون..

ئەنتۆنیۆ کلارۆ هاتە ژوور و چونکە ئەرتۆلیانۆ لەوێ ڕاوەستابوو، پرسی:

ـ دەتوانم دانیشم؟ پێم وابێ بەدانیشتنەوە باشتر دەتوانین پێکەوە قسە بکەین.

ئەرتۆلیانۆ بێ ئەوەی قسەیەک بکات، یان تەنانەت تورە بێتە پێش چاو، هاتە سالۆنەکەوەو بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشت کە بەگشتی شوێنی خوێندنەوە بوو. ئەنتۆنیۆ کلارۆش بەدوای کەوت و هەروا کە لەدەوری خۆی دەڕوانی، وەک بڵێی لەشوێنێک دەگەڕێت بۆ دانیشتن، لەپڕێکا بڕیاریدا لەسەر قەنەفەیەکی گەورە دابنیشێت.

ئەکتەر گووتی:

ـ پێم وایە کاتێک بۆ یەکەمین جار منتان بینی، لەسەر ئەم قەنەفەیە دانیشتبوون.

لەم کاتەدا، ریشە دەستکردەکەی لێکردەوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ وەڵامێکی نەدایەوە.

هێشتا ڕاوەستابوو. ماوەیەک بێدەنگی زاڵ بوو و پاشان مامۆستای مێژوو بێدەنگییەکەی شکاند:

– چیت ئەوێ زوو بیڵێ و لێرە برۆ.

بەڵام وێدەچوو ئەنتۆنیۆ کلارۆ هیچ پەلەی نەبێ. گووتی:

– ئەگەر دانەنیشن، منیش ناچارم هەستم و حەزیشم لەم کارە نییە.

ئینجا چاوێکی بەدەورری خۆیدا خشاندو کتێبەکان، تابلۆکانی سەر دیوار، ئامێری چاپ، کاغەزە پەرت وبڵاوەکانی سەر مێزەکەو تەلەفۆنەکەی بینی.

– وادیارە شتێک دەنووسن. پێم وابێ کاتێکی باشم هەڵنەبژاردووە بۆ چاوپێکەوتن. بەڵام بڕوا بکەن چارەیەکی ترم نەبوو. ناکرێ کاری پێویست دوا بخەین.

– چ شتێک بووە هۆی ئەوەی بێ ئاگاداری بێنە ماڵی من؟

– پێم گووتی کە پەیوەندی بە دۆستەکەتانەوە هەیە.

– چ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ماریاپاز هەیە؟

– پەیوەندیمان لەوە زیاترە کە تۆ وێنا بکەیت.

– چۆن؟

– بەرلەوەی چۆنیەتی و داستەکەی شی بکەمەوە، پێویستە ئەمە ببینن..

ئینجا لە گیرفانی چاکەتەکەی، کاغەزێکی قەدکراوی دەرهێناو گووتی:

– ئەم نامەیەم لێ وەربگرەو بیخوێنەوە. بڕوا ناکەم بەلاتانەوە تازە بێت. وەبیرت دێت کاتێک لەڤیلا چاومان بەیەک کەوت،

لەبارەوە قسەتان لەگەڵ کردبم؟ هەڵبەت ئەو کات گوتتان خۆتان نامەکەتان نوسیوە، لەکاتێکدا کە واژۆی هاورێیەکەتانی پێوەیە.

ئەرتۆلیانۆ چاوێکی خێرای بەنامەکەدا خشاندو دایەوە. ئینجا پرسی:

ـ چۆن گەیشتە دەستتان؟

ـ هەڵبەت هەندێک زەحمەت بوو، بەڵام شایەنی ئەوە بوو.

ساتێک بێدەنگ بوو و درێژەی پێدا:

ـ هەستێکی نامۆ منی بەرەو ئەرشیفی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر راکێشا. دەمەویست بزانم ئێوە دەربارەی ئەکتەرە پلە دووەکان، چ شتێکتان لەو نامەیەدا نوسیوە کە بابەتە سەرەکییەکەی منم. هەڵبەت ئەمە بیانوویەک بوو و دەمەویست بەم رێگەیە، ناوە راستەقینەکەت بدۆزمەوە. هەر ئەم..

ـ پاشان دۆزیتانەوە. خۆزیا وەڵامیان نەدەدامەوە.

ـ زۆر درەنگ بووە.. زۆر.. بابەتەکە ئیتر کۆتایی هاتووە.

ـ ئێوە وا بیر دەکەنەوە.. بۆچی؟

ـ واژۆی دۆستەکەتان لەبیر چوو.

ـ دەبێ شتێکتان پێ بڵێم.

ـ چ شتێک؟

ـ وام بیر دەکردەوە باشترە دوور بم لەچاوی ئەوانیتر و تەنانەت ئێوەش نەمناسن. بۆیە نامەکەم بەناوی ئەوەوە نووسی.

ـ باشە ئێستا نۆرەی منە تا بپرسم بۆچی؟

ـ ئەمویست هەمیشە لەتاریکیدا بمێنمەوەو دواجار وەک موعجیزەیەک، دەربکەوم.

ـ وایە.

ـ بەڵێ، هەر بەو شێوەیەی کە بینیتان.

ـ لەو رۆژەوە، هێلێنا ئیتر ئەو ژنەی جاران نییە. ئەو کاریگەرییەی ئێوە لەسەرتان داناوە، سامناکە.

ـ بۆ؟

ـ تێگەیشتن لەوەی کە پیاوێکی تریش رێک وەک مێردەکەی لەم شارە دەژی، ئازاری دەدا. هەڵبەت بەخواردنی حەبی ئەهوەنکەرەوە، کەمێک باشتر بووە... بەڵام تەنها کەمێک...

ـ بەداخەوەم. هەرگیز پێم وا نەبووە رووداوێکی بەمجۆرە بقەومێ.

ـ دەتانتوانی بیر بکەنەوە. کارێکی ئەستەم نەبوو. دەتانتوانی خۆتان لەجێگەی من دابنێن.

ـ ئەمدەزانی ژنتان هەیە.

ـ تەنانەت ئەگەر ئاواش بوایە، دیسان شیاوی تێڕامان بوو. وای دابنێن من لێرە برۆم و بە هاورێیەکەت ماریاپاز بڵێم کە ئێوە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆو من ئەنتۆنیۆ کلارۆ، لەڕاستیدا یەک کەسین.. لەهەموو شتێکدا هەر یەکین، تەنانەت لەقەبارەی ئەندامی نێرینەشماندا.. تێبگەن چ زەبرێکی سامناک لەو ژنە بێچارەیە دەکەوێت!

ـ ئێوە ناتوانن ئەم کارە بکەن!

- ئارام بە. وا ناکەم. نە پێم گوتووە و نە پێشی دەڵێم.
ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەجێگەکەی دەرپەڕی و گوتی:
- قسەکەتان چی دەگەیەنێ. نە گوتوومە و نە پێی دەڵێم. ئەم قسانە چی دەگەیەنن: زوو وەڵام بدەوە!
- توندوتیژی بۆ دوایی جێ بێڵە. ئاگادارت دەکەمەوە کە بەباشی شارەزاییم لەشێوازەکانی کاراتێ هەیەو دەتوانم لەماوەی کەمتر لەپێنج خولەکدا بتبەزێنم. ڕاستە بەم دواییانە مەشقێکی ئەوتۆم نەکردووە، وەلێ زۆر خێرا تۆ دەبەزێنم.
- نا..
- ئەوەی کە ئەندامی نێرینەمان بەقەدەر یەک بێت، نیشانەی ئەوە نییە کە هێزێکی یەکسانیشمان هەیە.
- لێرە دەرکەوە، دەنا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم!
- دەتوانی تەلەفۆن بۆ پەیامنێران، وێنەگرانی تەلەفزیۆنو ڕاگەیاندنەکانیش بکەی. چونکە زۆر زوو ناوبانگێکی جیهانی دەردەکەی.
- دڵنیا بە لەمبارەوە پەشیمان دەبیتەوە!
- لەوانەیە وا بێت، وەلێ قسەی ئەکتەرێکی پلە دوو، بۆ هیچ کەسێک جگە لەخۆی گرنگ نییە.
- هەر ئەم هۆکارە بەسە بۆ ئەوەی باسەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ بێنین‌و ڕابردوو لەبیر بکەین. منیش هەوڵ دەدەم ئەم کارە بکەم.
- بەڵام ئەم فەرامۆشیە تەنها بیست و چوار سەعات بەردەوام دەبێت.

– بۆچی؟

– لەبەر مارياپاز: ئەو کەسەی چەند ساتێک لەمەوپێش لەپێناویدا تا ئەو ڕادەیە هەڵچوون و ئێستاش دەتانەوێ لەژێر قاچتاندا پانی بکەنەوە. بۆ ئەوەی ئیتر قسەیەک لەبارەوە نەیەتە گۆڕێ.

– مارياپاز پەیوەندییەکی بەم بابەتەوە نییە. ئامادەم گرەو لەسەر ئەوە بکەم کە ئەو هیچ شتێک لەبارەوە نازانێت.

– پێویست ناکات گرەو بکەیت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە من نامەوێ ئەو ڕووداوەی بەسەر هاوسەرەکەمدا هات بەسەر ئەویشدا بێت.

– دڵێکی میهرەبانتان هەیە، وەلێ هەرگیز ڕووداوێکی بەمجۆرە بەسەر ئەودا نایەت.

– تێناگەم.

– قسەی بێهودە بنێنە لایەوە. ئێوە پرسیارێکتان لێکردم و هەموو کارێکتان کرد تاکوو ئەو وەڵامەی دەتانەوێ، دەستتان کەوێت. بۆیە دەرکەوە!

– من مەبەستم نییە لێرە بمێنمەوە.

– هەر ئێستا دەرکەون، خێرا!

– زۆر باشە. دەڕۆم تاکوو خۆم بە هاوڕێیەکەتان بناسێنم و هەموو شتێکی پێ بڵێم.

– ئەگەر چەکێکم لەبەر دەست بوایە، پێوەم دەنای!

ـ لەوانەیە، بەڵام نێرە سینەما نییە. لەژیاندا تەنانەت ئەو کاتانەشی کە باسی بکوژ و کوژراو لەئارا دایە، دەکرێ بگەینە ڕێککەوتنێک.

ـ دەتانەوێ بڵێن چی؟ قسەتان لەگەڵ کردووە؟ پێم بڵێن؟

ـ بەڵێ، بەتەلەفۆن.

ـ چیتان پێ گوتووە؟

ـ بانگهێشتم کردووە پێکەوە بچینە سەیرانی ڤیلا.

ـ هاوینەهەوار؟

ـ بەڵێ، هاوینەهەوارەکەم.. بەڵام نیگەران مەبن. ئەو کەسەی لەگەڵ ماریاپاز قسە دەکات، ئەنتۆنیۆ کلارا یان دانیەل سانتا کلارای ئەکتەری پلە دوو نییە، بەڵکە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆیە!

ـ بۆ شێت بوون؟ ئەمە چ دۆخێکە، دەتانەوێ چی پێ بڵێن؟

ـ دەتانەوێ بزانن؟

ـ بەڵێ، ئەگەر نا ئەوا ناچارت دەکەم!

ـ زۆر باشە، ئەمشەوی لەگەڵ ڕابوێرم. ئەوەندە و بەس..

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەپڕێکا لەجێگەکەی هەستاو بەمستی قایمەوە بەرەو ئەنتۆنیۆ ڕای کرد، بەڵام قاچی لەمێزێک هەڵەنگووت، کە ئەوانی لێک جیا دەکردەوە و ئەگەر ئەکتەری پلە دوو نەیگرتباوە، بەتوندی بەئەرزدا دەکەوت. لەگەڵ ئەمەشدا تەرتۆلیانۆ هەوڵیدەدا شەڕ بکات، بەڵام ئەنتۆنیۆ خێرا دەستەکانی گرت، بردیە پشتەوەو بێ جووڵە ڕایگرت.

— بەرلەوەی زەبرێکتان پێ بگات، وەبیرتان دێنمەوە کە بالای منەوە، تێک شکاندنت هیچ ئەستەم نییە.

ئینجا تەرتۆلیانۆی بەرەو قەنەفەکە برد و خۆیشی دانیشت مامۆستای مێژوو بەرق و تووڕەییەوە لێی دەڕوانی و هاوکات کەوتە شێلانی دەستەکانی کە ئازاری دەهات.

ئەنتۆنیۆ کلارۆ گووتی:

— نامەوێ زەبرێکتان پێ بگات، دەنا دەتوانم. لەڕاستیدا حەز ناکەم بینەری پێکدادانی دوو پیاوی هاوشێوە بم لەسەر ژنێک.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

— من و ماریاپاز دەمانەوێ پێکەوە زەماوەند بکەین.

— بەلامەوە شتێکی نوێ نییە. کاتێک قسەم لەگەڵ دەکرد، تێگەیشتم کە پەیوەندییەکی تۆکمەو پتەوتان هەیە. لەڕاستیدا ناچار بووم سوود لەئەزموونی ئەکتەریم ببینم و وا بنوێنم کە ئێوە قسەی لەگەڵ دەکەن. ئێستا دەتوانم دەرک بە هۆکاری شادی ئەو بکەم، بەر لەوەی بانگهێشتی هاوینەهەوارەکەمی بکەم.

— دایکی نەخۆشە. پێم وا نییە بتوانێ بەتەنها جێی بهێڵێت.

— بەڵێ، لەمبارەوە پێکەوە قسەمان کرد، بەڵام قەناعەتم پێکرد کە شەوێک، زۆر زوو کۆتایی پێ دێت.

تەرتۆلیانۆ پرسی:

— بۆچی دەتانەوێ ئەم کارە بکەن؟

ئەنتۆنیۆ وەڵامی دایەوە:

ـ ناتوانم بەئاسانی بۆت ڕوون بکەمەوە. بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەم کارە بکەم. لەوانەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە بێت. هاتنی تۆ بۆ ناو پەیوەندییە خێزانییەکانی من و هاوسەرەکەم، بووە مایەی ئاڵۆزی؛ ئەگەرچی بۆ خۆتان لەمبارەوە هیچ شتێک نازانن. لەوانەشە لەبەر تێرکردنی هەوەس بێت. چەند سانێک لەمەوبەر کوتتان ئەگەر چەکێکتان هەبوایە، منتان ئەکوشت. لەڕاستیدا بەجۆرێک ویستتان ئەمە بڵێن کە یەکێک لەم دوانەمان زیادەین. منیش لەگەڵت هاوڕام. بەداخەوە ئەو چەکەی ئەو ڕۆژە پێم بوو، بەتاڵ بوو. دەنا کێشەکە هەر ئەو سانە چارەسەر ئەبوو. هەروەها، هەردووکمان ئەزانین کە مرۆڤگەلێکی باشین و لەبەندیخانەو سزا ئەترسین. لەبەر ئەمە ناتوانم بەگوللە بتانکوژم. لەرێگەیەکیترەوە ئەتبەزێنم. گوللە بەهاوسەرەکەتانەوە ئەنێم! ئەو هەرگیز تێ ناگات و هەر کات وا ئەزانێت ئێوە ئەم کارە ئەنجام ئەدەن. گشت ئەو شتانەی لەڕووی عەشق و خۆشەویستییەوە بەمنیان ئەڵێت، لەڕاستیدا پێی وایە کە بەئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆیان ئەڵێت. نەک بە ئەنتۆنیۆ کلارۆ!

ئەرتۆلیانۆ هیچی نەگووت. سەری داخستبوو. ئەتگووت ئەیەوێ کەسێک بیری لەنیگاکانیدا نەخوێنێتەوە. لەسەر قەنەفەکە دانیشت. وەک یارییەکی شەترەنج کە چاوەڕێی جوڵەی بەرامبەرەکەی بێت. ئەنتۆنیۆ کلارۆ سەیرێکی سەعاتەکەی کردو گووتی:

ـ باشە، ئیتر کاتی هاتووە. ئەبێ بچمە ماڵی ماریاپاز و لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ هاوینەهەوار..

ساتێک بێدەنگ ما و ئینجا درێژەی پێدا:

ـ وەلێ ئەنجامدانی ئەم کارە سانا نییە. بەم شێوەیە ناتوانم بڕۆم. پێویستم بەجلوبەرگ و ئۆتۆمبیلەکەت هەیە. ئەگەرچی ئەتوانم روخساری ئێوە لەگەڵ خۆمدا بەرم. بەڵام بۆ شتەکانی تر، خۆ ناتوانم.

تەرتۆلیانۆ بەسەرسامییەوە گووتی:

ـ تێناگەم..

ئینجا بەردەوام بوو:

ـ ها. بەڵێ.. تێگەیشتم. ناتوانن ئەم کارە مەترسیدارە ئەنجام بدەن. چونکە پرسیارتان لێدەکات پارەتان لە کوێ بووە تاکوو ئەم جلوبەرگ و ئۆتۆمبیلە بکڕن. بۆیەش داوام لێدەکەن جل و بەرگ و ئۆتۆمبیلەکەم بدەم بە تۆ.

ـ وایە!

ـ باشە. ئەی ئەگەر نەتدەمێ؟

ـ زۆر سادەیە. تەلەفۆن ئەکەم و هەموو شتێکی پێئەڵێم.

تەرتۆلیانۆ گووتی:

ـ زۆر باشە. چ جۆرە جلێکتان ئەوێت؟ قات و بۆینباغ یان جلێکی سادە؟

ئینجا رۆیشتە ژووری خەوتن. دەرگای تۆلابی جلەکانی کردەوە، چەکمەجەکانی دەرهێناو لەماوەی کەمتر لەپێنج خولەکدا، لەو دەمەدا کە جلی پێویستی لەگەڵ خۆی هێنابوو، گەڕایەوە. کەوا، پانتۆڵ، چاکەت، جلی ژێرەوە، پێڵاو.

ـ ئەمانە لە حەمامدا لەبەر بکە.

ئەنتۆنیۆ لەحەمام دەرکەوتو لەسەرمێزی ناوەڕاستی ژوورەکەدا، سەعات، جزدانی پارە و چەند پێناسێکی بەرچاو کەوت. ئەرتۆلیانۆ گووتی:

- پێناس و بەڵگەکانی ئۆتۆمبێلەکە، لەداشبلەکەدان. ئەمەش سویچی ئۆتۆمبێل و کلیلی ئاپارتمان. بۆ ئەوەی کاتێک گەڕانەوە جلەکانتان بگۆڕن، لەوانەیە من لێرە نەبم.

- من بەیانی سەروبەندی نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە. بەخێزانم گوتووە بەر لەنانی نیوەڕۆ دێمەوە ماڵ.

- پێم وایە بۆ رابواردنی شەوێک لەدەرەوەی ماڵ، بیانوویەکتان هێناوەتەوە. سەرقاڵ بوون بەنێش و کاروبارەوە..

- بەڵێ، ئەمە یەکەمین جارم نییە.

ئەرتۆلیانۆ گووتی:

- هیچکام لە شتە شەخسیەکانتان نابێ بەرن. نە پێناس، نە سەعات، نە سویچی ئۆتۆمبێل و نە کلیلی ماڵ.

کاتی رۆیشتن بۆ لای ماریاپاز نزیک بیوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ویژدانی هاواری دەکرد هەر چی زووە لەو ماڵە دەرکەوێت. شتە شەخسیەکانی وەک پێناس، سەعات، سویچی ئۆتۆمبێل و کلیلی ماڵی لەسەر مێزەکە دانا و بێ ئەوەی پێویست بێت گووتی:

- بەڵگەکانی ئۆتۆمبێل لە داشبلەکەدان!

ئینجا پرسی:

- ئۆتۆمبێلەکەم دەناسن؟ لەبەردەم دەرگای هاتنە ژوورەوەم داناوە. ئۆتۆمبێلی ئێوە لەکوێیە؟

— قەراغ شەقام. دوای دەرکەوتن لەماڵ بچنە لای چەپ. ئۆتۆمبێلێکی نوو کەسییەو ڕەنگەکەشی شینە.

ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەشی پێگووت. ڕیشە دەستکردەکە، لەسوچێکی ئەو قەنەفەیەی ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەسەری دانیشتبوو، دانرابوو. تەرتۆلیانۆ پرسی ئایا لەگەڵ خۆی نایبات و پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

— ئێوە کڕیوتانە. بۆیە با لەلای خۆتان بێت. من بەهەمان ڕوخسارەوە لێرە دەردەکەوم کە بڕیارە سبەینێ پێوەی بگەڕێمەوە و جل بگۆڕم.

ئینجا بە تانەوە بەمامۆستای مێژووی گووت:

— من تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، مامۆستای مێژووم!

چەند چرکەیەک لەیەکتر ڕامان. ئینجا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بێ ئەوەی قسەیەک بکات، دەرگای ژوورەکەی کردەوەو خۆی لادا تاکوو ئەکتەرەکە بچێتە دەرەوە. پاشان بەئارامی دەرگاکەی پێوەداو گەڕایەوە بۆساڵۆنەکە. لەسەر قەنەفەکە ئەبزاوت، پاڵی دایەوە و پێڵووەکانی لێک نا. بۆ ماوەی سەعاتێک، جووڵەی نەکرد. نەخەوتبوو. بیری لەماریاپاز دەکردەوە. ئینجا بیری بۆلای ئەنتۆنیۆ کلارۆ چوو کە هێندی هێندی دوور دەکەوتەوە. دوژمنێک کە لەشەڕێکدا سەرکەوتبوو و لەشەڕی دووهەمدا دەیدۆڕاند.

تیشکی خۆر بارگەو بنەی دەپێچاوە. بەرە بەرە تاریکی جێگەی دەگرتەوە. *"بێگومان تا ئەو کات ئۆتۆمبێل لەجادەی سەرەکی دەرچووەو بای داوەتە سەر ڕێگەی لادێکی. بەڵێ، لەبەردەم دەرگای ڤیلاکە ڕادەوەستێ. ئەنتۆنیۆ کلارۆ کلیلێک لە گیرفانەکەی دەردێنێت*

و بە ماریاپاز دەڵێت خاوەنی ئەو ماڵە کلیلەکەی داوەتێ. بەڵام نازانێت ئایا شەو لەوێ رادەبوێرن یان نا. کلیلەکە هی مامۆستایەکی ئوتابخانەیە: کەسێکە جێی متمانەیە. بەڵام ئەوەندەش تا کەمتوانی ژیانی تایبەتی خۆتی بۆباس بکەیت. باشترە بڕۆم بزانم ناوماڵەکە چۆنە. ماریاپاز دەیەوێ بپرسێت چ شتێک لەفیلمێکی دەوروبەستا دەتوانێ کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە دابنێت. بەڵام ناچی تەرتولیانۆ. مۆڵەتی قسەکردنی پێ نادات. ئینجا ماریاپاز نوقمی جوانی دیمەنەکانی دەوروبەر، دەربەند. چەم، دارەکان، چیاکانی و سەرجەم شتەکانی-تر دەبێت." تەرتولیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کە لەسەر قەنەفە دانیشتووەو هەڵسوکەوتی ئەنتۆنیۆ کلارۆ وێنا دەکات. هەستا. رۆیشتە ژووری خەوتن. ریکلامی تایبەت بەفیلمەکانی فڕێ دایە گۆشەیەکەوە. مامۆستایەکی مێژوو، دەتوانێ تۆگری بەسینەماش هەبێت.

"خراپترین شت، تابلۆیەکی گەورەیە کە وێنەی ئەو نیشان دەدات و لەسەر مێزەکە دانراوە.. دواجار لەبەردەم دەرگای هاتنە ژوورەوە، ژنەکە بانگ دەکات. ئێستا دەتوانی بێیت!.. ماریاپاز بە خۆشییەوە لەئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێ و بەرەو دەرگاکە دەڕوات... دەرگاکە بەتوندی پێوە دەدرێ. ئەم بابەتە سەرنجی هیچکامیان بۆ لای خۆی راناکێشێت.. ڤیلاکە لەشوێنێکی بێدەنگ دروست کراوە و ئەو دوو کەسە زۆر شتی سەرنج ڕاکێش و سەرگەرم کەریان هەیە تا ئەنجامی بدەن و پێویست ناکات نیگەرانی تەپەی دەرگای ماڵەکە بن."

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ فۆتۆکۆپی ئەو نامەیەی ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەگەڵ خۆی هێنابووی. لەسەر عەرزەکە هەڵگرت. چەکمەجەکەی کردەوەو نامەی وەڵامی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری دەرهێنا. وێنەیەکی هەڵگرت کە بەریشی دەستکردەوە کێشابووی و رۆیشتە مەتبەخ. شقارتەکەی داگیرساندو نوقمی بینینی ئەو کردارانە بوو کە ئاگر بەلەز ئەنجامی دەدا. بڵێسەکانی ئاگر، کاغەزەکانیان دەجوو و قووتیان دەدا. پاشان خۆڵەمێشیان دەرشاندەوە. تەرتۆلیانۆ پاشماوەی کاغەزە سووتاوەکانی ئەمدیو ئەودیو کرد بۆ ئەوەی بەتەواوی بسووتێن. ئینجا بەلوعەی ئاوەکەی کردەوە تاکوو دوایین تۆسقاڵەکانی خۆڵەمێش، لەبەر چاو ون بن.

ئەنجا رۆیشتە ژووری خەوتن. ئەو شریتانەی دەرهێنا کە لەناو دۆلابەکەدا شاردبوویەوەو گەڕایەوە ناو ساڵۆن. جلەکانی ئەنتۆنیۆ کلارۆ لەسەر قەنەفەکە پەرش ببوون. تەرتۆلیانۆ خۆی ڕووت کردەوە و دەموچاوی بەنیشانەی پەستی دا بەیەکدا. لەبەر ئەوەی دەیویست جلی ژێرەوەی مرۆڤێکی تر بپۆشێت. هەستی بە بێزاری دەکرد. بەڵام چارەیەکی تری نەبوو. ناچار بوو ببێتە ئەنتۆنیۆ کلارۆ، چونکە ئەویش ببوو بە تەرتۆلیانۆ. رۆژی دواتر کەئەنتۆنیۆ کلارۆ دەگەڕێتەوە ماڵ، دەیەوێ جلەکانی بگۆڕێ، هیچ شتێک لەوێ بەدی ناکات. ناچار دەبێت وەک تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بچێتە سەر شەقام و تا ئەو کاتەی دەستی بە جلەکانی ڕادەگا، بەهەمان ناوی دەستکردەوە، درێژە بەژیان بدات.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەرەولای مێزەکە رۆیشتو بەسوودوەرگرتن لەشتە شەخسییەکانی ئەنتۆنیۆ کلارۆ کە لەو ناوەدا کەوتبوون، خۆی کردە ئەنتۆنیۆ. سەرەتا سەعاتەکەی هەڵگرت و ئینجا ئەڵقەی هاوسەریی لەقامکی چەپی کرد. پاشان شانەکەی خستە ناو گیرفانێکی پانتۆڵەکەیەوەو دەسرەکەشی خستە ناو گیرفانێکی ترەوە، کە پیتی یەکەم و پاشناوی ئەنتۆنیۆ کلارۆی لەسەر نووسرابوو. کلیلی ماڵ و سویچی ئۆتۆمبێلەکەشی خستە ناو گیرفانییەوەو پێناس و بەڵگەکانی خستە گیرفانی پاشەوەی پانتۆڵەکەی. گومانی تێدا نەبوو کە بۆتە ئەنتۆنیۆ کلارۆ، تەنها ریشی دەستکرد مابوو.. بەڵام نەیدەویست بەکاری بێنێت. پێویست بوو ریشەکە لەوێ بمێنێتەوە و چاوەڕێی رووداوێکی تر بکات.. لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵیگرت و رۆیشتە حەمامەکەوە. ئەوەندە بەکار هاتبوو کە ئیتر بە ئاسانی پێوە نەدەنووساو هەر لەیەکەم بینیندا، دەردەکەوت کە دەستکردە. دواجار، باش یان خراپ، بەروخسارییەوە نووساند.. هیچ بەدڵی نەبوو.

لەحەمام دەرکەوت، خۆی گەیاندە زبڵدانەکە و ریشی دەستکردو شریتەکانی فڕێدایە ناوی. جارێکی تر گەڕایەوە ناو ساڵۆنەکە، تا بزانێت هیچ شتێکی بەجێ نەهێشتووە. پاشان رۆیشتە ژووری خەوتن. لەسەر مێزێکی بچووک، چاوی بەکتێبی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا کەوت. بەپێویستی نەزانی کە لەگەڵ خۆی بیبات، ئاشوورییەکان دەیانتوانی چ هاوکارییەکی بکەن؟ جێگەی گومان و

دوودڵی نەبوو. ئەو شتەی بڕیار بوو ڕوو بدات، بەم زووانە دەقەوما.

ڕۆژێکی هەینی مانگی ئاب بوو. خەڵک و ئۆتۆمبێل بەکەمی لەسەر شەقام بەدی دەکران. نیو سەعاتی تر، شەو دادەهات.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم بیناکە ڕاگرت. بەر لەوەی دابەزێت، سەیرێکی پەنجەرەی ئاپارتمانەکەی کرد. هیچ گڵۆپێک ڕۆشن نەبوو. بۆ ساتێک گومان بەسەریدا زاڵ بوو. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ــ دەبێ چبکەم؟

ویژدانی وەڵامی دایەوە:

ــ ئەم دوودڵییە، تورەهاتە. ئەگەر ئەنتۆنیۆ کلارۆی، دەبێ بەئارامی بچیتە ژوور. ئەگەر گڵۆپاکان کوژاونەتەوە، لەوانەیە هۆکارێک هەبێت. چونکە تۆ پشیلە نیت بتوانی لەتاریکیدا بڕۆیت، دەبێ هەموو گڵۆپەکان دابگیرسێنی.

تەرتۆلیانۆ گەیشتە بیناکە. دەرگای کردەوەو چووە ناو ئاسانسۆرەکەوە. کەسێکی لەگەڵ بوو:

ــ ویژدانی..

ــ شەوباش! چاوەڕێم دەکردی.

ــ بۆچی هاتیە ئێرە؟

ــ بۆ نەیەم؟

ــ من بۆچی هاتوومەتە ئێرە؟

– باشە، خۆت گێل مەکە. هۆکارەکەی لەمن باشتر دەزانی. هاتووی تۆڵە بستێنییەوە. شەوێک لەگەڵ ژنەکەی دوژمنت رابوێری، چونکە ئەو لەگەڵ ژنی تۆدا رادەبوێرێت.

– وایە.. ئەی پاشان؟

– پاشان؟ ئیتر هیچ. مارياپاز هەرگیز نازانێت لەگەڵ پیاوێکی تر بووە.

– ئەی دانیشتوانی ئەم ماڵە چی؟

– ئەوان دەبێ چاوەڕێی خراپترین تراژیدیا بن.

– بۆ؟

– نازانم. ئەگەر تۆ ویژدانیت، دەبێ هەموو شتێ بزانی.

– من لە ناو  باڵابەردا تواناکانم لەدەست دەدەم.

– بەیانی کە ئەنتۆنیۆ کلارۆ دێتەوە ماڵ، کێشەی گەورەی دێتە ڕێ. چونکە ناتوانێ باس لەوە بکات کە دوێنێ شەو چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەی رایبوارد..

– بۆ؟

– چونکە پێی گوتووە شەو لەدەرەوە دەمێنێتەوە، ئەیزانیوە تۆڵە لەو ئاستەدا دەبێت.

– پیلانێکی تەواو شەیتانییە!

– مرۆییە.. تەنها مرۆیی! شەیتان پیلان دانارێژێت. ئەگەر مرۆڤەکان باش بوایەن، شەیتان نەیدەتوانی بژی.

– سبەی؟

– بیانوویەک دێنمەوە بۆ دەرکەوتن لەماڵ.

باڵابەر لە نهۆمی پێنجەم ڕاوەستا. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پرسی:

– لەگەڵم دێی؟

– من ویژدانم و پێم وا نییە شوێنێک بۆ من لەو ماڵەدا هەبێت!

– باشە، کەواتە بەنیازی دیدار!

– گومانم هەیە!

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گوێی بەدەرگاکەوە نا. هیچ دەنگێکی نەبیست. پێویست بوو هەڵسوکەوتی سرووشتی بێت، چونکە خاوەنی ئەو ماڵە بوو، بەلام لێدانی دڵی، هەموو جەستەی دەلەراندەوە. هێزی ڕۆیشتنی نەمابوو. لەپڕێکا باڵابەر چووە خوارەوە. ترسا و لەبەر خۆیەوە گووتی:

– بڵێی کێ بێت.

ئینجا خێرا کیلەکەی خستە ناو قفڵەکەوە و دەرگای کردەوە. سەرەتا هیچ شوێنێکی نەدەبینی، بەلام تیشکێکی لاواز لەپەنجەرەوە دەهاتە ژوورەوە، بەرەبەرە بەرچاوی ڕووناکتر بۆوە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دەستی بەدیوارەکەدا هێنا تاکوو پلاکی کارەبا بدۆزێتەوە. گڵۆپەکە داگیرسا، بەلام هیچ جموجوڵێک لەناو ماڵدا بەدی نەدەکرا.

– کەس لەماڵ نییە. دەتوانم هەموو شتێک ببینم، بەڵێ، پێویستە ئەو ماڵەی لەشەوێکدا دەبێتە هی من، هەمووی بناسم. لەوانەیە خۆم تەنها بم. لەوانەیە هێلێنا لای خزمەکانی بێت و چووبێتە لای دایک و باوکی، بۆیەش تاکوو بەیانی نەگەڕێتەوە.

بام پێیە. پیلانەکانی تەرتۆلیانۆ، وەک قەڵایەکی دروستکراو لەکاغەز کە بەفووی منالێک دەڕووخێ، پووچەڵ بۆوە. ژیان بەردەوام پڕە لەبابەتی پێکەنیناوی. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، کوندە قوژبنی ماڵ گەڕا: گڵۆپەکانی هەڵکردو کوژاندیەوە، دەرگاکانی کردەوەو پێوەی دان: دۆلابـو چەکمەجەی جلەکان گەڕا. جلی پیاوانە و ژنانە و دەمانچەی بەرچاو کەوت: بەڵام دەستی لە هیچیان نەدا. تەنها دەیویست ئەو جێگەیە بناسێت و لە وەزعی ناوخۆ بگات.

لێگەڕین کۆتایی هات. ئەوەندە سەرکەوتووانە بوو کە تەنانەت دەیتوانی بە چاوبەستراوی بەماڵەکەدا بێت و بچێت. لەسەر ئەو قەنەفەیە دانیشت کە هەستی دەکرد هی ئەنتۆنیۆ کلارۆیە. چاوەڕێ ما تاکوو هیلێنا بێتەوە.

ـ دەمەوێ هەر کە لەدەرگاوە هاتە ژوور، بمبینێ. دەمەوێ لانیکەم کەسێک شاهیدی ئازایی و بوێریم بێت.

لەڕاستیدا هەر ئەمەی دەویست: شاهیدێک!

سەعات لەیازدەی شەو تێپەڕیبوو. هیلێنا هاتەوە. کاتێک بینی گڵۆپەکان داگیرساون، هەترەشی چوو. بەر لەوەی بێتە ژوور، لەسەر پلیکانەکان پرسی:

ـ تۆی؟

تەرتۆلیانۆ کە قوڕگی وشک ببوو، گووتی:

ـ بەڵێ، منم.

ئینجا ژنەکە هاتە ژوورەوە.

– چ ڕووی داوە؟ پێم وانەبوو هەتا بەیانی بێیتەوە!

ئەرتۆلیانۆ بەباشی زانی کە لەسەر قەنەفەکە دانیشێت، چونکە قاچەکانی زۆر سەیر دەلەرزین. بەئەستەم قسەکانی هاوسەرەکەی دەبیست.

– چووم سەرێکم لەدایک و باوکم دا.

بەسەختی پرسیاری کرد:

– چۆن بوون؟

– باش بوون، شێوت خواردوە؟

– بەڵێ، نیگەران مەبە.

– زۆر ماندووم، دەڕۆم بخەوم.

هێلێنا لەساڵۆن دەرکەوت. ماوەیەک دواتر، بێدەنگی زاڵ بوو.

ئەرتۆلیانۆ درەنگ چووە ژووری خەوتن. هێلێنا خەوتبوو. لەسەر سەرینەکە پیجامەیەک دەبینرا. لەبەری نەکرد. پیاوەکە هەتا دوو سەعاتی نیکەش هەروا بەئاگا بوو. ژنەکە چاوەکانی لێک کردەوە و گووتی:

– نەخەوتووی؟

– نا..

– بۆ؟

– نازانم..

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نەخەوت. ناچار بوو بەیانی زوو لەماڵ دەرکەوێت، چونکە نەیدەتوانی ئەو مەترسییە بێنێتە بەر چاو کە لەئەنجامی هاتنەوەی ئەنتۆنیۆ کلارۆوە دروست دەبێ، وەک

خۆی گوتبووی، پێش نیوەڕۆ دێتەوە. بۆیە بەنیگەرانی، لەوانەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخ لە ڤیلاکەدا بەدڵی خۆی نەڕۆیشتبێتە پێشەوە، بگەڕێتەوە ماڵ تاکوو تێکشکانی خۆی لە ئاسوودەیی ماڵدا، حەشار بدات.

هێلێنا پێی گووت هەندێک زیاتر بخەوێت تاکوو بڕوات و قاوەڵتی ئامادە بکات. کێشەی تەرتۆلیانۆ ئەوە بوو نەیدەتوانی بێ بیانوو و پاساوێکی گونجاو، لەماڵ دەربکەوێت. چونکە خراپ تێگەیشتنی هێلێنا، بەم کارەی زیاتر دەورووژێ. هەتا ئەو ساتە هیچی سەبارەت بە ڕووداوەکە نەدەزانی و لێی بێ ئاگا بوو و هۆکارێک لەئارادا نەبوو تا بزانێت ئەو کەسەی بەیانی لەلایدا پاڵ کەوتووە، مێردەکەی نەبووە.

تەرتۆلیانۆ نەیدەتوانی پێی بڵێت کە بەرەبەیانیی شەممە، ڕۆژی پشووی هاوین، دەیەوێت بچێتە کوێ. ماوەیەک دواتر، هێلێنا بە سینییەک قاوەڵتییەوە گەڕایەوە. ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو دوایین جارەی وەها دڵسۆزانە پێکەوە خواردنیان خواردبوو، تێپەڕیبوو.

تەرتۆلیانۆ هێندە لەبیرەکانیدا نوقم ببوو کە هەستیدەکرد نزیکە بخنکێ. دەیەوێ خۆی رازی بکات بۆ ئەوەی لێرە بمێنێتەوە، هەموو مەترسییەکان لەبەر چاو دەگرێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

— با بێت و من لێرە ببینێت. با تووڕە بێت. چی پێ خۆشە بیکات. با هەست بکات شکستی خواردووە. هێلێناش دەبێ هەموو شتێک بزانێت. من لێرە نابزووم. ئەگەر چی لەوانەیە بۆ دەرخستنم

ئەمبولانس بانگ بکەن. برینە جەستەییەکانم سارێژ دەبنەوە، وەلێ برینە رۆحییەکان هەرگیز.

ــ ناتەوێ لەسەر جێگە قاوەڵتی بخۆیت؟

ــ نا، حەز دەکەم لەسەر کورسی دانیشم و بەئاسوودەیی بیخۆم، نەک دڵەڕاوکێم هەبێ پەرداخەکە لەدەستم بەربێتەوە و بکەوێ یان وردە نان بکەوێتە سەرجێگاکەم.

سەعات لە دەو نیوی بەیانی تێپەڕی. هێلێنا دەرکەوت تاکوو هەندێک شت بکڕێت. تەرتۆلیانۆ لەسەر قەنەفە دانیشتووە و چاوەڕێیە تا ئەنتۆنیۆ کلارۆ بگەڕێتەوە ماڵ. لەهەمانکاتدا، دیسانەوە رووی لەخەیاڵ کردەوە.

*"ئەنتۆنیۆ و هێلێنا لەشەقام یەکتری دەبینن. ژنەکە بەتوڕەییەوە دەڵێت کە ئێوە مێردی من نین، چونکە ئەو لەماڵ، لەسەر قەنەفە دانیشتووە. ئێوە مامۆستای مێژوون و دەتانەوێ ژیانی من تێک بدەن. ئەنتۆنیۆ سوێندی بۆ دەخوات کە من مێردی ئێوەم! مامۆستای مێژوو ئەو کەسەیە کە لەناو ماڵ و لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە. ئەو ریسواترین مرۆڤی سەر رووی زەوییە! هێلێنا قسەی پێ دەبڕێ و بەتانەوە دەڵێت زۆر باشە، قبوڵمە. بەڵام سەرەتا پێم بڵێ بۆچی ئەڵقەی هاوسەرێتیمان لەقامکی ئەو دایە..."*

سەعات یانزە، هێلێنا لەکاتێکدا کە هەندێک شتی کڕیبوو، گەڕایەوە ماڵ.

ــ نیگەرانی شتێکی؟

ــ نا، بۆچی وات زانی نیگەرانم؟

ـ چونکە بەردەوام لەسەعاتەکەت دەڕوانی!
ئەرتۆلیانۆ گووتی:
ـ نازانم بۆچی.. لەوانەیە هەندێک تووڕە بم. پێنە بەرچاو. پێیان گوتووم ڕۆڵی حەموورابی ببینە. ئەو ڕۆڵانەی بەمنی دەسپێرن، لە گەڵ هی رابردوو جیاوازە.
سەعات بوو بەیازدە و سی دەقە و پاشان بە یازدە و چل و پێنج دەقە. هێشتا ئەنتۆنیۆ نەگەڕابۆوە. دڵی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ ئەوەندە بەتوندی لێی دەدا کە لە لوشکەی هەسپ دەچوو. ترس ئەوکی گرتبوو. هاوارێک لەناخەوە، پێی دەگووت:
ـ ئێستا کە ئەو لە چێشتخانەیە، زووتر هەڵێ! هێشتا دەرفەتت هەیە! بەڵام نابێ باڵابەر بەکار بێنیت.
سەعات بوو بە دوانزە. خۆهەڵخەڵەتاندن سوودێکی نەبوو. ئەگەر هەتا ئەو سەعاتە نەیەتەوە، ئیتر هەرگیز نایەتەوە. بەڵام پاشان بیری کردەوە هەموو کەسێک لەوانەیە دەرەنگ بکەوێت. خراپبوونی ئۆتۆمبێل، پەنچەربوونی تایەکان و زۆر رووداوی تر کە پێش بینی ناکرێن. لەو ساتە بەدواوە، هەر چرکەیەک کە تێدەپەڕی، دڵەراوکێ و ناڵۆزی بەدواوە بوو. فیکرێکی بەمێشکیدا هات.
ـ ئەگەر وای دابنێین کە تەنها ڕووداوێک بۆتە هۆی درەنگ هاتنەوەی و دەدا مەبەستێتی بگەڕێتەوە ماڵ، ئەی بۆچی تەلەفۆن ناکات؟ بۆچی ناڵێت کە گارەن یان گێڕی ئۆتۆمبێلەکەی خراپ بووە، یان ئەو ڕووداوانەی لەوانەیە بۆ ئۆتۆمبێلێکی کۆن بێتە پێشەوە؟

سەعاتێکی تریش تێپەڕی و ئەنتۆنیۆ نەهاتەوە. هێلێنا پێی گوت کە خواردنی نیوەڕۆ ئامادەیە، بەڵام تەرتۆلیانۆ دڵی نەیدەبرد. ئاوای لەژنەکە کرد بەتەنها خواردن بخوات، چونکە دەیەوێ بچێتە دەرەوە.

– بۆ؟ دەچیتە کوێ؟

دەیتوانی پێی بڵێت کە مێردی ئەو نییەو ناچار نییە سەبارەت بە کارەکانی ڕونکردنەوە بدات. بەڵام بۆ ئەنجامدانی یارییەکی جوامێرانە دەرفەتێکی نەبوو. بۆیە بەڵێنی دا بەم زووانە باسی هۆکارەکەی دەکات. هەمان ئەو بەڵێنەی بەردەوام بەکەسانی تریش دەدا.

هێلێنا پرسی:

– باشتر نییە جلەکانت بگۆڕی؟

لەوەڵامدا وتی:

– نا، بۆچی.. هەڵبەت. من گەشتیار نیم. بۆ رابواردنی پشووش ناچمە شوێنێک. بۆیە باشتر وایە قاتم لەبەر دابێت.

پارچە خولەکی تر گەیشتە بالابەرەکە. هێلێنا لەگەڵی رۆیشت و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. بێگومان بەر لەگەیشتنی تەرتۆلیانۆ بۆ سەر شەقام، ژنەکە لەپرمەی گریانی دەداو پرسیارە بێ وەڵامەکەی دووپات دەکردەوە:

– چ ڕووی داوە؟ چ ڕووی داوە؟

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەر لەوەی سواری ئۆتۆمبیل بێت، بیری لەوە دەکردەوە هەتا زووە لەو شوێنە دوور کەوێتەوە و ئۆتۆمبیل لە شوێنێک رابگرێت تاکوو بتوانێ لەبەرامبەر ئەو دۆخەی

نزیکەی بیست و چوار کاتژمێرە مێشکی داگرتووە، کاردانەوەیەک نیشان بدات. دەیەویست بڕیار بدات چ بکات.

ئۆتۆمبیلەکەی خستە ڕێ و دوای تێپەڕین لە پێچەکە، گەیشتە ئەو ئاکامەی کە هیچ پێویست بەوە ناکات کاردانەوەیەک لە خۆی نیشان بدات و تەنها پێویستە تەلەفۆن بۆ ماریاپاز بکات. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ـ سەیرە! بۆچی ئەم بیرە زووتر بەمێشکمدا نەهات؟ لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە لەو ماڵەدا زیندانی بووم، سوونم لە تەلەفۆن نەبینی.

چەند سەد مەترێک پێشتر، کابینەیەکی تەلەفۆنی بەرچاو کەوت. ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت، دابەزی و ڕۆیشتە ناو کابینەکەوە. زۆر گەرم بوو. بەپەلە ژمارەکەی لێدا. دەنگێکی نەناسراو لەو بەری تەلەوە گووتی:

ـ فەرمووون..

ـ بەڵێ.. جەنابتان؟

ـ من هاوڕێیەکەی ئەوم.. ئێوە؟

ـ من هاوکاری ئەوم لەبانک. ماریاپاز ئیمڕۆ بەیانی لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیلدا گیانی لەدەستدا.. هەردووکیان مردوون.

چ کارەساتێکی گەورە بوو! ئەرتۆلیانۆ شەلالی ئارەق بوو. وڕتە وڕتێکی لێوە هات کە ژنەکە تێنەگەیشت. لەپڕێکدا تەلەفۆنەکە لەدەستی بەربووەوە. لەناو دۆزەخی کابینەی تەلەفۆنەکەدا، تەنها دوو وشە دەزرنگایەوەو لە گوێچکەیدا دوویات دەبۆوە:

ــ ئەو مردووە!

پاشان دوو وشەی تر جێگەیان گرتەوە:

ــ تۆ کوشتوتە!

بەڵێ، ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەهۆی لێخوڕینی خێرای ئۆتۆمبێل، ماریاپازی نەکوشتوە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەبەر لاوازی ئەخلاقی کچەکەی کوشتوە، بەهۆی بڕیاری تۆڵە کە کوێری کردبوو، کوشتی.

دواجار لەنێوان ئەکتەرێک و مامۆستایەکی مێژوودا، یەکێیان لەم دنیایە مایەوە، کەواتە ئیتر هاوشێوەیەکی نەبوو کە لای دایکی بمێنێتەوە، بەڵێ، ئەویش وەک سەرجەم خەڵک تەنها یەک کەس بوو.. یەک کەس..

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەکاتێکدا کە لەتری ددا و مەستانە بەلا دادەهات، لە کابینەکە هاتە دەر، بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی ڕۆیشت و بەتوڕەیی دەرگای پێوەدا، پاڵی بەکورسیەکەوە داو لەپێش خۆی ڕوانی، تەنها چەند دەقەیەک بەسەر خۆیدا زاڵبوو، کتوپڕ فرمێسک بەسەر گۆنایدا لووزەوەیان بەست. لەهەمیشە زیاتر هەستی بەخۆشەویستی ماریاپاز دەکرد، هەستی بەژانی جودایی ماریاپاز دەکرد. ئەو خەڵکە بەلای ئۆتۆمبیلەکەدا تێدەپەڕین، بەمەراقەوە لێیان دەڕوانی و بێ سەرنج بەلایدا تێدەپەڕین.

دواجار کەسێک نزیک بۆوە و پرسی:

ــ دەتوانم یارمەتیتان بدەم؟

ــ نا، سوپاستان دەکەم.

تونلتر گریا. هەستی کرد یەکێک دەستی لە سەر شانی داناوە و دەڵێت پێ بەجەرگتا بێ، چونکە بە تێپەڕبوونی زەمەن، ئەو ژانەش فەرامۆش دەکرێت.

بەڵێ، تێپەڕبوونی زەمەن هەموو شتێک ڕاست دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە هەندێک بابەتو بۆ ژانێکی توند، زەمەن زۆر بەهێواشی تێدەپەڕێ. ئەم بوارانە بەرچاو دەکەون، بەڵام بەخۆشییەوە زۆر نین.

هەر چی فرمێسک لەچاوی دا هەبوو ڕشتی و دەجووڵایەوە. دەبوێست بچێتە کوێ؟ لەهەمان ساتدا تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەسەرنجدان بەئەگەری بوونە ئەنتۆنیۆ کلارۆ، لەڕۆژانی داهاتوودا، تێگەیشتکە پەناگایەکی نییە. ئەو ماڵەی پێشتر هی خۆی بوو، مولکی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بوو کە مردبوو. نەیدەتوانی بچێتە ماڵی ئەنتۆنیۆ کلارۆ و بە هێلینا ڕابگەیەنێت کە مێردەکەی کوژراوە. چونکە لەڕوانگەی ژنەکەوە، ئەو ئەنتۆنیۆ کلارۆ بوو. نەیدەتوانی بچێتە ماڵی ماریاپازیش، چونکە جگە لەژنێکی جەرگ سووتاو، هیچ کەس لەوێ نەبوو. بۆیە پێویست بوو وێڵی وەڵامێکی ئەو پرسیارە بێت کە دەبێ بچێتە کوێ؟

بابەتەکەی بەلایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە لێک دایەوە. ئاسانترین ڕێگە، بەتایبەت لەشارە گەورەکان، ئەو هۆتێل و میوانخانانەن کە لەگەڵ سەلیقەی جۆراوجۆر و هەلومەرجی ئابووری، یەکانگیرن. لەلایەکیشەوە دەیتوانی لەوێ خۆی لەگەرما بپارێزێت تا ئەو کاتەی حەز دەکات، بگری... بیری لە دوو بابەتی تریش کردەوە. یەکەم

ئەوەی کە شەوی رابردوو. هیچ کەس نەیدەزانی مەرگ لەکاتی هاتنە ژوور و بەزاندنی ئەنتۆنیۆ دایە. ئەگەرچی رۆژنامەکان بنووسن کە کەسی مردوو ناوی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆیە. ئیتر ناتوانێ بچێتە لای هێلێنا: چونکە ژمارەی درۆکانی هەر زیاتر دەبن. بۆیە بڕیاری دا بڕواتە هۆتێل و هەتا بەیانی. چاوەڕێ بکات.

ئۆتۆمبیلەکەی خستە ئیش و بەرەو ناوەندی شار بەڕێ کەوت. لەوێ دەیتوانی بیر لەچەندین رێگەی تریش بکاتەوە. دەیتوانی تەنانەت لە هۆتێلێکی دوور ئەستێرەو بچووکیشدا بمێنێتەوە. تەنها بۆ شەوێک و بەس. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ــ سبەی بچمە کوێ؟ رۆژی دواتر؟ رۆژی دوای ئەو؟..

بۆ یەکەمین جار. لەروانگەی مامۆستایانی مێژووە ئایندەی پێناسە کرد: شوێنێک کە پێویستە خاڵی هاوسەنگی نێوان بوون لەرابردوو و بوون دوای ئەو بێت.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کاغەزی ناونووسینی ئیمزا کرد. بۆ بەرپرسی پێشوازی هۆتێلی شیکردەوە کە. فرۆکە بەجێی هێشتووە و شت و مەکەکانی بەڕێ کردووە. بۆیە نایەوێ زیاتر لە شەوێک لێرە بمێنێتەوە.

ناوی خۆی گۆڕی. بەڵام هەمان ئەو کەسە بوو کە چووە فرۆشگای شریتە ڤیدیۆکان. هەمان ئەو کەسەی لەراندە بەدەر قسەی دەکرد. هەمان ئەو کەسەی نەیدەتوانی وەک خەڵکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکات.

هەندێک بیانی بەشتومەکێکی زۆرەوە هاتنە ژوور. تەرتۆلیانۆ بۆ پشووبان، ڕۆیشتە ژووری خۆی. دوای ئەوە دەموچاوی شۆردو لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا. تێگەیشت تەنها بابەتی نەبوونی شتومەکە شەخسییەکانی چارەسەر کردووە و بەبەرپرسی پێشوازی گوتوە کە ئەوانەی بەڕێ کردووە، بەڵام هێشتا زۆر کێشە ماونەتەوە.

کتوپڕ دیمەنی ئۆتۆمبیلی وردبووو جەستەی لەتوپەتی کەسەکانی داوی هاتە بەرچاو. دیسان فرمێسکی باراندو گریا. خوایا دەزانێ ئەگەر لەپڕێکا دایکی نەهاتایەتەوە یادی، چەندە دەگریا.

لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت. دەستی بەرەو تەلەفۆنەکە درێژ کردو گوتی:

ـ من تەنها دانژەڵێکم. زۆر کەمژەم. کەمژەو کەللەپووت. بۆچی بیرم لەوە نەکردەوە کە لەوانەیە پۆلیس بێتە ماڵم و سەبارەت بە من لێکۆڵینەوە لە هاوسێکان بکات؟ هاوسێی نهۆمی سەرەوە، ژمارە تەلەفۆنی دایکمیان بداتێ. بۆیە بێگومان دایکم لەماڵ نییە.

تەلەفۆنەکە زەنگی لێدەدا، بەڵام کەس هەڵینەدەگرت. تەرتۆلیانۆ نەیتوانی بەدایکی بڵێت کە ساغ و سەلامەتە و پۆلیس لە ناسینی لاشەکەدا، بەهەڵەدا چووە.

دایکی لەماڵ نەبوو. ئەو ڕووداوە لەو دۆخەدا، سەرسوڕهێنەر بوو. تەنها بەو مانایە بوو کە ئۆتۆمبیلێکی بەکرێ گرتووە و لەڕێگە دایە. لەوانەیشە لەماڵ بێت و ڕۆیشتبێ لەهاوسێی نهۆمی سەرەوە، کلیلەکەی وەرگرتبێت. لەوانەشە ئێستا بگری.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ دیسان تەلەفۆنەکەی لێدا، بەلام دیسانیش کەس وەلامی نەدایەوە. هەوڵی دا هەندێک بەخۆی دابێتەوە. لەبەر خۆیەوە گووتی:

ــ پۆلیس بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیەو نابێ لەبیرمان بچێت کە ئەم شارە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس دانیشتووی هەیەو زۆر رووداوی ئۆتۆمبیل تیایدا دروست دەبێت و لێگەڕان بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو کەسانەی تووشی کارەساتی ئۆتۆمبیل بوون، کارێکی سادە نییە.

دیسانیش تەلەفۆنی کردو وەلامێکی دەست نەکەوت. ئیتر بیری لەماریاپاز نەدەکردەوە، بەڵکە دەیویست بزانێت کارۆلینا ئەفۆنسۆ لەکوێیە. تەلەفۆنی کرد.. تەلەفۆنی کرد.. لەپڕێکا بێ ئەوەی چاوەڕێ بێت، دەزگای پەیامگر، وەکار کەوت.

ــ تەرتۆلیانۆم، دایە. ئەو شتانەی پێیان گوتووی، دوورە لە ڕاستی، من ساغ و سەلامەتم و دیسان تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە. ناوی هۆتێل و ژمارەی ژوورەکەو تەلەفۆنی ئەو هۆتێلەی تیایدا دەژیم، دەتدەمێ. هەرچی زووتر تەلەفۆنم بۆ بکە... مەگری.. مەگری..

لەوانەیە ئەو دوو وشەیەی دوایی سێ جار گوتبێت. کتوپڕ شتێکی هاتەوە یاد کە پێویست بوو بەدایکی بڵێت. دیسان تەلەفۆنی کرد. هیوادار بوو پەیامگرەکە کار بکاتەوە، بەلام بەپێچەوانەوە. کە تەلەفۆنی کردەوە پەیامگرەکە وەکار کەوتوە. بۆ دانانی پەیامەکەی تەنها سوودی لەچەندین وشە بینی:

ــ لەبیرت نەچێ بەناوی ئەنتۆنیۆ کلارۆ ناوم نوسیوە.

ئەگەر دایکی بێتە لای، ئیتر پێویست ناکات ناوی باپیر، داپیر، مام، خاڵ، پوور و ئەوانی تر بڵێت و یان باسی ئەو ساتە بکات کە لەسەر دار هەنجیرەوە کەوتۆتە خوارەوەو دەستی شکاوە. بۆ ئەوەی خانمێک منداڵەکەی بناسێتەوە کە لەبەرامبەری ڕاوەستاوە، تاقیکاری تایبەتی ـ زانستی پێویست ناکات، تەنها دەبوا ناوی سەگەکەی بهێنێت. تۆمارکتۆس.. ئەم نهێنییەی لەکۆتایی پەیامەکەیدا گووت.

چەند سەعات دواتر، تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا. تەرتۆلیانۆ بەپەلە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و چاوەڕێ بوو گوێی لەدەنگی دایکی بێت. بەرپرسی پێشوازیکەری هۆتێل بوو:

ـ خاتوو کارۆلینا کلارۆ لێرەیە و دەیەوێ قسەتان لەگەڵ بکات.

ـ نا.. ئەو دایکمە.. هەر ئێستا دێم.. هەر ئێستا..

بەهەڵەداوان بەرەو بالابەرەکە ڕۆیشت.

ـ نابێ لەکاتی قسەکردندا سەرنجی هیچ کەس بۆ لای خۆم ڕابکێشم. دەبێ لەسەرخۆ بم.

جووڵەی سستی بالابەرەکە، لەڕادەی گڕو تینی کەم کردەوە. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەئەسپایی چووە سالۆنەکە و ئەو ژنە پیرەی لە هەمبێز گرت کە چاوەڕێی بوو. دەبوایە لەو ژوورە و لەو کاتەدا بگرین. لە ژوورەکەدا، کورەکەی گووتی:

ـ نا، دایە..

ژنەکەش هیچی پێ نەبوو جگە لەوەی:

ـ نا کوڕەم.. خۆتی؟ تۆی؟

چەند خولەک دواتر، کارۆلینا گووتی:

ــ هەردووکیان کوژراون. بۆم باس بکە. هیچ شتێکم لێ مەشارەوە. نیتر کاتی درۆکردن یان ڕاستییە نیوەچڵەکان بەسەر چووە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کورسییەکی بۆ دایکی دانا تاکوو دانیشێت. خۆیشی لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت و دەستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکە کرد. ڕێک بەو شێوەیەی دایکی ویستبووی. لەسەرەتاوە دەستی پێکرد. کارۆلینا تەنها دووجار قسەکانی بە کورەکەی بڕی. جارێکیان کەباسی ئەوەی دەکرد چۆن ئەنتۆنیۆ کلارۆ بڕیاری داوە ماریاپاز بباتە ڤیلا و جارەکەی تریشیان کە باسی لەوە کرد چۆتە ماڵی هێلێنا.

دنیا بەرە بەرە تاریک دەبوو. تەرتۆلیانۆ هەموو شتێکی گێڕابۆوە. پرسیارەکانی دایک تازە بەتازە دەستی پێدەکرد. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ کە زیندوو بوو، بەمردوو لەقەڵەم دەدرا و چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی بەناوی ئەنتۆنیۆ کلارۆ درێژە بە ژیان بدات.

ــ بۆچی هەموو شتەکان ناگێڕیتەوە؟

ــ هەموو شتێکم گووت و تۆش بیستت.

ــ بەڵێ، بەلام..

ــ دایە، بەبڕوای تۆ دەبێ ئەم چوار کەسە، چ مردوو و چ زیندوو، لەگۆڕەپانێکی شاردا بخرێنە بەر چاوی خەڵک تاکوو تینوویەتیان بشکێنێت؟ ئەگەر ئەم کارە بکەن، چ قازانجێکی هەیە! مردووەکان پێویستیان بەکەس نییەو زیندووەکانیش لەهەمان ساتدا.

ئەرم ئەیانکوژێ. باشە تۆ لە مەراسیمی ناشتنی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بەشداری ئەکەیت و رێک وەک ئەوەی منالەکەت لەدەست دابێت، فرمێسک هەڵئەوەرێنی: ئەو کەسەی لەبەرامبەرتە ئەنتۆنیۆیە: من نیم.

ـ بەڵام تۆ کوڕی منی!

ـ بەڵێ وایە. بەڵام ناتوانم وا بم. من بەلای دانیشتوانی زێدەکەمەوە، مردووم. کاتێک من و تۆ بمانەوێت یەکتری ببینین، ئەبێ لەشوێنێنک بێت کە هیچ کەس دەربارەی مامۆستایەکی مێژوو بەناوی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هیچ شتێک نەزانێت.

ـ ئەی سەبارەت بە هێلێنا؟

ـ سبەی ئەچمە لای، ئەڵقەی هاوسەری و سەعاتەکەی ئەدەمەوە و داوای لێبوردنی ئەکەم.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەستا و گڵۆپەکەی داگیرساند. دایک ئەگریا. چەند چرکەیەک بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. سەیری یەکتریان نەئەکرد. پاشان دایکی کە ئەسرێکی تەڕی بەچاوەکانی دابێنا، بەچپە گووتی:

ـ کاساندرا ئاهەقی ئەبوو. پێویست ئەبوو رێگە بدەیت ئەسپە دارینەکە بێتە ناو شاری ترۆیا. ئێستا ئیتر هیچ چارەیەکت نییە. بەڵێ سبەینێش هیچ چارەیەکمان نابێت. هەموومان ئەمرین.

تەرتۆلیانۆ دوای چەند چرکەیەک بێدەنگیی، پرسی:

ـ پۆلیس سەبارەت بە رووداوی ئۆتۆمبیل قسەی لەگەڵ نەکردی؟

ـ بۆچی، گوتیان ئۆتۆمبیلەکە لەجادەی سەرەکیی لایداوە و خۆی لەلۆرییەک داوە. ئەوان هەر خێرا مردوون.

ـ زۆر سەیرە. وامدەزانی شۆفێرێکی شارەزایە.

ـ لەوانەیە شتێک ڕووی دابێت.

ـ لەوانەیە ئۆتۆمبیلەکە هەڵخلیسکابێت.

ـ نا. شتێکی وەهایان نەگووت. تەنها ڕایانگەیاند کە لەسایدی سەرەکیی دەرکەوتوە و خۆی بەلۆرییەکدا کێشاوە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەمیسان لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت. سەیرێکی سەعاتەکەی کردو گوتی:

ـ دەچم داوا لە بەرپرسی پرسگە دەکەم ژوورێکت بدەنێ. ئەمشەو پێکەوە خواردن دەخۆین و تۆش لێرە دەمێنیتەوە.

ـ پێم باشترە دوای خواردنی شەو بچمەماڵەوە.

ـ باشە. دەتگەیەنمەوە.

ـ چلۆن، خۆ تۆ ئۆتۆمبیلت نییە؟

ـ ئۆتۆمبیلەکەی ئەو لای منە.

دایکی سەری هەژاندو بە تانەوە گوتی:

ـ ئۆتۆمبیلەکەی، خێزانی.. تەنها ژیانی ماوەتەوە.

ـ بەهەر حاڵ، با بڕۆین شتێک بخۆین.

ئینجا یارمەتی دایکی دا تاکوو هەستێت و لەئامێزی کردو گوتی:

ـ لەبیرت نەچێ پەیامەکەم لە پەیامگری تەلەفۆنەکە بسڕیتەوە.

ـ سڕیومەتەوە.

دوای خواردنی شێو، دایک تکای لێکرد:

ـ ئۆتۆمبیلێکم بۆ بگرە.
ـ خۆم دەتگەیەنمەوە.
ـ نابێ خۆت نیشان بدەی. لەوانەیە بتبینن و بتگرن. هەروەها، تەنانەت خەیاڵی دانیشتن لەو ئۆتۆمبیلەشدا هەموو جەستەم وەلەرزین دەخات.
ـ زۆر باشە. کەواتە منیش بەهەمان ئۆتۆمبیل لەگەڵت دێم و دەگەڕێمەوە.
ـ زۆر پێداگری مەکە. هێشتا پیر نەبووم.
کاتی ماڵئاوایی، تەرتۆلیانۆ گووتی:
ـ باش بحەوێرەوە.
ـ زۆری ڕێ تێدەچێ، هەردووکمان تا بەیانی خەو لەچاومان ناکەوێت.
کارۆلینا هەقی هەبوو وا بڵێت. تەرتۆلیانۆ لانیکەم چەند سەعاتێک، تەنانەت نەیتوانی چاوەکانیشی لێک بنێت. بەردەوام پرسیاری لەخۆی دەکرد:
ـ بۆچی ئۆتۆمبیلەکە لەسایەد دەرکەوتووە؟ لەوانەیە تایەیەکی پەنچەر بووبێت... بەڵام نا. ئەگەر وەها بوایە، لەراپۆرتی پۆلیسدا دەهات. پێم وانییە ئۆتۆمبیلەکە لەبواری میکانیکی و پاترییەوە کێشەیەکی هەبووبێت.
بەیان ئەنگووت و تۆزێک خەو بردییەوەو هێشتا نەبووە سەعات شەش لەخەو ڕاچەنی. بیری ڕۆیشتن بۆ لای هێلێنا، خەوی لێ زڕاند: بەڵام هێشتا زوو بوو. دەبێ چ بکات؟ نا. بەڵێ... ڕۆژنامە..

دەبێ رۆژنامەیەک بکڕێت. ئەم رووداوەی نزیک شار، بەدڵنیاییەوە لە هەواڵە گرنگەکانە.

خێرا لە جێگەکەی دەرکەوت. جلەکانی لەبەر کرد و رۆیشتە سەرشەقام. بەرپرسی پێشوازی هۆتێل بەحەپەساوییەوە لێی دەڕوانی و تەرتۆلیانۆ ناچار بوو بڵێت:

– دەڕۆم رۆژنامەیەک دەکڕم.

ئەم قسەیەی کرد تاکوو بەرپرسی پێشوازی هۆتێل وا بیر نەکاتەوە دەیەوێ بێ دانی پارە، هۆتێلەکە جێ بهێڵێت.

سێ رۆژنامەی کڕی و بەپەلە گەڕایەوە. بەلەز رۆژنامەکانی هەڵدایەوە و لە سێیەمین رۆژنامەدا، هەواڵەکەی خوێندەوە. وێنەشی لەگەڵدا بوو. لەترسان کەوتە لەرزین و دەستی کرد بە خوێندنەوەی:

*"سەعات نۆ و نیوی بەرەبەیانی دوێنێ، لەنزیک شار، ئۆتۆمبێلێک خۆی بەلۆرییەکی ترانزیت داکێشا. کەسانی ناو ئۆتۆمبێلەکە، فڵان کەس و فڵان کەس، کە لەرووی بەڵگەکانیانەوە ناسرانەوە، هەر ئەو ساتە گیانیان لەدەست دا. بەڵام شۆفێری لۆرییەکە تەنها دەموچاوی هەندێک بریندار بووە. بەگوێرەی وتەی پۆلیس، شۆفێری لۆرییەکە لەدوورەوە، بینەری پێکدادانی هەردوو کەسی ناو ئۆتۆمبێلەکە بووە. بەڵام نەیزانیوە وردەکارییەکان چین. زانیارییەکانی تری پەیامنێرانمان نیشان دەدات کە ئەو دوو کەسە دەستگیرانی یەکتر بوون."*

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ جارێکی تر هەواڵەکەی خوێندەوەو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ بلێی چ ڕووی نابێت؟ باسەکەیان زۆر توند بووە و دەستەویەخە بوون؟

سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. شتێکی نەمابوو بۆ هەشت.

ـ بێگومان هێلێنا لەخەو هەستاوە، لەوانەشە هەر خەوتبێ. بەدڵنیاییەوە حەبی خەوی خواردووە.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ سەعات نۆ لەهۆتێل دەرکەوت. دەیویست بەشە سەرسوڕهێنەرەکەی ڕووداوی پیاوی هاوشێوە بگێڕێتەوە. ئۆتۆمبیلەکەی لەبەردەم بیناکە ڕاگرت. لەشەقام تێپەڕی و چووە ناو ئاسانسۆرەکەوە. ڕۆژنامەکەی لە بن هەنگڵی نابوو. لە پەیامبەرێکی شووم دەچوو. ئەو خراپترین جۆری کاساندراکان بوو. نەیویست دەرگا بەو کلیلە بکاتەوە کە لەگیرفانی نابوو. ئیتر هیچ شتێک نەمابۆوە بۆ تۆڵەسەندن. لەدەرگای دا.. ڕێک وەک ئەو گەنجانەی ئینسکلۆپیدیا دێنن. هەمان ئەو ئینسکلۆپیدیایانەی دەربارەی ماسی لۆفیۆس زانیاری بەمرۆڤەکان دەبەخشن. دەرگا کرایەوە و هێلێنا بەجۆرێک کە دەتگووت چاوەڕێی هاتنەوەی مێردەکەی نیە، بە لالەپەتێ گووتی:

ـ لەکوێ بووی؟ چ بووە؟ لەوساتەوەی ڕۆیشتووی، هەستمکرد کەمردووم.

ئەو هەنگاوی بەرەو لای مێردەکەی نا. بەڵام پیاوەکە باوەشی بۆ نەکردەوە. پێکەوە هاتنە ژوور. ژنەکە خۆی بەپیاوێکەوە نووسابوو کە وەک بووکەشووشەیەکی بێتوانا دەجووڵایەوە. هێلێنا لەسەر قەنەفە دانیشت و ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەبەرامبەریدا

راوەستا. پیاوەکە باش دەزانێت کەدەرفەتێکی نییە بۆبێدەنگی، ئەگەر نا پێویستە بۆهەمیشە بێدەنگ بێت.

رۆژنامەکانی دا بە هێلێنا و دوای ساتێک بێدەنگی، گوتی:

ــ ئەو پیاوەی کوژرا، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نییە!

هێلێنا بەنیگەرانییەوە پرسی:

ــ چی؟ دەڵێی چی؟

پیاوەکە بێ ئەوەی لە چاوەکانی ژنەکە بڕوانێت، دووپاتی کردەوە:

ــ ئەو پیاوەی مرد، تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نییە.

نیگەرانی هێلێنا، بوو بە ترسێکی ڕەها.

ــ ئەی کێ بوو؟

هیچ گفتوگۆیەک لەدنیادا ئەوەندە قورس نەبوو. هێلێنا ترساو و نائومێدانە گوتی:

ــ بەڵام بەڵگەکان وا نیشان دەدەن تەرتۆلیانۆ بووە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، جزدانەکەی لەگیرفانی دەرهێنا، کردییەوە، پێناسی ئەنتۆنیۆ کلارۆی دەرهێنا و دای بە ژنەکە. هێلێنا سەرەتا لە وێنەی سەرپێناس و دواتر لەو پیاوەی ڕوانی کە لەبەرامبەری ڕاوەستابوو و هەموو شتێکی دەزانی.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لێی نزیک بۆوە و دەستەکانی توووند گوشی. ژنەکە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. دەستەکانی پیاوەکەی لادا، بەڵام پاشان، سست بوو و ڕاوەستا. سینگی بەهۆی

گریانێکی توندەوە خیزەخیزی ئەکرد و ئەلەرزی. پیاوەکە لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ منیش ئاوا گریام. بەگشتی لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە هیچمان لەدەست نایەت، ئەگرین.

ژنەکە بەدەنگێک کە دەتگووت لە بن چاڵەوە دێت، پرسیاری کرد:

ـ واتە بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەم ژیانە کرد؟

ـ بەڵێ. منیش ئیتر هەرگیز نایەمە ئێرە. ئەمویست داوای لێبوردنتان لێ بکەم، بەڵام ئەو بوێرییەم نەبوو. لەوانەیە بوێریم نوانددبێ.

ـ بەڵام ئێوە بەتەنها تاوانبار نەبوون.

ـ بەڵام بەرپرسیارێتی من لەوانی تر زیاترە. ترس و سامی من بووە هۆی مەرگی دوو کەسی تر.

ـ ماریاپاز بەڕاستی دەستگیرانتان بوو؟

ـ بەڵێ.

ـ خۆشتان ئەویست؟

ـ بەڵێ. ئەمانویست پێکەوە زەماوەند بکەین.

ـ ئەی بۆ هێشتت لەگەڵی بڕوات؟

ـ خۆ پێم گوتی... لەبەر سام و ترسێکی زۆر.

ـ دوایەش هاتنە ئێرە تاکوو تۆڵە بستێننەوە!

ـ بەڵێ، بەڵام ئەو کارەم نەکرد.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەنگاوێک بۆ دواوە چوو و لەکاتێکدا هەمان وشە و جوڵەکانی چل و هەشت سەعات لەمەوبەری ئەنتۆنیۆ کلارۆی دووپات دەکردەوە. سەعات و ئەڵقەی هاوسەری لەسەر مێزەکە دانا و گوتی:

– ئەو جلانەی لەبەرمان، بە پۆست بۆتانی دەنێرمەوە.

هێلێنا ئەڵقەی هاوسەرییەکەیانی وەرگرت، دەتگووت یەکەمین جارە دەیبینێت. ئەو دووانە نەیانزانی نەبوونی ئەڵقەی هاوسەری لەقامکی ئەنتۆنیۆ کلارۆدا، هۆکاری سەرەکی مەرگی ئەو دوو کەسە بووە. بەڕاستیش هەر وەها بوو.

بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەی ماریاپاز لەڤیلاکەدا خەبەری بۆوە، ئەنتۆنیۆ کلارۆ هێشتا لەخەو دابوو. پیاوەکە بەلای ڕاستدا خەوتبوو و دەستی چەپی لەسەر سەرینەکەو نزیک سەری ماریا پاز بوو. بەرە بەرە دنیا ڕووناک دەبۆوە و هەموو جێگەیەک و هەموو شتێک دەبینرا. ماریاپاز لەو کەسەی ڕوانی کە پێی وابوو ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆیە. دەستەکانی پیاوەکەی بەگۆنایدا خشاند و لەپڕێکدا قامکی بینی کە جێگەی ئەڵقەیەکی پێوە دیار بوو. ژنەکە هەموو گیانی لەرزی. بیری کردەوە لەوانەیە لەبەر ئەوەی هێشتا تاریکە بەهەڵەدا چووە. لەوانەشە خەون دەبینێت. لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەو کاتەوەی تەلاقی وەرگرتوە، ئەڵقەی لەدەست دا نییەو بۆیەش، هەرگیز لەسەر قامکی نابێ جێگەی

ناڵە ببینرێت. لەوانەیە ئەم پیاوە تەرتۆلیانۆ نەبێت. بەڵام زۆر لەو دەچێت.

بەنیگەرانییەوە و لەکاتێکدا هەوڵیدەدا دەنگەدەنگ دروست نەبێت، لەجێگەکەی هەستا. جلەکانی لەبەرکردو لەژوورەکە دەرکەوت. لەساڵۆنەکەدا، جلەکانی لەبەر کرد. هێشتاش هەر سەری لەگێژەوە دەهات و نەیدەتوانی باش بیر بکاتەوە و وەڵامێک بۆ پرسیارەکانی بدۆزێتەوە.

ـ لەوانەیە شێت بووبم. بڵێی ئەم پیاوە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نەبێت؟ ئەی کێیە؟ چۆن دەشێ لەم دنیایەدا دوو کەس هێندە لە یەک بچن؟

هەوڵیدا رووداوەکانی کاتە نزیکەکان پێکەوە ببەستێتەوە. نامە بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر: ئەوەی کە تەرتۆلیانۆ هەموو شتێک دەگێڕێتەوە: پاشان..

دەنگی تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لە ژووری خەوتنەوە دەبیسترا:

ـ ماریا!

ژنەکە وەڵامی نەدایەوە. دیسان هاواری کرد:

ـ ماریا! هێشتا زووە!.. وەرە نێرە!..

ژنەکە لەجێگەکەی هەستا. بەرەو ژووری خەوتن رۆیشت و لەبەردەم دەرگاکە راوەستا.

ـ بۆچی جلەکانت لەبەر کردووە؟ وەرە نێرە! هێشتا جەژنەکەمان تەواو نەبووە.

ماریاپاز پرسی:

ـ تۆ کێی؟

بەر لەوەی پیاوەکە وەڵامێک بداتەوە، ماریا درێژەی پێدا:

ـ ئەو جێگە ئەڵقەیەی سەر قامکت چییە؟

ئەنتۆنیۆ کلارۆ چاوێکی لەدەستی کردو گوتی:

ـ ئا، بەڵێ.. ئەمە..

ـ تۆ تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ نیت!

ـ نا..

ـ ئەی کێیت؟

ـ ئێستا لەگەڵ ئەم تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆدا رابوێرە کە لێرەیە. پاشان کە چوویتە لای، ڕاستییەکانت بۆ دەگێڕێتەوە.

ـ بێگومان پرسیاری لێدەکەم. بەڵام دەمەوێ بزانم کێ فریوی داوم؟!

ـ دیارە، من.. بەڵام ئەویش یارمەتی دام. لەڕاستیدا ئەو هەژارە تاوانێکی ئەوتۆی نەبوو. دەبێ ڕاشکاوانە بڵێم دەسگیرانەکەت نە تەنها قارەمان نییە، بگرە ترسنۆکیشە!

ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەرووتی لەجێگەکەی هاتە دەرو لەکاتێکدا کە پێدەکەنی، لەماریاپاز نزیک بۆوە.

ـ چ جیاوازییەکی هەیە ئەمە بێت یان ئەو؟ پرسیار مەکە و بگەڕێوە بۆ سەر جێگەکەت.

ماریاپاز هاواری کرد:

ـ ناپیاو!

لەژووری خەوتن دوور کەوتەوە. ئەنتۆنیۆ کلارۆ بەپەلە جلەکانی لەبەر کرد و هاتە سالۆنەکەوە و گوتی:

_ من تاقەتی ئەم جۆرە ژنانەم نییە! هەر ئێستا دەتگەیەنمەوە ماڵ و ماڵئاوا!..

سێ دەقە دواتر، ئۆتۆمبیلەکە بەتوندی خۆی بەلۆرییەک داکێشا. تەنها بینەری ڕووداوەکە، واتە شۆفێری لۆرییەکە، بەگومانەوە ئاشکرای کرد کەپێی وایە دوو کەسەکە، دەستەویەخەی یەکتری بوون. تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ گوتی:

_ خوا بکات رۆژێک دابێت بتوانم لە خۆم ببوورم.

هێلێنا وەڵامی دایەوە:

_ لێبووردنیش یەک وشە زیاتر نییە. ئێستا دەچیە کوێ؟

_ نازانم.

هێلێنا بێدەنگ بوو. دەستی ڕاستی لەسەر رۆژنامەکان دانابوو و ئەڵقەی هاوسەری لەدەستی چەپیدا دەدرەوشایەوە. چەند سانیێک دواتر، دری بەبێدەنگی دا:

_ هێشتا کەسێک هەیە بتوانێ بەتەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ بانگت بکات.

_ بەڵێ، دایکم.

_ لێرەیە؟

_ بەڵێ...

_ کەسێکی تریش هەیە.

_ کێ؟

– من!..

– بەڵام پێم وا نییە جارێکی تر یەکدی ببینین.

– هەڵبەتە. ئەمە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە!

– تێناگەم.

– زۆر ئاسانە. پێشنیار دەکەم بمێنیتەوەو ببیتە هاوسەرم.

– یانی..

– هەر وەک چۆن جێگەی ئەنتۆنیۆ کلارۆتان داگیر کردووە، ئۆتۆمبیلەکەیتان پێیەو ژیانتان لێ سەندوە، دەتوانن بەو شێوەیش درێژە بەژیان بدەن.

– لێرە بمێنمەوە؟ یانی پێکەوە بژین؟

– بەڵێ. بەڵام یەکترمان خۆش ناوێت. لەوانەیە تەنانەت ئەفرەتیشت لێ بکەم.

– بەڵێ. لەوانەیە منیش ئەفرەت لە تۆ بکەم.

– ئەم مەبەرسیەم بەلاوە پەسندە. ئەم خاڵەیان لەسنیادا دەگمەنە. بێوەژنێک کە لە مێردەکەی تەڵاق وەردەگرێت!

– چۆن؟

– من یارمەتیت دەدەم.

– ئەو ئەکتەرێک بوو. بەڵام من مامۆستایەکی مێژووم.

– ئەمەش بەشێکە لەو یارمەتییانەی کە من دەیاندەم بەتۆ.

– لەوانەیە بەتێپەربوونی کات عەشقیش بێتە ئاراوە.

– لەوانەیە. ئەشێ بێزاری و ئەفرەتیش لە ناو بچن.

– وایە.

هێلێنا هەستاو لە تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ نافۆنسۆ نزیک بۆوە. لەو ساتەدا دەتگووت دەیەوێ تەرتۆلیانۆ ماچ بکات، بەڵام...

ـ ئا ئەمە چ کارێکە دەیکەیت؟

ـ تکا دەکەم..

ـ هەندێک ژیرانەتر بیر بکەوە! با لەبیرمان نەچێت هەرشتێک بەکاتی خۆی..

ژنەکە دەستی چەپی پیاوەکەی گرت و زۆر بەئەسپایی، بۆ ئەوەی ڕێگە بدات کاتی بێت، ئەڵقەکەی خستە ناو قامکی.

تەرتۆلیانۆ لە ئامێزی گرت و هەر بەو شێوەیە لە زیندانی زەمەندا مایەوە.

سێ ڕۆژ دواتر، مەراسیمی بەخاک سپاردن بەڕێوە چوو. هێلێنا دایکی ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، بەباشی ڕۆڵی خۆیان بینی. ئەمیان بۆ ئەو منالە گریا کە لەڕاستیدا هی ئەو نەبوو و ئەویشیان بۆ ئەو کەسە گریا کە نەیدەناسی. بەڵام لەڕاستیدا هاوسەرەکەی بوو.

ئەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ لەماڵ دەرنەکەوتو خەریکی خوێندنەوەی کتێبی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا بوو. دەنگی تەلەفۆن هات. پێی وابوو لەوانەیە کەسێک یان خزمێکی نزیکی بێت. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

– فەرموون.

لەوبەری تەلەکەوە، دەنگێک وەک دەنگی خۆی، بەگوڕوتینەوە وەڵامی دایەوە:

– دواجار..

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ وەک مێرۆژکە دەلەرزی، هەمان ئەو شەوەی تەلەفۆنی بۆ ئەنتۆنیۆ کرد. ئەویش لەسەرهەمان کورسی دانیشتبوو. گفتوگۆکە دووپات دەبۆوە. زەمەن پەشیمان بیۆوەو گەڕابۆوە بۆ دواوە. دەنگەکە بەردەوام بوو:

— ئێوە جەنابی دانیال سانتا کلاران؟

— بەڵێ، خۆمم.

— چەندین هەفتەیە لێت دەگەڕێم و دواجار.. جەنابتانم دۆزییەوە.

— چیتان دەوێت؟

— بەئاواتەوەم لەنزیکەوە بتانبینم.

— بۆچی؟

— پێم وایە زانیوتانە دەنگمان تەواو لێک دەچێت.

— بەڵێ، تا ڕادەیەک هەستم پێکردووە.

— تەنها دەنگمان لێک ناچێت.

— تێناگەم.

— هەر کەس ئێمە ببینێت، سوێند دەخوات ئێمە دوانەین!

— دوانە؟!

— تەنانەت لەوەش زیاتر.. یەکسان!

— چۆن؟

— تەنها یەکسان..

— وا باشترە کۆتایی بەم گفتوگۆیە بێنین.

— یانی بڕوا ناکەیت؟

ـ بڕوام بەشتی نەشیاو نییە.
ـ ئێوە دوو خاڵتان لە ئەنیشکی ڕاست هەیە، لەپاڵ یەکتری.
ـ بەڵێ هەمە.
ـ منیش هەروا!
ـ بەلام ئەمە هیچ شتێک ناسەلمێنێ.
ـ جێگەی برینێک لە ژێر ئەژنۆی چەپتان بەدی دەکرێت.
ـ بەڵێ.
ـ منیش هەروا.
تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:
ـ ئێوە کێن؟ لەکوێوە تەلەفۆن دەکەن؟
ـ لە کابینەی تەلەفۆنەوە، زۆر دوور لە ماڵی ئێوە.
ـ لەکوێ یەکتری ببینین؟
ـ دەبێ شوێنێکی چۆڵ بێت، بێ ئەوەی کەسێک بمانبینێت! دەنگەکە، پێشنیاری پارکێکی کرد لە دەوروبەری شارو
تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ پەسندی کرد.
ـ بەلام بێ ئۆتۆمبیل.
دەنگەکە وەلامی دایەوە:
ـ بەڵێ هاوڕام. دوای دەربازبوون لە ڕووباری سێهەم، دەگەنە بێشەلانێک، لەوێ چاوەڕوانتان دەبم.
ـ لەوانەیە من لە پێش تۆدا لەوێ بم.
ـ باشە، کەی؟

ـ هەر ئێستا!

ـ نزیکەی سەعاتێکی تر..

ـ زۆر باشە.

ـ زۆر باشە.

تەرتۆلیانۆ مەکسیمۆ ئافۆنسۆ، تەلەفۆنەکەی دانا. لاپەڕەیەکی هەڵگرت و بێ ئەوەی ئیمزای بکات، نووسی: "بەم زووانە دەگەڕێمەوە!"

رۆیشتە ژووری خەوتن. چەکمەجەی دۆلابەکەی کردەوە. دەمانچەکەی هەڵگرت، شانەکەی دەرهێناو گوللەیەکی خستە ناو. ئینجا جلەکانی گۆڕی. کراسێکی خاوێن، پانتۆڵ، چاکەت، بۆینباغ و جوانترین پێڵاوەکانی لەپێ کرد. دەمانچەکەی بە ناوقەدییەوە قایم کرد و لەماڵ دەرکەوت...

کۆتایی

*El hombre duplicado*

**Jose Saramago**



هاوشێوەکانی بیاوێنت. دوای "سەد ساڵ تەنیایی" مارکیز، بەباشترین بەرهەمی ریالیزمی جادوویی لەقەڵەم دەدرێت. گۆڤاری "تیل تی ئێیمبو" ئاماژە بەهەروێنی بەرجاوی ئەم کتێبە دەکات لە ئەمریکای لاتین و پێی وایە لەناو بەرهەمەکانی ساراماگۆدا باشترین بەرهەمە. ساراماگۆ لەم کتێبەیدا باس لەسەرگەردانییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات کەبەدەست تەکنۆلۆژیاوە گرفتارە. شێوازی نوسینەکەی لەهی رۆمانەکانی "سەکۆر نالین بۆ" دەچێت. کتێبێکە بەشێوەیەک نوسراوە کە دوای تەواو کردنی بەرەگرافێک، وێناکردنی بەرەگرافەکانی تر بۆ خوێنەر ئەستەمەو دواجار کاتێک دەگەینە دوالاپەرە، تازە تێدەگەین کەپێویستە سەرلەنوێ رۆمانەکە بخوێنینەوە.

بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ ( 6000 ) دینار